د. جۆزیف مورفی

هێزە شاراوەکانی مرۆڤ

وەڵامی کێشە و مەتەڵەکانت لە خۆت بوویت!

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی: شەماڵ

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

هێزە شاراوەکانی مرۆڤ

وەڵامی کێشە و مەتەڵەکانت لە خۆت بوێت!

د. جۆزیف مورفی
وەرگێڕانی: شەماڵ

چاپی دووەم
٢٠١٨

له بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە ٥٨٥

ناسنامەی کتێب

هێزە شاراوەکانی مرۆڤ

نووسینی: جۆزیف مورفی

- وەرگێڕانی: شەمال
- بابەت: دەروونی
- ڕێنووس و هەڵەبڕی: گروپی ماهان
- بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٨
- شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج
- تیراژ: ١٠٠٠

ناونیشان

سلێمانی ـ ساباونکەران ـ نێوان گەراجی عوسمانی لەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

پێشەکی وەرگێڕی کوردی ٩
پێشەکی وەرگێڕی فارسی ١٣

بەشی یەکەم

هێزی شاراوە لە ناخدا ١٦
سەردانی ئەستانبوول ١٨
خۆتان باشتر بناسن ٢٣
وڵاتی فیرعەونەکان (فەراعینە) ٢٣
پێناسەی هەردەم ٢٦
مرۆڤ مافی هەڵبژاردنی هەیە ٣٠

بەشی دووەم

ڕەگەزی نوێ ٣١
مرۆڤ قوربانی میراتگری خۆی نییە ٣٤
منداڵەکانتان کێن؟ ٤٠
پێکهاتەی گیانیمان بە چ شێوەیەک قاڵب دەگرێت ٤٤
گیان و هەوێن (ڕۆح و مادە) ٤٦
باوک و دایکتان سەرکۆنە مەکەن ٤٩

بەشی سێیەم

مرۆڤ و بوونەوەر ٥١
یاسای دەروون ٥٥
دەروونناسی زەمەنە کۆنەکان ٥٧
ناونانی ئەستێرەکان ٥٩
جادووگەری و سیحر و ئەفسوون ٦٤

بەشی چوارەم

ڕاستی بناغەیی ٦٨
ئێمە لە دنیای دژەکاندا دەژین ٧١
ئایا دەتوانین خۆمان بگۆڕین؟ ٧٣

یاسای ژیان..... ۷۵
گۆڕانکاریيه دەروونییەکان..... ۷۷
دوو دیوی دراو..... ۷۸
پڕوپاگەندە و کارتێکەرییەکانی..... ۸۲
دۆڕاوی سەرەکی..... ۸٤

بەشی پێنجەم

هونەری بیرکردن و تێڕامان..... ۸۷
بە چ شێوەیەک دەتوانرێت هزرێکی چێکەر و نەرێنیمان هەبێت؟..... ۸۸
بەرهەمەکانی بیرکردنی دەروونی..... ۹۱
شەڵەڵی دەروونی چییە؟..... ۹٤
گیان و دەروونتان پاك بکەنەوە..... ۹۸
ڕوالەت و ناخ..... ۱۰۲
ڕاهێنانەکانی لەش هێورکردنەوە..... ۱۰۳
لەشی مرۆڤ بەردەوام لە ناڵۆگۆڕدایە..... ۱۰٦
ترسەکان و ناکامە نەرێنییەکانی..... ۱۰۷
دنیا ناوێنەیە..... ۱۰۹
خۆبینین..... ۱۱۰

بەشی شەشەم

ڕاستییە کەوناراکان..... ۱۱۳
دیراسەکردنی ویست و ناواتەکانمان بکەین..... ۱۱۷
تێڕوانینمان بۆ ژیان..... ۱۱۹
گرێدەرەکانی ئەوین..... ۱۲۳

بەشی حەوتەم

هێمنی..... ۱۲۷
لە ناڕایلبوون، ڕایلبوون و خۆشی بەرهەم دێت..... ۱۲۹
دەرمانە هێورکەرەوەکان، هێورکەرەوە نابن..... ۱۳۱
هۆکاری شۆڕش..... ۱۳۸

بەشی هەشتەم

چاك و خراپ هەڵقوڵاو و دەردراوی مێشکی ئێمەیە..... ۱٤٤

بەشی نۆهەم

هەر بیانییەك رێ نەكەینە مالی دڵمانەوە ١٦٠
قوربانییەكانی پێگوتنە نەرێنییەكان..... ١٦٣

بەشی دەیەم

هێزی ناخ و دەروون ١٦٩
فێركردن و بارهێنان چییە؟..... ١٧٢
بارمەتی لە ئەقڵ و هۆشی خۆتان وەرگرن ١٧٤
نەزرونیاز..... ١٧٩

بەشی یازدەهەم

هەر وەڵامێكتان لە خۆتان بوێت ١٨٣
هێزی هەڵبژاردن ١٨٨
بڕواكانی ناخ..... ١٩٠
لەدایكبوونی دووبارە..... ١٩٤

بەشی دوازدەهەم

ڕێگای هێمنی ناخ ٢٠٣
هاوڕێیان و نەیارەكانی خۆمان بناسین..... ٢١٢

بەشی سیازدەهەم

بە چ شێوەیەك زاڵ بین بەسەر هزری خۆماندا ٢١٥
باوك و دایكتان سەركۆنە مەكەن..... ٢١٨
ترسە دێرینەكان..... ٢٢٧
گیان و زەینی بەستراو ٢٣١

بەشی چواردەهەم

ڕێگای ئەقڵ ٢٣٤
ڕابردوو مردووە ٢٣٨
گەشتێك بۆ ژێردەسەڵاتی دەروون..... ٢٤٢

بەشی پانزدەهەم

زمانی هۆش ٢٤٨
بڕوا هاوبەشەكان..... ٢٥١

ڕێگاچارەسەری کێشەکان ٢٥٢
ڕێزداری و مەزنیەتی کار ٢٥٨
چاکە و خراپە ڕێژەییە ٢٦١

بەشی شانزدەهەم

ئەوەی کە هەموان دەبێت بیزانن ٢٦٦
گیانی خۆتان دەوڵەمەند بکەنەوە ٢٦٩
چۆن دەتوانین دنیا بخەینە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە؟ ٢٧٢
چ هەڵسوکەوتێکتان لەگەڵ خەڵکیدا هەیە ٢٧٥
کلیلی سەرکەوتن ٢٨٢
خوو و ڕەوشت، (درم)بیە ٢٨٤

پێشکەشە بەو کەسانەی کە لە دنیای ئالۆزی ژیاندا ون بوون و دەیانەوێت بەرەو ژیانێکی ئاسایی بگەڕێنەوە.

پێشەکی وەرگێڕی کوردی

خوێنەری بەڕێز: پێش هەر شتێك دەبێت ئەوە بڵێم کاری وەرگێڕان و بەتایبەتی وەرگێڕانی ئەم کتێبەی بەردەمت مەرج نییە کە لەگەڵ بیروبڕوای وەرگێڕەکەیدا بێتەوە. من کە دەستم بۆ ئەم وەرگێڕانە برد ئەمەم لە بەرچاو بوو کە زۆرێك لە بابەتەکانی ئەم کتێبەم لەگەڵدا ناگونجێت، بەڵام بە پێویستم دەزانی کە کتێبخانەی کوردی دەبێت هەموو جۆرە بیروبۆچوونێکی تێدا بێت هەتا خوێنەری کورد خۆی بگەڕێت بە دوای دەقەکاندا و دەقی خۆی بدۆزێتەوە. ئەوە بوو کە ئەم کتێبە سەرنجی ڕاکێشام و دەستم بە وەرگێڕانی کرد. هیوادارم سوودی پێویستی لێ وەربگیردرێت.

کتێبی (هێزە شاراوەکانی مرۆڤ) یەکێکە لە بەرهەمەکانی دکتۆر ژۆزێف مورفی. دکتۆر ژۆزێف مورفی سەرەڕای ئەوەی کە لە بواری دەروونناسییەوە کۆمەڵێك بەرهەمی چاك و بەبایەخی هەیە، بەڵام هاوکات کەسێکە کە لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیستانە و بوارێکی میتافیزیاوە بۆ کێشەوگرفتە مرۆییەکان ڕوێشتووە. لە زۆر شوێندا مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات کە ئەو هێزە

دەروونییەی لە خۆیدایە، بە دەستی بخاتەوە و کەڵکی لێ وەرگرێت و لە زۆر بواردا کارێك دەکات کە مرۆڤ بە تواناترین بوونەوەری سەرزەمینە و لە زۆر شوێندا مرۆڤ بەبێ دەسەڵاتترین بوونەوەر دادەنێت، کە بەبێ ئیزنی خودا هیچی بۆ ناکرێت و ناتوانێ لە ئاست خۆیشی ببزوێت.

بەڵام بە گشتی (دکتۆر ژۆزێف مورفی) سەرەڕای ئەوەی کە وەکوو کەسێکی ئایدیالیست دەردەکەوێت، لە بوارێکی دیکەوە کۆمەڵێك بابەتی بە پێز دەدات بە دەستەوە و پێمان دەڵێت کە چی بکەین تاکو بتوانین لە کارە بەردەوامەکانی ڕۆژانەماندا سەرکەوتن بە دەست بهێنین، و چی بکەین کە گیروگرفت و کێشەکانمان بە ئاسانی چارەسەر بکەین و بتوانین زاڵ بین بەسەر ژیاندا. پێمان دەڵێت کە چۆن و بە چ شێوەیەك بتوانین بەشێکی زۆر لە نەخۆشییەکانمان کە سەرچاوەکەیان تەنیا و تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ کێشەیەکی دەروونی، بە سادەترین شێوە چارەسەریان بکەین، و چۆن بە پێشکەشکردنی خۆشەویستی بە دەوروبەرەکانمان بتوانین تۆوی ژیانی سەرکەوتوو لە ناخماندا بچێنین.

لێرەدایە کە (مورفی) پێمان دەڵێت، کە ڕقوکینە و بێزاری و... هتد، تەنیا لەناوبردنی خودە و زاڵکردنی ئەوی دییە بەسەر خۆماندا. لێرەدا ئەو پەندەمان بیر دەخاتەوە کە دەڵێت: **پێم بڵێ بزانم چ دەخۆی، تا پێت بڵێم تۆ کێیت؟** ئەگەر خۆراکمان نێرەبیبردن بە خەڵکی و بێزاری و ڕقهەڵگرتن لە دەوروبەرەکانمان و هەر وەها لادان لە عەقڵێك بێت کە بتوانێت بەرەو پێشمان بەرێت، ئەوە ئەو خۆراکە دەبێتە مایەی چارەڕەشی و گۆشەگیری

و نشوستی و ناسەرکەوتوویی لە ژیانی پڕژانەماندا، تەنانەت بگرە دۆخی دەروونیشمان تێك دەدات. ئەوەیە کە دەبێت بەردەوام بە خۆراکی خۆشویستن و ئاواتی چاکە و خۆشی بۆ خەڵکی خواستن و دڵفراوانی، خۆمان پڕ بکەین لە وزە و بتوانین لەم وزەیە بەشی دەوروبەرەکانمان بدەین و یارمەتی خۆ و ئەوانی تر بدەین لە بەڕێکردنی ژیاندا بە شێوەیەکی ژیرانە و پڕ لە خۆشی و تەندروستی و شادی. بۆیە نابێت ئەمەمان لە بیر بچێت، کە ئەگەر بمانەوێت چارەنووسی خۆمان بزانین دەبێ ئاگادار بین کە چارەنووسی ئێمە لە دەرەوەڕا نەنووسراوە و ئەوە داهاتوو و خۆمانین کە چارەنووسی خۆمان دیاری دەکەین و دەتوانین چارەنووسمان بە تاڵترین و خراپترین شێوە دابڕێژین و ژیانمان بەرەو هەڵدێر بەرین، یان ئەوەی کە بمانگەیەنێت بە ئاسمانی بەختەوەری و جوانترین و خۆشترین ژیان و تاموچێژمان پێ ببەخشێت. ئەمە بزانین کە خۆشی و ناخۆشی ژیان تەنیا بە دەستی خۆمانە و خەڵکی لە دەرەوە ناتوانن کاریگەرییان لە سەرمان هەبێت، مەگەر ئەوەی کە ئێمە خۆمان ئەوەمان بوێت.

بۆیە بە گشتی ئەوەمان فێر دەکات کە لە هەموو بارودۆخێکدا خۆمان لە بیر نەکەین و بتوانین هەوساری ئەسپی خەیاڵ و هزری خۆمان بە دەستەوە بگرین و بەری نەدەین. یان بە واتایەکی دی، ئەندێشەکانمان بکەینە ڕێگای سەرکەوتنێکی بێسنوور بۆ هەنووکە و داهاتوومان. ئەوەی کە لە باخچەی بەرهەستماندا دەچێنرێت هەمان ئەو شتە بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەگەر خۆشی و شادومانی و بیرکردنەوە لە بەختەوەری و سەرکەوتن بێت،

هەمان خۆشی و شادمانی و بەختەوەری بەرهەم دێنین، گەر دڵەڕاوکێ و ترس و ئاڵۆزکان بێت بە هەمان شێوە بەرهەمی ناخۆشی و ژیانی پڕ لە چەرمەسەری دەچنینەوە و بەو واتایەی کە ئەوەی لێی دەترسین بە سەرماندا دێنێت و ئەوەیشی کە خۆشمان بوێت بە دەممانەوە دێت.

شەماڵ

٢٠٠٨/٨/٢٩

پێشەکی وەرگێڕی فارسی

"زەینی مرۆڤ وەك گوڵستانێكە، كە هەموو چەشنە بیروبڕوا و هەستێكی جۆراوجۆری تێدا دەڕوێت و پەروەردە دەبن، ئەوەی كە بە گوڵستانی نەستمان سپاردووە، ڕۆژگارێك دەستەبەربوونی دەبینین، ئەمە بنەچە و یاسایەكی جیهانی و مرۆڤانەیە."

(دكتۆر ژۆزێف مورق) كە هەنووكە بۆ خوێنەرانی بابەت و دەقە دەروونناسییەكان ناوێكی ناسراوە، بە ڕەسەنكردنەوەی هێزی ئەندێشە و هێزی بەرهەست لە لادانە هزرییەكان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناهەمواری و كێشمەكێشەكانی ژیاندا پێشمان پێ دەگرێت و ڕەوشی بیركردنەوەی دروستمان پێ پیشان دەدات. مورق لەو بڕوایە كە بە تاوانبارزانینی هەلومەرج و بارودۆخەكان، وەكوو هۆكاری سەرەكی چارەڕەشی، شێوازێكی چاك و پەسەندكراو نییە. لەبەر ئەوەی كە ئەوە خۆمانین بەهۆی خۆبەكەمزانینمانەوە، خۆ دەدەینە دەست شەپۆلی ڕووداوەكان و دەست لە هەوڵوتێكۆشان دەشۆینەوە. هەنووكە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ: **ئایا بە**

ڕاستی دەتوانرێت لە سنووری مومکیندا تێپەڕ بین و کاری نامومکین و مەحاڵ، دەستەبەر بکەین و ژیان بە دڵخواز و یەکسانی و هێمنی و شادی و ڕووناکی بەرینە سەر؟ ئایا لە ڕاستیدا هزر وەها توانستێکی هەیە کە بتوانێت شاخوکێوەکان جێبەجێ بکات و قاڕە و کیشوەرەکان تێپەڕێنێت و ئاسمانەکان بخاتە ژێر ڕکێفەوە، یان وەها وێنایەک تەنیا لەدایکبووی گومان و خەیاڵی ئێمەیە؟ دکتۆر مورفی، بە کۆڵێک ئەزموونی فێرکارانە و پێشکەشکردنی شێوەکانی بیرکردنەوەی ئەرێنی، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە و ئەم خاڵە دەسەلمێنێت کە تەندروستی و بەختەوەری و بەهرەمەندبوون لە ژیان، تەنیا لە ئەندێشە و هزری ئێمەیە و لە قووڵایی بەرهەستی ئێمەدا دەستەبەر دەبێت. یان بە پێچەوانەوە، ئەمە شێوازی بیرکردنەوەی نەرێنی کەسە کە لایەنە تاریک و نەزۆکەکانی خۆی بە شێواز و وێنەگەلی جۆراوجۆر پیشان دەدات و ئاسەوار و نیشانەکانی خۆی بە شێوەی بنجە زەینییەکان، شێواوییە هزرییەکان و بێهیوایی و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و هەموو چەشنە دڵپیسییەک و نەخۆشییە دەماریەکان و کاریگەری دەروونی و خەم و نیگەرانی دەردەخات و ژیان لە پێش چاوی کەسەکە ڕەش و تاریک دەکات. بەڵام ئەگەر بتوانین لە دۆزینەوەی سەرچاوەی کانی دەروون و گەوهەری ڕاستەقینەی وجوودی خۆماندا سەرکەوتن بە دەست بهێنین و کەڵکی لێ وەربگیردرێت، بێگومان بڕوا نادروست و بیرکردنەوە هەڵەکان و خەیاڵ و خورافە جۆراوجۆرەکانیش لە مێشک دەسڕێنەوە و مرۆڤ دەسەلاتداری بێهاوتای دەروونی و خودیەتی

خۆی دەبێت و ڕێی دروستی ژیان هەڵدەبژێرێت. ئەوکات هەنگاو هەڵدەگرێ بەرەو هاوتایی و ڕێکەوتنێکی گشتی لەگەڵ دنیا و جیهانی بوونیەت و چەشنە بووژان ڕێنێسانسێکی هزری لە خۆدا پێك دەهێنێت، تا بە دوور لە نەزانی و لاساییکردنەوەکان و تەنگوچەڵەمە هزرییەکان مرۆڤێکی ڕێك و ڕاست و سەرکەوت و هیوادار بێت.

هەر وەها ئەم وتە گەوهەربارانەی (شکسپیێر) نابێت لە بیر بکرێت کە دەڵێت: "ئەگەر دەروون ئامادە بێت، هەموو شتێك تەیار و دەستەبەر دەبێت." بە هەر حاڵ، بەو هیوایەی کە ئەم چوارەم بەرهەمەی دکتۆر ژۆزێف مورفی، دوای سێ کتێبەکەی دیکەی کە لە ژێر ناوەکانی (هێزی هزر)، (بەهێزکردن و تەرکیزی هزر) و (هێزی پارە)دا چاپ و بڵاو کرایەوە و لەگەڵ بەختێکی زۆری دەق و بابەتی دەروونناسیدا ڕووبەڕوو بووەوە، بتوانێت بکەوێتە بەرسەرنج و بایەخپێدانی خوێنەرە بەڕێزەکان.

"ه.ڕ"

بەشی یەکەم

هێزی شاراوە لە ناخدا

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا گەشتێکی ٥٠ ڕۆژەم هەبوو بۆ دەوری دنیا، کە لە ڕەوتی ئەم گەشتوگوزارەدا سەردانی گەلێك وڵاتم کرد، لەوانە "یابان، یۆنان، تورکیا، ئۆردن، هێند، نیپاڵ، تایلەند، سەنگاپوور، هۆنگ کۆنگ و هاوائی". خەڵکانێکی زۆرم ناسی کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی سەیر بوون. سەردانی پەرستگە و مەزارگەکانم کرد و بینەری پەرستن و بەندایەتییەکانیان بووم و بە چاوی خۆم چارەسەری نەخۆشییە لەچارنەهاتووکانم بینین و لە ڕێوڕەسمی پاڕانەوە و نوێژەکانیاندا ئامادە بووم و لایەنی پرس و ڕاوێژی زۆرێکیان بووم کە دەیانویست لە ڕازەکانی بەرهەست ئاگادار بن. یەك لەو هۆکارانەی کە هانیدام بۆ ئەم گەشتە، ئامادەکردنی دەق و هەڵگرتنی یاداشت بوو بۆ گەاڵڵەکردنی کتێبە دواییەکانم. لێرەوە ئەوەی کە لەم سەفەرەدا بینیم و بیستم و پەیوەندی بە

مەسەلە زەینییەکانەوە هەبوو، لە زنجیرە نووسراوەکانی خۆمدا کۆم کردەوە کە بەرهەم و پالاوتەکراوەکەی لە لاپەڕەکانی دواییدا دەخوێنەوە.

ئاتێن ئێستاکەش دەتوانرێ بە شارێکی مۆدێرن بزانرێت کە دلۆڤانی و سەرنجڕاکێشییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ڕاکێشران و دلڕفێنییەکەی لە هەر چاوپێکەوتنێکدا سەد جارە دەبێتەوە و هەر جارەی دەلێی دۆزینەوەیەک لە سەردەمە کۆنەکان بە ئەنجام دەگات: پارتنۆن، پەرستگەی زێئۆس، ئالێمپ و گەشتوسەیران لە ئالئۆزیس و کۆرنت. هەموو ئەمانە، هەر بینەرێك شێت و شەیدای خۆ دەکات و دەیخاتە بیرکردنەوە، کە ئاخۆ لەم پەرستگا کۆنانەدا چ گەنجینەگەلێکی زەینی و دەروونی سەرسوڕهێنەر حەشار دراوە. ڕێنوێنیکارەکە بردینی بۆ شوێنێك کە لەوێدا (پول) وتارەکەی خۆی بۆ دانیشتووانی ئەوێ خوێندبووەوە. هەنووکەش لەو شوێنە سۆزی ئەوین و پاکی و ئاشتی و خۆشەویستی بەرگوێ دەکەوێت و دڵەکان لەوێ سەرڕێژ دەبن لە ڕووناکی عەشق و هەستی هێمنی و دڵنیایی و بڕوا... تەواوی وجوودی مرۆڤ دەتەنێتەوە و ڕەوتی بیرکردنەوە گەلێکی ئازادتر دەگرێتە خۆ و توانایی زەین، کە هەر ئەو خەیاڵکردنەیە، ڕوو لە فراوانی دەکات و دەرفەتی هەڵبژاردن و هەڵسەنگاندن و پێوانەکردن و بڕیاردان دەداتە مرۆڤ. لێرەدایە کە ڕستە بەناوبانگەکەی دیکارت "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم" گرینگی و بایەخی سەلماوی خۆی پیشان دەدات و هەر تاکێکی بیرمەند بە تەواوی دەگات بەو ئەنجامەی کە هەر

بەڵگەیەکی ئاشکرا، مەرج نییە پاستەقینە بێت و لەم بوارەوە دەتوانرێت کە هەڵە و لادانەکانی خەڵکیش ببەخشین و لێی ببوورین.

کاتێک کە ئێوە چاك و نەرمونیانن و کەسانی دیکە لە ئەندێشە و هەستدا دەپەسەندێنن و ستایشی دەکەن، کاتێک کە زمانتان بە خراپە ناسووڕێت، لەو کاتەدایە کە (من)ی وجوود، لە ناختاندا هاتووەتە گۆ. ئێوە تاکێکن لە گیانی بێسنوور، کە پێتان ناوەتە دنیاوە هەتا ببنە پیشاندەری ئەم گەورەیی و مەزنیەتە. کاتێك کە ئێمە بڕوا و بۆچوونە هەڵە و خورافە و ئەفسانە و خەیاڵەکانی خۆمان فڕێ دەدەین، تازە خەریکین لە لایەنە دیار و بەرجەستەکانی بیرۆکەی خۆمان تێدەگەین.

سەردانی ئەستانبوول

لەم گەشتوگوزارەدا ئێمە ٢١ هاوگەشتی بووین لە هەر بڕوا و ئایین و نەتەوەیەکی جۆراوجۆر. کاتێک کە گەیشتینە ئەستانبوول، ئەوکات تێگەیشتین کە هاتووینەتە شارێکی نامۆوە، کە لاقێکی لە ئەورووپادایە و لاقەکەی دیکەشی لە ئاسیا. بینای کۆنی مزگەوتە گەورەکان زۆر سەیر ببوونە هۆی ڕاکشانمان بەرەو خۆیان، کە لەو نێوەدا مزگەوتی شین و مزگەوتی سلێمانی گەورە، و سۆفیەی پیرۆز و... هتد، زۆرتر سەرنجی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشاین.

تورکەکان، موسوڵمانن و بڕوایان بە ئائینی ئیسلام هەیە. ڕۆژانی هەینی دەستبەرداری ئیشکردن دەبن و دەچنە مزگەوت و لەوێدا بۆ چەند

کاتژمێرێك گوێڕادێری وتارخوێندنەوەی مەلا و ئیمامەکانیان دەبن و نوێژ بەجێ دەهێنن. ئێمە ڕوێشتینە مزگەوتێك کە هێندە قەرەباڵغ بوو، جێی دانیشتن نەمابوو، موسوڵمانەکانیش گوێڕایەڵ دانیشتبوون، بەڵام وەها بێدەنگیەکی قوڵ سەپابوو بەسەر گۆڕەپانی مزگەوتەکەدا کە لە ناکاو وەهامان هەست کرد کە گیان و زەینێك لەو شوێنەدا نییە و هەر ئەم بێدەنگییە ڕۆحانییە بوو کە زەین و گیانی داگیر کردبووین. لە بەرهێوانی مزگەوتەکەدا یەکێك لە موسوڵمانەکان چەند پرسیارێکی لێکردم لە بارەی لێدوانی قەشەیەکەوە، کە لە منداڵیدا لێی بیستبوو، بۆی ببوو بە مەسەلەیەك. بە کورتی لە وەڵامی پرسیارەکەیدا بۆم باس کرد کە لە کتێبە ئاسمانییەکاندا دەقی مردن و ژیان و دەقەکانی دی کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ژیان و بوونیەتەوە، زۆربەی کات لە دوو تۆی وەهم و گوماندا گەڵاڵە دەکرێت، تاکو هەر کەسە و بەپێی بۆچوونی خۆی شرۆڤە و ئاراستەی بکات و مەسەلەگەلێك وەك: عەشق، شادی، ڕق، خەم، جوانی و گەشە بەو شێوەیەی کە تێیدەگات، لێك بداتەوە. لێرەدا تەنانەت کە قەشەیەك پێتان دەڵێت ژیان دوای مردن دەست پێدەکات، دەتوانرێت مەبەستی ئەم وتەیەی وەها لێك بدرێتەوە کە ژیانی دوای مردن، واتە ژیان لە سبەینێدا، حەوتووی دیکە و ساڵی داهاتوو کە هێشتا نەهاتووە و بەم شێوەیە باسی مردن لە ژیان جوێ بکرێتەوە و لە چاوەڕوانی مردندا ژیان لە خۆ بە فیڕۆ نەدرێت. بەڵام جیاواز لە هەموو ئەمانە، بنەما و ڕێسای ژیان و بوون کە لە هەر تاکێکماندا لە ئارادایە، لەسەر گۆڕەپانی ئامانجدا، ئاکام و

ڕەنگدانــەوەکانی بــیر و خەیاڵاتــە ئاســاییەکانمان پیشــان دەدات. بــەم بۆنەوەیە کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت گیانی خۆی کە تا هەتایی و لــە فــەوتان نەهاتووە و دەمێنێتەوە، ون بکات و لە دەستی بدات.

ئێمە گیانی ونبوومان نییە. هــەر مرۆڤێك لەوانەیــە نــۆرم و تەندروســتی خۆی لە بواری دەروونناسییەوە لــە دەست بدات، بــەڵام لــە هــەمان کاتــدا بــەردەوام دەتوانێت پەیوەندی بــە بوونیــەتێکی بــەربڵاوەوە بکات کــە لــە خۆیدا جێگیرە، پەیوەندی لەگەڵدا بگرێت و تێکەڵ بێت لەگــەڵ ئــەوەی کــە پێی وایە لە دەستی داوە، جارێکی دیکە بیدۆزێتەوە و دووبارە بــە دەســتی بێنێتــەوە. مــرۆڤ بــەردەوام بــە دوای ئەوەوەیــە کــە خــۆی دەربــاز بکــات و ڕزگاری بێت و نەخۆشی و ئێشــوئازار و هــەژاری و چارەڕەشــی و کڵــۆڵی لــە خۆی دوور بخاتەوە. ئەمە مەسەلەیەکە کە نەك تەنیا لە تورکیــا، بــەڵکو لــە هەموو گۆشە و کەنارەکانی جیهان سەرنجی تایبەتی پێدەدرێت.

داهاتووی مرۆڤ سەرئەنجام و پاشهاتی هــزر و ئەندێشــەکانی ئێســتایەتی کە سەرچاوەگرتوو لــە هەلومــەرجی ژیانیەوەیــەتی. هــیچ کــات چــاوەڕوانی دەربازکردن و ڕزگاری خۆتان لە خەڵکی دیکە نەبێت، گیرەم ئەوەی کە ئەم کەسە بوودا، لائوتسە، مەسیح یان هەر کەسێکی تر بێت. هیچکات بە تــەما مەبن کەسێك بتوانێت یارمەتیتان بکات. ئەگــەر بێت و لــە دارستانێکدا ون بن، ئایا کەسێك دەبێت کــە ڕێنوێنیتــان بکــات و دەربازتــان بکــات؟ بــەڵام ئەگەر پەیوەندی بکەن بە هۆش و ئاوەزی بێسنووری خۆتانــەوە، دڵنیــا بــن کە وەڵامی پرسیارەکەتان بە دەست دەهێنن و هەر ئەمەش دەتانگەیەنێتــە

شوێنی مەبەست و لە ڕێی هەڵەکردن و سەرگەردانی دەربازتان دەکات. هەر مرۆڤێك ڕەنگدانەوە و تیشکێکە لە ئافرێنەری بێسنوور و بێکۆتایی و هەموو هێزەکانی ئێوە لە بوونیەتیدا بە دیار دەکەوێت. هاوڕێی نوێم کە لە هەیوانی مزگەوتەکەی ئەستانبوولدا ناسیبووم، وتەکانمی پەسەند کرد و بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی لە ژیانی خۆی بۆ گێڕامەوە. ئەو گوتی: کە سەردەمی منداڵی زۆر بە دژواری تێپەڕاندوە و زۆربەی کاتی بە برسێتی و نەخۆشی بەسەر بردووە و لە ژێرزەمینێکدا بە تاڵی چەشتن و هەژارییەوە ژیاوە و بە گشتی ڕۆژگارێکی خراپی تێپەڕ کردووە. ڕۆژێك مجێوەری مزگەوتەکە، کە بارودۆخ و حاڵی بینیبوو، پێشنیاری پێکرد کە نیگەران و هیوابڕاو نەبێت و هیوای بە دلۆڤانی و پارێزەری بەدیهێنەر هەبێت و هەموو شەوێك لە کاتی خەو، لە خەیاڵی خۆیدا خۆی ببینێ کە دەڕوات بۆ کالیج و خەریکی خوێندنە و ئەم بیرە بە نەست و زەینی خۆی بسپێرێت. پیاوە موسوڵمانەکە بۆی باس کردم، کە چەند مانگێك ئەم ڕاهێنانە زەینییەی درێژە پێدا. هەتا ئەوەی کە ڕۆژێکیان لە کەناری دەریادا خەریکی پیاسەکردن دەبێت، کچێك لە نێو ئاوەکەدا دەبینێت کە خەریکە نقوم دەبێت، ئەمیش گیانی دەخاتە مەترسییەوە و ژیانی کچەکە، کە بەهەڵکەوت کچی باڵیۆزێکی گەورە بووە، لە مردن ڕزگار دەکات. باوکی کچەکە لە خۆبەخشی لاوەکە ئاگادار دەبێتەوە، بڕیار دەدات کە خزمەتێکی گەورەی بکات. بەم شێوەیە لەسەر خەرجی خۆی لاوەکە بۆ درێژەدان بە

خوێندن دەنێرێت بۆ بەریتانیا، ئەویش لەوێ دوای چەند ساڵێك خوێندنەکەی تەواو دەکات.

زۆر کات لە بارەی هەندێك شیکردنەوەی واتایی (مەعنەوی) و عیرفانی، زاراوەگەلێك وەك (نەمر و تا هەتایی) گەلێك پادەربڕینی جۆراوجۆر دێتە گۆڕ، ئێستا ئەوەی کە ئەم خوو و خەسڵەتانە زۆرتر چەمکی ژیانێکی بەردەوامی بە دوور لە لێدانەکانی چارەنووس و بەش دەگەیەنێت، واتە ژیانێکی هێمن و یەکسان و بەبێ هەورازونشێو. بە واتایەکی دی، بەری لە هەر دواهاتێکی تەندروستی و نەخۆشی و دەوڵەمەندی و هەژاری و خەمۆکی و شادی. تەنیا ژیانێك تەندروست و بەردارە کە گەلێك جار بۆ زەین و مێشکی بیرسایییش ناڕوون و ئاڵۆز دەنوێنێت. لەبەر ئەوەی کە هەرگیز ناتوانرێت لایەنگر و پەیڕەوانی ئایین و بیروبڕواکانی دیکە ناچار بکرێن کە وتەکانی مەسیح پەسەند بکەن، یان بسەپێنیت بە سەریاندا کە ئەگەر دەیانەوێت ڕزگار بن، ڕێگایەکیان نییە بێجگە ئەوەی کە تەنیا بە وتە و پەیڤەکانی مەسیح بڕوا بێنن. ئێستا ئەوەی کە لە بنەمادا دەبێت بزانین ڕزگاری چییە؟ هەر کەس لە ژیاندا دەیەوێت لە نەزانی و نائاگایی و ترس و خورافە و هەژاری و نەخۆشی بە دوور بێت و هەمووان ئەم ڕزگاری و ڕەهاییەیان پێویستە. لە ڕاستیدا نەزانی باڵاترین تراژیدییە، لەبەر ئەوەی کە نەزانی و نائاگایی، هۆکار و چێکەری هەموو ڕەنج و ئازارەکانن.

خۆتان باشتر بناسن

هـزری مـرۆڤ، پرچـەکە بـە هێزێکـی داهێنـەری سەرسـامکەر: تەنانـەت دەتوانن وێنەی کەسێك کە لە زەینتاندایە و دەتانەوێت بچنە جێگـای ئـەو، لە خەیاڵتاندا بکێشنەوە. ئەم وێنەیە بە بڕوای تەواوەوە بسپێرنە زەینتان و بەرهەمەکـەی بـە ڕوونـی ببینـنـەوە. لـە وەهـا حاڵەتێکدایـە کـە بۆتـان دەردەکەوێت، خۆتان ڕزگارکەری سەرەکی خۆتانن و بەرجەستەگییەکن لـە گەوهەری پەروەردەکەر.

کە وایە، تەنیا هێزێکی داهێنەر لە ئارادایە. هـەوڵ بـدەن کـە چـاك لێـی تێبگەن و لە ڕەسەنبوون و بوونیـەتی تێبگـەن. بـە چەشـنێك هەڵسـوکەوت بکەن کە ئەم کارە لە ئێوەدا شێوە بڕوایـەکی ڕەهـا لـە خـۆ بگرێت، بـەبێ چەندوچۆن وەری بگرن، هەتا ببینن کە لـە بـواری دەروونییـەوە لەگـەڵ چ ئـارامی و یەکسـانییەکدا دەگـونجێن. ئـەو گیانـە بێکۆتاییـەی کـە لـە بوونیەتتانداییـە، هێمـای پـاکی و وزە و گەشـکەیی و داهێنەرییـە. ئـەم شیکارییەم هانی هاوڕێ موسوڵمانەکەمی دا، تاکو ئەو کتێبانەی کە من لـەم بوارەدا نووسیومن، بخوێنێتەوە و هاوکاتیش وتەکانم شادمان و قانعی کرد.

وڵاتی فیرعەونەکان (فەراعینە)

جاری سێهەم بوو کە سەردانی میسرم دەکرد و هـەر جـارەی دەکەوتمـە ژێر کارتێکەری هێزی ڕاکێشەری کەوناراکانی وەکـوو پەرسـتگەی بەشـکۆی کارناك و دۆڵـی شـاکان و لوکسـۆر و پەیکـەرەی دێوئاسـای (مـەمنوون) لـە

تێب. لە مۆزەخانەی قاهیرە لە گەلێك كۆنفرانسی پەیوەندیدار بەم ئاسەوارانە بەشداریمان كرد و بە سەرسامییەوە پەیڤەكانی وتارخوێنەرانمان لە بارەی گۆڕی سوڵتانی تووتان خامون و ئەبولهولی دروستكراو لە مەڕمەڕی سەعید و هیرەمە گەورەكانی خنۆپس گوێ دایە.

هەر وەها لە هیرەمدا، شانۆی سەرنجڕاكێشی ڕووناكی و دەنگ، لەگەڵ خۆیدا بردینیەوە بۆ سەردەمانی پڕشكۆی فیرعەونەكان و حەیران و حەپەساوی كردین. هەرەمی مەزن، یەكێكە لە حەوت سەرسوڕهێنەرەكەی جیهان، كە بە ناوەندی جیهان ئەژمێر دراوە و خشتەداڕێژانی ئەم ڕاستییە سەرسوڕهێنەرە، لەوە گەیشتوون كە ئافرێنەر لە ناوەندی بوونیەتی هەر ئافرێنراوێكدایە. هەرەمی مەزن چەندین سەدەیە كە لە ژێر ڕۆچنەی سەرنجی زانا و ئاسەوارناسەكاندا بووە و گەلێك خوێندنەوەی سەرنجڕاكێشیان لە بارەی هێز و پێكهاتەی پڕپایەخ و ڕاز و نهێنییەكانیەوە ئەنجام داوە. یەك لە وتارخوێنەرەوەكان، كە لە بارەی هەرەمەكانەوە وتارێكی دەخوێندەوە، ئاماژەی بەم خاڵە كرد كە ئەستێرەناس و ماتماتیكزانەكان و میسرناس و كەونارناسەكان لە بارەی هەرەمەكانەوە، لێكۆڵینەوەی پڕپایەخ و دوورودرێژیان ئەنجام داوە، تا ئەم بابەتە بسەلمێنن كە دیزاینەر و تەلارسازانی ئەم بینا مەزنە، پیاوانێك بوون خاوەن هۆش و تێگەیشتن و هزر و تواناییەكی لە ڕادەبەدەر، كە توانای چێكردنی وەها بینایەكیان هەبووە.

لایەنەکانی هەرەمە مەزنەکە ئاماژەیە بۆ چوار پەهەندی بنەڕەتی کە خشتەی دەرخەری چوار بەشی مرۆڤ: (دەروونی، ئاوەزی، سۆزداری و جەستەییە). چوار پەهەندی بنەڕەتی دیاردەی هەست، وێژدان، گیان، سروشت و ئایدیا و (وێنا، بیرۆکە)ی گیان و هەر وەها هەست و ئەوین و سۆزی مرۆییە. کەوایە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستی خواست و ئارەزووی خۆی هەست پێبکات و پەروەردەی بکات و تەنانەت بیکاتە ڕاستیش و لە نەستی خۆیدا جێگیری بکات و دەرکەوتنیشی ببینێت.

هەرەم، کە هاوکات وەکوو خشتەی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار، پەیوەندی تیرە لەگەڵ دەوروبەری بازنەدا بە شێوەی بایەخە ژمارەییەکان پیشان دەدات. بازنە هێمای نەمری و خودایە کە نە سەرەتایەکی هەیە و نە کۆتاییەك. تیرە دەوروبەری بازنە دیاری دەکات. تیرە هەمان تێڕوانینی تاکەکەسە و بیرۆکەیەکە کە هەر کەس بۆ خۆی هەیەتی و بازنەی ناسین و زانیاری و دۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مالّی و هونەری (فەنی) ئەو لە بازنەی بوونیەت (کائینات)دا دیاری دەکات. هەر کەس دەتوانێت بەردەوام بازنە و ژینگەی بیری خۆی بچووك بکاتەوە و پەرەی پێ بدات و وێنایەکی قەبەتر لەوەی کە لە زەینیدا بووە، پێك بهێنێت و بەم پێیە هێزی ناخی خۆی گەشە پێبدات و بە هێزی بکات و زیاتریش لە جاران خزمەت بە هاوچەشنەکانی خۆی بکات، لە لایەنی جۆراوجۆریشەوە بپشکوێتەوە.

بۆ نموونە، ڕۆژێك مۆسیقازانێکی خانەنشینکراو سەری گلە و بناشتی بۆ کردمەوە و گوتی، کە بەهۆی گۆشەگیرییەوە گوشاری لە سەرە و لە دەست

بێکاری و بەتاڵی بێتاقەتە. پێم گوت کە لە تەنیایی خۆیدا و بە پێکهێنانی هێمنی دەروونی لە خۆیدا شەوانە و لە کاتی خەوتندا ئەم وتانە دووپات بکاتەوە: "خودا تواناکانم زۆرتر دەکات و خەڵکی هۆگر و لایەنگرانم بەرەو لام دێن، هەتا لە زانست و بەهرەکانم کەڵك وەرگرن." ناوبراو، ماوەیەك دواتر بۆی باس کردم کە زۆری نەخایاند کەسانێکی نوخبە و هەڵبژاردەی وەکوو مامۆستاکان و بەڕێوەبەران و خویندکارانی زانکۆ، بۆ فێربوونی نۆتی مۆسیقا بە لێشاو هاتوونەتە ماڵەکەم، بە شێوەیەك کە ناچار بووم ژمارەیەکیان لێ وەرنەگرم، یان کاتێکی درێژتریان بۆ دابنێم. بەو شێوەیەی کە ئەو دەیگوت، ئێستا لە دیتن و پاکێشانی ژیان و کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی بوون وئازادکردنی بەهرە و تواناییەك کە بەندی خودە، تێگەیشتووە.

پێناسەی هەرەم

گەلێك پێناسەی جۆراوجۆر لە هەرەم هاتووەتە گۆڕێ، تەنانەت هەندێك ئەوانەیان بە (تیشکی هەتاو) ناو بردووە. ئێستا ئەوەی کە واتا دروستەکەی وەهایە: (پێوانە و ڕادەی ١٠). لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ژمارەی سووچەکان و لاپاڵەکانی هەرەمێك کۆ بکەینەوە، ژمارەی ١٠ بە دەست دێت. هەر وەها ژمارەی ١٠ لە خاڵە ڕوانگەی چەمکی پیاوەتییەوە، کۆی ئەندامانی بەرهەمهێنی نێرینە و مێینەیە، کە لە بواری هێماییەوە چەمکی ڕاستی کۆی نێرینە و مێینەیە. لە ئەنجامدا، واتای ڕاستی هەرەم (پیری

هیوا) تێکەڵەی هەستی ڕوون و نەستی تاکەکەسە کە گرێدانی یەکسانانە و هاوسەنگی ئەو، یەکسانی و تەندروستی و هێمنی و فراوانی لە ژیندا لەگەڵ خۆی دێنێت. ژووری شا و شاژن لە هەرەمدا، خشتە و دیاریکەری بناغەی نێرینە و مێینەیە لە هەر یەک لە ئێمەدا.

* * *

یەک لە هاوڕێکان و هاوگەشتیارانمان، داوای واتای (نەمری) لە من کرد، منیش بۆم شرۆڤە کرد: لە نێوان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆرێک لە بەشەکانی دیکەی گۆی زەویدا، ئەم نەریتە باوە. کە یەکەمین میوەی نەوبەرە لەسەر دارەکە دادەنێن تا بگەنێت، لەبەر ئەوەی کە ئەم میوەیە بە هی ئافرێنەر (خودا) دەزانن. یان لە هەندێک لە وڵاتاندا میرات و بەشە میرات بە هی منداڵی یەکەم دەزانن و تەنانەت لە بەریتانیادا منداڵی گەورەتر بە میراتگری مالّ و دارایی دادەنرێت.

بەڵام یاسای بوونیەت پێچەوانەی هەموو ئەمانەیە. دانانی میوەی نۆبەرە لەسەر دار هەتا دەپزێت، خواردنی میوەکانی دیکە لە نائاگایی و خراپ تێگەیشتنی تەواوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شیکارییەکەی زۆر سادەیە. مەسەلەکە ئەمەیە کە ئێوە ئێستاکە چین و ئاواتتانە بین بەچی؟ ئایا دەتانەوێت هەر لەم دۆخەی کە هەن، بمرن تا بین بە ئەوەی کە ئاواتتانە؟ مرۆڤ دەبێت ئامانجەکان و ئاواتەکانی خۆی بەرێتە سەر و بزانێت و بە ئاگا بێت، کە هێزێکی بە توانا بەردەوام لەگەڵیدایە و پشتیوانیەتی.

ئەگەر سەبارەت بە ئارمان و ئامانجەکەی خۆتان ئەمەکدار بن، دڵنیا بن کە ئامانجەکەتان لە بوونیەتتاندا گیانی وەبەر دێت و حاڵەتە پێشووەکەی لە نێو دەچێت و دەمرێت، تا دیاردەی دوایی خۆی ئاشکرا دەکات و حاڵەتی تا هەتایی لێرەوە دروست دەبێت.

جارێکیان ژنێك پرسیارێکی لێ کردم: "بۆچی من ئەوەندە گرفتاریم هەیە. منێك کە بۆ گۆڕانی بارودۆخی ژیانم ئەم هەمووە لاڵانەوە و نزایەم کردووە، هۆی چییە کە بەشێکم پێ نەبڕاوە. منێك کە دەزانم چیم دەوێت، لەبەر چییە هەموو شتێکم ئاوەژۆ دەبێتەوە." بۆم باس کرد کە دۆعاکانی گۆڕانی هێناوە بەسەر نەستیدا و سەرنجیان لە ڕابردوو و بارودۆخی پێشووتری لاداوە و بێگومان کە پاشهاتی گۆڕان و گۆڕانکاری بە هەر جۆرێ بێت دەرئەنجامەکانی خۆی دەردەخات و لە داهاتووی ئەم پرسەدا هەستی پێدەکرێت. کاتێك کە ژوورێك گسك دەدەن و لە ئەنجامدا تەپوتۆزێك هەڵدەستێت، هەر لە خۆوە دەتانەوێت لەو دۆخەی کە خۆتان هۆکاری بوون، خۆ دەرباز بکەن و بچنە دەرێ و هەوایەکی ئازاد هەڵمژن. بەڵام دوای ئەوەی کە تۆز و خۆڵەکە نەما و ژوورەکە چووەوە دۆخێکی خاوێن و ڕێکوپێك، دووبارە پێتان خۆشە بگەڕێنەوە ژوورەکە. هەر چەند کە نەستتان لە نموونە شاد و خۆش و باشەکان پڕ بکەن، گرێ دەروونییە کۆنەکان کە خۆیان تێیدا حەشار دابوو، دادەمرکێنەوە. ڕاستە کە تۆز و خاشاکێکی کەمیش هەر هەڵدەستێت، بەڵام بە هەمان ڕادە کە مکوڕ (پێداگر)ن لەسەر پاکوخاوێنکردنەوەی نەستتان، هەموو دنیای بوونتان

گۆڕانکاری بە سەردا دێت و خۆتان هەستی پێدەکەن کە بوونەتە مرۆڤێکی تر.

خاتوونێك لە هاوگەشتیارانم بۆی باس کردم کە چەند ساڵێك پێش ئێستا ئاواتێکی نەبوو جگە لەوەی ببێتە خاوەن پاڵتۆیەکی چەرم. هەر کات کە دەچووە سەرجێگا بۆ خەوتن، لە دنیای خەیاڵیدا خۆی لەو پاڵتۆیەدا دەدیتەوە کە نرخەکەی زۆر بەرز بوو لە توانای ئەودا نەبوو بیکڕێت. زستانەکانی نیۆیۆرك زۆر سارد دەبێت و ناوبراو ئێوارەیەکی سارد و سەخڵەت ڕوێشت بۆ ئەو دووکانە بەناوبانگەی کە تایبەت بوو بە فرۆشتنی ئەم جۆرە کەلوپەلانە، بەڵام ئەو پاڵتۆیەی نەیبینی کە پێی خۆش بوو. فرۆشیارەکە لە وەڵامدا پێی گوت، کە ئەو پاڵتۆیە دزراوە، بەڵام پاڵتۆگەلێکی هەر لەو جۆر و چۆنیەتییەمان لە لایە کە هەرزانتریش تەواو دەبێت. فرۆشیار هەقی بوو، ئەو توانی بەو پارەیەی کە هەیبوو بە ئاواتەکەی بگات.

ڕاستییەکەی ئەمەیە، کە نەستی لەم ڕووداوەدا بە شێوەی تایبەت بە خۆی، کاری کردبوو. بەرهەست هەموو شتێك دەزانێ، بەڵام سەرقاڵی بەڵگە و دەلیلهێنانەوە نابێت. لەبەر ئەوەی کە لەو جێگایەدا هەزری بێسنوور جێگیر کراوە. ئەگەر بیرسایی ئەنجامگیری بکەن، ئەمە پەسەند دەکەن کە هەر کارێك بە کردەوە مەحاڵ نییە و دەکرێت و مەحاڵ لە گۆڕێدا نییە. ئەم ژنە لە ناخی خۆیدا بەم ئاکامە گەیشتبوو کە نەیدەتوانی ئیزنی کڕینی وەها پاڵتۆیەکی گرانبەها بە خۆی بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی کە لە پانتایی

خەیاڵی خۆیدا کێشابوویەوە و ڕاستییەتی ئەوەی لە لای خۆی دەستەبەر کردبوو، لەم بوارەوە نەستی ئەو، ملکەچی جێبەجێکردنی ئەم داوایەی بووە و بە شێوازی خۆی ویست و ئاواتەکەی بۆ کردبوو بە کردار. بەڵێ دەستەبەرکردنی هەر ئاواتێك لە (منی) شکۆداری تاکدا، دەشێت. بەڵام تەنیا کارێك کە ئەم ژنە کردبووی، نەستی خۆی ڕازی کردبوو بە جێبەجێکردنی داخوازی و پێویستییەکانی.

مرۆڤ مافی هەڵبژاردنی هەیە

هەموو کەسێك سەرپشکە کە شاد، ئازاد، بەختەوەر و سەرکەوتوو بێت. چارەنووسی کەسیان لە پێشدا نەنووسراوە. گەر وەها بوایە، ئێمە بە هیچ جۆرێك مافی ڕەخنەگرتن، یان تەنانەت پەسەندانەن و ستایشکردنمان نەدەبوو. لەبەر ئەوەی کە لەم حاڵەتەدا تەنیا ئەرکێك کە بۆمان دەمایەوە ئەمە بوو کە وەکوو هونەرمەندانی شانۆ دەورێك کە پێیان سپاردووین، بەڕێوەی بەرین. ئەڵبەت هەر کەسە و دەتوانێت دەوری خۆی بە باشی بەڕێوە بەرێت، بەو مەرجەی کە خودا لە هەموو حاڵێکدا لە بیر نەکات و ئەمە بزانێت کە بەبێ لوتفی ئەو، هیچ کارێك بۆ هیچ کەس ئەنجام نادرێت.

بەشی دووەم

ڕەگەزی نوێ

ئۆردن ولاتێکی بەرچاوو جوانە. (پترا) شارێکە بە کۆشک و تەلارە کۆنەکان و پەرستگە و قادرمەکان کە لە بەردی ئەرخەوانی دایانتاشیون. گەشتیار لە سەیرکردنی ئەو هەموو مەزنییە دەحەپەسێت و شوێنە ڕووخاوەکانی ئەم شارە کەونارایە بینەر دەخاتە سەرسوڕمانەوە. ئەو بیر و چاڵە هەڵکەنراوانەی کە لەوێ لێدراوە، ئەوە دەردەخات کە ٣٠٠٠ ساڵی بەر لە زایین، دانیشتووانەکەی لە چاخی برێنزدا ژیاون.

لە هوتێلی عەممان پایتەختی ئۆردن، پیاوێکم ناسی کە بۆی دەیگێڕامەوە، قەت باوك و دایکی خۆی نەبینیوە و لە ئۆردووگای پەنابەراندا گەورە بووە و ئێستەش دیپلۆماتی یەکێك لە باڵیۆزخانە بیانییەکانە. لە پشوودا دەگەڕایەوە بۆ ئۆردن تا سەردانی کەونارا و شوێنە ڕووخاوەکانی نیشتمانەکەی بکات. ئەو ڕاستییەکی سەرنجڕاکێشی بۆ باس

کردم: ئەوەی کە شوێنی لەدایکبوونی کەس گرینگ نییە کوێ بێت. ئەگەر بتوانرێت لەگەڵ ناخدا پەیوەندی بگیردرێت، کە هەموو شتێك دەزانێت و توانای ئەنجامی هەر کارێکی هەیە، توانای تێپەڕبوون لە هەر پووداوێك و پووبەپووبوونەوە لەگەڵ هەر دژواری و سەختییەکدا دەبێت.

ئەو بەڵگەی لە نووسەرانی ئەو ڕۆمانە خەیاڵییانە هێنایەوە کە لە چیرۆکەکانی خۆیاندا لە بارەی دەوری ژنان و کاریگەرییەك کە لەسەر چارەنووسی ئێمەدا هەیانە باس دەکەن و بە لێڕاوییەوە ڕای خۆیان دەردەبڕن کە لە داهاتوودا تەنیا ئەوە بەسە کە (کودی) جیناسی (ژنەتیك)ی هەر کەسێك بگۆڕن هەتا چارەنووسیشی بگۆڕدرێت. لەو کاتەدا ئێمە نموونەگەلێك لە پیاوان و ژنانمان دەبێت کە بەپێی خواستی ئێمە پەروەردە دەکرێن و ئەم کارە وەکوو پەروەردەکردنی ئەسپە بارهێنراوەکانی کێبڕکێیەکان دەبێت، کە لە سەرەتاوە دەکەونە ژێر چاودێری پەروەردەکارانێکی تایبەتییەوە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بار دەهێنرێن. گریمان ژنێك کە منداڵێکی لە نموونەی ئەنیشتاین و لینکۆڵن و یان زانا و ڕامیارواننێکی دی دەوێت، کارێکی بێجگە ئەمە نابێت کە سپێرمی خۆی لە بانکی چێنەری تۆو دابنێت و کۆرپەڵەی دڵخوازی خۆی وەربگرێتەوە.

بێگومان ئێمە بەهۆی جینەکانی خۆمانەوە ڕەنگی چاو و قژ و پێست و زۆرێك لە دیارەکانی خۆمان لە باوك و دایکمان بە میرات وەردەگرین و تەنانەت دەڵێن کە زۆرێك لە نەخۆشی و تایبەتمەندییەکانی هۆش و

ناخمـان، وەکـوو گێـژی و ژیـری لـە پادەبـەدەر لەوانـەوە بـۆ ئێمـە دەگوازرێتەوە. بەڵام هەنووکە جێگای ئەوەیە کە لە خۆمان بپرسین، کە ئێمە لە هزری بێسنووری خود، لە خۆماندا چمان هەیە. کەمێك لەم بوارەوە بیر بکەنەوە. ئێوە زارۆکێك بوون، منداڵی باوکێك کە ئەویش منداڵی بابی بووە. ئەم زنجیرەیە سەرێکی درێژی هەیە کە درێژاییەکەی هەتا کوێتان دەبات؟ بـەرەو سەرچـاوەی کـانی ئافرێنـەر و بەدیهێنـەری هـەموو بەدیهێنراوەکان. کەوایە ئێمە هەموومان تۆو و ماکێکی گشتی و هاوبەشمان هەیە کە ئەوە بۆ خۆی بنەمای ژیانە. بـەم پێیـە جینـەکانی هـەموو کەسە مەزن و ناودارەکانمان تێدایە و هەر وەها جینەکانی چەنگیزخان و سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرەستۆ و... هتد، ئەگەر لە ئـەمریکا هاتبنـە دنیـاوە ئـەوە بیر لەو باووباپیرانە بکەنەوە کـە لـە زەمەنـە کۆنەکانـەوە پێیـان نایـە ئـەم وڵاتەوە. لە حاڵەتێکدا کە سەرپێڕ بن لە توانایی ماتماتیـك، باشـتر دەتـوانن ئەمە لێك بدەنـەوە. (ڕابی ڕایـت) فیزیـازانێکی لاو بـوو، کـە دەسـتی دایـە تۆێژینەوە لەسەر بابووباپیرانی خۆی و ڕەچەڵەکنامەی خـۆی هـەتا سـەدەی شازدەیەم دیاری کرد و ژمارەیـانی لـەم چـەند سـەدەیەدا بـە ١٧٠٠٠ کـەس خەملاند!

* * *

مرۆڤ قوربانی میراتگری خۆی نییه

خۆشکێکم کە پیشەکەی مامۆستایی بوو، بۆی باس کردم کە خوێندکارێکی زیرەك و بە توانایان هەیە کە لە بواری هۆش و توانایی‌ەوە تایبەت و ڕیزپەڕە، بەڵام دۆخی ئابووریی‌ان خراپە. بۆیە خۆشکەکەم پێشنیاری کردبوو بە قەشەی گەڕەکەکەیان هەتا ئەو منداڵە بنێرێتە خوێندنگایەکی تایبەتی منداڵانی دەستکورت، کە لە ژێر چاودێری کلیسادا بەڕێوە دەچێت، هەتا بتوانێت بە خۆڕایی درێژە بدات بە خوێندنەکەی. سەیر لێرەدایە کە ئەو منداڵە هەژارە... بەڵام بە توانایە، ئەم پێشنیارەی ڕەت کردبووەوە و ڕایگەیاندبوو کە **"من منداڵی کانزاچییەکم و جێگای من لەم خوێندنگەیەدا نییە!"** و بابیشی گوتەی منداڵەکەی پشتڕاست کردبووەوە. ئەم شێوازە هزرە، ئەم باوك و منداڵەی وەك کەسانی دیکە کە تووشی وەها چەشنە هزرێك دەبنەوە، شەڵەل و ناکارا کردووە و لە بەرانبەر هەر چەشنە پێشکەوتنێکدا بەری پێ گرتبوون.

هاوسەرێکی ئەریستۆکرات و خانەدانیانە، کە وابەستەی ئەم کلیسایە بوون، بڕیاریان دا یەکێك لە خوێندکارە کوڕەکان کە لە خوێندنگا تایبەتییەکەی ئەو کلیسایەدا دەیخوێند، بکەنە منداڵی خۆیان. خوشکی من کە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوو، کوڕێکی هەتیو (بێدایك و باوك)ی پێ ناساندن و ئەو باوك و دایکە شۆشتراوە (تەعمیدی) بەبێ ئەوەی کە سەرنج بدەنە ئەوەی کە ئەو کوڕە لە چەند نەوەوە دەگەڕێتەوە سەر کانزاچییەکان. یان بە واتایەکی دیکە، لە چینە خوارەکانی کۆمەڵ بە

ئەژمار دێت، ئەویان وەکوو منداڵی خۆیان وەرگرت و منداڵۆکەکەیان نارده چاکترین خۆێندنگە و دوای ئەوەش ناردیان بۆ کۆلیج. بەپێی دابونەریتی ئەو سەردەمە بارهێنرا و گەورە بوو، لە دامەزراوەیەکدا کە خەریکی وانەخوێندن بوو لەگەڵ منداڵانێکی خانەداندا بوو بە هاوڕێیەکی گەرموگوڕ و لە هەلومەرجێکی زۆر چاك و لە ئەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا هەڕەتی لاوێتی خۆی تێپەڕاند و لە ئاکامدا پرۆسەی خوێندنی بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێ هێنا. ڕۆژێکیان کە لە کاتی پشوودا چووبوو بۆ چاوپێکەوتنی خوشکم، داوای لێ کرد بە خواردنی عەسرانەیەك میوانی بێت، بەڵام لە هەمان شوێندا ئیزنی بە خوشکم نەدا کە عەرەبانەچییەکە (کالیسکەچی) بەرێتە ماڵەکەیەوە، لەبەر ئەوەی کە لەو بڕوایەدا بوو کە کالیسکەچییەکە منداڵی کانزاچییە و لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگایە، کە دەبێت پلە و جێگا و شوێنی خۆی بناسێتەوە و سنووری خۆی تێنەپەڕێنێت.

ئێستا ئەوەی کە خودی خۆشی هەر منداڵەهەتیوێکی ڕۆڵەی کانزاچییەك بوو، بەڵام بنەماڵەیەکی خانەدانی وەکوو منداڵی خۆیان قەبوولیان کردبوو و ناردبوویانە قوتابخانە و زانکۆ و باریان هێنابوو و بەبێ ئەوەی کە کاریان بە بنە و بنەچەیەوە هەبێت، ژیانێکی ئاسوودەیان بۆ دەستەبەر کردبوو، بەڵام ئەو خۆی بەبێ ئەوەی کە بنەچە و چینی خۆی لە بەرچاو بگرێت، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کوڕە کانزاچییەکدا ئەوی لە چینی خواری کۆمەڵگا بە ئەژمار دەهێنا و تەنانەت ئامادە نەبوو ڕێگای بدات بچێتە ماڵەکەی خۆیشی. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکمان بۆ ئەم دوو لاوە هەبێت، کوڕەی یەکەم

خۆی بە کۆپە کانزاچییەك دەزانێت و دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە لە چینی خواری کۆمەڵگایە، بۆیە شیاوی ئەوە نییە کە بچێتە قوتابخانەی کلیساوە، بەو واتایەی کە جەربەزەی قەبوولکردنی ئەو پێشنیارەی کە پێی کراوە، لە خۆی پانابینێت. لەبەر ئەوەی کە خۆی بە سووك و کەم دەبینێت. بە واتایەکی تر، ئەمە ئاستی هزری ئەم بوو، کە بوو بە لەمپەری سەر ڕێگای پێشکەوتن و چوونەسەرەوەی دوایی ئەو و هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە جینی ئەوەوە، یان ئەوەی کە ئەو منداڵی کانزاچییەك بوو.

ئەمە گاڵتەجارییە کە کەسێك وا بیر بکاتەوە کە باوك و دایك و باب و باپیری سەرچاوە و ناوەندی هێزەکان و خەسڵەتەکان و لاخوازییەکان و تواناکان و تایبەتمەندییەکانی ئەو بوون. ئەم تاکە بەم چەشنە وەرگری و تواناییەکانی خۆی سنووردار دەکاتەوە و هاوکات نا دەڵێت بە عەقڵ و هۆش و زیرەکییەك کە لە ناخیدا جێگیرە و بایەخێکی بۆ دانانێت. هەرگیز ناتوانرێت مرۆڤ وەکوو کۆمەڵێك لە نافۆکەکان (ئەتۆم) و گەردیلەکان (مۆلۆکوول) و جینەکان، هۆکاری میراتی بە ئەژمار بهێنرێت. ئەو میراتگری هەموو بەهرە و تواناکانی دەروونی واتایی (مەعنەوی) و هەوێنییە کە گەنجینەیەکی نەبڕاوە و بێکۆتاییە و بە درێژایی بوونیەت لە دەستیدایە، ئەمە ئیدی گرێ دراوە بە ویست و داوای ئەوەوە، کە چلۆن کەڵکی لێ وەربگرێت و بەرهەمی لێ هەڵبگرێتەوە.

گیان و زەینی هەر مرۆڤێك لە چەشنی دەزگایەکی تەسجیلی دەنگی (زەبت) دەچێت، کە هەموو بیروبڕوا و هەستەکان و بیرەوەرییەکان و ئەو

خەیاڵ و ئایدیایانەی کە پەسەندی کردووە، لە منداڵییەوە تیایدا جێگیر کراوە، لە نەستیدا هەڵیدەگرێت. هاوکات هەر کەس لە هەر زەمەنێکدا دەتوانێت کاسێتی دەروونی و زەینی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ نموونەگەلێکی نوێی وەکوو شادی و هیواداری و یەکسانی و جوانی و ئاوەز و هۆش و گەشە و هێمنیدا جێگۆڕکێی پێ بکات. ئەندێشەی هەر تاکێک پەیوەند و گرێ دراوە لەگەڵ گیان و لەش و دنیای دەرەوەی خۆیدا.

پیاوان و ژنانی ڕیزپەڕ و دەرکەوتە و نوخبە، لەم وڵاتە، یان بەشەکانی دیکەی دنیا بە تایبەتی هۆی ناوبانگ و متمانە بەدەستهێنانیان ئەوە نەبووە کە باب و باپیرانیان هاتوونەتە ئێرە، یان بۆ وێنە خەسێتی میراتی و جینیان بەم شێوە یان بەو شێوە بوو و یان ئەوەی کە بە بڕوای دەستەیەک کە پێیان وایە، دەتوانرێت ڕەگەزێکی چاک (وێنەی ئەسپەکان) بار بهێنرێت و پەروەردە بکرێت. ئەوان ئاوەها بەرهەم هاتن! لە بیری نەکەین کە خاوەنانی هۆش و زانین و تەنانەت زۆرێک لە بەهرەدارەکان، لە کەلاوەی کۆن و کەوێڵی قەراخ شارەکاندا گەورە بوون و یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانیان تەنیا لە زەین و گیانی خۆیانەوە وەرگرت، بەم پێیەش گەیشتنە بالاترین پلەکانی زانست و زانیاری. نەک تەنیا خۆیان، بەڵکو خەڵک و هاوچەشنەکانی خۆشیان لە بەرهەمی بلیمەتی خۆیان بەهرەمەند کردەوە. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە (جۆرج کارڤر) کیمیازانی بەناوبانگ بکەین. ناوبراو لە باتی ئەوەی کە هەست بە سووکی و خۆبەکەمزانی بکات، سەردەمانی هەژاری و سەختەتی منداڵی بهێنێتەوە

بیر، خەریکی وانە و لێکۆڵینەوە بوو، تاکو ئەوەی کە ئارەزووی دەکرد بە دەستی هێنا.

یەکێك لە گەورەترین نەشتەرگەرەکان کە ناسراوێکی منە، پۆژێك بۆی باس کردم کە لە جەحەننەمدا هاتە دنیا، بەڵام توانی خۆی لێ دەرباز بکات. دەیگوت کە دایکی ژنێکی سۆزانی و لەشفرۆش بوو، باوکی هیچ کات نەبینی و نەیناسی و خۆشی لە هەڕەتی لاوێتیدا دەستی دایە دزیکردن. کەوایە پێم دەڵێن کە ئەم کوڕە چۆن توانیبووی خۆی لەم دۆزەخە تۆقێنەرە دەرباز بکات. لەگەڵ ئەمەشدا پۆژێك لێی هاتە دەر. پووداوەکە بەم شێوەیە بوو کە لە دەمەقڕەیەکی سەرشەقامدا برینداربە دەبێت و دەچێتە لای برینگرێك ئەویش دەستی برینپێچی دەکات. سەیر لێرەدایە کە ئەم دکتۆرە ناوبراوە بە پادەیەك لەگەڵیدا دلۆڤان و هەڵسوکەوتی چاکی دەبێت کە ئەم لاوە هەر لەوێ بڕیار دەبێتەوە کە وەکوو ئەو ببێتە نەشتەرگەر. ئەو لەم بارەوە وای باس کرد:

من خۆم لە جلی سپی نەشتەرگەریدا بینی و داوام لە خودا کرد کە یارمەتیم بدات. لەوەبەولاوە گۆڕانکاری و ئالۆگۆڕم تێدا بەدی هات. بە شێوەیەك کە ئیدی نەمتوانی درێژە بە دزی بدەم. بە هۆگری و پشوودرێژییەوە خەریکی خوێندن بووم هەتا توانیم بۆرسەیەك وەرگرم. یەکێك لە مامۆستاکانم بە پادەیك چووبوومە دڵیەوە کە هەموو خەرجی خوێندنی پەیمانگای پزیشکیەکەی بۆ دام و بە منی گوت: "ئەگەر تۆ بتوانی

ببیتە دکتۆر و نەشتەرگەرێکی چاك ئەوە قەرزەکەی خۆت بە من داوەتەوە". ئاواتەکەی ئەویش بەو شێوەیە بەدی هات.

زاناکان لە پرۆسەی زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکیاندا بەم ئەنجامە گەیشتوون کە دەتوانرێت لە پێکهاتەی خانەیی کاکتۆس، گەنم و برنج و میوەدا گۆڕانکارییەك پێك بهێنرێت. بەڵام بۆ ئەوەی کە بتوانرێت گۆڕان لە ژنێك یان پیاوێکدا پێك بهێنرێت، ئەم کارە پەیوەندییەکی بە پێکهاتەی لەش یان مێشکیەوە نابێت، بەڵکوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی دەبێت لەگەڵ وزەنهێنی و گیانی و دەروونییەکانی ویدا. خەسڵەتگەلێکی وەك گەورەیی، دلێری و ئازایەتی، ڕاستی و بڕوا و شادی و متمانە و ئەوین و نییەتپاکی ناتوانرێت وەك تێکەڵەیەکی قوڕی کەفماڵیان لێ بکەیت و ماجووم و شێلراوەیەکی لێ دروست بکرێت. ناتوانرێت ڕۆبۆیا و خەیاڵاتەکان تێکەڵ بکرێ و بگوترێت: "ئێستا دی مرۆڤێکی نوێ دروست دەکەین" کەسایەتی تاك چارەنووسی ئاراستە دەکات.

مرۆڤ بۆ چوونەسەر و بەرزبوونەوە، پێویستی بە هێمنی و پاکی و ڕووناکی هەیە. ئەم ئارامی دەروونییە دەرفەتی ئەوەی پێ ئەدات تا لەگەڵ ڕۆژگار و دونیادا هەڵ بکات و بە ئاشتی بژی. ئەو بۆ دامرکاندنی ڕق و تووڕەیی خۆی و زاڵبوون بەسەر خۆیدا، پێویستی بە ئەوین و چاکەخوازی و ڕاستی و یەکڕەنگی هەیە. گەر دەیەوێت بە باشترین شێوە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و بۆ ئەوەی کە مزگێنیدەری ئاشتی و هاوڕێیەتی بێت لەم دنیا ڕاستەقینەیەدا، پێویستی بە ئازایەتی و بڕوا و متمانە بە یاسای

داهێنەرانەی گیان و زەینی خۆ هەیە. شادمانی، یەکسانی و نۆرمی، هێمنی و ئەوین و ئاوەز و هۆش، کۆمەڵێك بەهرەن کە لە لایەن ئەوەوە پێشکەشی مرۆڤ کراوە، تا بۆ خزمەتکردن بە هاوچەشنەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەربگرێت.

* * *

منداڵەکانتان کێن؟

خەلیل جوبران هۆزانڤانی عیرفانی ئاوەها دەڵێت: "منداڵانی ئێوە لە هەست و ناخی ئێوەوە و نەك لە ئێوەوە دێنە دنیاوە." بایەخی لە ڕادەبەدەر بۆ هەلومەرج و بارودۆخ و تەنانەت جینەکانی باوك و دایك و باب و باپیر و پێشینیانی خۆ قایل مەبن. هیچ کەس، هیچ ژن و پیاوێك و هیچ ڕووداو و کارەساتێك ناتوانێت ببێت بە هۆکاری بەختەوەری یان چارەڕەشی ئێوە. هۆکاری ڕاستەقینە و سەرەکی هەر دەروونی کەسەکە خۆیەتی. کەسیان گرێ نەداوە بە تاوان و سەرپێچی ڕابردوویەوە. خوا لە بوونیەتی خۆتاندایە. هەوڵ بدەن لەم بەهرەمەندییە کەڵك وەرگرن و بە ئاوەز و هۆش و تێگەیشتن و هەستی ڕاستی ویستی، گەشەی خۆتان زیاد بکەن.

لینکۆڵن، لە ژیانی ڕامیاری خۆیدا بارهەڵگری گەلێك نشوستی زۆر بووەوە. بەڵام بە متمانە بە خودێ کە بووی، هیچکات لە بەرانبەر زبری و

دژوارییەکاندا ئامادە نەبوو کە خۆ بە دەستەوە بدات. ئەو کە منداڵی باوک و دایکێکی نەخوێندەوار بوو، لە هەژاری و دەستکورتیدا گەورە بوو، بەڵام هیچ کات ئامانجەکانی خۆی نەفرۆشتە کێشەکان. گەلێك جار بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی وتارخوێندنەوەدا نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر بە پێ دەڕوێشت، بەڵام ئامانجەکەی خۆی لە بەرچاو ون نەدەکردەوە.

بتهۆڤێن مۆسیقازانی بەناوبانگ هێزی بیستیاری خۆی لە دەست دابوو، بەڵام نەوا و سۆزەکانی مۆسیقای لە دەروون و ناخی خۆیدا دەبیست. لێتۆنارددافێنشی وێنەکێشی ناسراو، دایکێکی فەلا و باوکێکی هەژاری هەبوو. ئیدیسۆنیان لە خوێندنگە دەر کرد، لەبەر ئەوەی کە ئەویان بە دواکەوتوو و کوێرزەین بە ئەژمار هێنابوو، بەڵام ئەمانە نەبوونە هۆی ئەوە تا ئەو بەو داهێنانەی خۆی دنیا ڕووناك و درەوشاوە نەکاتەوە. ئینشتاینیان زۆر جار لە خوێندنگا جۆراوجۆرەکان کردە دەرەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەویان بە منداڵێك گەلحۆ و گێژ بە ئەژمار هێنابوو کە لە دەق و بابەتی وانەکان تێناگات و ناتوانێت هاوکات لەگەڵ خوێندکارانی دیکەیدا بڕواتە پێشەوە. هەموو ئەمانە نەبوون بە هۆی ئەوەی کە تا لە تڕۆپکی ماتماتیك و فیزیای جیهاندا جێگیر نەبێت. نیۆتۆن منداڵی جووتیارێکی هەژار بوو و باوکی لە کاتی هاتنەدنیای کوڕەکەیدا گیانی لە دەست دا، و سەرەڕای ئەوە کە نیۆتۆن سەردەمانێکی سەخت و دژواری تێپەراند، بەڵام بە پشتبەستن بە هۆش و ئاوەز و پشوودرێژی خۆی، توانی یاسای کردەوە و دژکردەوە دابهێنێت و بە نوێگەری و دۆزینەوەی ئەستێرەناسییەکەی

خۆی دنیا سەرسام بکات. ئەمانەمان وەکوو نموونە هێناوە هەتا بزانن کە زۆر جار بلیمەتی هاوڕێیە لەگەڵ دەستپێکێکی دژوار و تاقەتپرووکێنەدا. (میلتۆن) سەرەڕای ئەوەی کە نابینا بوو، بەڵام پەرتووکی (بەهەشتی ونبوو)ی ئەو دەتوانرێ لە ناوازە وێژەییەکانی جیهان بە ئەژمار بهێنرێت. هێزی خەیاڵی میلتۆن بینینی ناخ و دەروونی ئەو بوو کە دەرفەتی پێی دەدا تا کات و شوێن و هەوێن (مادە) تێکەڵ بکات و ڕاستییە نەبینراوەکانی بوونیەتی خۆی بە زمانێکی ڕەوان باس بکات.

ئەگەر لە کۆشکێکدا بێینە دنیاوە و ڕۆڵەی پاشایەك یان میراتگری بنەماڵەی خانەدان و میرزادەکان بین، کەس ناتوانێت هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی کە ئێمە میلتۆن، شکسپیێر، فیدیاس یان بێتهۆڤێن بین.

مرۆڤەکان کاتێك دەتوانن خولقێنەری کار یان بەرهەمێکی دەگمەن بن کە بناوانی ڕاستەقینەی خۆیان بناسن و ئەمە لە ساتەکانی هێمنی و تەنیایی گیان و زەینی خۆدا تێبگەن کە دوای دروستبوون و چێبوونی جیهان و پێکهاتن و بناغەدارێژی کات، تەوەرەگەلێکی شاردراوە لە دوای وەها دۆخگەلێکدا دەردەکەون و دەبینرێن. دۆخی گیانی هەر کەسێك دەرخەر و خشتەی بڕوایەتی. چەند ساڵێك پێش ڕاڤەی داکۆکیکاری بریکار داواکراوێکی لێهاتووم لە تاوانبار و خراپەکارێك دەخوێندەوە کە داوای سووککردنی سزای بەرگریکارەکەی خۆی کردبوو بە هۆی ئەو "هەژاری و دەستکورتییەی کە تیایدا گەورە ببوو و باوکێکی هەمیشە مەست و

دایکێکی سۆزانی و لەشفرۆشی بووە"، بەڵام دادوەرەکە وەها وەڵامێکی پێی دابووە:

من ناتوانم ئەو داوایەت جێبەجێ بکەم. لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەم بریکارگرەی ئێوە کە هەر لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا گەورە بووە، هەنووکە یەکێك لە چاکترین مافناسەکانی ئێمەیە.

پەپوولە کە لە لاکەکەی خۆی سەر دەردێنێت بە باڵە رەنگین و جوانەکانی خۆی بە دەم سەماوە هەڵدەفڕێت. کەوایە ئێوە بۆ ناتوانن لەنێو خۆتان بێنە دەرەوە و لەمپەر و کێشەکانتان لەسەر ڕێتان بنەبڕ بکەن و بە باڵی بڕوا و خەیاڵمەزنی و گەورەیی خۆتان پیشان بدەن.

بێگومان لە ڕەنگی پێست و ڕەنگی چاو و زۆرێك لە تایبەتمەندییە جینییەکانی خۆمان لە باوك و دایکمان بە میرات وەردەگرین. یان سرشت و خوو و کەسایەتیمان دەکەوێتە ژێر کارتێکەری ئەتمۆسفێری سۆزی بنەماڵەوە. هەر منداڵێك پێڕەوی بارهێنانی سەرەتایی و هەر وەها سرشت و هەست و بڕوای باوك و دایکە، وێڕای ئەمەش لەگەڵ گەشەکردن و پەروەردەی لە سەرەخۆ و تێگەیشتنێك کە هێدی هێدی لە خودی خۆی بە دەستی دێنێت، توانایی ئەوەی دەبێت کە زاڵ بێت بەسەر هەر لەمپەر و گرێیەکدا و لە بەندەوی کێشەکان تێپەڕ بێت. ئەو فێر دەبێت کە چلۆن چاو لە ڕاستی تا هەتایی بکات و خۆی لە ئەتمۆسفێر و کارتێکەری بنەماڵە ڕزگار بکات و دەس لە ڕابردوو هەڵگرێت و خۆی خەریك بکات بە هەنووکە و داهاتووەوە.

پێکهاتەی گیانیمان بە چ شێوەیەك قاڵب دەگرێت

گریمان لەوانەیە ئێمە قوربانی فێرکردن و بارهێنانی هەڵە بین لە بارەی بڕوا ناڕاستەکانەوە دەربارەی ژیان و دنیای بوونیەت، لێ دەتوانرێت ئەم بڕوا نەرێنییانە بکرێت بە خوو و ڕەوشتی ئەرێنی و دروستکەر و یەکسانییانە و هێمن. نەست بنکە و بارەگای خووەکانە و هەر بەم هۆکارە هەر خوویەك دەتوانرێت گۆڕانی بە سەردا بهێنرێت. هەر چەندە کە ترسەکان و دڵەڕاوکەکان و ئەفسانە و قسە بێهوودەکان و قەدەغەکانی ئێمە لە هەڕەتی لاوەتییەوە لە خەیاڵماندا قاڵب دەگرن.

لە ڕەوتی گەشتێکمدا بۆ هێند، نیپاڵ و تایلەند بە کەڕات هەڵسوکەوتم دەکرد لەگەڵ خوێندکارانێکدا کە بە منیان دەگوت:

ئەگەر ئەم ژیانەمان بە داوێنپاکی و پاکنەژادی بەڕێ نەکەین، بە دڵنیاییەوە لە دۆزەخی دۆن و گۆڕانکاری ژیانی دواییدا، دەبین بە ئاژەڵانێکی بێزار و درەندەی وەکوو شێر و بەور و سەگ و هتد...

ئەوان بە لێبڕاوی و دڵنیایی تەواوەوە ڕوونیان دەکردەوە کە ژیانی ئێستایان درێژەی ژیانی پێشوویان بووە و ئەوەی کە تیایدا چاندبوویان، ئێستاکە دەیدروونەوە.

ئەوان بە ڕاستی لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە بەهۆی ئەو تاوانانەی کە لە ڕابردوودا تووشی بوون، هەنووکە خاوەن ژیانێکی باش نین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە تاوان و سەرپێچی هەر ئەو تۆڵەیەی بوو کە لێیان دەکرایەوە و

بۆیە لە ئاست تەنگانە و نسیبەتەکانی خۆیاندا چۆکیان دادەدا و سەری خۆبەدەستەوەدانیان دادەنەواند. هیچ کام لەم داوادارییانە لەگەڵ پاستیدا تەبا نین. پابردووی مرۆڤ هەر چییەك هەیە با ببێت، لەگەڵ عەشق و وەیەکدا کە لە گەوهەری مرۆڤدا جێگیرە، ناپاکترین پابردووەکان پاکوخاوێن دەکاتەوە، تاوان و هەڵە یاسای کردەوە و دژەکردەوەیە و فێرکردنەکانی خودی کەس. بۆ گیان و زەین کات و شوێن لە ئارادا نییە. هەر کەسێك دەتوانێت ژیانی خۆی بەپێی ئارەزووی خۆی بگۆڕێت و ئەوین و هیوا و شادی تیادا بخاتە ڕێ و بۆ وێنە دواهات و پاشماوەی هەڵەکانی پابردوو لە نەستی بسڕێتەوە و پاکی بکاتەوە. کاتێك کە ئێمە نەستی خۆمان بە هەستی نەڕێنی و ڕەش و بڕوا سەر تا پێ هەڵەکان تێوە دەگلێنین و پیس دەکەین، سروشتییە کە دەبێت لە ئاکام و هێماکانی لە ترس و ڕەنجدا بەسەر بەرین. ئەڵبەت هەر وەها کە بە بیرمان هێناوە شوشتن و پاککردنەوەکەی زۆر سانا و سادەیە و بە تەڵقین و فێرکردن و دوعادەرمانی مومکین و شیاوە. گوناهەکان و هەڵەکان و تەنانەت دەستدرێژییەکان و سووکایەتییە ئازاردەرەکانیش دەتوانرێت لە نەست بسڕدرێنەوە و دەربکرێن و خۆ لە ئاسەواری پاشهاتەکان و سزاکانیەوە کە بێگومان پاشماوەیەکی نەڕێنی و ڕووخێنەر لەسەر گیان وخودیەتەوە بەجێ دەهێڵن، دەرباز بکەین. بۆ ئەم کارە دەبێت یارمەتی لە هێزی ویستی خۆمان وەربگرین و لەو مەزنێتییەی کە لە بەرهەستماندا حەشار دراوە بیر بکەینەوە، تا بتوانین کەسایەتی خۆمان بگۆڕین. لەم بوارەدا ئەوە بەسە

که ڕۆحی خۆمان لە ڕاستییە هەمیشەییەکان تێر بکەین تا لە قوواڵایی نەستماندا بیری تۆڵەکردنەوە و سزا، یان دژکردەوەی سروشتی بسڕینەوە. کردەوە، کاری گیانی هەستی ڕوونە و دژکردەوە، کاری گیانی بەرهەست. گوناح ئەو وشە مەترسیهێنەرەی کە بە هەر بەها و نرخێك بێت، دەبێت لە دەست شەڕ و خراپەکەی دەربباز بین و یان ئەوەی کە بەها و تۆڵەکەی بدەینەوە. ئایدیای تاوان و گوناح زۆرتر لە ڕۆژهەاڵتەوە دێت، وێڕای ئەمەش لە هەموو کتێبە ئایینیەکاندا ڕێگای تەوبە و گەڕانەوەیان بە کراوەیی هێشتووتەوە هەتا بتوانرێت دۆخە نەرێنییە پێشووەکە لە بەرهەستی خۆ بکردرێتە دەرەوە، دۆخی دەروونی نوێ هەموو شتێك دەگۆڕێت.

گیان و هەوێن (ڕۆح و مادە)

ئایا ئەو کەسانەی کە لە دنیای ئێمەدا نەماون و گیانیان لە دەست داوە، ئێستاش هەر بە هەزر و بیروبڕواکانیانەوە دەسەاڵتتان بە سەرا ئەکەن؟ لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا ملیۆنان کەس دەژین کە هەر وەها لە ژێر کارتێکەری حەز و لاخوازییەکان و سۆز و مەگێزی وەك ترس و تەماکاری و چاوچنۆکی و ڕقلێبوونەوە و خۆمەحکوومکردنن و نەوە لە دوای نەوە ئەم ئایدیایانەیان لە خۆدا هەڵگرتووە. ئەمەتان لە بیر بێت کە ئەوەی کە فێری بوون و لە هەڕەتی منداڵییەوە لە بەرتان کردووە، جا خوو و نەریتی بابوباپیران و پێشینیانتان بێت و یا ئەوەی کە لاساییان دەکەنەوە،

بە شێوە زانستییەکانی دوعادەرمانی چارەسەر دەبێت و بە واتایەک بەم شێوازە دەکرێت ئەوانە لە مێشکی خۆدا بسڕینەوە. گریمانەمان ئەوە بێت کە ئەو هۆشە بێسنوورەی کە ئافرێنەری ئێوەیە خۆشی توانای چارەسەری ئێوەی هەیە. هەر ئەو بوو کە هەموو ئەندامانی جەستەتانی چێ کرد و هەموو پاشهاتە بنەڕەتییەکانی جەستەتانی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە. هەر بۆیە توانست و تواناییەکی بێسنوور لە بوونیەتتاندا حەشار دراوە.

بیروبڕواکانی کەس هەموو کردەوە و شیارانەکانی ئەو دەخەنە پێش چاو و لێی دەڕوانن. بە واتایەکی دیکە مرۆڤ هەڵتۆقیو و دەرکەوتەیەکی بیروبڕواکانیەتی. کەوایە هەر لە ئێستاوە بڕیار بدەن کە نەکەونە دوای نموونە هەڵەکانی سەردەمانی منداڵی خۆتان و ئەوانە لە مێشکتان بسڕنەوە.

زانست و زانیاری پێشکەوتووی هەنووکەیی گەیشتووەتە ئەم سەرئەنجامەی کە گیان و هەوێن (مادە) لە توانایی خۆگۆڕین و تێکەڵاوێتی سوودمەندە و بە واتەیەک هەوێن (مادە) هەر ئەو گیان و ڕۆحەیە بە هەڵسووڕانێکی لە سەرەخۆوە کە دەتوانرێت ببینرێت. ئەمە وتەیەکی تەواو هەڵەیە کە ئێمە دەکەوینە ژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ژینگە و ناوەندی بنەماڵە و ئیشوکار و مرۆڵی و دەوروبەرانمانەوە و بە واتایەکی باشتر مەرجی دەبینەوە، ئەمانە هەموو بێجگە فێرکردن (تەڵقین)ێکی زیاتر نییە. ئەگەر ئەم خەیاڵە پەسەند بکەن، لەو کاتەدا ڕێگایەکی دەربازبوونتان نابێت، بێجگە ئەوەی کە هەر ئەو نموونانەی باوک و دایک و پێشینیانی

خۆتان دووبارە و لاسایی بکەنەوە و ژیانتان پەوتێك بێت و شك و نەرێتی و کەم و زۆر ناڕاست و تێکەڵ لەگەڵ هەڵەدا. هێزی داهێنەرانە لە دەروون و ناختاندا جێگیر کراوە. هزرڤانی زانستی لە بابەت و تەوەرە هۆکار ناخولقێنێت لەبەر ئەوەی ئەو شارەزای ناتەوانی و هۆکارگریەکەیە. ئەگەر کەسێك وزەی داهێنەرانەی خۆی بدۆزێتەوە هیچ کاتێك هەڵناستێت بەوەی هەتا تاوانی کارەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی کەسانی دیکە. هەنووکە ئێدی دەبێت بزانن کە هزر و بیری ئێوە تەنیا هێزی ئافرێنەری ئێوە دەبێت. هەموو هێزەکانی بێکۆتایی سروشت لە بوونیەتی ئێوەدا کۆ کراوەتەوە. ڕۆژێك چەند جارێك ئەم ڕاهێنانە فێرکارانە (تەڵقین)ییە جێبەجێ بکەن هەتا بەرهەمە ئەرێنییەکانی لە ڕەوت و گەڕی ژیانی دواڕۆژتاندا ببینن:

نۆرمالّی و یەکسانی، هێمنی، شادی، هیوا، عەشق و ئەوین، هۆش و ئاوەز و گونجاوی بەردەوام لەگەڵمدایە، من هیوام هەیە.

ئەگەر بە ڕاستی لە هەر چرکەساتێکی ژیاندا ئاگاداری ئەم ڕاستییانە بنەوە، سەرئەنجام لە هێزی ڕاستی گیان و خودی خۆتان وشیار دەبنەوە و لە خەبات لەگەڵ کێشەکانتاندا کەڵکی لێ وەردەگرن. بەردەوام تایبەتمەندییەکانی گیان و زەینی خۆتان لە پێش چاو تێبپەڕێنن و ئەوەی کە لە باوك و دایك و پێشینیانی خۆتان بە میرات پێتان گەیشتووە، لە سەرتانی دەرکەن. ئێوە توانا و سەرپشکن کە ژیان بەپێی دڵخوازی خۆتان بەڕیوە بەرن و هێز و توانستی گۆڕانی دنیای خۆتانتان دەبێت.

باوك و دایکتان سەرکۆنە مەکەن

ئێمە هەموومان لە منداڵیدا دەکەوینە ژێر پەنگدانەوە و کارتێکەری هزر و بیروبڕواکان و هەڵسوکەوتی باوك و دایکەوە، بەڵام بەرین لە هێزێکی گیانی پێویست و ئاوەزیانە و بەڵگەهێنانەوەی تەواو بۆ بەرانبەرکێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوان و ئایدیا نەرێنی و لەوانەشە تێکدەرەکانیان، بەڵام دوای ئەوەی کە گەشەمان کرد، بەرپرسیارێتی ڕەهای بەڕێوەبردنی خۆمان بە دەستەوە دەگرین و دەبێت هەوڵ بدەین تا ئەندێشە و بیروڕاکانی خۆمان لە ڕێچکەیەکی ڕاست و دروستدا بخەینە گەڕ و بەو شێوەیەی کە دڵخوازمانە و ئاوەزمان بانگمان دەکات، ژیانمان ڕێك بخەین. بەڵێ لەو حاڵەتەدا خۆمان بەرپرس و تەخسیرکاری هەڵسوکەوت و کردەی خۆمان دەبین. مەگەر ئەوە نییە کە خۆمانین کە لە تەواوی شەو و ڕۆژێکدا خەریکی بیرکردنەوە و بە کردەوە دەرهێنانین. کەوایە ئەوەی کە لێی ئەندێشەی لەسەر دەکەین و ئەوەی کە هەستی دەکەین، پێکهاتەی ژیانی هەوێنی و دەروونی (مادی و مەعنەوی) ئێمە پێك دێنێت.

ئێستا کاتی ئەوەیە تا لە بەرهەمی بیرکردنەوەکانمان بەهرەمەند بین و لە چوارچێوەی بوونیەتی خۆماندا دەسەڵات و فەرمانڕەواییەکی بێگرێوگۆڵ پێك بێنین. گریمانەتان ئەوە بێت کە ئێوە هەر ئێستا ساغ بوونەتەوە لەسەر ئەوەی پەیامی مرۆڤانەی خۆتان بە ئەنجام بگەیەنن. لێرەدا دەچنە دارستانێك و منداڵێکی نیوە هۆڤی و وێڵ و وەیلان دەدۆزنەوە و لەگەڵ خۆدا دەیهێننەوە بۆ شار. لەوێڕا فێری دابونەریتی ژیانی دەکەن و

دەینێرنە خوێندنگە تا بخوێنێت و فێری شت ببێت. هاوکات ئەندێشە و هەستیشی پێ فێر دەکەن. ئەویش دەبێتە پەیڕەوتان و هەموو وتەکانتان بە بڕوای ڕەها دەزانێت و هەڵسوکەوتێکی مرۆڤانە دەگرێتە بەر، وردە وردە دەبێتە دەسەڵاتدار و فەرمانڕێدەری هزر و بیرەکانی خۆی و وتەکانی خۆی دێنێتە ژێر ڕکێفی خۆ، و لە کۆتاییدا دەبێت بە مامۆستا و سەروەری ژیانی خۆی. لە ئاوەها کاتێکدایە کە دەتوانن شانازی بکەن بە خۆوە کە مرۆڤێکتان لە پلە و جێگا و شوێنی مرۆڤانەی خۆی وشیار کردووەتەوە.

بەشی سێیەم

مرۆڤ و بوونەوەر

سەردانی شوێنەوارە کۆنەکان نە تەنیا هێز و مەزنی باوباپیر و پێشینیانمان لە پێش چاو وێنا دەکات، بەڵکو ئاماژەیەکیشە بەوەی کە ناکرێت ئەم دنیا لە دڵەڕاوکێ و خەم و ترس و بێهیواییدا تێپەڕێنین و دەبێت لە دەروون و نەستماندا بگەڕێین بە دوای ڕاستییەکانی ژیاندا. گەر داواکەت بە بەدیهاتوو ببینی، هەرگیز ناتوانی شادی ناخ و دەروونی خۆت بشارییەوە. لەبەر ئەوەی کە قەت ناکرێت بۆنی دڵڕفێنی گوڵەباخ بنەبڕ بکرێت و کارێك بکرێت کە گوڵ بۆنەکەی خۆی بڵاو نەکاتەوە و کەپووی گیان بۆنخۆش نەکات. بە سەیرکردنی گۆڕێکی کۆن ئەم بیرەمان بە مێشکدا دێت کە هزرە نەخۆشئاساکان و نشوستی و سەرنەکەوتنەکان و ڕابردووە تاڵەکان و ئاواتە مردووەکان دەبێت بخەینە تاریکەبەندی نەستەوە و بیسپێرینە لەبیرکردن و یان باشتر ئەوەیە کە لەوێ دەری بکەین.

کە گەیشتمە دەریای مردوو خاڵێکی سەیرم تێیدا بەدی کرد کە هەڵگری چەمکێکی هێمایی بوو: هیچ گیانلەبەرێك لەوێدا توانای ژیانی نییە و بەم

هۆیەوە ناوی دەریای مردوویان لێناوە. لەبەر ئەوەی دەریایەکە پێگای چوونەنێوەوەی هەیە، بەڵام پێگای دەرچوونی نییە. هەر ئەمە فێرمان دەکات کە بە چ شێوەیەك دڵۆڤانی و پاکی و لێبووردەیی و دڵاوایی و جوامێری پێ بکەینە دەریای دڵمانەوە و بیخەینە بزووتن و جموجۆڵ. وەك داڕێك بین کە سێوەردار پڕبەرهەمە و هەتاوێك کە وزەبەخش و دڵڵاوێنە و هیچ شتێکی ناوێ و تەمایەکیشی نییە. ئەوین و خۆشەویستی و شادی و هێمنی و یەکسانی لە خۆتان و خەڵکانی دیکەدا بخەنە گەڕ. جوامێر و بەخشندە بن و لە ڕەزیلی و ئێرەییبردن دوور بن. ئەمانە بە تەواو پێوستن بۆ سوودمەندبوون لە ژیانێکی تێکەڵ بە شادمانی و یەکسانی و هێمنانە. وەك دایکێك کە لەسەر لانکی منداڵەکەیەوەیە و دڵۆڤانی و دڵپاکی پێشکەش دەکات، ئێوەش ئاوەها پێشکەش بە خەڵکی بکەن و ڕەنگی هەر جۆرە تاڵی و لێڵی و ڕقێك لە دڵدا بسڕنەوە.

ماوەیەکی پێش پیاوێك سەردانی کردم و گوتی:

من مرۆڤێکی چارەڕەشم و بێئەستێرەم و لە مانگی شوومدا هاتوومەتە دنیاوە، و بێجگە لە چارەڕەشی بەشێکم لەم دنیایە نییە.

لە دوای نشوستیەکی ئابووریيەوە کە پەیوەندی دەدایە ئەستێرەخراپی خۆوە، بینینی چاوێکیشی تێك چووبوو و هەر چەند دکتۆری چاوەکەی دوای پشکنینی قوولاییەکەی ڕایگەیاندبوو کە تێکچوونە هوروژانییەکان و بە واتایەك خۆخواردنە و تەماکاری بووەتە هۆکاری ئەم لەدەستدانی بینایيە، بەڵام ئەو بەم سادەیی و سانایيەوە نەیدەویست کە بڕوا بەم وتانە

بهێنێت و هەر وەها لەسەر بیروبڕواکەی خۆی سوور بوو و هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی سەرچاوەگرتوو لە دەستتێوەردانی ئەستێرەکانی بەختی دەزانی. ئەم پیاوە سەبارەت بە چوونەسەرەوە و پێشکەوتنی بواری ئابووری یەکێك لە ناسراوان و هاوکارەکانی، هەستی ئێرەییەکی زۆری دەکرد، بە جۆرێك کە ئەم مەگیزە توانیبووی بینایی چاوەکانی تێك بدات.

بۆم شرۆڤە کرد کە لە پزیشکیدا، باسی دەروونجەستەیی (پسایکۆسۆماتی) خاوەن گرینگیەکی تایبەتییە و دەبێت بەردەوام ئەم خاڵە لە بەرچاو بگیردرێت کە هۆکارەکانی ڕۆحی وسۆز و بەزەیی دەورێکی زۆر گرینگ دەگێڕن لە پێکهێنان و تەشەنەسەندن و درێژەی نەخۆشییەکاندا. جیاواز لەوەش ئەو دانی بەوە دانا کە نەتەنیا بڕوایەکی قایمی بە سووڕانی ئەستێرەکان هەیە، بەڵکو لەوەش بەولاوە ڕقێکی زۆریشی لە خەسووی دەبێتەوە، هەتا ئەو جێگایەی کە تەنانەت ئامادە نییە ڕوومەتیشی ببینێت. بۆیم ڕوون کردەوە کە نەستی وتەکانی جێبەجێ دەکات و داخوازییەکەی دەستەبەر دەکات و لە قۆناغی یەکەمدا هێرش بۆ سەر سۆمای چاوەکانی بووە. لە لایەکی دیکەوە ئێرەیی توندی ئەو سەبارەت بە دۆخی لە باری ئابووری هاوڕێ و هاوبەشەکەی بووەتە هۆکاری هەژاری و تێکشکانی ئەو، لەبەر ئەوەی کە بەردەوام سامان و پێشڤەچوونی ئەو دەداتەوە بە چاوی خۆیدا و لە دڵەوە دەڵێت:

ئەو هیممەتی هەیە کە بڕواتە پێش و بەرز ببێتەوە، بەم هۆیە لە کارەکانیدا سەرکەوت پارە بە دەست دێنێت، بەڵام من لە هەر کارێکدا تێك دەشکێم.

ئێوە ئەگەر ئەو دەنێنە سەر تڕۆپکی شانازییەوە و خۆتان بە چارەڕەش و تێکڕووخاو و زەوینگیر هەست پێدەکەن، لە ڕاستیدا خۆتان لە هەموو شتێك بێبەش دەکەن و بەم پێیە بێهیوایی و نەهامەتی و داماوییەکی زۆرتر بەرەو لای خۆتان ڕادەکێشن. چارەسەری ئەو پەیوەندی بەوەوە بوو کە لە بارودۆخی خۆی تێبگات و توانی بواریك بڕەخسێنێت هەتا خەسووی بۆ ژیانکردن بچێتە شوێنێکی دی و دوای ئەوە هەستی کرد کە ڕق و بێزارییەك کە سەبارەت بە ئەو پەرچاندبوویە دڵ، خەریکە دەبێت بە دڵۆڤانی و خۆشەویستی. شەوانە خۆی خەریك دەکرد بە دوعاخوێندنەوە و ئاواتی چاکە و خۆشی بۆ هەمووان دەخواست و داوای لە خودا دەکرد کە دڵی هەمووان بە ڕووناکی شادی و خۆشی ڕوون بکاتەوە. ماوەیەکی بەم شێوە تێپەڕ کرد هەتا بینابیەکەی هاتەوە دۆخی ئاسایی خۆ و دکتۆری چاوەکەی دوای پشکنینی دڵنیای کردەوە لە تەندروستی و چاکبوونەوەی. ڕاستی ئەم کارە ئەمە بوو کە ئەم کەسە خۆی ببووە هۆی بەدەستهێنانەوەی بینایی خۆ. لەبەر ئەوەی نەست چارەیەکی بێجگە جێبەجێکردنی فەرمانی خاوەنەکەی نییە. ئەوکات دەستی کرد بە دوعا و ئاواتی چاکەخواستن بۆ هاوکارەکەشی، و سەیر ئەوە بوو کە دوای ماوەیەك خۆشی لە بەرهەمەکانی بەهرەمەند بوو و کاروبارەکەشی باش بوو، و

دۆخی ئابووری و مالّیشی پڕۆژ لە دوای پڕۆژ چاکتر بوو و ئەمەی بە ئەزموون بۆ دەرکەوت کاتێك کە ئاواتی خۆشی و ژیانێکی باشتری بۆ هاوکارەکەی دەخواست، نائاگا ئەم ئاواتەی دەنارده نەستی و داوای لێ دەکرد کە ئەم ئاواتە بۆ خۆشی بە کردەوە دەربێنێت و ئەو توانی وێڕای شەڕێك کە لەگەلّ ئەستێرەکانیدا دەیکرد، بە ئامانجەکەی خۆشی گەیشت. شێکسپیەر دەلّێت: **"تاوانی ئێمە لە ئەستێرەکانەوە نییە، بەڵکو گەر ئێمە خۆمان هەژار و دەسکورت بین، خۆمان بەرپرس و تەخسیربارین."** هێزی بێوێنەی وجوودی ئێمە لە گیان و نەستماندا جێگیر کراوە.

یاسای دەروون

دوو کەس لە هاوڕێیەکانم کە مامۆستای زانکۆ بوون، هەر یەکە و لە بەرانبەر پێدانی پەنجا دۆلاردا فالّی چارەنووسی خۆیان گرتەوە، بەلّام من داوام لێیان کرد کە نەیکەنەوە و نەیخوێننەوە هەتا نەستیان نەکەوێتە ژێر کاریگەری وەرگرتنە نەرێنییەکانی فالّنامەکەوە. بە ماوەی سالّێکی تەواو من خۆم هەلومەرجی ژیانیانم بە دەقی فالّەکان چاودێری دەکرد. بەلّام لەو دۆخەدا من بۆ ئەو دووانە یاسای ژینم پێناسە و شیکاری دەکرد و ئەو پەندە بەناوبانگەم دەکردە بەلّگە کە دەلّێت: "هەر کەسێك نانی دلّی خۆی دەخوات. یان دلّی هەر کەس بە هەر چەشنێك بێت، ژیانیشی بە هەمان چەشنە." و ئەمە ئەم چەمکە دەگەیەنێت ئەوەی کەسێك وەك ڕاستییەك بە هەندێ وەردەگرێت، نەستی ناچار دەکات بە قەبوولّکردنی و لە ئەنجامدا

هەر هزرێك كە پێ بكاتە مێشكیەوە، هەر ئەوەشی بۆ دێتە پێش. هەر ڕووداوێك كە بۆ هەر كەسێك دێتە پێشەوە، پێشووتر هاوشێوەكەی لە مێشك و زەینیدا جێگیر كردووە. كەوایە چارەنووسی هەر كەسێك بەپێی چۆنیەتی هزر و هەستە ئاساییەكانی دادەڕێژرێت.

بۆم ڕوون كردنەوە كە ئەگەر بەرهەستیان بە بیروبڕوا هەڵە و ناڕاست و نەڕێنییەكان پیس كردووە، هەر لە ئێستاوە دەتوانن بە ڕاستییە سەلماوەكانی ژیان، و نەك فاڵ و پێشبینی و سێحر و جادوو، بگۆڕن و پاك بكەنەوە و پیلەكانی دەروونی خۆیان بە وزەی چێكەری كۆی بوونیەتان چارج (شارژ) بكەنەوە و خەریكی وردەكاری نەبن.

ئەوكات هەر دووكیان بەپێی ڕێنوێنییەكانم دەستیان كردە ئاشكراكردن و دۆزینەوەی نهێنییەكانی بوونیەتی خۆیان هەتا جێگایەك كە لە كۆتاییدا، كاتێك فاڵی چارەنووسی خۆیان خوێندەوە، لەبەر پێكەنین بەری خۆیان پێ نەدەگیرا، لەبەر ئەوەی كە هیچكام لە پێشگۆییەكانی فاڵەكانیان دروست دەرنەهات و لە ڕاستییەوە بەدوور بوو. بۆ نموونە لە فاڵنامەكەدا دۆخی خراپی ئابووری و دارایی و ڕووداوی چاوەڕواننەكراو پێشبینی كرابوو كە لەم بوارەدا هیچ ڕووداوێك نەهاتبووە ئاراوە و بە پێچەوانەی هەر دووكیان لەم ماوەدا ساغ و تەندروست و سەركەوتوو و بێكێشە خەریكی بەڕێكردنی ژیانیان بوون و تەنانەت لە پیشەكەشیاندا لەگەڵ گەلێك سەركەوتنی بێوێنەدا ڕووبەڕوو ببوونەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئەو لاپەڕەیەی چارەنووسی خۆیان خوێندباوە، خاڵە نەڕێنییەكانی لە بەرهەستیاندا بنجی

دادەکوتـا و ڕەنگدانەوەیـەکی ناخۆشـی بـەجێ دەهێشـت و بـە کـورتی پێشـبینیەکانی دەبـوو بـە ڕاسـت. ئەگـەر کەسـێك بـڕوای بـە پێشـگۆییە نەرێنییەکان هەبێت، دڵنیا بن کە لە ژیانی خۆیدا بە چاو دەیبینێت، لەبـەر ئەوەی کە ژیان یاسای بیروبڕوایە.

دەروونناسی زەمەنە کۆنەکان

دەکرێت ئەستێرەناسی بە دەروونناسی سـەردەمانی کـۆن نـاو بـەرین. من کەسانێکم بینیوە کە بەبێ ئەوەی کە بچووکترین زانیاریـیـەکیان هـەبێت دەربارەی زانستی سـووڕانی ئەسـتێرەکان ڕابـردوو و هەنووکـە و داهـاتووی کەسەکانیان بە سـەرنجدان و ڕاشـکاوییەکی سەرسـوڕهێنەر بـاس کـردووە. هەندێکیش بە فاڵگرتنـەوە پێشـبینیگەلێکی سەرسـامکەر ئـەنجام دەدەن و دەستەیەکیش بـە (ئێسـترلاب) و ڕەمـل (فـاڵ)، یـان ژمارەکـان ڕووداو یـان کارەسـاتێك کـە بـۆ کەسـێك هاتبێتـە پێشـەوە یـان ئـەو پیلانانـەی کـە لـە مێشکیدایە، بۆی ئاشکرای دەکەن. کارێك کە ئـەم کەسـە ئـەنجامی دەدات، پەیوەندیگرتنـە لەگـەڵ نەسـتی بابـەت و سـووژەکەیدا و بەدەسـتهێنانی دڵنیایی و ڕاوێژ لەگەڵیدا. لە ڕاستیدا ئێوە پێش ئەوەی کە ئـەو شـتێکی بـە زماندا هێنابێت، هەموو نهێنیـات و شـاردراوەکانی خۆتـان بـۆ هەڵڕشـتووە. گەر متمانەیـەك لـە پێشـگۆییەکانی ئەستێرەناسـاندا لـە ئـارادا بێـت، ئەمـە گرێدراو نییە بەوەوە کە بۆ نموونە ئێـوە لـە ٥ی ئـووت یـان ٤ی ژووئییـەدا

هاتوونەتە دنیاوە، بەڵکوو سەرچاوەگرتوو لە بڕواکانی ویژدانی ناهۆشیاری کۆ و گشتییەوەیە کە چارەنووسی لەدایکبوانی ئەو ڕۆژانە لە بەر دەگرێت.

کارڵ یۆنگ دەڵێت: "گەر لە هەڵسەنگاندنماندا پێشبینیگەلێ تا ڕادەیەک ڕاست دێتە ئاراوە، ئەم کارە بە هیچ لەونێک پەیوەندی بە ئاسەوار و ئەنجامی سووڕانی ئەستێرکانەوە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خەسڵەتە گریمانەییەی، کە ئێمە بۆ کاتی دادەنێین." بە واتایەکی دی، ئەوەی کە لە کاتێکی دیاریکراوا لەدایک دەبێت و یان هەر لەو چرکەساتەدا گەشە دەکات، دەبێتە هەڵگری تایبەتمەندییەکانی ئەو چرکەساتە تایبەتییە.

ئەم پەیڤە ئاماژەیەکە بە چالاکی (ئای چینگی چینی)* کە کارڵ یۆنگ لە پێشەکییەکەی خۆیدا باسێکی لێ کردووە و ئەم بابەتە دەخاتە بەرباس کە ئەوەی کە لە ساتێکی تایبەتیدا ڕوو دەدات، بە واجب و پێویست دەبێتە هەڵگری تایبەتمەندی ئەو چرکەساتەش. خەڵکی لە ماوەی چاخ و سەدەکاندا، بڕوایان بووە بە سووڕانەوەی ئەستێرە و بەخت و ناوچاوان و ڕخنە و هێزی ئەوان لەسەر ژیان و چارەنووسیان و بەوتەیەکی تر لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئێمە هەرگیز توانای ئەوەمان نییە خۆمان لە کارتێکەری کاکێشان و ئەستێرەکان بەدوور بگرین و کورتە و ئاکام ئەوەیە

* نهێنی ئای چینگ بەرهەمێکی دیکەی دکتۆر ژونگ مۆرفییە.

کە ئەم بڕوایە لە سەدە دوورەکانەوە لە بەرهەستی خەڵکاندا جێگیر کراوە کە بەم ئاسانییە ناتوانرێت لە لاپەڕەی دڵیاندا پاک بکرێتەوە.

ئێمە هەموومان تنۆکێکین لە زەریای مرۆڤایەتی و بیروبڕوا گشتییەکان بمانەوێت یان نا وێژدانی ناهۆشیارمان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و تەنیا بە بەرنامەی تەڵقینی و داوادەرمانی زانستی دەتوانرێت ئەوانە لە مێشک و زەین بکرێنە دەرەوە. بۆ نموونە ٢٠٠ ملیۆن دانیشتووانی ئەمریکایی بە توندی لەو بڕوایەدان کە هەر بیست ساڵ جارێك سەرۆك کۆمارێکی ئەمریکا بەهۆی مردنێکی دڵتەزێنەوە گیانی لە دەست دەدات و ئەم خورافە و ئوستوورانە وەها ڕۆچووەتە قوواڵیی هزری هەر تاکێکی ئەمریکاییەوە کە هیچکەس هێز و توانای دژایەتیکردنی لەگەڵدا نییە.

ناونانی ئەستێرەکان

مووسا مەیمووني* دەڵێت: "پێشینیان بۆ کاروباری فەلایی ڕێز و مەزنییەکی زۆریان دادەنا و بۆیە گەلێك ناویان دانابوو بۆ ئەستێرەکان کە لە مەودای ساڵدا پەیوەندی بوو بە شێوازی چالاکییانەوە." زانای بەناوبانگ (کنێستانتیەن فرانسوا ڤۆڵنی) (١٧٥٧–١٨٢٠) لە پەرتووکە

---

* مووسا مەیمووني دکتۆر، فەیلەسووف و بیرمەند (١١٣٥_١٢٠٤) کە بە لێکۆڵینەوکانی خۆی هەوڵی دەدا لە نێوان ئاوەز و بڕوادا ڕێککەوتنێك پێك بێنێت.

بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (شۆڕشی ئێمپراتوورییەکان) کە لە ساڵی ١٨٢٠دا لە بەریتانیا بڵاو کرایەوە، ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە سەرەتا لە کەنارەی نیلی مەزندا بوو کە پەگەزی پەش مژوڵی سیستەمی ئاڵۆزییەرەستنی ئەستێرەکان بوون، و ئەم کارە دەگەڕایەوە بۆ ئەو بەرهەمانەی کە لە زەوین بە دەستیان دەهێنا و بە گشتی بە چالاکییە کشتوکاڵییەکانەوە، کە کورتکراوەیەکی لە درێژە دادێنین: بەم پێیە حەبەشییەکان سەتڵ (دەلۆ)یان بە نیشانەی هەستانی نیل ناو لێ برد و یان گا (سوور)یان بە ئەستێرەیەك بە ئەژمار هێنا کە لە ژێریدا کارە کشتوکاڵییەکان دەست پێدەکات. شێر (ئەسەد) ئەستێرەیەکە کە لە ژێریدا شێر یان ئاژەڵێك کە بەهۆی تینوویەتییەوە لە بیابان پەتێنراوە لە کەنارەکانی نیلدا دەردەکەوێت، گوڵەگەنم (سەنبولە)، ئەستێرەی خەرمانی یەکەمە و مانگی جۆزا ئەو ئەستێرەیە کە لە ژێریدا کارژیلە و بەرخ لەدایك دەبن. بەم هۆیە بوو کە حەبەشییەکان بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتبوو کە هەڵچوونی ئاو بەردەوام لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرە جوانەکاندا لە دەوروبەر ڕێژگەی نیلدا هەڵدەکەوێ و دەڵێی جووتیارانی نیل لە هەڵچوون و هاتنەسەری ئاو وشیار دەکاتەوە، ئەم کارەیان لەگەل کاری ئەو ئاژەڵەدا هەڵسەنگاند کە بە وەڕەوەڕ مەترسییەك ڕادەگەیەنێت و بۆیە ئەم ئەستێرانەیان ناولێنا سەگ یان وەڕەوەڕکەر (سیریووس).*

---

* لێرەدا مەبەستی نووسەر لە ئەستێرەی گەلاوێژە کە لە لای خۆمان لە نێوەڕاستی هاوین

هەر بەم شێوەیە، ئەستێرەی قرژاڵیان بەو ئەستێرەیە ناونا کە لەوەدا هەتاو دەگات تا خولگەی گۆڕان بە جووڵانێکی لار و لادەرانە پاشەکشێ دەکات و ئاوا دەبێت. ئەوان (جەد: بەخت)یەکیان ناونا بزنەکێوی و ئەوەش ئەستێرەیەکە کە لە کاتی گەیشتنە لووتکەی ساڵانەی هەتاودا، لە هەڵبژاردەی کاتی خۆیدا جێگیر دەکرێت، وەک ئەوە وایە کە لاسایی بزنێک دەکاتەوە کە دەیەوێت بەسەر بەردی شاخەکاندا سەرکەوێت.

ئەوان ئەستێرەیەکیان ناولێنا تەرازوو کە ئەستێرەی یەکسانی شەو و ڕۆژەکان بوو و هاوشێوەیە لەگەڵ زمانەی ئەم ئامرازە (تەرازوو)دا. و ئەستێرەی دووپشک، هەر ئەو ئەستێرەیە کە هەندێک لە با وەرزییە هەڵمییەکان دەهێنێ کە وەک ژاری دووپشک پێوەدەر و کوشندەیە. خەڵکان ئەم یارمەتییەیان لەم ئاماژەیە وەردەگرت و دەیانگوت: گا (سەور) لەسەر گۆی زەوین تووی بەرداری لەگەڵ خۆ دێنێ (لە بەهار)دا، گا (سەور) ئاسمان لە هێزە گلاوە ئاسمانییەکان ڕزگار دەکات (هێمای وەرزی بارانی) و زاڵبوونی خۆشی (هاوین) جێگیر دەکات. دووپشک ژاری خۆی دەڕژێنێتە سەر زەوین و نەخۆشی و مردن بلاو دەکاتەوە.

هەڵدێت. کە بەم چەند شێوەیە نێوی دەبردرێت: تیشکدەر، ئەستێرەی تیشتەر، لە سپیدەی بەیانییانی هاوین پێش لە هەڵاتنی خۆر دەبینرێت، بە لاتینی سیریووسی پێ دەوترێت و بە عەرەبی (شعرای یمانی).

(وەرگێڕی کوردی)

زوودیاك یان ناوچەی مانگەکان بە واتای هێڵ یان پشتێنەیەکی خەیاڵییە لە ئەسماندا. بە واتایەك ئەمە ناتوانرێت بە تەنێکی فیزیایی بزانرێت و ناوچەی مانگەکان (زوودیاك) بەدەرە لە هەر هێزێکی قورسی و ڕاکێشانێك. بەم هۆیە ئەستێرەناسان و ئاستەر و فیزیازانەکان هەرگیز توانای ئەوەیان نییە کە چەمکێك کە خەڵکی عەوام و لایەنگرانی ئەستێرە و ئەستێرەناسی بۆ جووڵانی ئەستێرانی دەتوانن و متمانەیان بۆ دادەنێن، بە چاکی تێبگەن. ئەم زانایانە تیۆری پەیوەند لەگەڵ کارتێکەری و ڕەخنەی دوازدە هێما بە گشتی نەرێ دەکەنەوە و ئەم کارتێکەرییە کە هەندێك ئەوە لەگەڵ ڕاکێشان و هێزی قورسی بە هاوپەیوەند دەزانن، بە ناڕاست ناوزەند دەکەن.

گوتمان کە ئەمە ڕێچکەی بیرکردنەوەی پێشینیانی ئێمە بوو کە لەو بڕوایەدا بوون کە هەر کەسە و ئەستێرەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە و یان هەر کەسە و لەگەڵ ئەستێرەکەی خۆیدا دێتە دنیاوە و هەڵگری پێکهاتەیەکی گیانی و ڕۆحی تایبەت بە خۆیە و دەبێتە خاوەنی لاخوازی و تێڕوانینێکی تایبەت کە لە هەموو تەمەنیدا هاوڕێیەتی و لەبەر ئەوەی کە ژیانی هەر تاکێك پەیڕەوێکە لە هەزر و بیروبۆچوونەکانی، ئەم شێوازە هزرییە ڕادەستی نەوەکانی دوای خۆی دەکات.

ئێمە هەر کامەمان بە بڕواکان و دڵەڕاوکەکانی خۆمان لە ژیاندا گەورە بووین. هەمووی ئێمە گەنجێتییەکی تایبەتی خۆمانمان هەبووە. سەرەڕای ئەم دۆخەش بڕوامان بە چارەنووس و قەدەری بوون نییە و لەگەڵیدا

نایێینەوە، لەبەر ئەوەی دەزانین کە دەتوانین ژیانی خۆمان بگۆڕین و ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێنین و چارەنووس و قەدەری خۆمان بەپێی پاستی و ئاوەزپیشەیی و شادمانی و سەرکەوتن بنووسین و ڕێك بخەین. شکست و ڕووخانی هەر کەسێك سەرچاوەگرتوو لە ئەستێرەکانەوە نییە، بەڵکو لە پەیوەند لەگەڵ نەستی خۆیدایە.

زۆرێك لە خەڵکی لە ڕووداو و کارەساتی چاوەڕواننەکراو لە ترس و دڵەخورپەدان و لە بەکتریا و هەڵامەت و تێپەڕینی تەمەن و سێحر و جادوو و دێوەزمە و جندۆکە و شێرپەنجە و پیربوون و مردن دەترسن. سەرەڕای ئەم دۆخەش ئەمانە دەبێت بزانن کە مردن هیچ کاتێك لە ئارادا نییە و تەنیا ژیانە تیاماندا لە گەڕان و هەڵسووڕاندایە. پیری و بە تەمەنی هەڵفڕینی سااڵنی تەمەن نییە، بەڵکو کەڵکوەرگرتنە لە ئەزموون و زانستی سااڵنێك کە تێپەڕمان کردووە. لەوانەیە هەزاران ساڵی دیکە لە گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ژیان، لەبەر ئەوەی تەنیا بەدیهێنەرە کە ژیانە و نامرێت.

بەڵێ، لەگەڵ هەر ئەستێرەیەکدا کە دێتە دنیاوە، دەبێت ئەمە بزانن کە هەر ئەو هێزە بێوێنەیەی بەدیهێنەری گێتی و دنیایە کە هەموو شتێکی بەدی هێناوە، و ویستی ئەو خۆشی و چاکەی هەمووانە و هەر ئەو هێزەیە کە مرۆڤ ڕێنوێنی دەکات و لە ڕێونکردن دەربازی دەکات و چارەسەری دەکات. ئەگەر دەرگای دڵ و گیانتانی بۆ واڵا بکەن، ئەویش وەاڵمتان دەداتەوە و زەین و گیانتان سەرڕێژ دەکات. بەاڵم ئەگەر بڕواتان بەمە بوو

که ئەمە زاوە (ئوتتارید)ە که چارەنووستان دیاری دەکات، ئەوکات ئەم هێزە شاراوەیەی لە بوونیەتتاندا توانای جێبەجێکردنی داخوازییەکانتانی نابێت. کەوایە متمانەتان هەبێت بە ڕۆح و زەینێک، کە گیانتان پێدەبەخشێت. هەموو شتێك گۆڕانی بەسەردا دێت و هەموو لەمپەر و کێشەکان لەسەر ڕێتان دەچنە لاوە و تاریکی بوونتان بە پرشنگ و ڕووناکی پڕ دەبێتەوە.

جادووگەری و سیحر و ئەفسوون

ئەم وشانە خاوەن کۆمەڵێك واتای هاوشێوەن کە بریتیە لە: کەڵکوەرگرتنی ناڕێك و ڕاست لە هێزی دەروون، تەنیا هێزێکی سەرەکی لەم دنیایەدا لە کایەدایە و ئەوانی دی بە گوێرەی خۆدواندن (تەڵقین) بنیاد نراون. ئەگەرنا هەر کەس و خاوەنی وزە و توانایەکە کە بتوانێت بە گوێداخوێندن و پێشگوییەکانی دەوروبەر، تێك شکێنێت و نەهێڵێت بیر لە ڕاستی و چاکە بکەنەوە، دەستتان پێی ڕادەگات و دێتە ژیانتانەوە. ئەوین و مەحەببەت لە ناختاندا پەروەردە بکەن و بە تیشکدانەوەی خەڵکیش شادمان و پرشنگدار بکەنەوە. هێدی هێدی پارێزراو دەبن لە بەرانبەر هەر ئەتمۆسفێرێکی نیگەتیف و هەموو بڕوا ناڕاستەکانی دنیادا.

لە ڕووناهی ڕاستیدا، بە سەرنجدانەوە توێژینەوە بکەن لەسەر جادووی ڕەش و سێحر و ئەفسوون، ئەوکات بۆتان دەردەکەوێت کە ئەوانە تەنیا پێکهاتە و دروستکراوی زەین و مێشکی کەسانێکن کە هیچ تێگەیشتن و

زانیارییەکیان لەسەر هێزە دەروونییەکان نییە. گرێدراوی ئاگاهانە لەگەڵ چاوگ و بناغەی ژیاندا: ئەمەیە شوێنگەی ڕاستەقینە و باڵای هەر کەسێك لە ژیاندا. ئەگەر بە قوولّی بڕواتان بەم خاڵە هەبێت، لە بارەی پێگوتن و بەگوێداخوێندن (تەلّقینات)ەکانی دەروبەرەوە تووشی خەیاڵاتێك نابن. هێزی بەگوێداخوێندن (تەلّقینی) هێزێکی داپۆشراو و نهێنییە، بەڵام هێزێکی بەدیهێنەر کە هەر شتێك بەدی دێنێت، خۆی هێزێکی شاراوە و نهێنییە کە سەرچاوە و ناوەندی هەر شتێکە.

دادوەر (تۆماس ترۆفارد) کە لە بارەی گیان و عیرفانەوە خوێندنەوەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە لە پەرتووکە بەناوبانگەکەی خۆیدا لە ژێر ناوی (هێزی شاراوە) وەها دەنووسێت:

ئەگەر کەسێك دەست بکەوێت و ئەوەندە شەڕانی و پیس و ناشاگا بێت لە ڕاستییە دەروونییەکان، و کار بۆ ئەوە بکات هەتا هێزی تێگەیاندن و تەلّقینی شەڕەنگێزی خۆی بە سەرماندا بە کردەوە دەربێنێت، من داوای لەسەر تۆمار دەکەم. ئەڵبەت ئەو لەم کارەی خۆیدا لایەك ناگرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەم کارەی ئەو دەکرێت لەگەڵ کەسێکدا هەڵبسەنگێندرێت کە بەردەقانی لە بەرانبەر ئەژدەرهاوێژدا، بەکار دێنێت. هەر چەندە ئەو بە جێگایەك ناگات. ئەمەش بڵێین کە خراپە لە خراپ لەدایك دەبێت.

ڕاستی مەزن

فرۆکەوانێك پێی گوتم کە ئەستێرەکان باشترین کاتژمێری ئێمە بوون. ئەو ڕاستی دەگوت. پۆستەکانی بریقانی و چاودێری هێزی دەریاوان و

بۆسەوانی گرینویچ لە بەریتانیا کەڵك لە ئەستێرەکان وەردەگرن بۆ دیاریکردنی کاتی دروست. بەم پێیە ئەستێرەکان هەتا ڕادەیەك بەسەر دنیای ئێمەدا دەسەڵات دەکەن، بەڵام نەك لە بۆ لایەنی فاڵبینین و ئەستێرەناسی و دیاریکردنی موبارەکی و شوومی. لە سەکۆیەکی چاودێریدا ئەستێرەناسەکان دەتوانن بزافی ئەستێرەکان هەتا هەزاران ساڵ پێش مێژووی ئەم گۆیەخاکییە بەرنەوە و سووڕانی ڕاستەقینەی بە ڕاشکاوی و بە پشتبەستن بە بناغەی ماتماتیك دیاری بکەن. لە سەردەمانی کۆندا، خەڵکی بە پشتبەستن بە سووڕانەوەی ئەستێرەکان دەستیان دەکردە کێڵان و درەوکردن. کاتێك کە باران لە خاڵێکەوە بە دیار دەکەوت، هێمای نزیکبوونەوەی یەکسانی بەهار بە ئەژمار دەهات. ئەستێرەکان لە ژێر کاریگەری یاسا و ڕێسای ماتماتیك دەسووڕێنەوە و ئەم بزافە و جوواڵانە لە سەردەمە کۆنەکاندا بە وەها ڕێکخستنێکەوە بەڕێوە دەچوو کە دبووە جێی پەرەستنی لە لایەن خەڵکی ئەوکات و زەمەنەوە. بۆ وێنە کاتێك کە ئەستێرەی میزان لە گۆشەیەکی ئاسمان دەردەکەوت، هێمای ئەوە بوو کە ئێعتدال و یەکسانی پاییزی دەستی پێ دەکرد و ئەوە وەرزی هەڵگرتنەوەی بەرهەم و گەاڵڕێزانی دارەکان بوو.

خەڕەکی ژیان

لە ژیاندا گەلێك خەڕەك و بسووڕێنەری وەکوو منداڵی، هەرزەکاری، لاوێتی و تەمەنی گەشەکردوو و پیری لە ئارادایە و دوایی بەسەر کات و

زەمەنێکی وەکوو سالّ، حەوتوو، مانگ و کاتـژمێردا دابـەش دەبێـت. بـەلّام هەلّسـووڕێنەری ژیـانی دەروونـی هـەر مرۆڤێـك لەسـەر هـزر و بیروبڕواکـانی ئەوەوە بناغەدارێژی کراوە کە لە ویژدانی کەسەکەدا دەکەونە هەلّسووڕان و بەپێی خوو و سرشـتی ئـەو لایەنـەکانی خۆیـان پیشـان دەدەن. هـەتاو بـۆ پێشینیان دیـاردەی خواوەنـدی بـوو و ئەرکەکـەیان لـە بەرانبـەر خاکـدا بـە پیرۆز بـە ئـەژمار دەهێنـا. هـەتا لـە ڕوانگـەی ئەوانـەوە دیـاردەی ڕووناکی ڕاستەقینە و شاراوەی دەروون و ویژدان بوو. ئەستێرەکان خشتەی ڕاسـتی سەرپاکی دەروونی دەژمێردران و هێمایەك بوون لە ئەقلّ و ئـاوەز و زانسـت و ئایدیاداهێنەرانـەکان کـە ئاسمـانی گیانیـان ڕوون دەکـردەوە و هـێمنی و یەکسانی و شادمانی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشیان دەدایە مرۆڤی. کەوایـە پەرەستنی ئەستێرەکان و هەسارەکان کە تەنیا کۆگایـەکی گەردیلـەیین کـە لە بۆشایی ئاسماندا کەوتوونەتە بزووتن، کردەیەکی ناپەیوەنـد و بـەری لـە چەمك و بایەخە. چاکتر وایە کە سپاسی ئـەو هۆشـە بێکۆتاییـە بکرێـت کـە تیایدا ژیان و بزووتن و بوونیەتتان دەست دەکەوێت.

بەشی دووەم

ڕاستی بناغەیی

دەلهیدا

ئێمە لە دەهلیدا گەڕەکە کۆن و نوێیەکان و گۆڕی گاندی و مزگەوتی یاما و قەڵای سوور و فلکەی مەهتاب (مانگەشەو) و شوێنە مێژووییەکانی دیکەمان بەسەر کردەوە. جیپوور و کۆشکی بەناوبانگیشمان بینی کە هەنووکە مۆزەخانەی بەناوبانگی شارەکە لەوێدایە و دەسنووسەکان و بەردەنووسگەلێکی دەگمەن لەوێدا دەپارێزرێت. شەوێکی مانگەشەو ڕوێشتین بۆ دیتنی کۆشکی تاج مەحەل، و لە بێدەنگی و تەنیایی شەودا چێژمان لە بینینی ئەو هەموو جوانی و نیشانە و قوڕنە و ڕێکخستن وشایستەییە برد. ئەو بینایەیان بە یەکێك لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی دنیا ناو ناوە کە لە لایەن ئیمپراتوور شاجەهانەوە بۆ ئارامگەی هاوسەرەکەی شازن مومتاز مەحەل چێکراو و نیشانە و یادگاری ئەوینێکی جیهانییە. دیوار و مەنارەکانی بەهۆی کاشی (مووزائیك) چنیەکی پسپۆڕانە کە تیایدا دەکار گیردراوە و پیشاندەری کارامەیی ماتماتیکی و ئەندازەیی

(هەندەسی) تەلارکارانی کۆنی هێندوویە، خاوەن ناوبانگێکی زۆر بەرچاوە. ئەو مامۆستایانەی کە رێکوپێککردنیان لە بەرد و مەرمەڕەکاندا بە چەشنێکی وەها دڵڕفێن بەکار هێنابوو کە مرۆڤ شێت و شەیدای خۆی دەکات. دەتوانرێت ببێژرێت کە تاج مەحەل مێژووی ئەوینە کە لەسەر مەرمەڕ نەخشێنراوە.

دیدارمان لە بنارس لەوەش وروژێنەرتر بوو. رێپێشاندەرەکەمان بە چەشنێکی جوان و پڕمەزن دابونەریتی ئایینی و رێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرم و مێژووی پەرستگە و گۆڕستانە بەناوبانگەکانی بوودیەکان و هێندوویەکانی بۆ پێناسە دەکردین. خەیاڵی نووسینەوەی ئەم بەشە کاتێک دای لە مێشکم کە یەکێ لە هاوگەشتییەکانم لە رێنماکەی پرسی:

باشە پێت وایە کە بڕوای لایەنگرانی بوودا لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت؟

رێپێشاندەرەکە لە وەڵامیدا گوتی:

ڕاستی چییە؟ دوو دوو دەکاتە چوار. بوودا کاتێک کە گوتی: "تەنیا تاوان نەزانی و نائاگاییە" ئەو ڕاستی دەوتەوە.

من پێم وایە کە ئەو رێپێشاندەرە لاوە وەڵامێکی زۆر ژیرانەی دابووە. سەرەڕای ئەوەش گومانێك لەوەدا نییە کە دەکرێت یاسای دەروون فێر ببین و ڕاست و دروست بیر بکەینەوە و هەست و هەڵسوکەوتێکی رێکوپێکمان بێت و بەم پێیە لە ژیانی خۆماندا تۆڕەنبوون و گۆڕان پێك بێنین. پێشینیان دەیانگوت: ڕاستی لە بێدەنگییەوە فێر دەکرێت،

حەقیقەت و ڕاستی لە بیدەنگیدا هەست پێدەکرێت و لە بیدەنگیدا دەگەیەنرێت.

ژنێك لە دەستەکەماندا داواداری ئەوە بوو کە مەسیحیەت خودی ڕاستییە و ئەندامانی دیکە بڕوایان بە بوودیسم هەبوو، و یەکێك لە هاوڕێیانی هێندوو ڕایەدگەیاند کە گیتا هەڵگری هەموو ڕاستییەکانە. ئەگەر کەسێك کاتۆلیسیزم بە حەقیقەت بە ئەژمار بێنێت، دەربڕینەکانی ئەو لە لایەن هەر بڕوادارێکەوە کە پێڕەوی ئەو مەزهەب و ئائینە بێت، پەسەند دەکرێت و ئەم زنجیرەیە درێژەی هەیە و لە بابەت هەر دەستە و زەوق و نەفس و ڕێبازێکەوە ڕاستە. هەنووکە ئەوەی کە تەنیا ڕاستییەك و بناوانێك و یاسایەك لە ئارادایە و ئەوەش بنچینە و هێمی ژیان و بەدیهێنەرە کە سەرچاوە و کانی هەموو شتێکە، و دنیا و بوونەوەران گرێدراوی ئەوەن، مەگەر دەکرێت کە ئەتەکێتێك بلکێنرێت بەسەر عەشق و هێمنی و یەکسانبوون و شادمانی و چاکەخوازی و سەرۆ و جوانی و ئەسڵ و پاکبوون و ڕاستییەوە و پێناسەیەکی دیکەی پێ ڕەوا ببینرێت؟ هیچ کات ناڵێن کە ئەم خوو و چاکەییانە لە پاوان و تایبەت بە کاتۆلیکەکان، پرۆتستانەکان و هێندووەکان و... هتدە، هەر وەها کە ناتوانرێت ناوێکی دیکە لەسەر کیمیا و فیزیا و ئەستێرەناسی و ماتماتیك دابنرێت و ئەتیکێتێکی دیکەیان لەسەر دابنێرێت.

ئێمە لە دنیای دژەکاندا دەژین

ئەگەر ڕۆژێك باران دابکات و یان هەوا تەمومژ بێت، و ئێمە بمانەوێت بڕۆینە گەشتێك، لەو کاتەدا دەست دەکەینە گلەیی و گازندە و دەڵێین:

ئەمڕۆ هەوا چەندە خراپە!

بەڵام وەرزێرێك کە دەمێکە بێئاوی ئازاری دەدات، بە خۆشحاڵییەوە بانگ هەڵئەبڕێت و هاوار دەکات:

چ هەوایەکی خۆشە!

ئەوکات دەست دەکاتە سپاسکردن و لە ناخی دڵەوە هەستی خۆشحاڵی خۆی لەم لوتف و بەهرەیەی ئاسمان دەردەبڕێت. قۆناغەکانی ژیان بۆ هەمووان وەك یەك نین و هەر کەسە و بەپێی بۆچوون و گومانی خۆی لەسەر بابەت و کێشە جۆراوجۆرەکان لەوانە ئایین و سیاسەت ڕای خۆی دەردەبڕێت.

(ئیمێرسۆن) بیریاری بەناوبانگی ئەمریکای (١٨٠٣–١٨٨٢) بناغەدارێژی قوتابخانەی بەرزبوونەوە و چوونەسەری هزر و گیان، لەم بابەتەدا وەها دەڵێت: "جەمسەری بوون واتە کردەوە و دژکردەوە کە لە هەموو سروشتدا دەتوانرێت دەست بکەوێت: لە تاریکی و ڕووناکی، لە گەرما و سەرما، لە هەڵچوون و داچوونی ئاوەکاندا، لە نێرینە و مێینەدا، لە ئارەقکردن و ئارەقپێکردنەوەی گیاکان و هەناسەهەڵمژین و هەناسەدانی گیانلەبەران، لە لێدانی دڵی، لە شەپۆلی ئاوەکان و دەنگەکاندا، لە هێزی هەڵاتن لە ناوەند و هێزەکانی ڕاکێشەر و دوورخەرەوە و لە ئیلکتریسیتە و لە کردەوە و

دژەکـردەوە کیمیاییەکانـدا. موگناتیسـی سـەرێکی خولەکـە (عقرەبە)کـە زۆرکەن، بەهۆی ئەم کردەیە موگناتیسێکی دژ دێتە کایەوە. ئەگەر باشوور ڕایکێشێت، باکوور دووری دەخاتەوە. ئەگەر ئێرە چـۆڵ بکـات، دەبێـت لـە جێگایەکی دیکەدا جێگیر بێت. بە کـورتی ئـەوەی کـە چەشـنە دوانەییـەکی ڕاستەقینە سروشت دابەش و جیا دەکاتەوە، بە شـێوەیەك کـە هـەر شـتێك نیوەیەکە کە نیوەکەی دیکەی تەواو دەکات تا پێکەوە گشتێك پێك بهێـنن، وەك گیان- هەوین، پیاو- ژن، تـاك-جووت، زەینی-بەرچـاو، سـەر-خوار، بزۆز- هێمنی، بەڵێ-نا."

(تۆمـاس ترۆڤـارد) نووسـەرێکە کـە کۆمـەڵێك کتـێبی لەسـەر زانسـتی ئاوەزی و دەروونی نووسیوە، تەوەرەیەکی سەرنجڕاکێش گەڵاڵـە دەکـات و دەڵێت: گـەر شـتێك ڕاسـتی بێـت، کەرەسـەیەك بـۆ سـەلماندنی ڕاستەقینە بوونی خۆی دەست دەخات. بۆ نموونە زۆر جار تووشی کەسێك دەبـین کـە دەڵێت:

من ئەگەر تووفەرەنگی بخۆم لاشەم هەو دەکات.

ئێستا ئـەوەی کـە هـەزاران کـەس هـەن کـە ئـەم میوەیـەش دەخـۆن و تووشی هیچ گـرفتێکیش نابنـەوە. کەسـێك کـە سـەبارەت بـە تووفـەرەنگی هەستیار بووەتەوە، لەم بوارەوە بۆ خۆی یاسایەکی داناوە کە بەس لەسەر خودی ئەو ڕاستی دەسەلمێت. هەر چەندە کە ئەم یاسایە ناتوانێت گشتی و جیهانی بێت. گەر وەها بایە، دەبـوو هـەموو ئـەو کەسـانەی تووفـەرەنگیان دەخوارد تووشی ئەم نەخۆشییە دەبـوون. ئەڵبەتـە ئـەم داوایـە هـەر دووی

ڕاست و دروستە. کەسێك کە باسەکەی بەم شێوازە دێتە گۆڕێ، گرێدانی خۆی لەگەڵ تووفەرەنگیدا بەم شێوەیە دەردەخات.

ئایا دەتوانین خۆمان بگۆڕین؟

یەك لە ئەندامانی دەستەکەی ئێمە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ناتوانی سروشتی مرۆڤی بگۆڕیت. دوایی بە شرۆڤەیەکی درێژتر وە لەسەر ئەو تاوان و هۆفیگەرییانەی لە گۆشە و کنارەکانی جیهاندا هەموو ڕۆژێك پێش دێت و بەتایبەت لە بارەی تۆندوتیژییەکان و ئەو ئەشکەنجانەی کە هەر دوولایەنی دژبەر هەر لەم شەڕی دووهەمی جیهانییەدا سەبارەت بە دانیشتووانی یەکدی هێنایانە ئاراوە، ئاخافت. لە وەڵامدا گوتم کە ناتوانرێت بەم لێبڕاوەییە دیراسە و شرۆڤەی هیچ کێشەیەك بکرێت. لەگەڵ هەر قەشە، هەر خاخام و هەر ئەسقەف و هەر کەسێکی ئایینی و هەر دەروونناس و دەروونشیکار و پزیشکی دەروونی و هەر دکتۆرێکدا کە بپەیڤیت، کۆمەڵێك بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەر لە بارەی گۆڕانکارییە سەرسامکەر و لە ناکاوەکانی مرۆڤەکان و ئەو نەخۆشانەی کە لەگەڵیاندا لە پەیوەندیدا بوون، باس دەکەن کە بە چ شێوەیەك دەروونیان تووشی گۆڕان هاتووە و لە جەستە و گیانیاندا کە چ ئاڵوگۆڕهایەك ڕووی نەداوە. داڕێژەری ئەم دێڕانە بە کەڕەتان بینەری گەلێك ئاڵوگۆڕی سەرسوڕهێنەر بووە لە تووشبووەکانی بە مادەی ئەفیوون و مادە سڕکەرەکان و تەنانەت تاوانبارانی سرشتی و

خراپەکار کە چۆن دەستیان بەر داوە لەو خووگرییە مالوێرانکەرە و ڕێی چاکە و پاکییان گرتووە پێش.

لەوانەیە بتوانرێت بڵێین کە سروشت و تەبیعەتی مرۆڤی لە ماوەی ٢٠٠٠ یان ٣٠٠٠ ساڵی پێشوودا هیچ ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکی بە خۆوە نەبینیوە، بەڵام ڕووی دەممان لەو هەزاران کەسەیە کە لە ماوەی سەدەکاندا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و خۆیان داوەتە دەست ئیزن و خواستی خواوەندییەوە. ئەگەر پیشەی ئێوە پارێزەری داواکراوی بێت، ئەمەتان بە ڕوونی بۆ دەرکەوتووە کە پارێزەری لایەنەکەی دیش دەتوانێت بەڵگەیەك دەست بخات و بەوە داوای ئازادی پارێزەرگرەکەی بکات. تەنانەت دژبێژییەکانی ئەو لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وتەکانی ئێوەدا بیرسایی (لۆژیکی) دەنوێنێت. بەم هۆیەوەیە کە پەیڕەوێکی دەستەی بوودیش دەتوانێت هەر وەکوو کاتۆلیکێکی بە باوەڕ بڕوای خۆی دەربڕێت و گرینگیشی پێ بدات.

ڕاستی خاوەنی یەکێتییەکە و لە دابەشکردن نایەت، و ئەمڕۆ و سبەی و دوو سبەی نییە و بۆ تا هەتایە. زۆرێك لە خەڵك لە بەرانبەر ڕاستی سەلمێنراو و دیاردا تووشی ئاڵۆزی دەبن و دەکەونە ڕێی هەڵەوە. ئەوان بە چاکی لە ڕاستی تێنەگەیون و هەر چەندەش تینووی دەسکەوتنین، بەڵام بێجگە تراویلکەیان دەست نەکەوتووە. بەهۆی دوگم و وشکبوونی هزرەکانیان هیچکات ناتوانن تینوویەتییان لە سەرچاوەی خاوێن و ڕوونی حەقیقەت و ڕاستی بشکێنن و فێرکردن و فێربوونەکانیان پڕن لە ئاڵۆزی و بێسوودی و بێکەڵکی.

ڕاستی، گیان لە ترس و دڵەڕاوکێ و نەزانی و خورافە و نەخۆشی و بەرچاوتەنگی ڕزگار دەکات. مەسەلە و کێشەکانی ژیان چارەسەر دەکات و هێمنی و ئارامی دەداتە لەش و گیان و دەروون لە پیسبوون دەپاڵێوێت. لەوانەیە لە ژیاندا کەسانێکتان بینیبێت کە هیچ ئایینێکیان لا پەسەند نییە بەڵام بڕوایان بە بەدیهێنەر و بایەخەکەی هەیە و هەر ئەمەش متمانە بە خۆ، ئەوین و پاکی ناخیان دەکاتە سەد ئەوەندە. کاتێک کە ئێوە شاد و هێمن و یەکسان و نۆرماڵ و پڕن لە بڕوا و متمانە، بزانن کە بەرهەمەکانی هزر و گیانی خۆتان بە چاو ئەبینن. ئەوەی کە لە ناختاندایە، لە ڕواڵەتیشدا دیار دەکەوێت. ئەوەی کە لە نەستدایە، درەنگ یان زوو لە ژیانی کەسدا خۆی پیشان دەدات.

یاسای ژیان

دەڵێن: "بۆ کەسێک کە بڕوای پێی هەبێت، ئەنجامدانی هەر کارێک گونجاوە." هەنووکە دەبێت ببینین کە بۆچوونی ئێمە لە بارەی ژیان و بوونیات و بناوانی ژیانەوە چییە؟ وەڵامێک کە بەم پرسیارە دەدرێتەوە، شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکە سەبارەت بە دنیای دەرەوە پیشان دەدات. هەر کەسێک بەرجەستەگی و دیاربوونی بڕواکانیەتی. بڕواتان هەبێت بە توانایی و داهێنەری دەروونی خۆتان و گومانتان لەسەری نەبێت. خورافە و وەهم و نەزانی لە مێشکتان ڕاو بنێن.

سەبارەت بەوەی کە هۆشی بێکۆتاییتان وەڵامی بانگهێشتنەکانتان دەداتەوە، بێبایەخ مەبن. بیر لەو تواناییەی بکەنەوە کە ڕێنوێنی و ڕێنماییتان دەکات و ئەوەیە کە ڕێگای دروست ژیانکردنتان پێ پیشان دەدات و کەس لە بەربوونەوە بەرەو بنکی ئەو هەڵدێرانەی کە لەسەر ڕێی مرۆڤدا دەمیان کردووەتەوە، ڕائەگرێت. لە بەرانبەر ئەم پرسیارەدا کە "بۆچی ئێوە چیە؟" زۆرێک وەڵام دەدەنەوە: (من مۆرمن، پرۆتستان، بوودی و... هتدم). هەنووکە ئەوەی کە بڕوا چەشنێک دۆخی دەروونییە و باشتر بڵێین چەشنێک بیرکردنەوەیە کە مرۆڤی لە هەموو سەردەمانی تەمەنیدا دەخاتە جووڵان و بزووتنەوە.

کەسێک دەتوانێت خۆی بە خاوەنی بڕوا بزانێت کە شارەزای ئەم تەوەرەیە بێت کە هەر چییەک کە لە نەستیدا قاڵب دەگرێت، بە چەشنێک لە دەرەوە ڕەنگ دەداتەوە. ئەمەش بڵێین کە بڕوا پەیوەندی بە هزری وشکی بەستە و داڕزیو و ڕێوڕەسمی ئاڵۆز و دابونەریتی نەزانانە و... هتدەوە نییە. باوەڕ ئەو شتەیە کە ئێوە لە قووڵایی دڵتاندا بڕواتان پێی هەیە و بە شێوەیەکی گشتی بیروبڕوای دەروونی ئێوەیە بە بەدیهێنەر و ژیانتان. و ئەمە بڕوای ناخی مرۆڤە کە کردەوەی شارەزایانەی ئەو ڕێنوێنی و چاودێری دەکات. ئەمەشتان لە بەرچاو بێت کە تەنیا ڕاستییەکی یەکە لە ئارادایە و هەر تیۆری و ڕێباز و زەوق و دەستەیەک کە لەم دنیایەدا لە ئارادایە، دەبێت لەگەڵ ئەم ڕاستییەدا لە پەیوەندیدا بێت. لەوانەیە ئێوە کەسێک ببینن و پێتان بڵێت:

من مۆمێکم داگیرساند و شابۆن (عەنبەر) و عوودێکم سووتاند و لە یارۆ پەرستگەی بوودییەکەدا دەستم کرد بە پاپانەوە و دوعاکردن و بە شێوەیەکی پەرجۆیانە (موعجیزەئاسا) سارێژ بووم، واتە دوعاکەم پەسند کرا و بەدی هات.

بەڵێ، ئەمە مۆم و بوودا و پەرستگە و... هتد نەبووە کە سارێژایی بۆ کردووە، بەڵکو باوەڕ و بڕوای تەواو و پاکژی ئەو و نەستی بووە کە هۆکاری سارێژییەکەی بووە. بە وتەیەکی دیکە ئەمە نەستی ئەو بوو کە وەڵامی ئەرێنی دایەوە بەو داوا و نییەتەی ئەو کە لە ناخی دڵیەوە دەرهات. نەست وەڵامێکی شیاوی دایەوە بە بڕوا کوێرەکەی. ڕاستی ئەمەیە کە، بەو هۆکارانەی کە ئەو دەیهێنێتە بەزیاس، بڕواکەی ئەو داواکارییەکەی جێبەجێ کردبوو.

گۆڕانکارییە دەروونییەکان

هەموو شتێك لە گۆڕان و نۆژەنبوونەوەدایە. هەر جارەی کە بیرۆکەی نوێ یان پێوەرێکی نوێ لە ڕاستێتی و حەقیقەت ڕێ دەکەنە مێشکتانەوە، نیشانەی ئەوەیە کە لە بواری فزیۆلۆژیکییەوە لە گۆڕان و نۆژەنبوونەوەی بەردەوامدان. لە بنەڕەتدا هەمووی ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام لەم دۆخەدا دەژین و هەر ١١ مانگ جارێك لە بواری جەستەییەوە دەبینە مرۆڤێکی دی. گۆڕان و نۆژەنبوونەوەی بەردەوام بناغە و سەرچاوەی هەموو کاروبارەکانە.

(ئێرنێست هۆڵمێز) نووسەری کتێبی (زانستی دەروون) بۆی باس کردم کە سێ کەس لە دراوسێکانی وەهایان وێنا کردبوو کە یەکێك لە دراوسێکان کە هەر لەو کۆمەڵگە نیشتەجێبوونەدا دادەنیشت، هەمیشە مەستێکە کە هەموو شەوێك دەچێتە نادی و یانەی خواردنەوە تا بخواتەوە. وێڕای ئەمە شەوێك بە هەڵکەوت بینییان کە تا دەرگای نادییەکە پڕبی، بەڵام هەنگاوی نەهاوێشتە ئەودیو و دوای ماوەیەك دوودڵی، هەر لەو شوێنەوەی هاتبوو، گەڕایەوە. ئەوان دواییەکان تێگەیشتن کە بڕیاری دابوو تا ئەوەی دەست لە خواردنەوە (ئالوودەبوونەکە)ی هەڵگرێت و بۆ تاقیکردنەوەی خۆی دەستی دەدایە وەها کارێك و هەر شەوە دەڕوێشت تا بەردەرگای نادییەکە، بەڵام خۆی دەبوێرا لەوەی کە بڕواتە نێو و دەگەڕایەوە. ئەمە هێمای ئەوەیە کە لەم دنیایەدا کەس ناتوانێت داواکار بێت کە دەستی ڕاگەیشتووە بە داوەریکردنی ڕەها و ئەو سێ پیاوە لە بیریان کردبوو کە هەر کەسێك دەشێت لە بواری دەروونییەوە تووشی ئاڵۆگۆڕ ببێت.

دوو دیوی دراو

گەلێك جار لەوانەیە ئێوەش بکەونە ڕاوێژکاری بۆ ژنێك کە دەیەوێت لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە. ئەو بەڵگانەی کە بۆ ئەم جیاییەی دەهێنێتەوە جێی پەسەند و سەلمێنراو دێتە پێش چاو. ماوەیەکی دواتر، هاوسەرەکەش کە ئاگادار نییە کە هاوسەرەکەی بۆ ڕاوێژکاری هاتووەتە لاتان، ئێوە لەم کارەدا بە جێی متمانەی خۆی دەزانێت و ئەویش جۆرێك باس دەکات کە بە

ڕوالەت بە بیرسایی و بەڵگەبیانە دەنوێنێت، هاوکاتیش هەوڵ دەدات هەتا ببێتە لەمپەری لێکداپرژانی نێوەندی بنەماڵەکەی. واتە ئەم دووانە لە هەر ڕەهەندێکەوە خۆ بە ڕاست دەزانن و گومانێك نامێنێتەوە کە لە ڕوانگەی تاکییەوە خاوەن مافن و هەر یەکێك ئەوی دیکەیان مەحکووم دەکات.

زۆرکات، ئەم جۆرە ژن و پیاوانە باس لەوەوە دەکەن کە بۆ وێنە شووڕای لە پەیوەند لەگەڵ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە داوایانە هۆشداریان پێ داون کە لەگەڵ واقێعدا ڕابێن و هەر ئەم وشەی واقێع و ڕاستییەیە کە زۆر بە خەستی دەیانبزوێنێت. لەبەر ئەوەی کە ئەم ئایدیایە پەیوەندیەکی چڕوپڕی دەبێت لەگەڵ دۆخ و هەلومەرجی کەس و بە گشتی خودی ژیاندا. لەبەر ئەوەی کە ئەم دنیایەی کە ئێمەی تێدا دەژین، بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە و بەتایبەت دابونەریت و شێوازی ژیان و خووەکانیەتی کە تووشی گۆڕان و هەمەچەشنییەکی زۆرتر دەبێتەوە.

ئەوەی کە، ئەو ژن و پیاوە کە لە سەرەوە باسمان لێ کردن، دەیانەوێت هێمنی وشادی و ئەوین و لێکگەیشتن و نییەت پاکییە. ئەگەر هەر یەکەیان بە جیا هەوڵ بدات هەتا بۆ جووتەکەی خۆشی هەر ئەوانەی ببێت، بێگومان کێشەکەشیان دەڕەوێتەوە و لەم حاڵەتەشدا یان لێك نزیك دەبنەوە و یان ئەوەی کە بە هاوبەشی دەگەنە بەختەوەرییەکی ڕێژەیی. ئەقڵ و هۆشی بێکۆتایی کێشەکەیان چارەسەر دەکات. لە مەسەلەی جیاییدا، وەکوو هەر کێشەیەکی دیکە دوو ڕەهەند لە ئارادایە و دوو ڕوانگەی جۆراوجۆر کە دەکەونە بەرانبەر یەکترەوە و پەیوەندی مرۆڤانە

پێك دێنن. له مرۆڤیشدا دوو پەهەند دەست دەكەوێت كه یەكیان دەروونییه و ئەوی دی پوالەتی.

ئینیشتاین لەم بوارەوه وتەیەكی سەرنجڕاكێشی هەیه:

دنیایەك كه ئێمه ئەیبینین، هەر ئەم دنیایەیه كه ئێمه تێیداین.

به وتەیەكی دیكه، دنیای زەین و دەروونی مرۆڤ له خۆگری شێوازی هزری ئاسایی و بیروبڕواكان و وێنا دەروونییەكانی ئەوه كه بەبێ پچڕان دۆخی دەروونی خۆی وەكوو تیشكێك دەخاته سەر كەسەكان و هەلومەرجەكان و ڕووداوەكاندا. ئێوه هەر كەسێك له بۆشایی وێنای زەینی خۆوه چاو لێدەكەن. ئەگەر خەڵكی دی به چاوی ئەوین و خۆشەویستی و خۆشویستنەوه چاو لێبكەن، بینەری دنیایەكی جیاواز دەبن و كردەوەی ئێوەش له بەرانبەر ڕووداوەكاندا جیاوازی به خۆوه دەگرێت.

كەوایه دوو ڕاستی له ئارادایه: دنیای دەرەوه كه كەس له بەرانبەریدا دژكردەوه پیشان دەدات و دنیای ناخ لەگەڵ دنیای هەست و هزر و وێنای زەینی. هێمای ئاشتكردنەوەی ئەم دژبەرانه، ژیانبەسەربردنه له هێمنی و یەكسانبووندا. پیاو و ژنێك كه دنیا پڕ له ڕقوقین دەبینن، ڕەنگێكی دیكه دەدەن له بینینەكانی خۆیان و تەنانەت بیستراوەكانی خەڵكی دی به چەشنێكی دی دەبیستن و زۆر جار پەیوەندی و هەڵسوكەوتەكانی ئەوان لەگەڵ خەڵك و لەگەڵ ڕووداو و كارەساتەكاندا ئاكامێكی ئازاردەر و گرانبار به دوای خۆیدا دێنێت.

هەست و فامی مرۆڤ لە بوونیەت پیشاندەری خەسڵەتی پەیوەندییەتی لەگەڵ دنیای دەرەوە و لەگەڵ خەڵکانی تردا. دۆخی تێگەیشتنی مرۆڤی شێوازی ئەندێشە و هەست و بڕوایەتی و ئەو شتەیە کە زارەکی پێی دەڵێن دڵنیایی دەروونی. دۆخی ڕۆحی هەر کەسێك هۆکار و فەرمانپێدەری هەموو ئەزموونەکانیەتی لە ژیاندا. خەڵك لە بەرانبەر ئەم ئەزموونانەوە بەپێی دۆخی دەروونی و بڕواکان و ئەوەی کە لە بواری سۆزداریەوە پەسەندی دەکەن، دژکردەوە پیشان دەدەن.

ڕووداوێکی سەرنجڕاکێشم لە شەڕی جیهانی یەکەم هاتەوە یاد کە سەربازێك بە عەریف (سەردەستە)کەی گوتبوو: کە من ناتوانم باسترمە بخۆم، لەبەر ئەوەی بە تەواوی تێکم ئەدات. ئەویش وەڵامی دابووەوە کە هیچ ڕێسایەك لە گۆڕێدا نییە کە ناچاری بکات بە خواردنی ئەو خۆراکە و دوایی چووبوو بە دوای کاری خۆیدا. ڕۆژی دوایی، لە دوای چالاکییەکی چڕوپڕ و ڕێپێوانێکی چەند کیلۆمەتری، ئامادەییەکیان دابوو بە کەسەکان و بە فەرمانی سەردەستەکە خۆراکێکی بە پێزیان دابوو بە سەربازەکان. ڕۆژی دوایی، سەردەستەکە بە سەربازە ناوبراوەکەی ڕاگەیاندبوو کە نانی ئێوارەی دوێنێ گۆشتی باسترمە بوو بەڵام بە شێوەیەك لەگەڵ شتە جۆراوجۆرەکاندا تێکەڵیان کردبوو کە کەم کەس دەیتوانی تێبگات کە ئەوە باسترمە بووە و هاوکاتیش دۆخی نەگۆڕابوو. هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد کە خۆی سەربازەکەش پێکەنین گرتی.

بەڵێ ئەو سەربازە بە تەگبیر و زۆزانێك كە سەردەستەكە گرتبوویە بەر، چارە كرابوو و ئەو بڕوا هەڵەیەش ڕزگاری كردبوو و هیچ دژكردەوەیەكی تێدا پێك نەهێنابوو. ئەو سەربازە دواییەكان گێڕایەوە كە ڕووداوی تێكچوونەكەی پەیوەندی هەبوو بە هەڕەتی منداڵێتیەوە. كاتێك كە بەهۆی خواردنی باسترمەوە تووشی ناڕەحەتی دەبێت و دایكی پێی گوتبوو كە ئیدی باسترمە نەخوات كە دۆخی تێك دەدات و نەخۆش دەكەوێت. بێگومان كە ئەم پیاوە تووشی چەشنە ترسێك دەروونی ببوو و كاتێك توانی زاڵ بێت بەسەر ترسەكەیدا كە بە ناگا لە تێك باسترمەی خوارد و هیچ دژكردەوەیەكیشی لێوە بەدی نەكرابوو.

پڕوپاگەندە و كارتێكەرییەكانی

زۆر جار پرسیارم لێدەكرێت كە جگەرەكێشان خراپە یان نا، و یا هەندێكجار دەتوانین پاپێك هەڵكەین و جگەرەیەك بخۆین، و بە گشتی ڕای منیان دەوێت لە بارەی مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجە و كەڵكوەرگرتن لە جگەرە و شتەكانی دی. وەڵامی من بەردەوام ئەمە بووە كە هەر كەس بەپێی بڕوا و بۆچوونەكانی خۆی دەژی و لە بارەی ئالوودەبوون بە جگەرە و هتدیشەوە ئەم بنەمایە ڕاستە. ئەم پرسە پەیوەندە بە زەوقی تاكەكەسی تاكەكانەوە و بە هەر حاڵ كەسێك كە لە كێشانی جگەرە و پایپ تووشی ترس و تۆقین دەبێتەوە، دەبێت دەست لەم كارە هەڵگرێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە كە بەڵایەك بەسەر خۆیدا بێنێت. من كەسانێكی بە تەمەن دەناسم

کە ماوەی ٨٠، ٩٠ ساڵیان تەمەنە و ماوەی٥٠، ٦٠ساڵە خەریکن جگەرە دەسووتێنن و ناخۆشییەکی تایبەتیشیان بە خۆوە نەبینیوە.

کاریگەری جگەرە لەسەر کەسە جۆراوجۆرەکان جیاوازە و گرێدراوییەکی تایبەتی و تەواوی هەیە بە دۆخی دەروونییانەوە. دکتۆرەکان دەزانن سەدان کەس لەوانەی کە هەتا ئێستا ئالوودەن بە کێشانی جگەرەوە، تووشی شێرپەنجەی سی دەبنەوە و بە پێچەوانەشی هەزاران کەس لە خەڵکی ئاسایی کە جگەرەشیان نەکێشاوە، تووشی ئەم نەخۆشییە دەبنەوە. ئەمە وتەیەکی گەمژانەیە کە هەر کەسێك کە جگەرە دەکێشێت بەردەوام بیری بهێنینەوە کە: "وریا بە کە بێگومان تووشی شێرپەنجە دەبیت!". ئەم کارە گرێدراوە بە هۆکارگەلێکی زۆر وزەبەنەوە و هیچ کەس بەم ساکارییە ناتوانێت ڕای لەسەر دەربڕێت و دەست بە دادوەری بکات. بە بێگومان کە لە بارەی نیکۆتینەوە بڕوای گشتی ئەمەیە کە دەبێت لە بەکارهێنانی تووتن و دووکەڵەکاندا خۆ ببوێرین و ئەم شێوە بیرکردنەوە بمانەوێت یان نا لەسەر وێژدان و نەستی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی دەبێت. بەڵام ئەگەر بتوانرێت بکەوینە ئەودیوی ئەم بڕوا گشتییەوە و پەسەندی نەکەین، بێگومان دەتوانرێت ئاسەواری ئەنجامەکەشی نێرەمۆك بکرێتەوە. من لێرەدا ئاماژە بە خزمێکم دەکەم کە لە هەڕەتی لاوێتییەوە جگەرەی دەکێشا و هەتا تەمەنی ٩٩ساڵیش ژیانی کرد و ڕووبەڕووی هیچکام لەو ڕوداو و پێشهاتە دژوارانەی تووشبوونی لە پەیوەند لەگەڵ بەکارهێنانی دووکەڵدا نەبووەوە. هیچکات کەسێك لە زمانی ئەوەوە

وتەیەکی لە بارەی مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی سی و پێشهاتی جگەرە و هتدی نەبیست. پاستی ئەمە بوو کە ئەو لە کارێك کە دەیکرد ترسێکی لە دڵدا نەبوو و نەدەکەوتە ژێر کاریگەری وتەی دکتۆرەکان و بەگوێداخوێندنی پاگەیاندنە گرووپییەکانەوە. بۆ ئەو جگەرەکێشان هاوتای هێمنی و ئاسایشی دەروونی و لەش بوو و بە پاستیش چێژی لێ دەبینی. من لەم بوارە تایبەتەدا دڵنیام کە ئەو ژیانی خۆی بەپێی بڕوای دەروونی خۆی ڕێك خست و هەر ئەمەش ئەوی لە زۆرێك لە بەڵا و ئازارەکان دەپاراست. هەنووکە بە دەست خۆتانە کە بڕوا و زەوقی کەسی خۆتان هەڵبسەنگێنن. بڕوا هۆکاری سەرەکی هەر پڕوپاگەندە و پاگەیاندنێکە.

دۆڕاوی سەرەکی

لە ڕەوتی گەشتەکەم بە دەوری دنیادا کۆمەڵێك مرۆڤی سەیر و سەرنجڕاکێشم ناسی کە یەکێك لەوانە گەنجێك بوو کە دەیگوت هۆگرییەکی ئێجگار زۆری هەیە بە بەشداری لە مەرجداریتی پێشبڕکێکانی ئەسپسواریدا، بەڵام هەتا ئێستا بڕێکی بایەخپێدراوی نزیك بە ٢٥٠٠ دۆلاری دۆڕاندووە، بەڵام بەبێ ئەوەی کە خۆی هەوڵ بکات، ڕایدەگەیاند کە ڕێگای براوەبوونی ئەم قوماڕەی بە دەست هێناوە: سیستەمی یارییەکەی ئەو بەم شێوەیە بوو کە هەر جارەی کە دەیدۆڕاند، کەڕەتی دوایی بڕی مەرجدارییەکەی زۆرتر دەکرد هەتا دۆڕانەکەی پێشووی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام هەر وەها درێژەی دەدایە دۆڕانەکەی خۆی و باسێك لە بردنەوەش نەبوو. ئەو بۆی

باس کردم که هێدی هێدی سەرومالّی لە رِێی ئەم مەرجدارێتییەدا دانا و تەنانەت دوایین دوو دۆلارێکیش کە بۆی مابووەوە لەسەر مەرەکەبێکی بەلەز و خۆشرەو و دلّنیا داینا و ئەوەشی لە دەست دا. کاتێك کە بێهیوا و داژاکاو لە پالّ مێرگی شوێنی پێشبڕکێیەکەدا پیاسەی دەکرد، لە پرِێکدا پارچە ئەسکەناسێکی ١٠٠ دۆلاری دۆزییەوە. بە خۆشحالّییەوە هەلّی گرت و بە خۆی گوت کە شانس و بەخت رووی تێ کردووە و باشتر وایە کە بڕوات و لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری بکات و بە بردنەوەی هەموو دۆڕانەکانی قەرەبوو بکاتەوە.

ئەوکات بە باوەڕ و بڕوایەکی تەواوەوە کە بە بردنەوەی هەبوو، گەڕایەوە و ئەو پارەیەی لەسەر پێنج ئەسپ بە مەرج دانا و سەیر لەوەدا بوو کە بردیەوە و پارەیەکی چاکیشی بە دەست هێنا. بەلّام بەیانی رۆژی دوایی پۆلیس هاتە بەرمالّەکەی و دەستبەسەری کرد. ئەو پارە سەد ١٠٠ دۆلارییەی ئەو تەزویر بوو و بەرپرسی قاسەکە ئەو گەنجەی کە لە بەشداربووانی هەمیشەیی بوو لە پێشبڕکێیەکەدا، ناسیبووەوە و پۆلیس بەو ناونیشانانەی کە دەستی خستبوو، دەسبەسەری کردبوو. سەیر ئەوەی کە لە دایەرەی ئاسایش ڕاستی دەربڕینەکانیان پەسەند کرد و گەڕایەوە سەر مالّ و ژیانی خۆی. تەوەرەی گرینگ ئەمە بوو کە ئەو لاوە لە هۆکاری بردنەوەی خۆی زانیارییەکی وەهای لە دەستدا نەبوو. ئەم بەم هۆیەوە ئەم جارە براوە بوو، لەبەر ئەوەی کە لە ناخی دلّەوە و بە بڕوا و ئیمانێکی بتەوەوە وەها شتێکی داخوازی کردبوو ئەگەر نا ئەو پارە تەزویرە لەم

نێـــوەدا دەورێکـــی گـــرینگ و چارەنووســـــازی نـــەگۆڕابوو. خـــاڵێکی سەرنجڕاکێشتر ئەوە بوو کە ئەو لەوەبەدوا نەڕوێشتەوە بە قەرەی قومـار و مەرجداناندا و هەوڵی دا هەتا بـژێوی خـۆی بـە هەڵبـەزین و غـاردانی وڵاخ و چوارپێوە گرێ نەدات و بژیوی خۆی لە ئارەقەی هەنیە و نێوچـاوانی خـۆی بە دەست بێنێت. ئەو بڕوای هێنابوو بە کانی لەبننەهاتووی بوونیەتی خۆی و لەوە تێگەیشتبوو کە دەبێت لە خـۆی دڵنیـا بێـت هـەتا لـە ڕێ لانـەدات و ڕازی ژیانی شاد و هێمن و یەکسان بە دەست بێنێت.

بەشی پێنجەم

هونەری بیرکردن و تێڕامان

کاتمانـدۆ، پایتـەختی ولاتـی هیمالایـای نیپـاڵ، کەوتووەتـە بنـارە پرنشێوەکانی باشووری هیمالایای پڕەزنی نێوان هێنـد و تیبتـەوە. چـەند سەدەیە کە نیپاڵ دەسەلاتێکی دوورخراوەیە کە دیمەنە جوان و مەزنـەکانی گەشتیارانێکی بێئەژمار دەکێشێت بەرەو لای خۆی.

نیپاڵ بەهۆی دیمەنە دڵڕفێنەکانی و مەزنی و گەورەیی کوێستانە بـەرز و پڕ لە بەفرەکەی ناوبانگێکی چاکی بە دەست هێناوە. شـاری (پاتـان) پـڕە لە پەرستگە و مێحراب کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە پەرستگەی کریشنا و پەرستگەی زێڕین بکەین، کە خاوەن جوانییەکی لە ڕادەبەدەرە. ئێمـە لـەو شـارەدا پیاوگـەلێکی بەسالاچـوومان بـینی کـە لەسـەر قادرمـەی پەرستگەکانەوە دانیشتبوون و ڕۆچووبوونە هزر و تێڕامانەوە. چـاوەکانیان قووچاندبوو و هەندێك لەوان دەتگوت چـوونەتە دنیـای خەلسـە و جەزبـەی عیرفانییەوە و هەر ئەمانە بـوون کـە بوونـە سەرۆبەخشـی بەشـی هـێمنی و تێڕامان لە منداڵ.

بە چ شێوەیەك دەتوانرێت هزرێکی چێکەر و ئەرێنیمان هەبێت؟

لە تێڕامان یان بیرکردنەوەی قوڵدا هیچ هێما و ڕازێك لە ئارادا نییە. زۆربەی خەڵکی دەکەونە بیرکردنەوەوە، بەڵام کەمتر ڕوو دەدات کە هزرێکی داهێنەریان هەبێت. هەزری قوڵ وەکوو خواردن و هەناسەکێشان و خواردنەوە و هتد کردەیەکی تەواو سروشتییە. بازرگانەکان و مامەڵەچییان و زاناکان و تەنانەت کەیبانووەکان و شۆفێرەکانی تەکسیش دەکەونە بیرکردنەوە و تێڕامانەوە. لایەنگرانی هەوێنیەت (ماددە) و بێئایینەکانیش تێڕامان دەکەن، بەڵام تەنیا جیاوازییان لەگەڵ کەسانێکدا کە دەگەڕێن بە دووی ڕاستی و دەقە واتایی و دەروونی و هەقیقەتە تا هەتاییەکاندا، ئەمەیە کە ئەوان بە واقیع ناتوانن تێڕامانێکی ڕێك و ڕاستیان هەبێت. تێڕامانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە سەرچاوەی کانی هەقیقەت بدۆزینەوە و دەستمان بە چرکەساتێك ڕابگات کە تا هەتایە بەردەوامە و ئاوێتە بە بەدیهێنەرێك بین کە هەموو شتێك لەوەوەیە. بۆ ئەم کارە هێمن دانیشن و هەر جۆرە دڵەڕاوکێ و ئاڵۆزکانێك لە لەش و گیانتان بسڕنەوە و ئەوکات هەموو هزرەکانی خۆتان چرکەنەوە سەر بوونیەتی بێکۆتایی و ئامانجی بوون. لەو کاتەدایە کە دەتوانن داوادار بن دەربارەی ڕاستییەکانی بوونیەتەوە کەوتوونەتە ڕامان و بیرکردنەوەوە. وێنەیەك دەهێنینەوە: (ئێمیل) لە بەرەبەیانداً لە خەو هەڵدەستێت و بەبێ تێبینی دەست دەکات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەی بەیانی، سەرەتا لاپەڕەکانی تایبەت بە ڕووداوە ڕامیاری و هەواڵ و خەتا و تاوان و پێکدادانە نێونەتەوەییەکان

دەخوێنێتەوە. دوایی هێدی هێدی سوور دەبێتەوە و هەڵدەچێت و ڕووداوە ڕامیارییەکان خووە خۆشەکەیان لێڵ و تاریك کردووە. لە خوێندنەوەی هەندێك هەواڵی تاوانەکان و شێوازی دادوەری هەندێك دادوەر زۆر تووڕەیە و لە هەندێك لە بابەتەکانی ڕۆژنامەکە بە گشتی تووڕە و بێزارە. وەها ڕۆچووەتە دۆخ و هزری خۆیەوە کە تەنانەت دەنگی هاوسەرەکەشی کە خەریکە لەگەڵیدا دەدوێت، نابیستێت.

ئەمە بە چەشنێك لە تێهزرین و ڕامانی نەرێنی ناو دەنێن. ئەمە بزانین کە هەر چییەك کە ئێمە بەرەو لای خۆ دەکێشێت و سەرنجمان بەرەو خۆی دەکاتەوە، لە لایەن نەستمانەوە ڕەنگدانەوەیەکی سەد ئەوەندەی دەبێت. لە ڕاستیدا، ڕۆژنامەکە خۆبەخۆ توانای ئەوەی نییە هەتا ئێمیل بئاڵۆزێنێت و تووڕەی بکات. گۆڕانی دۆخی ئەو سەرچاوەگرتوو لە هزرێکی تایبەت بە خودی ئەوەوەیە. خۆی هۆکاری هەڵچوون و تێکچوونی خۆیەتی و خەتای خۆیەتی کە بەهۆی چەند دێڕێکی بابەتێکەوە وەها سوور هەڵدەگەڕێت و تووڕە دەبێت. ئەو ئەگەر بە چاکی بیر بکاتەوە و ئەندێشەیەکی چێکەری هەبێت، تەنانەت دەتوانێت پێنووسێك بە دەستەوە بگرێت و بۆ هەمان ئەو ڕۆژنامەیە بابەتێك بنووسێت و ڕوانگەکانی خۆی بخاتە بەرچاو تا بەم شێوەیە تووڕە و سوور هەڵنەگەڕێت و ئاگر نەگرێت.

لە گۆشە و کەنارەی دنیادا هەن گەلێك کەس کە بەردەوام لە بارەی تێکشکانەکان و نوشستییەکانی ڕابردوو و دۆڕانەکان و لێکهەڵپرژانەکان و پێکدانی ئۆتۆمبیلەکان و نەخۆشییەکانی خۆوە بیر دەکەنەوە و تەنانەت بۆ

ساتێکیش کە کرابێت ئەو دیمەنە تۆقێنەرانە لە مێشك و خەیاڵی خۆ ناسڕنەوە و ئەو خەتایانەی کە تووشی هاتبوون، ڕوونتر لە سەرەتاکەی لە لاپەڕەی زەینی خۆیاندا دەیهێننەوە ڕوو و بەم کارەی خۆیان کارەساتێك کە لە ڕابردوودا بۆیان هاتووەتە پێش و ساڵیانێکیشی لێ تێپەڕیوە، دووبارە بۆ خۆیان دووبارەی دەکەنەوە. بۆ ئەوەی کە بیری نەڕێنی لە مێشکدا بسڕنەوە و ئیزنی پێ نەدەن کە بە گاڵتەتان بگرێ، باشترین بەدیل ئەوەیە کە بە ئەندێشەیەکی ئەڕێنییەوە بکەونە بەرانبەرکێ لەگەڵیدا و داوای یارمەتی لە هۆشی بێسنوورتان بکەن. ئەگەر گوێ بدەن بە پەیامهێنەرانی چارەڕەشی کە گوتمان لەم ڕۆژانەدا ژمارەیان لە ڕادەبەدەرە و یا ئەوەی کە لە زەینی خۆتاندا بەردەوام لەگەڵ بەرپرس و خاوەنکارەکەتاندا خەریکی قەرقەشە و کێشمەکێش بن، ئەمە بزانن کە گەیشتوونەتە قۆناغی تێفکرین و ڕامانی دەستەی یەکەم (ئەویش لە جۆری نەڕێنییەکەی).

ئوسپنسکی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەنگەکانی ناخی ئێمە سەرئەنجام دەبنە خاوەن وەها وژەوژێکی بەهێز کە ڕەنگدانەوەی لە دەرەوەش بە گوێ دەگات. هزری کوژاوە و خەیاڵەکانی مرۆڤی، چێکەر یان ڕووخێنەر، شێوە و ئەزموون و کاردانەوەی هەر ڕووداوێك لە ژیاندا بە خۆوە دەگرێت.

بەرهەمەکانی بیرکردنی دەروونی

نامەیەکی جوانم لە خاتوونێکی دانیشتووی (ئارگۆن)ەوە پێگەیشت کە تێیدا نووسیبووی ماوەیەك لەوەوپێش لووـ (غوددە)یەکی گرانی دەرداوە، بەڵام بە خوێندنەوەی کتێبەکانی من و جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکان توانیویەتی لە نێوی بەرێت و دکتۆرەکەشی وتەکەی پەسەند کردبوو، لە ڕادیۆگرافیدا پیشان دەدرا کە لوویەك لە گۆڕێدا نییە. ئەو ژنە، لەنێوچوونی ئەو لوویەی بە ئاکامی بیرکردنەوەی دەروونی و ڕۆحی خۆی دەزانی. بەڵێ ئێمە هەموومان لە دنیایەکدا دەژین کە هەم زەنییە، و هەم دیار (عەینی)، و لە کۆی ئەم دوو قۆناغە دەتوانرێت سەرئەنجامێکی یاریدەر و ساڕێژکەر بە دەست بهێنرێت. ڕامان یان بیرکردنەوەی قوولّ گەلێك واتای جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ کە ئاماژە بە نموونەکانی دەکەین: سەرنجدان، تەرکیزی فکر لە بارەی بابەتێکی تایبەتەوە، ئەندێشەکردن و نرخاندن و هەڵسەنگاندنی کێشەیەك هەتا بگاتە قۆناغی جێبەجێبوون و خوێندنەوە و لە دواییەکەیدا بیرکردنەوە، و بەم هۆیەوەیە کە هەموو خەڵك دەتوانن داواداری ئەوە بن کە هەموو ڕۆژێك تێڕامان دەکەن. هەر کەسێك ئەندێشە و تێڕوانینی خۆیەتی. کەوایە سەرنجی خۆتان چڕکەنەوە بەرەو لای ئەم ڕاستییە نەمر و تا هەتاییە: "دڵت هەر جۆرێکی بوێت، تۆ دەبیت بەوە." هەزر و بڕوا و هەستەکان و ئەو باوەڕانەی کە لە نەستدا هەڵدەکەنرێن، پرشنگی تیشکەکانی خۆیان دەهاوێژنە دەرەوە. کەوایە چاکتر ئەوەیە کە ڕاستیگەلێك لە نەستدا بپارێزن و بنووسنەوە کە ڕەنگدانەوەیان بە

چەشنێکی شیاو لە ژیانی خۆتاندا ببینیتەوە. بە واتایەکی دیکە، لە قۆناغی تێڕامانی دەروونیدا، دڵ و گیانی ئێوە دەبێت خاوەنی ڕێتمێکی تەواو بن هەتا ئەوەی کە دەیسپێرن بە زەین، بتوانن بە شێوەیەکی باش دەربیخەن و ئەمە کاتێکە کە تێگەیشتنی ڕوون و نەست بە هاوکاری یەکدی خۆشی و چاکەی مرۆڤ دابین دەکەن. ئەندێشە و هەستی کەس کە پێکەوە لێکبئاڵێت، ماك و ڕەگەزە پرژوبڵاوەکانی زەین کۆ و یەکپارچە دەکاتەوە و لەم یەکگرتن و پەیوەستبوونە شادمانی و هێمنی ناخ دێتە کایەوە.

ڕۆژێك کە من لە بارەی تەوەرەی قوڵبوونەوەوە لە هێندوستاندا وتارم دەخوێندەوە، دوای کۆتایی کۆڕەکە یەکێك لەو کەسانەی کە ئامادەی کۆڕەکە بووبوو، هاتە لامەوە و گوتی کە پێشتر سەردەمانێك ئالوودەی مادەسڕکەرەکان و خواردنەوە بووە و تەنانەت بە ڕادەیەك لەم کارانەدا تووندڕەوی کردووە کە سەرئەنجام تێك دەشکێت و دەکشێتە بێنەوایی و نابووتییەوە. هەتا ئەوەی کە ڕۆژێك لە ئەوپەڕی داماوی و بێچارەییدا دەچێتە لای پێشەوایەکی "بەرەهمایئ"ی و بەسەرهاتی ژیانی ژاناوی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە وداوای ڕێگاچارەیەکی لێ دەکات. ئەو ڕۆحانییە کە نزیك بە دوو ملیۆن خوازیار و موریدی هەبووە و هەموو ساڵێك چوونەتە چاوپێکەوتنی، بە هێواشی دەچپێنێتە گوێیەوە کە بۆ دەربازبوون لەم کێشمەکێشە دەبێت لە سووڕانی خێرای بیرکردنەوەی کەم بکاتەوە و لە ڕۆژێکدا دوو کەڕەت بە نییەتپاکی تەواوەوە ئەم ڕستەیە بە دەنگێکی هێمن بڵێتەوە:

"هێمنی، گەشە و مەزنی و پرشنگی بریقما لە هەموو بوونیەتی منـدا لـە گەردایـە و گیـان و دەروونم خاوێنوپـاك دەکەنـەوە و ئازارەکـانم سـارێژ دەکەن."

ئەو پیاوە وتەکانی ئەو رەبەنیەی بە وردی جێبەجێ کرد و هاوکـات لـە ناخی دڵەوە بڕوای تەواوی بەم دەقە هێنا کە تیشکی پرشنگداری ڕێنماکەی دەهاوێژێتە قوواڵایی بوونیەتیەوە و تاریکییەکانی خۆی پێ ڕوون دەکاتەوە. هەتا ئەوەی کە دوای چـەند حەوتوویـەك، شـەوێك کـە سـەرقاڵی تێڕامـان و ڕۆچوون بووە لە پڕێکا هەستی کـرد کـە هـەموو لـەش و گیـانی و تەنانـەت ماڵەکەشـی پـڕ بـوو لـە ڕووناکیـەکی سەرکێشکەر کـە شـتێکی نـەمابوو لـە تیشکی ئەو ڕووناکییـەدا کـوێر بێـت. لـەو سـاتەوەختەدا هەسـتی کـرد کـە کەوتووەتە دۆخی کۆما و حاڵێهاتنەوە کە هیچکات توانـای باسـیاریکردنی نابێـت. لـە ڕاسـتیدا ئـەم کەسـە دەسـتی بـە ئـەزموونێك ڕاگەیشـتووە کـە پێشینیان بە: "ساتێك کە تا هەتایە درێژەی دەبێت" ناویـان بـردووە. ئـەو لەوە بەوڵاوە چارەسەرکرا و هەنووکەش ژینێکی هەیە شاد و تێکەڵ لەگـەڵ یەکسـانی و نۆرمبوونـدا و لـە کۆنفڕانسـەکاندا لـە بـارەی ئەزموونـە تـاڵ و خۆشەکانی خـۆوە وتـار پێشـکەش دەکـات و گـوێگرانی سەرسـام دەکـات. بەڵێ، ئەو کەسێکە کە تـوانی ڕۆح و گیـانی خـۆی ژیرانـە ڕێنـوێنی بکـات و ئەمـە دەتوانرێـت بـە نموویـەکی ڕاسـتەقینە لـە تێڕامـان و قووڵبوونـەوە بزانرێت.

شەلەلی دەروونی چییە؟

ئێمە پێڕەوکارێکین لە ڕێچکەی هزری خۆمان. دکتۆر (دەیڤید سیبوری) یەکێك لە دەروونشیکارەکانی بەناوبانگی نیۆیۆرك بۆی باس کردم کە ڕۆژێك پیاوێك چووە لای و پێی ڕاگەیاند کە هاوسەرەکەی لە پرێکدا شەلەل بووە و دکتۆرەکان هیوایەکیان بە چارەسەری نییە. دکتۆر سیبوری گوتی: کاتێك چووم بۆ سەردانی ئەو ژنە دوای پشکنینە سەرەتاییەکان، بۆم دەرکەوت کە تووشی شەلەلی دەروونی هاتوە. ڕێگایەکم بۆ نەدیتراوە بێجگە ئەوەی کە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیدا گۆڕانێك پێك بێنم هەتا بزانم چ سەرئەنجامێك دەدات بە دەستەوە. داوام لێ کرد کە خۆی لە دۆخێکدا ببینێتەوە کە لە دۆخی تەندروستیدا دەیتوانی کارە دڵخوازەکانی ئەنجام بدات و لە ئەستۆیان بگرێت: بۆ وێنە شۆفێری و ئەسپسواری بکات و بچێتە یاری گۆڵف و یان تەنانەت بکەوێتە خاوێنکردنەوەی ماڵەکەی.

پێم گوت کە ئەم پڕۆفەیە بۆ ماوەی ١٥ هەتا ٢٠ خولەك و ٤ هەتا ٥ جار لە ڕۆژێکدا ئەنجامی بدات و ڕاپەڕێنێت. بۆم شیکردەوە کە هەر وێنەیەك کە بە بڕوایەکی تەواوەوە بسپێرێتە زەین، بە دڵنیاییەوە ئاکامە ئەرێنییەکەی بە چاو دەبینێت. ڕێك سێ مانگی دواتر دکتۆر سیبوری بەپێی ڕێککەوتنێك کە لەگەڵ کادرێکی چارەسەرکەری ئەو ژنە لە نەخۆشخانە هەیبوو، داوای لێیان کرد کە لە کاتژمێرێکی دیاریکراودا لای چۆڵ بکەن و نەخۆشەکە بە حاڵی خۆوە جێ بهێڵن. دوایی بە ژنەکەی گوت کە کوڕەکەی کە دانیشتووی

هێندە، دەیەوێت بە تەلەفۆن لەگەڵی قسە بکات و هاوکات کوڕی ئەو خاتوونەش لە ڕەوتی کارەکە ئاگادار کرابووەوە.

لە کاتژمێرە دیاریکراوەکەدا، تەلەفۆنەکە کە لە سووچەکەی تری ماڵەکە بوو، دەستی کرد بە زەنگلێدان. ژنەکە کە تاقەتی بەسەر چووبوو و هاوکات خەمی ئەوەشی بوو کە ئەگەر بێتوو پەرستیارەکان بانگ بکات، دەرفەتەکەی لە دەست بچێت، هەستایە سەرپێ و بەرەو تەلەفۆنەکە کەوتە ڕێ. ئەو چارەسەر کرابوو.

ئاشکرایە کە ئەو لە ماوەی ئەم یەک مانگەدا سەرنج و تەرکیزی خۆی خستووەتە سەر ڕێگاڕوێشتن و ئەسپسواری و شۆفێری و... هتد، و هەموو وزەی گیانی و زەینی خۆی چڕکردبووەوە لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراودا واتە ڕێگاڕوێشتن و وێنە زەنییەکانی ئەو بەهۆی بڕوا و متمانەیەوە بەپێی هێزی ناخی پێکهاتەیەکی نوێیان هێنابووەوە. ئەم ژنە چەشنێک حاڵەتی قوواڵبوونەوەی ڕاستەقینەی لە خۆدا پێک هێنابوو. کاتێک کە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکەی بیست، لەم خاڵە تێگەیی کە تەنیا خۆیەتی کە دەبێت هەوڵ بدات و خۆی بگەیەنێتە تەلەفۆنەکە هەتا دەنگی کوڕەکەی ببیستێت. خۆشی و تاسەی دەروونی لەگەڵ هێزی گیانیدا دەستیان لێک هاڵاند و ئەویان خستە جووڵان و بە واتایەکی باشتر ئەمە هێزی هزری ئەو بوو کە بەرهەمەکانی خۆی دەرخست و یان چاکتر وایە بڵێین کە وێنەی زەینی ئەو لە نێوان دنیای نهێنی گیان و لایەنی ڕواڵەتیدا بوونە ناوکۆ و بوونە هۆکاری ئاڵۆگۆڕ و بزووتنی ئەو.

(ئیمێرسۆن) یەکێك لەو کەسانە بوو کە بە هێزی سارێژکەری هزری ئەرێنی توانی نەخۆشییەکەی خۆی سارێژ بکات و لە نەخۆشی بکوژی دەردەباریکە (سیل) کە تووشی هاتبوو، رزگاری ببێت. ئەو دەڵێت کە چەندەها کاتژمێر دیمەنە جوانەکانی سروشت و مەزنیەتەکەی لە زەین و نەستی خۆدا دووپات دەکردەوە و بیرەوەرییەکانی خۆی لەم بوارەوە وەها دەگێڕێتەوە: "من خۆم لە دنیایەکی دیکەدا دەبینی، لە کۆێستانێکی داپۆشراو لە بەفر و لە کازیوە و ئاسمانێکی هەورپدا... بێ ئەوەی کە هیچ بیرێکی دیکە ڕێ بکەمە مێشکمەوە، لەو پانۆراما و دیمەنە جوانە گەورەیەدا هەڵدەفڕیم و شادی و خۆشی ژیانم بە ئەوپەڕی تواناوە هەست دەکرد و خۆم بە بەشێك لەو دەزانی."

ئیمێرسۆن بە باسیاری ئەم هەمووە جوانییەی کە خۆی بە بەشێکی دەزانێت، تەنانەت گەردیلەکانی لەشیشی سەرڕێژ دەکات لەو هەمووە مەزنی و گەورەییە. ئەو تا کاتێك کە لەم دۆخەدا درێژەی دەدا بە گەشت و سەیرانی دەروونی و نوقمی خەیاڵەکانی دەبوو، هەموو سروشتی لە بوونیەتی خۆیدا دەخستە گەڕ و بەم پێیە بوو کە گەیشتە قۆناغی (بیرکردنەوە و قوولبوونەوەی بەرز). هیچکات ئەم خاڵە گرینگە لە پێش چاو دوور مەخەنەوە کە دووپاتکردنەوەی وشەکان، بەبێ ئەوەی کە بە قوولی لە چەمکەکەی گەیشتبن، هیچ سوودێکی بۆتان نییە و بێجگە کاتفەوتاندن سەرئەنجامێکی نابێت. وتەکان کاتێك بەهرە و بەرهەمیان دەبێت کە واتاکەیان لە لایەن نەستەوە وەرگیرابێت. گەر دەتانەوێت لە

بواری زەینی و ڕۆحییەوە بگەنە ئاستێکی بەرز، دەبێت بزانن کە چ دەکەن و لە بنەڕەتدا مەبەستتان لە جێبەجێکردنی ئەو کارە چییە. بۆ ئەوەی کە باشتر لە چەمکی ئەم وتەیە بگەن، بەماوەی ١٥ هەتا ٢٠ خولەك بیری خۆتان تەرکیز بکەنە سەر وشەی (هێمنی). ئەگەر ئەم پڕۆژەیە بە باشی ئەنجام بدەن، هەستی هێمنییەکی بێوێنە لە خۆتاندا بەدی دەکەن. بازرگانێك بۆی باس کردم کە ماوەیەك بوو کە تووشی زەختیخوێن و بەدهەرسکەری بووم. ڕۆژێك دەروونناسێك پێشنیاری پێ کردم کە هەموو ڕۆژێك بە ماوەی بیست خولەك وشەی (کووکاکۆلا) بێبڕانەوە دووپات بکەمەوە. سەیر ئەوە بوو کە دوای تێپەڕینی ماوەیەکی کورت هەستم کرد ئاسەوارێك لە نەخۆشییەکانم نەماوە و دۆخم زۆر باشتر بووە. ڕاستی ئەمە بوو کە دەروونناسی ناوبراو پێی پیشان دابوو، دووپاتکردنەوەی هەر وشەیەك دەتوانێت هەر شتێك بێت هێمنی لەش و گیان لەگەڵ خۆی دێنێت و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هەزر ڕزگار دەکات لەو کێشمەکێشانەی کە تووشی هاتووە، و لە ئاکامدا سووڕی خوێن و دەزگای هەرسکەر کاری خۆیان بە چاکی و بە تاقەت و سەرسۆنگەیی جێبەجێ دەکەن. ئێوەش دەتوانن کە وشەیەك بۆ نموونە (دۆزینەوە) هەڵبژێرن و هەر بەو شێوەیەی کە شڕۆڤەمان کرد، دووپاتی بکەنەوە و ئاکامێکی هاوشێوە بە دەست بێنن. بەڵام بە زۆری ناتوانن کە لە بواری زەینی و ڕۆحییەوە بگەنە قۆناغی بیرکردنەوەی قوولّی واتایی (مەعنەوی)، لەبەر ئەوەی کە لەم ڕەهەندە

هزرییەدا تەنیا ئایینداڕەکان (عیرفانەکان)ن کە دەتوانن دەستیان پێی ڕابگات.

گیان و دەروونتان پاك بکەنەوە

بۆ ئەوەی کە بتوانن بگەنە قۆناغی قوولبوونەوەی دەروونی، سەرەتا دەبێت هزرە نەرێنییەکان لە مێشکتان بسڕنەوە و بڕیار بدەن هەتا هیچکات وەها بیرۆکەگەلێك ڕێ نەکەنە مێشکتانەوە. بە تێڕوانینێکی چاکەخوازانەوە سەیری خەڵك بکەن و ڕق و قینی کەسێك مەپەرچێننە دڵەوە. کاتێك دەتوانن بە خۆ بڵێن کە ئەوانی دیتان بەخشیوە و دڵتان پاکوخاوێن کردووەتەوە کە هەر چەشنە ڕقوکینە و نەیارییەك لەسەر لاپەڕەی دڵتان بسڕنەوە. مەگەر دەکرێت ئاوێکی ڕوون لە سوراحییەکی پیسدا ڕاگرین؟ سراحی هەر ئەو دەروونی ئێوەیە. چاوەڕوان نەبن کە گیانێکی بێخشڵ لە نێو دەروونێکی پیسەوە بکەوێتە گەڕ. ڕق و پیسکەیی و ئێرەیی سەبارەت بە خەڵکی، مەحکوومکردنی خۆ، دژایەتی لەگەڵ سرشتی ڕۆژگاردا و دڵپیسی و ڕژدی لەمپەرە لە بەرانبەر کەوتنە گەڕی تەندروستی چاکەیی و خۆشی لە ژیانتاندا.

هزری قوولّ، چاودێری دۆخی دەروونە. ئەگەر لە هۆش و تێگەیشتنێك سوودمەند دەبین، ئەم کارە بە چەشنێکی سروشتی ئەنجام دەدەین و ئەگەر لە تێگەیشتنی بابەتێك دابمێنین، بێگومان دەست دەدەینە هەوڵێکی فراوانتر، گەلێك جار لە تۆژەرەوانی مەسەلەکانی متافیزیك (دەرەوەی

سروشت) ئەم وتانە دەبیستین کە چەندەها کاتژمێر چوونەتە بیرکردنەوەوە بە ئاکامێك نەگەیشتوون. مەسەلەکە ئەمەیە کە لە هەندێك هەلومەرجدا هەولّوتێکۆشان بێجگە شکانی بە دواوە نابێت. ئەلّبەت قۆناغی تێڕامانی ڕاستەقینە لەم کارە بەدەرە. هەولّوتێکۆشان و هاتوچۆی بێهوودە زۆر جار بەهرەی نابێت و هاوڕێیە لەگەلّ سەرنەکەوتندا.

ئەمانەمان ئەژمار کرد هەتا بزانن کە بە چ شێوەیەك دەتوانرێت گیان و هزر هێور بکرێتەوە و لە گرژی ڕابیگرین. وێنەیەك دێنینەوە: وەهای وێنا بکەن کە لە لوتکەی شاخێکی بەرزەوەن و خەریکن سەیری دەریاچەیەك دەکەن، کە لە ژێر پێتاندایە. لە ئاستە هێمنەکەیدا ئاسمان و ئەستێرەکان و مانگ و ئەوەی کە لە سەرەوەی زەویندایە، دەیبینن. ئەگەر ئاوەکە لە پانتایی دەریاچەکەدا بکەوێتە شەپۆلدان و تێکچڕژان، هەموو ئەو شتانەی کە دیتبووتان، نامێنن و لە نێو دەچن و یان تەنیا نیشانەگەلێکی ناڕوونیان لێ بەجێ دەمێنێت. ئەم نموونەیە لە بارەی ئێوەوە کاتێك دەتوانێت ڕاست بێت کە نەتوانن خۆتان هێور بکەنەوە و هێمنی پێویست لە ناخ و دەروونی خۆتاندا پێك بێنن. داواکەتان کاتێك جێبەجێ دەکرێت کە لە هێمنییەکی تەواودا لەم بابەتە گەیشتبن کە بۆچ دەستی داواکاری درێژ دەکەنەوە. دەتوانرێت بوترێت کە تێفکرینی قوولّ گەڕان و تێڕوانینی گیان و ویژدانە. ئەگەر ڕۆژێك تەنیا نیوکاتژمێر لە بارەی ئامانجەکان، مەبەستەکان و ئاواتەکانتانەوە بکەونە تێڕامانەوە، بە دڵنیاییەوە دەگۆڕدرێن و خۆتان ئەم گۆڕانە دەروونییە هەست پێ دەکەن. ماوەی چەند حەوتوویەك و چەند

مانگێك به هێدی هێدی له ڕاستییەکانی بوونیەت و ناڤۆکی خۆتان تێدەگەن و دەگـەن بـەم خاڵـە کـە گیـانی توانـای ڕەهـا لـە ڕەهەنـدی داخـوازی و ئاواتەکانی ئێوەدا کەوتووەتە گەڕ و بەم سەرئەنجامە دەگەن کە ئەوەی کە ئاواتتانە، و ئەوەی کە دەتانەوێت بتانبێت و ئامانجێك کە دەتانـەوێت پێـی بگـەن، هەنووکـە لـە گیانتانـدا وێناکـەی دەبیـنن و وێنەیـەکیتان دەس دەکـەوێت. ئـەم دۆخـە بـە شـادمانی سەرچـاوەگرتوو لـە جێبـەجێبوونی داواکەتان خێراتر دەبێتەوە و هەر چەشـنە بێهیـوایی و دڵـەڕاوکێ و تـرس و ڕاڕاییەك لە کەسەکەدا لە نێو دەچێت. لە وەها دۆخێکدایە کە مـرۆڤ هەسـت دەکات کە پێویستی بە پرس و ڕا و ڕاوێژ و شیرەتکاری لە دەوروبەر نییە و خۆی دەزانێت کە بە چ شێوەیەك کارەکانی بە ئـەنجام بگەیـەنێت. نەسـتی هانی دەدات بەرەو ئەو کارانەی، کە بە پێویستیان دەزانێ. بەڵام گەر دوای داواکەتان دووبارە خۆتان بە شڵەژاو و پەرێشانی بینیەوە و ئەگەر لە بارەی ئەوەی کە بتانەوێت بڕیارێك بدەن دووبارە تووشی ڕاڕایی و دوودڵـی بـوون، ئەمە هێمـای ئەوەیـە کـە ئـەوەی کـە خوازیـارین لـە نەسـتتاندا، بـە باشـی هەڵتان نەگرتووە. کەسێك کە ڕێگا و شێوەی داواکردن بزانێت، کەسـێکە کـە دەزانێـت چـی دەوێـت و چ ئـاواتێکی هەیـە و بـە پێکهێنـانی هێـوری دەروونی لە خۆیدا، دەگات بە ڕاستی تا هـەتایی. زۆربـەی خـەڵك ژیـانێکی ڕوالەتییان هەیە، بەڵام ئاڤسدار و ژیر کەسێکە کە سەیری دەروونیش بکـات و ئەمە قۆناغی ڕەسەن و باڵای تێڕامانە و بکـەرەوەی جیاکەرەوەیـە: واتـە

دووربوونەوە لە هەموو بیروبڕواکان و ڕادەربڕینەکانی خەڵک، هەتا بتوانرێت لە بێدەنگی و هێمنیدا بگەینە قۆناغی بیرکردنەوەی نموونەیی.

ئەمە هەر ئەو (هەوڵە بێتێکۆشانە)یە کە هێدی هێدی بەرەو ئامانج بەرەو پێشمان دەبات. دابڕان بەو چەمکە نییە کە ئێمە دەست بشۆین لە خوانچەکانی زەوین کە بۆمان پێویستی و زەروورین، بەڵکو دەبێت خۆمان ئازاد بکەین لە هەر هەستێکی خاوەندارێتی، بەو واتایەی کە ئێمە دەتوانین ژیرانە و چێکارانە کەڵک لەم بەهرانە وەرگرین و لێیان بەهرەمەند بین. مەبەست ئەوە نییە کە ئێمە بەهرە و بەرهەمەکانی ژیان بە نەرێنی بزانین، بەڵام لە بارەی خاوەندارێتییەوە هیچکات نابێت ڕوانگە مرۆڤانەییەکانی خۆمان بخەینە ژێر پێ. هەنووکە چاکتر وایە کە هێمنی مانا بکەینەوە. کاتێك دەڵێین "گیان هێور بکەینەوە هەتا لە سروشت و کەسایەتی خۆمان تێدەگەین" ئەم بەم واتایە کە ئێمە کارمان بە هێمنی ڕواڵەتییەوە نییە و بە واتایەکی باشتر هێمنی تەواو کاتێك دەستەبەر دەبێت کە هۆکارە نایارێدەر و شێوێنەرەکانی ژیانی دەروونی بە گشتی بسڕێتەوە و هیچ دژی و جیاوازییەك لە ئارادا نەبێت، بە چەشنێك کە کەسەکە دەڕوانێتە دەروونی خۆیدا و دەگاتە ناخی، بێجگە پاکی و هێمنی تەواو و بەردەوام شتێکی دیکە بەدی نەکات. کەسێك کە بڕوای وایە، کە هێزێکی یارمەتیدەری لەگەڵدایە، بەردەوام لە دنیایەکی ئارام و پاکدا دەژی. کەسێکیش لەسەر ئەو بڕوایە نییە، لە هەلومەرجێکی نزم و پڕ لە نەگبەتی و داماویدا بەسەر

دەبات. بەردەوام شلەژاو و ئالۆزکاوە و تەنانەت چرکەساتێك هێمنیشی نییە.

ئێمە هەموو رۆژە دەبێت لە بارەی جوانییەکانی ژیان و ئەوین و دلۆڤانی و نێوەندێتییەوە دابنیشین و بهزرین، بە چەشنێك کە ئەم خەسڵەتانە بە بەشێکی جیانەکراوەی بوونی خۆمان بە ئەژمار بێنین. بە بیرکردنەوە لە بارەی بابەتگەلێکی وەکوو ئەقڵ و زانایی و ڕاستی و هتد... دووبارە لە خۆماندا پێکیان دەهێنینەوە و لە بواری گیانییەوە دەگەینە قۆناغی هۆشیاری.

ڕوانگەت و ناخ

بگەڕێ ڕاستییە تا هەتاییەکان، بە گەشتێك کە بۆ دۆخی دەروونی دەکات، گەلێك واقیع دەست دەخات و بەم سەرئەنجامە دەگات ئەوەی کە نێوی دەنێن لەش یان تەن، بێجگە شەپۆلەکانی ڕووناکی هیچی دیکە نییە و ئەوەی کە ئەو زەوینەش کە تێیدا دەژین هەر ڕووناکییە. ژیانی ڕوانگەتی ڕۆئیا و خەیاڵە و ژیانی ناخ هۆشیاری. هەتا ئەو جێگایەی کە مرۆڤی سەرئەنجام لە بێسنووریدا دەسڕدرێتەوە و نامێنێت. لە پرێکدا مرۆڤێك کە نوقمی تێڕامان و قوولبوونەوە دەبێت بەم خاڵە دەگات کە بە چاولێکردن لە دەسەلاتی گیان و حەقیقەتدا دەگاتە ناسینی بوونیەتەکانیش و ئەوەی کە هەتاو و مانگ و ئەستێرە و هەسارەکانی تێدایە. بۆ یەکەم جار ئەو لەم

تەوەرە ئاگاهـ دەبێتەوە کە گۆ و تەنەکان هـەر وەکوو مـانگ و هـەتاوەکان دەستکردی ئەندێشەی مرۆڤایەتین و ئەوەی کە پڕۆیاکانی تـاکێکی خـەیاڵی بە کاتی لە بۆشایی ئەندێشەیدا دەکەونـە سـووڕانەوە و ئـەوەی کـە دنیـا و بوونەوەران دەسکردی ئەندێشەکانی تاکێکی هزرڤانن.

ئەمە گەشتە دەروونی و ناخییەکانە کە سەرئەنجام دەگات بـە (نیروانـا) و بـە حەقیقـەت و گەشـتیاری دەروونـی کـە لـە (مـن)ە بچـووکەکەی پزگـار بووە، دەگاتە هاتنەدی (منی تا هـەتایی). گیـانی عیرفـانی و گیـانی مـرۆی بیرمەنـد، خۆبـەخۆ هـێمنی و هێزێکـی زۆرتـر بـە دەسـت دێنێـت. پـڕۆڤـەی بەکارهێنانی تێڕامان، مرۆڤی بـەرەو تەواویـەت و جـوانی و ئـەوین و هـێمنی ڕێنوێنی دەکات.

ڕاهێنانەکانی لەش هێورکردنەوە

ڕاهێنانەکانی لەش هێورکردنەوە لە هیند و نیپاڵ و لە زۆرێك لـە وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتیـدا لەگـەڵ بەرەوپێریچـوونی خەڵکـدا ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە و مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بـۆ چـەند سـەدەی پـێش کـە لێـرەدا بـە کـورتی ئاماژە بە نموونەیەکی دەکەین:

١ سینگ و مل و سەر تـا ئـەو جێگایـەی کـە دتـوانن لـە هێڵێکـی ڕاستدا ڕاگرن.

٢ لە لووتەوە هەناسە هەڵمژن و مـاوەی هەناسـەکەتان بـە ڕادەی شـەش تڕپەی دڵ درێژ بکەنەوە.(دەم)

٣ هەناسەکە بە ڕادەی سێ ترپەی دڵ لە سینگدا ڕاگرن.

٤ بە ماوەی شەش ترپەی دڵ هەناسەتان بدەنە دەرەوە.

٥ بە ماوەی سێ ترپەی دڵ، سییەکانتان لە هەوا بە تاڵ ڕاگرن.

٦ دەتوانن دڵخوازی خۆتان درێژە بەم پڕۆفەیە بدەن و هەست بە هیچ جۆرە دژوارییەک ناکەن. بە هەندێك ڕاهێنان، ڕێتمی هەناسە هێمن و یەکسان دەبێتەوە، بە شێوەیەك کە ئیدی پێویستیتان بە ژماردن نەبێت. لە دوای ئەم پڕۆفەیە تێدەگەن کە هەر جۆرە گرژی و داگیرانێکی ماسوولکەیی لە لەشتاندا باری کردووە و هێمنی تەواو لەش و گیانی لەبەر گرتوون. دوای ئەوە دەتوانن ئەم پڕۆفەیە لە کاتی بەڕێگاڕوێشتندا ئەنجام بدەن و هەر هەنگاوێك بە ژمارەیەکی ڕیتمی هەڵبێننەوە. لەگەڵ ئەمەدا، لە سەرەتادا و بەتایبەتی بۆ کەسانێك کە لە شارە قەرەباڵغ و پڕهەشیمەتەکاندا دەژین و پیاسەکردن لە شەقامدا بەردەوام بەهۆی هاتوچۆی ئۆتۆمبیلەکانەوە لەگەڵ کێشەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە، چاکتر وایە کە چالاکییەکە لە کاتی دانیشتن و یان خەوتندا ئەنجام بدرێت.

لەم چەشنە هەناسە ڕیتمییەدا، جیا لە دژکردەوەی لەش، وەلامی ڕۆحیش لە ئارادایە. لە هەر کردەیەکی هەناسەییدا دەتوانن نەستی سەرپێڕ بکەن لە هەر خەیاڵێك، کە بتانەوێت. لە بیرتان بێت خەیاڵێك کە دەیدەنە زەینتان، لە دواییدا دەبێت هاوڕێ بێت لەگەڵ چالاکی دەردانەوەدا. لە ڕاهێنانەکانی کشانی دەماردا، نەست باشتر و ساناتر خەیاڵەکان لە خۆ وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەگەر بەهۆی بابەتێکەوە پەرێشان و خەمینن، لە

کاتی هەناسەهەڵکشاندا بە خۆ بڵێن: "من خۆشحاڵم" و ئەوەی کە بیری لێ دەکەنەوە و لە مێشکتاندایە بە قوواڵی هەستی پێ بکەن. شاد بن و پێبکەنن. ئەم ڕاهێنانە دەتوانرێت لە ٢٤ هەتا ١٠٠ کەڕەت و یان زیاتر دووپات ببێتەوە.

ئەگەر بتوانین هەناسەکێشانی ڕیتمی فێر بین، کاریگەرییەکی وەهای دەبێت بەسەر دەزگای دەمارەوە کە جۆمان نەمانی هەر چەشنە گرژی و داگیرانی ماسوولکەیی و قۆڵنجێکی دەروونی هەست پێدەکەین. ئێستا ئەم مەسەلەیە سەلمێنراوە کە هەناسەی قوواڵ بۆ پەیکەرە و ئۆرگانیزم زۆر بە سوودە و هەستی ئاسوودەییەك کە دوای هەر هەناسەیەکی قوواڵ بە مرۆڤ دەبڕێت، ئامادەی دەکات بۆ ڕاگرتنی هەر جۆرە ئایدا و خەیاڵێکی نوێ و ئەرێنی.

لە نێو ئەم ڕاهێنانە هەناسەییانەدا ئێمە دەبێت بەو شێوەیەی کە دەمانەوێت ببین بەهێز و سەرڕێڕ لە متمانەبەخۆبوون و تەندورست خۆمان وێنا بکەین. ڕیتمی ڕێکوپێکی هەناسەدان هاوتەریب کەین لەگەڵ ڕیتمە شاد و ئاوازیانەکاندا، کە ئاسەوارێکی هێورکەرەوە و سووکناییدەرانەیان دەبێت. دڵڕاڕایی نەبن کە پڕۆژەکانی هەناسەدان سەرئەنجامی پێکهاتنی تەرکیز و سەرنج و هێمنی جەستەیی و دەروونی بە دواوەیە. ژنێك بۆی باس کردم کە هەتا ماوەیەکی پێش تووشی تەنگەنەفەسی درێژخایەن بووە تا ئەوەی کە بە هەڵکەوت قەشەیەکی بینی و ئەویش دەستوورێکی دایە کە بە

بەکارهێنانیان توانی لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا بکەوێتە خەبات و بەرانبەرکێ و لە خۆیدا نەیهێڵێت و بیسڕێتەوە. دەستوورەکەی ئەو وەها بوو:

لەسەر ئەرد دابنیشە و ئارام هەناسە بدە. لە هەر کردەیەکی هەناسەدا بە خۆت بڵێ: "من لە تەندروستییەکی تەواودام". و لە هەر دەردانەوەیەکیشدا بڵێ: "خواوەند پشتیوانمە". ئەو ژنە دەیگوت کە ئەو ئەم ڕاهێنانەی ڕۆژێ سێ گلەت بەیانی و نیوەڕۆ و شەو بە ماوەی ١٠ هەتا ١٥ خولەك بێبڕانەوە ئەنجام دەدا و وەها کە خۆی دەیگوت، دوای دوو حەوتوو هەستی دەکرد دۆخی چاکتر بووەتەوە و هەنووکە لە تەندروستییەکی تەواودا دەژی. هاوکات خراپ نییە کە بزانن کە لە تەمەنی ئەم ژنە لاوە تەنیا ٣٤ ساڵ تێدەپەڕی.

لەشی مرۆڤ بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە پێڕەوی دەکات لە ڕێتم و ئاهەنگێکی تایبەتی. لەشی ئێمەش هەر وەکوو بابەتەکانی دیکە پێڕەوی ڕێسای ڕێتمانەیە. پێشینیان دەیانگوت: "هەر زەرەرێك کە لە کەشدایە بە ئاوازی خوداکان سەما دەکات." بوونیەت تەنیا نیشانەیەك و دەنگێکە لەم ئاواز و ئاهەنگە و هەر نیشانە و پەراوێزێك لە ڕادەیکی بێئەژمار لەرە پێك دێت. هەر هەڵبەزودابەز و لەرینەوەیەك کە ئێمە هەستی پێدەکەین و دەیبینین، ئەمە دەسەلمێنێت کە لە سروشتدا هێمنییەکی ڕەها بە هیچ شێوەیەك لە گۆڕێدا نییە. لە هەمان ئەو ساتەوە کە شێوەگەلێك لە سروشتدا بە وێنە

جۆراوجۆرەکانەوە دەردەکەون، هەر لەو دەستپێکەوە، دەست دەکەن بە گۆڕان و گۆڕانکاری و لە ناخی ئەم نۆژەنبوونەوانەوە شێوەگەلێکی دیکە پێ دەنێنە گۆڕەپانی ژیانەوە و هەر بەو شێوازە تا کۆتایی...

کەوایە شێوەکان دەتوانرێت بە ساکاری پوالّەتی بزانرێت کە لەدایک دەبن و دواییش دەفەوتێن. لەشی مرۆڤیش هەر بەو چەشنە تووشی ئالۆگۆڕ دێت. زانستی نوێ پێمان دەلێت کە لەشی مرۆڤ هەر ١١ مانگ جارێک قالبێکی نوێ دەگرێتە خۆ. خانەکانی لەش بێبڕانەوە و بەردەوام دەمرن و خانە نوێیەکان جێگایان دەگرنەوە. گەر کەسێک بتوانێت گیانێک بداتە بیرەکانی، خانەکانی لەشی لەگەڵیدا خۆ ڕێک دەخەن و هەموو بوونیەتی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم دیاردە زینییە. کیمیای لەش لە ماوەی چەند خولەک یان چەند چرکەیەک گۆڕانی بەسەردا دێت، بە چەشنێک کە دوای چەند مانگ، گەردیلکێک (ئەتۆم)ێک و یان ئیلکترۆنێک کە پێکی هێناوە، بە دەگمەن دەمێنێتەوە. هەموو شتێک لە هەڵبەزودابەز و بزووتندایە و ئەم گۆڕانە بەردەوام لە بوونیەتدا هەر وەها خەریکە پەرە دەستێنێت و درێژ دەبێتەوە. بۆ نموونە ترپەی دڵ ڕیتمێکی دیاریکراو دەگرێتە بەر: ڕیتمی ئاواز و ئاهەنگی هەڵکشان و داکشانی دەریاکان.

ترسەکان و ئاکامە نەرێنییەکانی

دەبێت ئەم خاڵە بزانین کە هۆی زۆرتری تێکشکانەکانی ئێمە بیرکردنەوەی پرژوبڵاو و ناڕێکوپێکە و نەبوونی دەستبەسەراگرتنی سۆز و

بزوانە. شیاوی باسکردنە کە ئێمە کردەی هەر ئەم یاسایە لە پاکێشانی موگناتیسی هەستەکانی ترس و ئێرەیی و تووڕەیی و بێهیوایی "کە بەرپرسی زۆربەی تێکشکانەکان و نوشستییەکانی ئێمەن لە ژیاندا" دووبارە بەدی دەکەینەوە. بناوانێکی یەکە و هێزێکی هاوچەشن هەم لە شکان و هەم لە سەرکەوتندا لە گۆڕێدایە کە ناتوانرێت حاشای لێ بکردرێت.

ترس، ئازار و خەموپەژارە و کارەساتگەلێکی بێئەژمار دێنێتە پێش بۆ مرۆڤ کە لایەنەکان و دواهاتەکانی بەپێی دۆخ و توانای سۆزداری و سرشت و خووی کەسەکە جیاوازە. ڕاڕاییەکی تێدا نییە کە هەنووکە دەرکەوتووە تەنانەت هەر نەخۆشییەکیش ڕەگ و بناوانی لە سەرنەکەوتنەکانی سۆزداری مرۆڤیدایە و مرۆڤی بەرهەم و دواهاتی بزووتنەکان و سرشتیاتی خودی کەسەکە خۆیەتی.

زۆرێك لە تاکەکان تاوانی زۆرێك لە کردار و هەڵسوکەوتی خۆ و بەتایبەت دۆڕانەکانی خۆیان دەخەنە ئەستۆی خەڵکی تر و یان ئەوەی کە هۆی تێکشکانەکانی خۆیان بە سەرچاوەگرتوو لە میرات و ژینگە و تەنانەت چارەڕەشی و بێبەختی خۆیان دەزانن. ئەم جۆرە بۆچوونانە کاریگەرییەکی کاتی هەیە کە زۆربەی (ورە لە کاتی تێکشکاندا) هێور دەکاتەوە، بەڵام هیچکات توانای نابێت کە هەتا هۆکانی ئازاروئەزیەتی سەرەکی بنەبڕ بکات و بیفەوتێنێت.

* * *

دنیا ئاوێنەیە

دنیا ئاوێنەیەکە کە سرشت و خووی سەرەکی و وردەی زاڵی بەسەر ئێمەدا ئاوەژۆ دەکاتەوە و وێنەی خۆمانمان پێدەداتەوە. ئێمە هەمیشە لەوەیکە تێیدا دەبینین، خۆشمان لێی نایەت و وێنەکەیمان بە دڵەوە نانووسێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات توانای ئەوەمان نییە کە ئەم وێنەیە بگۆڕین. ئەگەر خۆمان بدەینە دەست لاخوازییە نەرێنییەکانەوە، زۆر ناخایەنێت کە لە بەرانبەر هەلومەرجگەلێکەوە خۆمان دەبینینەوە کە هەر ئەو یاسا بنەڕەتییەی هۆ و هۆکارە. بەردەوام حاشا لەمە دەکەین کە هەر شتێك هۆیەکی هەیە، بەڵام بە پەیڕەوی لە بنەچەیەکی سەرسامکەر بە ناوی پەیڕەویکردنی کوێرکوێرانەوە، هێزمان دەشکێ بە گۆڕانی هۆکارەکە. بازدانی درەوشانەوەی ئێرەیی تیاماندا، بێگومان هەلومەرجێکمان بۆ دێنێتە کایەوە کە تیایاندا ئێرەییکارەکانی تر چ لە ناوەندی خێزان و چ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا دەردەکەون. زۆربەی کات لە زمان کەسانێکەوە دەبیستین کە دەڵێن کە ئەوان لە هەموو شتێك ڕقیان لە ئێرەییە و ئەگەر هەڵسوکەوتیان بدەینە بەرسەرنج، دەبینین کە ئەم کەموکوڕییە لە خۆیاندایە و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان.

ئێمە دەبێت ئەو چاویلکە ڕەشەی کە کردوومانەتە چاومان و دنیامان لە پێش چاومان ڕەش و تاریك کردووە، هەڵبگرین و بە واتایەك کا لە چاومان بێنینە دەرەوە هەتا بتوانین گوللە لە چاوی خەڵکیدا ببینینەوە. ئەگەر

خەوشێکتان لە کەسێکدا بەدی کرد، باشتر وایە چاوێکیش لە خۆ بکەن و گەر ئەم تۆژینەوەیە بەبێ پێشداوەری ئەنجام بگرێت، چیها خەوش و کەموکۆڕی کە لە قوولایی گیان و زەینی خۆماندا نادۆزینەوە.

خۆبینین

ئەگەر نەتوانین بگەینە ئامانجەکانمان و ئەگەر هەموو هەوڵوتێکۆشانەکانمان ببێتە تراویلکە و لە بەرانبەر خۆدا بێجگە دیوارە بەرزە بەردینەکان نەبینین، لەو کاتەدا دەبێت چاو لە خۆ بکەینەوە هەتا هۆیەکەی بدۆزینەوە. بۆ ئەوەی کە بتوانرێت لە بارودۆخی ژیانی خۆدا گۆڕانکارییەک بهێنرێتە ئاراوە، سەرەتا دەبێت لە دۆخی دەروونی خۆوە دەست پێ بکرێت و هەستی سەرکەوتن لە هەموو بوارەکاندا بە تەواوی لە خۆدا ڕابگیردرێت. بۆ سەرکەوتن ئەوە بەسە کە ئەم بیرە بکەینە مێشکمانەوە کە ئێمە بۆ سەرکەوتن چێ کراوین و ئەو خودە بێکۆتاییەی کە لە بوونماندایە، نەمر و لە شکان نەهاتووە، و ئێمە کاتێک دەتوانین بگەینە ئامانج و مەبەستی خۆمان کە باوەڕمان بە سەرکەوتنی خۆمان هەبێت و لە پانتایی خەیاڵی خۆوە گەڵاڵەی هەر شکانێک بسڕینەوە. لەو کاتەدایە کە ڕەنگدانەوەی ئەم ئەندێشەیە لە نەستماندا جێگیر دەبێت. ئەو لەمپەرانەی کە دێنە سەر ڕێی سەرکەوتنمان دەرفەت دەدات بە (من)ی ناخمان هەتا لە چواردەوری زەینییەتی خۆ پەرچین بکەین و ئەمەش لە پێشڤەچوون ڕاماندەگرێت.

جێی خۆیەتی کە ئەم پرسیارە لە خۆ بکەین کە ئێمە چ ئامانجێکمان لە بەردەمدایە: داخۆ دەمانەوێت کارێك بکەین کە تەنیا خەڵك خۆشیان بوێین و بە وتەیەك باسمان بکەن و پوخسەتمان بڵێن و بە واتایەك بێجگە لە سەرکەوتنی کەسی خۆمان بیر لە هیچی دیکە ناکەینەوە یان ئەوەی کە دەمانەوێت بوونمان بە سوود و بەهرەمەند بێت و بتوانین بەسەر کۆمەڵگاوە گرانی نەکەین (سەربار نەبین) و خزمەتی پێ بکەین. ئایا بە تەمای خۆشی و ئاسایشی کەسی خۆمانەوەین یان ئەوەی کە بە پادەی توانای خۆمان هەوڵ دەدەین تا توخمێکی ئەرێنی بەسوود بین؟ داخۆ تێدەکۆشین کە ئیمێرسۆن، لینکۆڵن، ئیدیسۆن و پاستوورێکی دیکە بین و گرێیەك لە کاری هاوچەشنەکانی خۆمان بکەینەوە، یان ئەوەی کە گەورەیی و مەزنی سەرکەوتنی خۆمان لە هێزە درۆینەکان و کۆکردنەوەی پارە و ساماندا دەزانین؟

کەوایە ئێمە دەبێت لە بەهرە وتوانای خۆمان کەڵك وەربگرین و کارێك بکەین کە لەم تەمەنە کورتەدا ژیان لە خۆمان و لە خەڵکیش تاڵ و دژوار نەکەین. دووڵ و پەشیمانبوونەوە و ئەمرۆ خستنە سبەی سەرچاوەگرتوو لە نەبوونی ئارمان و ئامانجەوەیە. گەلێك جار ئەم وتەیە لە زمانی نزیك و ناسراوانەوە دەبیستین کە دەڵێن: "من خەریکم بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوە". وەکوو ئەوە وایە کە چاوەڕوانن کەسێك لە ڕێوە بگات و ئەوان لەم تاسە لووسەی کە گیرۆدەی بوون، دەربێنێت و ڕێی ژیانکردنیان پێ پیشان بدات. هەنووکە ئەوەی کە ئەمانە جێگیری و قایمکاری و ڕا و

وره‌یه‌کی پێویست و ته‌واویان بۆ ژیان نییه. ئه‌مانه که‌سانێکن که هۆشی بێسنووری خۆیان به که‌م ده‌زانن و مرۆڤێکی پاڵپشتیخواز و ناجێگیر بار دێن. له حاڵێکدا ئه‌گه‌ر خۆ به هۆشی خۆیاندا هه‌ڵواسن، خۆیان به باشی توانستیان هه‌یه له هه‌ر جێگایه‌کی کوشنده و هه‌ر زه‌لکاوێك به ته‌ندروست بپه‌رنه‌وه.

بەشی شەشەم

ڕاستییە کەوناراکان

سێهەم جار بوو کە دەچوومە بانگ کۆگ و ئەوێم بە پەرستگە و کۆشکە سێحراوی و پەریئاساکانی خۆیەوە وەک ڕابردوو دڵڕفێن و جوان دیتەوە. دیار بوو کە لەم ماوەدا گۆڕانێکی سەیریشیان بە سەردا هاتبوو. ئێمەش وەک خودی خەڵکی (تای) سواری بەلەم بووین و ڕوێشتین بۆ بازاڕی میوەفرۆشەکان کە لە بەلەمەکاندا، و بەسەر ئاوەکەوە بوو.

لەسەر ڕێگای خۆماندا ئەو ڕەبەنیانەمان دەبینی کە جلێکی نارنجییان لە بەر کردبوو و لە بەرەبەیانەوە بۆ پاروویەک نان، هاتبوونە دەرێ. لە سەیرکردنی (پەرستگەی زێڕین) سەرسام بووین و لە سەردانی ئەو کۆشک و پەرستگایانەی کە هەندێکیان لە زێڕی نایاب و زومورود چێ کرابوون، قامکی سەرسامیمان بە ددان گەست. پەرستگەی بوودی زێڕین لە هەموویان گەورەتر بوو و درێژی بالای پەیکەرەکەی دەگەیشتە دە پێ و کێشەکەی پێنج تەن و نیو بوو و هەموو لە زێڕی پاک و نایاب چێ کرابوو!

ڕێپێشاندەرەکەمان وتاڕێکی سەرنجڕاکێشی لە بارەی بوودیسمەوە پێشکەش کرد و لە بارەی ئەو ساڕێژبووانەوە ئاخافت کە دەست دەکەن بە نەزر و ئارەزووکردن، و پەنا دەبەنە بەر بوودا.

یەکێك لە هاوڵەکانم ڕای منی لە بارەی کۆتەڵی سەیر (ئەبوولهەول)ەوە پرسیار کرد، لە وەڵامدا بۆم شی کردەوە کە لە ئوستووڕە کۆنەکانی یۆناندا ئەبوولهەول بۆ ئەو کەسانە کە دەچوونە سەردانی، هێما و مەتەڵێکی گەڵاڵە دەکرد، و کەسانێك کە توانای وەڵامدانەوەیان نەبوو، دەستبەجێ دەکوژران. مەتەڵەکە بەم شێوەیە بوو: "ئەوە چییە کە بە چوار پەنجە و دوو پەنجە و سێ پەنجە دەڕوات بە ڕێدا؟" وەڵامەکە ئەمە بوو: (مرۆڤ) لەبەر ئەوەی کە لە منداڵیدا بە یارمەتی دوو دەست، واتە چوار دەست و پێ دەڕوات بە ڕێوە. دوایی کە گەورە دەبێت و لەسەر پاکانیەوە ڕادەوەستێت. تا ئەوەی کە تەمەنی دەچێتە سەر و پێویستی بە گۆچان دەبێت.

سەرەڕای ئەمەش، ئەم پێناسە ئەوەندەش ڕاست نەبوو و چەمکە ڕاستەکەی وەهایە: ئەمە دەبێت قەبوڵ بکرێت کە زۆرینەی خەڵك گاوڵکێ دەکەن و چواردەست و پێ دەچن بە ڕێدا، واتە بەبێ ئەوەی کە تێگەیشتنێکیان هەبێت لە خۆیانەوە شوێنکەوتەی هزر و بۆچوونەکانی خەڵکین و ئەم شێوە هزرییە بە شێوەی ئەفسانە و خورافە و ترسەکان و پێشداوەرییە دەمارگرژی خولقێنەکان لەسەر باوەڕەکانی چوار ملیارد دانیشتووی ئەم دنیایەدا بن دەخات. گومانێك نییە کە دەستەیەکی ئێجگار

زۆر لە کەسەکانی ئەم گێتییە بە شێوەی زانستی داخوازییەکانی خۆیان گەڵاڵە دەکەن و سەرەڕای ئەوەی کە بە زارەکی نێوی دەنێن بیری گشتی، دەبنە هاودەم و هاوڕاز و گەلێك ئەندێشەی ئەرێنی و چێکەر ڕێ دەکەنە مێشکەوە، بەڵام ئەمانە لە کەمایەتییەکی پاکدان. هەر کەس دەبێت ڕاستگۆیانە لە خۆ پرسیار بکات کە: داخۆ من خۆم هێزی بیرکردنەوەی سەربەخۆم هەیە و یان ئەوەی کە پێڕەوکاری خەڵکی دیکەم؟ لە بیر نەکەین کە هزرڤانی واتە هەڵسەنگاندن و بەراوردکردن. کەوایە بیرێك هەڵبژێرن کە بەپێی ڕاستی تا هەتاییەوە بێت.

هزرەکانی خۆتان تەرکیز بکەنە سەر ئەو شتانەی کە جوان، چاك و خانەدانی و ڕاستییە. لەو کاتەدا بیرکردنەوەیەکی بەرز و بەبایەختان دەبێت. ئەگەر لە بیرکردنەوەتاندا ترس و دڵەڕاوکێ و پەرێشانی و خەم هەبێت، پیشاندەری ئەوەیە کە پەیڕەوی دەکەن لە ڕاوبۆچوون و ئەندێشەکانی خەڵکانی دییەوە و هێزی تێفکرینی سەربەخۆیانەی خۆتان لە دەست داوە. ملیۆنان مرۆڤ یاسای گیان و یان شێوازی گەڕانی گیانیان لە لەشدا لە بیر کردووە و داویانە دەست بای ڕۆژگار و فەرامۆشاندنەوە. مرۆڤی چوار دەست و پێ هەر ئەو دروستکراوە مەگێزیە (غەریزە)یە کە تەنیا بۆ خواردن و چێژبردن لە لەش دەژی، هەر ئەو مرۆڤە پارەپەرستەیە کە بێجگە ئەوەی کە دەیبینێت، بڕوای پێ نییە و تەنیا ئارەزووی بەرزی ئەو ئەوەیە کە سامان و مالّ و منداڵ بخاتەوە و پارە و کەلاکی دنیایی بە ئامرازی ڕەزامەندی دڵی دەزانێت.

ئەو لە بیری کردووە کە خێروبێرەکانی ڕۆژگار لە ئاسماندایە. لە بواری چەمکی ئاماژە و نموونەییەوە کەسێك کە لەسەر دوو پێ دەڕوات بە ڕێگادا، کەسێکە لاخوازی و ئارەزووی ئاژەڵیانەی خۆی خستووەتە ژێر پێ و لەسەر پێیەکانی خۆیەوە ڕاوەستاوە و لە نێوان کەسانێکدا کە گەیشتوونەتە خۆناسین و گەشەی تەواوی دەروونی، تەنیا کەمینەیەك لەسەر گۆی زەوین هەیە کە پاڵپشتە بە دۆزینەوە و بە سەرۆوەرگرتن لە (منی بەرز)ی.

(سووڕێنەری چارەنووس) کە لە هەندێك لە فاڵنامەکاندا ئاماژەی پێ دەکرێت، ئاماژەیەکە بە چوار گەاڵەی بوونیەت: دەروونی، ئەقاڵانی، سۆزداری و لەش و یان چوار قۆناغی ئایدیایەك: تێگەیشتنی بوونیەت، وەرە و ویست، هەستی ڕاستێتی و دیار و زناك. یان چوار قۆناغی چاندنی تۆو: چاندنی دانەوێاڵە، خۆاڵ، گەوهەری داهێنەرانە و گیا. لە بواری هێمایی و نیشانەییەوە مرۆڤ، شێر، گا و هەاڵۆ چوار نیشانەی جێگیرکراوی سووڕێنەری مانگەکانن واتە گا (سەور)، شێر (ئەسەد)، دووپشك (عەقرەب) و سەتاڵ (دەلۆ). شێر هێمای هێزی دەروونییە و گا نیشانەی کێاڵن و چاندن و چاالکی دەروونی و ئەوەی کە وێنەی ئەندێشەمان لە نەستماندا دەچەسپێنێت. سەتاڵ ئاوگێڕ و سەقایە و ئاو هێمای ڕاستی دەروونی و نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە لە بارەی لاخوازی و ویستی خۆمانەوە دەکەوینە تێفکرین و لە هەمان کاتدا ئاو یان هەستی خۆمان دەپژێنینە سەر ئارمان و کەماڵخوازیماندا. واتە ئێمە لە بیری ئەوەداین کە بگەین بە ویستەکانی

خۆمان و هاوکات بە ئارمانەکەیشمان بـە ئەمـەک بمێنینـەوە. دووپشـک یـان (هەڵۆ) نیشانەی تێرکردنی نەستمانە لە هیوا و خۆزیاکانمان.

دیراسەکردنی ویست و ئاواتەکانمان بکەین

لە هەر مرۆڤێکدا لاخوازییەک بـە گەشـە و پشـکووتن لـە ئارادایـە. ژیـان توانای ئەوەی هەیە هەتا لە ناخەوە کەسەکە خۆی نمایان و ئاشکرا بکات. ویستی هەر تاکێک گرێدراوی ئەم بناوانەیە کە ستایشی جوانی و نموونەیی و ئەوین و پاستی بکات، یان ئەوەی کـە خـۆی بـە مـەزنتر لـەوەی کـە هەیـە، پیشان بدات. شیاوی گوتنە کە ئەمە نیازێکی تەواو ئاسایی و سروشـتییە. بۆ نموونە مۆسیقازان و ئاوازدانەر، پێیـان خۆشـە ئاوازێـک دابنـێن کـە دڵـی هەموو خەڵکی بڕفێنێت و بیانخاتە خۆشی و جۆشوخرۆشەوە. یـان ئاواتێـک کـە هاوپەیوەنـدە لەگـەڵ تەندروسـتی و بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانی و ئاسایشی ئێوەدا، یان هەموو ئەو ویسـتانەی کـە پەیوەنـدی بـە پشـکوتنی ئەندێشە و دەروونی ئێوەوە هەیە. بەڵام ئەمەتان لە پێش چاو بێـت... کـە داخوازییـەکانی ئێـوە هیچـکات نابێـت بەرژەوەنـدی خـەڵکی دیکـە بخاتـە مەترسییەوە، یان بە هەر چەشنێک لە چەشنەکان ئاسایش و هێمنی خەڵکی بخەنە ژێر هەڕەشەوە.

(ئەسڤەدنبۆرگ) دەڵێت: بنەمای دۆزەخ ویستی زاڵبوونە بەسـەر ئـەوانی تردا. کەوایـە بـەردەوام بـە شـێوەیەک هەڵسـوکەوت بکـەن کـە لێبـووردن و بەخشین و چاکەخوازی لە پێش چاو دوور نەخەنەوە. بە هـەر دەسـتێک کـە

بیدەن، هەر بەو دەستە وەریدەگرنەوە. ئەوین و ژیان پێشکەشی ئارەزووە بەرزە چێکارانەکانتان بکەن.

ئەوەی کە دەبێتە هۆی خۆشی و سەرکەوتن و بەختەوەریتان، هەڵگری چاکە و خۆشی خەڵکی دیشە، لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەموومان لەشێکی یەکەین. هەر چەندە خەڵکی شەریك و بەشدار بکەین لە شادی و خێروبێر و خۆشی خۆتاندا، هەر بەو ڕێژەیە لەبەر هەمەکانیشی بەهرەمەند ئەبنەوە. دووبارە دووپاتی دەکەینەوە کە ئەمە مافی سروشتی ئێوەیە کە بەهرەمەند بن لە سامان و پیشە و پلە و ژیانی خۆش و چاك. بەڵام لە هەموو دۆخەکاندا قەت خودا لە بیر مەکەن.

بەختەوەری و ئاسایشی خۆتان لە سیستەم و یاسای دەروونی خۆ داوا بکەن کە هەزاران ڕێ و ڕێبازی هەیە بۆ دەستپێڕاگەیشتن پێی. ئەوەی کە دەتانەوێت لە دەرگای ئەوتان بوێت. مرۆڤ بەپێی گەوهەری خۆی بەخشندەیە. ئەگەر لەم بوارەدا ڕاڕاییەکتان هەیە لەوانەی گرێدراو بێت بە چۆنیەتی ویستەکانتانەوە. ئایا هیچکات لە خۆتان پرسیوە کە دەستەبەربوونی خۆزیا و ئاواتەکانتان لەگەڵ خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییدا هاوتەریبە و ئایا هەڵی ژیان و ئەوین وزەیەکی زۆرتر دەڕەخسێنێت؟

ئەگەر گەنجینەی زەوق و بەهرە و ئەوین و خۆشخوویی و هاوڕێیەتی خۆتان پێشکەش بە خەڵکی بکەن، هەست بە پەشیمانی ناکەن. ئەگەر ئەم ئاواتە لە مێشکتاندا پەروەردە بکەن، کە ببنە دکتۆرێکی کارامە و مامۆستایەکی زانا و داهێنەر و توێژەرێکی لێهاتوو، ئارەزوویەکی مەزن و

مرۆڤانەتان لە خۆدا بار هێناوە. تەنانەت خوارترینی ئەو مرۆڤانەی کە لە گەڕەکە خوارەکاندا پێیان دەگەن، گەلێك تیشکی مرۆڤانەیان لە خۆدا هەیە کە لە کاتی خۆیدا لەوانەیە بیخەنە دیارەوە.

بوودا ئامازە بەم خاڵە دەکات کە لە هەر مرۆڤێکدا، گیرەم پارێزکار بێت و یان دووپوو، دەتوانرێت نیشانەکانی گەورەیی و شکۆیان تێدا بەدی بکرێت.

تێڕوانینمان بۆ ژیان

تێڕوانین پێوەرێکە لە خۆتان هەتانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەتا هاوڕێیانێك کە لە دەوری خۆ کۆتان کردووەتەوە و دۆخی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی پیشەیی و مالّی و بە کورتی هەموو قۆناغەکانی ژیانتان دیاری و ئاشکرا بکات. ئێوە دەتوانن ئەم بازنەیە بە پێکهێنانی لێکدانەوەیەکی بەربڵاوتر لە خۆ و بە پەرەپێدراوترکردنەوەی ئاسۆکانی هزریتان گەورەتر بکەنەوە. دەزانین کە تیرە چوارچێوەی بازنەکەتان دیاری دەکات. تیرەی ئێوە هەڵسەنگاندنی دروست و ڕاستەقینەیە لە خۆتانە.

لە بارەی یاسا و ڕێسای گیانەوە گەیشتوونەتە چ ناسینێك؟ ئێمە هەموومان لە دنیا جۆراوجۆرەکاندا دەژین کە لەسەر بناغەی فێرکردن و بارهێنانی بنەماڵە و ژینگە و بیروبڕوا و هەلومەرجە زەینییەکانی خۆوە چاو لە دنیا دەکەین. بەڵام هەر کەس بە تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە لێی دەڕوانێت. دنیایەك کە ئێمە دەیبینین، هەر ئەو دنیایەی خودی ئێمەیە.

هەر کەسێك لە ئێمە دنیای تایبەت بە خۆی هەیە: دنیای هزر و بڕوا و وێنا زەینییەکان. ئەندازیاری ڕادیۆ فێرمان دەکات کە لەسەر شەپۆلێکی تایبەتییەوە دەتوانرێ بە دوای یەکدا بەرنامە بڵاو بکرێتەوە. بێ ئەوەی کە شەپۆلەکان یەکانگیریان هەبێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوان لە فریکۆنسە جۆراوجۆرەکاندا بڵاو دەبنەوە و منیش دەڵێم کە پەیامە تەلەفۆنییە لە ئەژمارنەهاتووەکان لە سەرانسەری گێتیدا بەهۆی کێبڵی تایبەتییەکانەوە لە چرکەساتێکدا و لەسەر فریکۆنسە جۆراوجۆرەکانەوە دەگۆڕدرێنەوە. بۆ نموونە بنەماڵەی ئێوە لە پێنج ئەندام پێك دێت، بەڵام هەر کەستان بە شێواز و زەوقی تایبەتی خۆ دەژی.

زانایەك گوتوویە کە میلیاردەها ئیلیکترۆن لە لەشماندایە کە هەر یەکەیان تێکەڵەیەکە لە پرۆتۆن و گەردیلە و نافۆك (ئەتوم)گەلی تایبەتی، سەرەڕای ئەوەش هەر نافۆك و یان هەر گەردیلەیەك دنیایەکی تایبەتی و جیاواز پێك دێنێت. جیاوازی نێوان ئاسنجاو و کەرەسەیەکی دیکە ڕادە و ئەندازەی خێرایی ئەو ئەلکترۆنانەیە کە لە دەور نافۆکێکدا دەسووڕێنەوە. چاو لە پارچەیەك زێڕ یان نیکل بکەن، کاتێك کە لە بواری زانستییەوە دەیخەینە ژێر شیکاری و تاقیکردنەوە، دەبینین کە ئیدی شێوازی وشکی و مەیوییان نییە، بەڵکو لە ملیاردەها گەردیلەیەك پێکهاتوون کە هەر یەکەیان دنیای تایبەت بە خۆیان هەیە.

پزیشکەکان دەزانن کە ئەو خانانەی چاوی مرۆڤ چێ دەکەن، لەگەڵ خانەکانی چێکەری پێشە و ئێسقانەکان و خانەکانی دڵ و خانەکانی

ڕیخۆڵەکاندا جیاوازییان هەیە. هەر خانەیەک بەپێی سروشتی تایبەت بە خۆی کار دەکات و هەر یەکە و دنیایەکی هەیە. بۆ نموونە، خانەکانی سی ئێوە ئەو توانستەیان نییە بە جێگای خانەکانی جگەر، دڵ، یان دەزگای هەرسکەر، ئەرك بەڕێوەبەرن.

دڵ کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە ناڤۆك و گەردیلەکانە کە لە ڕاستیدا پێکهاتووە لە شەپۆلە ڕووناکییەکان. هەنگێ، هەموو کەس خاوەنی پەیکەرێکی دیکەیە جیاواز لەوەی کە لە پەیکەرەی خۆی، دەیناسێت. و ئەمەش هەر ئەوەیە کە بە زارەکی پێی دەڵێن لەشی خۆشتەبیعەت یان پەیکەری ڕەهەندی چوارەم و یان پەیکەری بەرز و هەڵبژێردراو، واتە ئێوە دەتوانن لەشە گۆشتییەکەی خۆتان جێ بهێڵن و لە هەر گۆشەیەکی ئەم دنیایەدا دەربکەون. ئێوە لە دنیای هەمیشەییشدا خاوەنی پەیکەرەیەك دەبن و هەرگیز بەبێ جەستە نامێننەوە، لەبەر ئەوەی بۆ دەرکەوتنی گیان (بایەخ) پێویستیمان بە تەنە.

هەر یەکێك لە ئێمە تیشکی بڕوا و باوەڕەکان و هەستیاری و بارودۆخی سۆزداری خۆی پێشکەش دەکات بە خەڵکی و بە ڕووداو و کارەساتەکان. دوو ژن چاویان دەکەوێت بە پیاوێکی مەست کە کەوتووەتە جۆگەلەیەکی ئاوەوە، بەڵام ڕێچکەی هزری ئەوانە کە تێڕوانینەکانیان دەنەخشێنێت. یەکێکیان دڵی لە حاڵی ئەو بەدبەختەدا دەسووتێت. ئەو لەو بڕوایەدایە کە خودا لە بوونیەتی ئەودایە و ڕێگای دربازبوونی ئەو لەمەدایە. بەڵام ئەوی دیکەیان دەڵێت: "بە جێگای ئەوەی کە بێچووە بەرازە هێندییەکان بخەنە

ژێر تاقیکارییەوە، چاکتر وایە کە ئەم جۆرە مرۆڤانە ببەنە تاقیکاری و لە سەریانەوە شوێنی تاقیکاری و لە سەریانەوە تاقیکاری پزیشکی ئەنجام بدەن." ئەو سووکایەتی بەم پیاوە دەکات. هەر دووکیان ئەم پیاوە چاو لێ دەکەن، بەڵام هەر کامەیان بە پوانگەیەکی جیاواز لێی دەپوانن. کەوایە ئێمە تیشکی بزوێنەرییەکان و سرشت و خوو و هەڵومەرجی خودی خۆمان دەهاوێژینە سەر خەڵکیدا.

گریمانە بکەن کە ئێوە ئاواتتان هەیە کە ببنە گۆرانیبێژێك کە دڵی ملیۆنان بیسەر لە گۆرانییە دڵڕفێنەکەی بهێنێتە لەرزین، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە دەنگێکی گەرمیش کە هەتانە لە ئامادەبوون لە بەرانبەر خەڵکەوە تووشی دڵەڕاوکەن و تۆقیون. بۆ ئەوەی کە ئاواتەکەتان بە کردەوە دەربهێنن، دوو یان سێ جار لە پۆژدا لە گەڕێ و گیرانی لەش و گیانی خۆتان کەم بکەنەوە و بزوێنەرییەکان و چالاکییەکانتان بگەیەننە لووتکە و ئەوکات هۆڵێك بهێننە پێش چاو کە بۆ هۆگرانی خۆتان بە دەنگێکی گەرم و بەسۆز خەریکی گۆرانیگوتنن. ئەمە بە واتای هەستێکی سروشتی وەرگرن و یان یەکێك لە ئازیزانتان لە بەرچاو بگرن کە ئەم سەرکەوتنە و ئەم توانا و بەهرەیەتان پیرۆزبایی پێ دەڵێت.

هەر لەو کاتەدا کە پۆچوونەتە ئەم تێهزرینەی خۆوە، چرکەساتێك دەگات کە هەست دەکەن کە ئەم دۆخە دەروونییە لە نەستتاندا جێگیر دەبێت و هەموو ئەو خوو و خدە و خەسڵەتانەی کە تێیاتاندا بوو، و مەنگ و بێهوودە ڕاتانگرتبوون، زیندوو دەبنەوە و دەکەونە جووڵان. ئەمە لە بیر

مەکـەن کـە کۆتـەڵ (ئەبوولهـەول) لـە بوونیـەتی خۆتاندایـە و هـەموو تەوەرەکانی لە پێناو ئـەم کۆتەڵـە و ئـەم نێوەندێتییـەدا تووشـی گـۆڕان و نۆژەنبـوون دەبنـەوە و هـەر نامەرجییـەك مـەرجی دەبێتـەوە و ئـەوکات تێدەگەن کە ئێوە بوونەتـە ئـەو کەسـەی کـە هـەر ئاواتێکتـان هـەبێت، بـە کردەوە دەردێت. کەوایە بەم وێنـا زەینییـە بـە ئەمـەك بـن هـەتا شـادمانی داواکەتان کە جێ دەگرێت، لە قوواڵایی ناخەوە هەستی پێ بکەن.

* * *

گرێدەرەکانی ئەوین

مرۆڤی ناچارییەکی بۆ خۆشویستن و دڵۆڤانێتی نییە، بەڵام لەم بـوارەدا خاوەنی ئازادی تەواوە. ئەوین شادییەخش و هەڵبژاردەیە و ئەمە بە دەست خۆمانـە کـە قـەبوولّی بکـەین یـان بیدەینـە دواوە. ئـەوین هیچـکات خـۆی ناسەپێنێت. ئەگەر ئێمە ئازارەکەمان نەناسیبێت، شادمانی دواییەکەی بـە چ شـێوەیەك دەچـێژین و ئـەزموون دەکـەین؟ ئـەوین دەبێـت بـە ئـازادی تەواوەوە پێشکەش بکرێت. خۆشەویستییەك لـە ڕووی بەرژەوەنـدی و یـان بـەپێی پێویسـتی و ڕواڵـەتی بێـت، خۆشەویسـتی نییـە. کاتێـك کـە ئەندێشـەکانی ئێمـە لەگـەڵ (بێسـنووری)دا هاوتەریبـە ئـەبێت، ژینگـە و خولگەیەکی تەواو پێك دێنێت و لە ناخماندا زریان هەڵدەکات.

کاتێك كه هزره نەرێنییەكان هێرش دەهێننە مێشكمانەوە: بۆ نموونە ئیزنی ڕەخنەی ڕووخێنەر و یان ئێرەییبردن لە خۆدا دەدەین و یان سەبارەت بە خۆ و خەڵك هەست بە ڕقلێبوونەوە دەكەین، خۆمان لە بازنەی چاكە و خۆشی بەری و جیا دەكەینەوە.

چارەی هەموو ئازارەكان و ڕێگای چارەسەری هەموو كێشەكان تێگەیشتن لەم دەقەیە كە ناوەندی گشتیبوون لە خودی كەسدایە. ئێمە بە هێمنی بەخشین بە گیانی خۆمان، وردە وردە بەم خاڵە دەگەین كە هەموو هێز و وزەی پێویست بۆ زاڵبوون بەسەر هەر هەلومەرجێكی نالەباردا، لە خودی خۆماندایە. پیل (باتری)یەك بەهۆی پەیوەندی جەمسەرە ئەرێنی و نەرێنییەكانیەوە، خولگەیەكی وزەبەرهەمهێن پێك دێنێت. دواهاتی هاوشێوە كاتێك ڕوو دەدات كە تێهەزرین و تێڕامانمان هەبێت. بیركردنەوەكانمان دەبێت بەرهەمی وزە بێت، واتە لەگەڵ ئەوین و بزووتندا تێكەڵ بێت. بە واتایەكی دیكە، ئێمە دەبوو خۆمان لەگەڵ ئاوات و ئامانجی خۆماندا بكردایەتە یەك و لەم دۆخەی خۆماندا لە ڕاستیبوون لە خۆماندا تێبگەین. ئەمەیە جەمسەرگری ئەندێشە و سووڕێنەری لە سووڕێنی ژیاندا.

ئێستا لە بارەی باس لەسەر زەمەنەوە هەندێك بپەیڤین. ڕۆژ چییە؟ مانگ و ساڵ چی و ژیان چییە و هەزاران ژیان كامەیە؟ زەمەن بۆ كەسانێك لە سووڕان دەوەستێت كە لە ناخی خۆدا ڕوو دەهێننە (تا هەتایی) هەتا ئاوەز و هۆش و هێز و مەزنی و شكۆ بە دەست بهێننەوە. (من)ی پیرۆزی ئێمە لە قوواڵایی بوونیەتدا، بنەچەیەتی بوونمان بیر دەخاتەوە. ئامانج و

مەبەستی ئێمە لە ژیاندا پیرۆزکردنی گەورەکردنەوە و پەرەپێدان و بە گرانزانینی ئەم خاڵەیە و پەیڕەویکردن لەم هەستەوە هەتا تروسکەکەی بکرێتە ڕووناکییەک و سەرتاپای بوونمان لە خۆیدا ڕوون بکاتەوە.

نەست، نوستن و بەخەبەربوون ناناسێ و لە هەموو دۆخێکدا چاودێریکارمانە و لە ڕاستیدا کۆیلەی گوێبەفەرمانی هەستی ڕوونە. زۆربەی کات ئەمە خودی خۆمانین کە بە بۆچوونە نەرێنییەکانی خۆمان لە پلە و متمانەی کەم دەکەینەوە، بەڵام ئەمە لە ئەستۆی ئێمەدایە کە بە هەزری ئەرێنی و ڕوون و چێکەری خۆمان پاکوخاوێنی بکەین.

لە ئینجیلدا کاتێک کە دەوترێت: "ژنان، پەیڕەوی مێردەکانتان بن." ئاماژەیە بەوە کە هاوسەر نەستە و شوویش هەستی ڕووناک. هەر وەها کە دەزانین لە بواری دەروونناسییەوە نەست پەیڕەویکار و شوێنکەوتەی هەستی ڕووناکە. ڕاڕاییەک نییە کە ئەم پرسە لە پەیوەندی تایبەتی هاوسەریدا گەڵاڵە نابێت، لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەموو پەیڕەوکاری بناوانی نێرینە و مێینەین.

شەوانە، نەست زاڵە و بە پەیڕەوی لە دۆخی دەروونی کەسەکە لە کاتی خەوتندا، ئەگەر هزرتان چاک و خۆش بێت، خەوێکی شیرین و دڵخەزینتان دەبێت و ئەگەر ناڕازی و تووڕە چووبنە خەوەوە، خەونێکی ئاڵۆزتان دەبێت. لەم بابەتە تایبەتییەدا، نەست بە سانایی بیرتان دەهێنێتەوە کە هەڵسوکەوتێکی نەگرساو و ناشیانەتان بووە و تەنانەت هەوڵی ئەوە دەدات

که به ئاگاتان بێنێتەوە و ڕێنوێنیتان بکات و ئەوەی کە پێی دروستە و ئاراستەکەرە، پێتان بڵێت.

بە سەرڕێڕکردنی گیانتان لە ڕاستی تا هەتایی و لێوانلێوکردنی لە ئاواتەکانی هێمنی و یەکسانی و کردەی چاکە و چاکەخوازی، دەتوانن هەتا هەر چەشنە گومان و دوودڵی و ترس و پەرێشانی و دۆخە نەرێنییەکانی دیکە کە سەرچاوەگرتوو لە هەڵەکانی ڕابردوو و وەهم و خورافەیە، لە دڵتاندا بسڕنەوە. نەستتان توانایە تا لە کاتی خەوێشدا چاودێرتان بێت و هۆشی پێتانەوە بێت. بۆ نموونە ئەگەر لە نەخۆشییەکی تایبەتی دەترسن، نەستتان دەتوانێت ترسەکەتان لە خەودا بێنێتە بەرچاوتان. بۆ وێنە ئێمە لە نەخۆشخانەیەکدا پیشان بدات کە دکتۆر و پەرستیارەکان دەورتانیان گرتووە. ئەمە بزانن کە چارەنووسی لە پێش نووسراو لە ئارادا نییە. ئەم خەیاڵە تەنیا دەتوانێت بکەوێتە بەر لێکدانەوە و شیکردنەوەوە. نەست تەنیا دەکەوێتە داسەکاندن و ئەنجامگیری و لە ترسی نەخۆشییەکە سەرئەنجام وەردەگرێت و هۆشدارتان پێ دەدات و ئێوەش گۆڕانێك لەو خەیاڵەدا پێك دێنن و بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی هۆش و ئاوەزی گەوهەری ترسە خەیاڵییەکە پووچەڵ دەکەنەوە. کەوایە لە کاتی خەوتندا دەروونتان لە ڕاستی سەرڕێڕ بکەن کە نەست بتوانێت سەبارەت بەوە دڕکردەوەی ئەرێنی پیشان بدات.

بەشی حەوتەم

هێمنی

کاتێك كە ئێمە گەیشتینە سەنیگاپوور كە بە (چوارپێیانی پۆژهەڵات) ناوی دەبەن، پێنماكەمان بردینی بۆ سەیری كەنارە جوانەكانی ئەم شارە و پەرستگە سەرسامكەرەكانی لە (شیاناتاون) و لە باخی(تایگربالم) و (یانەی بەردەئاقێقی كەسكی) و خستینیە تێڕامانێكی زۆرتر‌ەوە لە دۆخی ئەم شارە كە تێكەڵەیەكی سەیر لە، ڕەگەزەكان و كلتوورەكان بوو.

لەو هەرێمەدا گوندگەلێكی زۆر لە بەرچاو دیار بوون كە بە مەزنییەكی تەواوەوە لە نێوان دارگوێزە هێندی (نارگیل)ەكاندا خۆیان پیشان دەدا و كرێكارانی مالایایی و چینی و هێندی لە كێڵگەكانیدا خەریكی كار بوون. (یانەی بەردە ئاقێقی كەسك)مان بینی و لەو هەمووە تابلوە ئاقێق و بەردە ئاقێقە، كە لە هەموو دنیادا وێنەی بە دەست نایەت، سەرمان سوڕما.

ڕووباری سەنیگاپوور دیمەنێكی زۆر دڵڕفێنی هەیە و هەمە چەشن و شێوەیەكی بەلەم و گەمیە و قایقەكان و كەلەكەكان لێك دەئاڵێن، و كۆڵهەڵگرەكانیش كۆڵەكانیان دەخەنە سەر ئەو دارەی كە نیاویانەتە سەر

شـــانه ڕووتەوەبووەکانیانـــەوە وەدەیگوێزنـــەوە. کاتێـــک لـــە بەنـــداوی سەنیگاپووردا مـژوولّی سـەیر و گەشـت بـووین، هـەلم قۆزتـەوە هـەتا گـوێ بدەینـە وتـەی ئـەو پیرەمێـردە و کوڕەکـەی کـە بەلەمەکـەیان ڕێنـوێنی دەکردن. ئەوان بە دەم سەوڵڵێدانەوە، قورئانیان دەخوێند و هـەر دووکیـان چـووبوونە دۆخێکـەوە کـە دەتگـوت چـوونەتە حاڵـەتی خـەو و بێـداری و جەزبەوە، لەو کاتەشدا بۆ چرکەساتێك دەستیان لە پەرستن هەڵنەدەگرت.

ڕێنماکەمان بنەمای دەروونی تەواو دەناسی. ئەو بۆی باس کردین کە لە نیشتمانی ئەودا هێندوستان، چەوسانەوە و نایەکسانی و ناپاکی و گەندەڵی زۆر باوە و گەلەکـەی سـەردەمانێکە لـەم بـوارەوە ئـازار دەچـێژێت. وێـڕای ئەوەش کاتێك کە کچێکی بچووك بـەهۆی چـوون بـۆ خوێندنگـە کەوتـە بـەر ئازارونەزیـەت، خـەڵك تـووڕە بـوون و هەڵچـوون و ڕامیارەوانـەکانی خۆیـان سەرکۆنە کرد و ئەوانیان دوور کردەوە و نەیانویستن.

لە سەرۆوەرگرتن لـە پـەندە بەناوبانگـەی کـە دەڵێـت: "کیسـەڵ کاتێـك دەتوانێـت بڕواتـە پێشـەوە کـە ملـی لـە قـوڵاخ بێنێتـە دەرەوە." بـاوکی ڕێنوێنیکارمان یەکەمین کەسێك بـوو کـە "ملـی لـە قـوڵاخ هێنـا دەرەوە" و ئەمە ڕێك هاوکات بـوو لەگـەڵ سـەرهەڵدان و شـۆڕش و تـووڕەیی گەلـدا لـە بەرانبـەر خراپـەکاری و گەنـدەڵی شـەرمهێنەر و هێـز و کارتێکـەری ڕوو لـە زیادی ڕۆژانەی ماڵە بەدنێوەکاندا دەستی پێ کردبوو.

ئەمەم بەم هۆیەوە هێناوە هەتا بـزانن کـە لـەو دۆخ و حاڵـەدا کەسـانێك هاوچەشنی ئـەو ڕێنمایـە دەسـت دەکـەوتن کـە لەبـەر ئـەوەی هەلومـەرج و

کاتەکەی بۆ درێژەی ژیان لە نیشتمانەکەیدا بە یاریدەدەر نەدەبینی، ڕێگایەکی دیکەیان گرتە پێش، بەم بڕیارە کە: "من دەچم بۆ گەشت و سەیران و زمان فێر دەبم و دەچمە زانستگاوە." وەڵامی نەبەزیو و بتەوی ئەم جۆرە کەسانە، نەستیان دەخاتە ژێر کاریگەری و ڕێیان بۆ دەکاتەوە. ئەم پیاوە ئاوات و ویستەکانی دڵی دەستەبەرکرد و سەرئەنجام ئەو هێمنی و پاکییەی کە بۆی دەگەڕا، پێی گەیشت.

لە ناقایلبوون، قایلبوون و خۆشی بەرهەم دێت.

نووسەری ئەم ڕستانەش لە خوێندنی هەڕەتی منداڵی و گەنجێتی هیچکات هەستی بە قایلبوون نەدەکرد، هەتا ئەوەی کە کار گەیشتە ئەو جێگایەی کە دژ بە فێربووەکانی خۆی ئاڵای هەڵچوونی هەڵ کرد. بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێیان فێر کردبوو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە بابەت باسەکانی گیان و خودەوە، تا ئەو جێگایەی کە هەنووکە کتێبە بڵاوکراوەکان لە لایەن ئەوەوە دەگاتە ٣٢ بەرگ و ملیۆنان بەرگیشی بە زمانە جۆراوجۆرەکان لە گۆشە و کەنارەکانی جیهاندا بڵاو کراوەتەوە و ڕێوڕەسمی ژیانی فێری خوێنەرەکانی کردووە.

بەڵێ، گەلێك جار بەرژەوەندی لەوەدایە کە بکەوینە بەر بێڕێزییێکران و تەنانەت سووکایەتی و سزاشمان بدرێت، هەتا بتوانین بە چەشنێکی چێکارانە کار بکەین و بە جدییەتەوە پێ بنێینە گۆڕەپانی خەباتی ژیانەوە و لە شێوازی هزری و وەرگرتنی خۆمان شێوەیەکی نوێ پێك بێنین. لەبەر

ئەوەی کە لەو کاتەدایە کە هێمنی و قایلی دەروونی خۆمان بە دەست دێنین.

دکتۆر (هاری گین) کە کۆمەڵێك کتێبی جۆراوجۆری لە بابەت زانستی دەروونەوە داڕشتووە، دەیگوت کە من لەو کۆڕ و کۆنفڕانسانەی کە ڕێکیان دەخەم لە لایەن ئامادەبووانەوە دەکەومە ژێر پرسیارگەلێکی زۆرەوە لە بارەی مردن و ژیان و زیندووبوونەوەی دوای مردن و هتدەوە. ئەو بە سەرۆگرتن لەم وتووێژانە کتێبێکی لە ژێر ناوی (ئێوە تا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە) کە پێشوازییەکی بێوێنەی لێ کرا. ئەو دەیگوت کە نووسینی ئەم کتێبە بوو بەهۆی ئەوەی کە هەتا خۆیشی لە ئەو دڵەڕاوکێ و ترسانەی کە لەم بابەتەوە گەلێك جار یەخەی دەگرتەوە، ڕزگار بێت و بەم ڕاستییە بگات کە مردنێك لە ئارادا نییە و هەر چی هەیە ژیانە و هەر ئەم چەشنە بیرکردنەوە هێمنی پێ بەخشیبوو.

* * *

هەندێك کات لە وتارخوێندنەوەکانمدا، ڕاستیگەلێك لە دنیای خودیەت شرۆڤە دەکەم کە دەکەومە بەر دەنگهەڵبڕینی دەستەیەك لەو کەسانەی کە، بڕوایان پێی نییە. لە بنەڕەتدا هەندێك لە خەڵك خوویان گرتووە کە لەگەڵ بیری بنجبڕ و مەیۆی خۆیاندا بژین و ئالوودەی بوون و ئامادە نین لە بارەی ڕاوبۆچوونی خەڵکی دیکەوە هێندێك زەحمەتی تێفکرین و تێڕامان بە

خۆ بدەن. بەڵام گرووپێکی دی دەست دەکەن بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و ئەمانەن کە ماوەیەک دوای دۆزینەوەی ناخی خۆیان بە خۆشحاڵییەوە هەواڵم پێ دەدەن کە ئەوەی کە گوتوومە ڕاست بووە و ئەوانیش لە گەشتوگەڕانێك کە لە دنیای دەروونداً ئەنجامیان داوە، گەیشتوونەتە سنوورە نەناسراوەکان و هاوکاتیش سەیر کە ژیانیان ڕەنگێکی دی بە خۆوە گرتووە و بە ئاشکرا هەستی شادمانییان دەردەبڕی کە تازە لە واتا و چەمکی ژیان و مەسەلە و دەقە پەیوەندیدارەکانی تێگەیون.

لە ڕاستیدا، زۆربەی خەڵك پێویستیان بەوەیە تا بە چەشنێك دەستیان بگاتە ناسینی خۆ و بە جۆرێك خۆ لە کارتێکەری پڕوپاگاندای ڕاگەیەنەرە گرووپییەکان و فێرکردنە سڕکەرەکان و بڕوا هەڵەکان بکێشنە دەرەوە و ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە و بگەن بە یەکێك لە ئامانجە گرنگەکانی ژیان کە هەر ئەو پێکهێنانی هێمنییەیە، لە ناخدا.

دەرمانە هێورکەرەوەکان، هێورکەرەوە نابن

یەکێك لە ئەستێرە لاوەکانی سینەما بە دەنگێکی دڵەڕاوکەییەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی کە فالگرەوەیەك بە بینینی نێو لەپم هەواڵی پێ داوم کە کەسێك خەریکە دژبەریم دەکات و بە چێکردنی پەیکەرەیەکی مۆمی لە من دەیەوێت لە نێوم بەرێت. هاوکات فالگرەکە بەو هونەرمەندەی گوتبوو کە ئەگەر ١٠٠ دۆلاری بداتێ دەتوانێت کاریگەری سێحرەکەی بەتاڵ بکاتەوە. ئەو ئەستێرەشە پارەکەی دابووپێ، بەڵام دۆخی بەردەوام بەرەو

خراپی دەڕۆیی و دکتۆرە چارەسەرکەکەشی دەرمانی هێورکەرەوەی بەهێزی بۆ نووسیبوو، بەڵام ئەوەش بێکاریگەری بوو.

بەو ژنە گەنجەم گوت کە لەم جۆرە هەلومەرجانەدا هۆی ئازارەکە دەبێت لە نێو بچێت. هاوکات دڵنیام کردەوە کە سێحر و ئەفسوونی کەسانی دی و تەنانەت تەڵقین و فەرمانی ئەوانە هیچکات کاریگەری لەسەر کەسێك نابێت، مەگەر ئەوەی کە خودی کەسەکە خۆی بیەوێت، لەبەر ئەوەی کە بەهێزتر لە هێزی هزر شتێك لە گۆڕێدا نییە. بەڵام ئەم هێزە لەوانەیە تووشی لاوازی ببێت وەکوو ئەم بابەتە بکەوێتە ژێر کاریگەری پێگوتنەکانی ئەو ناو لەپ بینەوە و ئەو نەخۆشی و بەڵایەی دوایی کە یەخەی گرتووە، سەرچاوەگرتوو لەم کارەوەیە.

خاتوونی ناوبراو بە لە سەرەخۆ بەم خاڵە گەیشت کە ئەو هێزە بێسنوورەی کە لە ناخی هەر کەسێکدایە، توانایە هەر ئەندێشەیەکی نەرێنی و وێرانکار بداتە دواوەوە و لە زەین دەریبکات و ئایدیا و ئاواتی شادمانی و هیوا و یەکسانی دابنێتە جێگاکەی. کاتێك کە ئەو توانی بە قوولّی لە چەمکی وتەکانی من بگات خۆی دانی نا بەوەدا کە هەر پەرێشانی و دڵەڕاوکەیەك لە وجوودی چووەتە دەرەوە. تەنانەت بۆ ئەو ناولەپبیینەی کە مەبەستی تەڵەکە و کلّاولەسەرنانی هەبوو، داوا و ئاواتی خێری بۆ خواست هەتا بەم شێوەیە هیچ ڕق و قینێکی لە هاوچەشنەکەی خۆی لە دڵدا نەمێنێ. بەتایبەتی تازە تێگەیشتبوو کە ئەو ناولەپبیینە و کەسانی چۆن ئەو کەسانێکی لاوازن کە کارێکیان لە دەست نایەت و ئەو ئەستێرە

گەنج و جوانە هەتا ئەو جێگای کە من لە بیرمە هیچکات قەرەی مادەی سڕکەر و هێورکەرەوە نەکەوت و یەکسەر خۆی سپاردە دەست هۆش و ئاوەزی شاراوە لە ناخ و گەوهەری خۆیدا.

ڕۆژێك خاتوونێکی بەتەمەن هات بۆ لام بۆ پرس و ڕاوێژ. بەو شێوەی کە خۆی دەیگوت دەمێکە لە تاو پەنامی جومگەیدا ئازاری چێشتووە و دکتۆرەکانی چارەسەرکاری پێی دەڵێن کە دەبێت لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا بساچێت و چارەیەکی جگە لەم کارە نییە، و ئەم ژنە بێچارەیە ڕۆژانە ١٢ تا ١٤ حەبی ئاسپرینی دەخوارد و لەبەر ئەوەی کە ئازارەکەی سارێژایی نەدەهات و کەم نەدەبووەوە، ناچار بوو ڕوو بکاتە حەبی (کدوئین)ی. دەورووبەرەکەی دڵداریان دەدایەوە و دەیانگوت کە دەبێت لەبەر ئازارەکەی تاقەت بهێنێت چۆن ئیزنی خودا لەسەر ئەم کارەوەیە.

لە لایەکەوە ئازاریش دەتوانرێت بە چاك ناو لێ بنرێ، لەبەر ئەوەی کە سەرنجمان دەخاتە سەر نێوەندی نەخۆشییەکە، هەتا بەو شێوەیە بە خێراترین کات بکەوینە چێکردنی شوێنی خەوشدار و دەست بکەین بە چارەسەرکردنی. بەڵام ئەم ژنە درۆیەکی قەبوڵ کردبوو و خۆی دابووە دەست چارەنووسی خۆوە تا ئەو جێگایەی کە ئازارەکانی تاقەتیان بڕی و ئەو کاتە بڕیاری دا هەتا لە هێزی بە توانای دەروونی خۆی داوای یاری بکات.

من لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵیدا ئەم سەرەداوە گەورەم دۆزیەوە کە ئەم ژنە بێچارە ڕق و بێزارییەکی قوواڵی سەبارەت بە هاوسەرە کۆنەکەی و

دایکی لە دڵدایە و ئەم ڕقوکینەیە دەروون و گیانی ژاراوی کردبوو. ئەم جارەیان لەسەر داوای من بڕیار وا بوو کە ڕۆژێ سێ کەڕەت ئەویش ١٥هەتا ٢٠ خولەك دەست بکات بە پڕۆفەی دەروونی و ئەم ڕستەیە لە زەین و بەرهەستی خۆیدا جێگیر بکات کە: خودا دیاردەی ئەوین و دڵۆڤانییە و هەر ئەم عەشقەیە کە گیانم لە خۆی سەرڕێژ دەکات. من هیوادارم بە لوتفی و سارێژایی خۆم لەو دەوێت. هەر جارەیەك کە دەکەوتە بیری هاوسەرە کۆنەکەی و دایکی، وڕقی ئەوان لە وجوودیدا شۆڵەی دەئەستاند، دووبارە داوای یارمەتی لە خودا دەکردەوە: "عەشقی بەدیهێنەر لە بەری گرتووم." و هەر ئەم ئایدیایە هەر چەشنە هەستێکی تووڕەیی و ڕق و بێزاری تیایدا لە نێو دەبرد.

ڕێك لە دوای سێ مانگ، جومگەکان و پەیوەندەرەکانی جەستەی نەرم بوونەوە تا ئەو ڕادەیەی کە توانی بەبێ گۆچان بەڕێوە بچێت. ئیدی هیچ ئازارێکی نەبوو. پێشووتر بە چەندەها جار هەوڵی دابوو کە هاوسەر و دایکی هاوسەرەکی ببوورێت، بەڵام سەرنەکەوتبوو. بەڵام کاتێك کە توانی بەرهەستی خۆی لەگەڵ ئەو عەشق و هێمنی و نۆرمبوونەدا گرێ بدات، هێزی ئەم ئەوینە پاکوبێگەرد و سەروە هەموو بنکەوتی ئاهەکی جومگەکانی دەس و پێکانیان چارەسەر کرد و بە نەمانی ئەوانە ئازاریش جەستەی ئازاردیتووی جێ هێشت و تەندروستی بۆ گەڕایەوە. کاتێك وەکوو بوونیەتێك دەروونی لە خۆی تێگەیشت و ئەوین لە بوونیەتیدا کەوتە گەڕ، هەستی کرد، هەموو ڕق و بێزاری و دژایەتییەکی کە لە خۆی و سرشتی

رۆژگاری هەبووە سڕاوەتەوە و لە نێو چووە و جێگای خۆی داوەتە سازان و ئاشتی و پاکی. لەوە بەدوا، بێ ئەوەی کە بە ڕق و قینەوە دژبەرە کۆنەکانی بیر بکەوێتەوە، ئەوانی بە دڵۆڤانی و پاکییەوە ڕێ دەکردە زەینی خۆی. مۆسیقازانێك ماوەیەکی پێش پێی گوتم:

من پێش دەستپێکردنی کۆنسێرت زۆر دەوروژم، و سەیر لەوەدایە ئەگەر بتوانم خۆ هێور بکەمەوە، ناتوانم بە چاکی مۆسیقا لێبدەم.

دوایی بۆی باس کردم کە یەکێك لە هاوڕێیانی پێشنیاری پێ کردووە کە پێش دەستپێکی کۆنسێرتەکە کەڵك لە حەبە هێورکەرەوەکان وەرگرێت و ئەویش ئەم کارەی کردبوو تا لە هەڵچوونە دەمارییەکەی کەم بکاتەوە، بەڵام نەتەنیا ئاکامێکی بە دەست نەهێنابوو، بەڵکو جێبەجێکردنی کارەکەشی لاواز بووبوو و بە کورتی بە ئەزموون ئەمەی بە دەست هێنابوو کە ئەم هەڵچوونە دەروونییە بۆ هونەر و مۆسیقاکەی خاوەن گرینگیەکی تایبەتە. ئەو دەیگوت:

هەنووکە من هەر بەو شێوەیەی کە کاتژمێرەکەم کۆك دەکەم، هەر بەو شێوەیەش کشانی دەمار دەکەم. تەنیا هۆشم هەیە کە لە پادەبەدەر کاتژمێرەکەم کۆك نەکەم کە فەنەرەکەی بشکێت.

ئەم مۆسیقازانە مرۆڤێکی زۆر زۆر بە ئاوەز بوو. دۆخی جەستەیی و دەروونی خۆی لەگەڵ فەنەری کاتژمێردا هەڵدەسەنگاند کە چۆنچۆنی بەم شێوەیە گرژی و ئاڵۆزی دەماری خۆی لە جەستە دەکاتە دەرەوە. ئەو لەم بابەتە تێگەیشبوو کە دەرمانە هێورکەرەوەکان و حەبە ئازارشکێنەکان

نەتەنیا پەنگدانەوەیەکی ئەرێنییان نییە، بەڵکو یەکسانی دەروونیش تێك دەدەن. وروژانی لە پادەبەدەری ئەو گرینگییەکی وەهای نەبوو و تەنیا تۆزقالێك کەڵەکەبوونی وزە بوو کە دەرفەتی پێدەدا هەتا مەزنی و هێزی بەندکراو لە دەروونیدا ئازاد بکات. لە پاستیدا ئەم پیاوە زاڵ بوو بەسەر گرژی و هەڵچوونی خۆیدا و ئەوەی لەبۆ لایەنی بەرزی هونەرەکەی بە کار دەهێنا. و بەم شێوە بۆ خۆی هێوری و یەکسانی پێویستی دەستەبەر دەکرد.

* * *

خوێندکارێکی گەنج کە لە بەشی پزیشکیدا دەیخوێند، بۆی باس کردم کە لە ساڵەکانی سەرەتایدا کە لە زانکۆ خەریکی وانەخوێندن بوو، بە پادەیەك پڕی لە دایك و بابی دەبۆوە کە وێنەکەیانی لکاندبووە سەر کیسەچەوی تایبەت بە مشتوەشاندن و هەر پۆژە بە ماوەی نیوکاتژمێر بە دەستکێش بۆکسێن دەیکوتا پێیاندا تا داخی دڵی هەڵڕژێ.

ئەو پێی گوتم کە بەم شێوەیە تووپەی قوورتدراوی خۆی سەرکوت دەکرد هەتا لە لای دایك و بابیەوە نەتەقێتەوە، و ئەوان سەرنجیان نەچێتە سەر هەستەکەی سەبارەت بە خۆیان. بەڵام من بۆم پوون کردەوە کە بە هەر پادەیەك کە تووپەیی و بێزاری خۆی سەبارەت بە خۆشەویستانی خۆی دەربېڕێت و بە مشت بکوتێتە وێنەکەیاندا، زۆرتر هەستی ئاڵۆزکاوی دەکات

و بە هەمان پادەش گرژییە نەرێنییەکان لە خۆیدا پەروەردە دەکات. ئەگەر ئەم کارە ڕاست بێت کە بۆ دەربازبوون لە هەستی دژبەری و تووڕەیی و بێزاری دەبێت بە چەشنێکی دەریببڕین و بە زمانێکی ساناتر لە خۆماندا ڕاینەگرین. لەم حاڵەتەشدا پێچەوانەی ڕووداوەکەش ڕاستە: واتە بۆ ڕزگاربوون لە هەستی ئەوین و هێوری و دڵۆڤانی و چاکەخوازی دەبێت بهێنرێتە زماندا، بەم پێیە بە هەستیارییەکانی خۆمان زیاد دەکەین و بە وتەیەکی تر هەر ڕادەیەک هەستی خۆمان دەربخەین، هەر بەو ڕادەیەش پێی زیاد دەکەین. هەر ڕادەیەک لەگەڵ خەڵکیدا هەڵسوکەوتی بە ئاوەزانە و هۆشیارانەمان ببێت، هەر بەو ڕادەیە بەهرەمەند دەبین لە هۆش و ئاوەز.

ئەگەر کەسێک کە لە تووڕەییدا ئاگای لە خۆ نییە و گیان و دڵی خۆی پڕ کردووە لە بێزاری و ڕق، پێی بڵێین کە چاکترین ڕێگا ئازادکردن و هەڵادانیەتی، لە ڕاستیدا ڕێگایەکی شەیتانی و لاڕێیانەمان پێی پیشان داوە. لە ڕاستیدا ئەو بە جێبەجێکردنی ئەم کارە، ئەوین و هێمنی و یەکسانی و ساچان و ئاشتەوایی و هێزی دیاریکردن لە خۆدا ناهێڵێت و لە نێوی دەبات. لە حاڵەتی درێژەدانیدا، هەڵچوونە ئامادەپێکراوەکان لە بەرهەستی ئەودا دەگاتە خاڵی تێری و کارەکەی تێک دەدات. من پێشنیارم بەو خوێندکارە گەنجە کرد کە دایک و بابی ببەخشێت و هەر جارەی کە بیریان لێ دەکاتەوە، لە چاکەخوازییان کەم نەهێنێت. ئەو ئەم کارەی کرد هەتا توانی دوای ماوەیەک ئەو گرکانەی کە لە ناخیا سەری هەڵدابوو، هێور بکاتەوە و هێمنی پێویستیش لە خۆدا پێک بێنێت و دایک و بابیشی

لەوەبەدواوە ئەزیەتیان نەدا و نەبوونە هۆی تووڕەیی وی. ئەو لاوە بەم ئاکامە گەیشت کە خۆی هۆکاری تووڕەیی و بێزاری خۆی بووە.

چاو لە دار بکەن کە سەر لە بەرانبەر گێژەلوولکەدا دادەنەوێنێت، بەڵام بە ئاسانی ناشکێت و زریانەکان لێی تێپەڕ دەبن و بە کەمی لە بنی دەردێنن. بەڵێ، ئەمە شێوازێکە کە هەموو ئێمە دەبێت لە بەرانبەر تونـدی و ناڕەباریيەکانی ژیاندا بە کاری بهێنین و نەرمی و وەرچەرخان لە خۆ پیشان بدەین. لە بەرانبەر هەر کێشەیەکدا کە بۆمان دێتە پێشەوە، بە چۆکدا دانەیین و ئەمە بزانین کە بە ئەقل و ئاوەز و لە سەرەخۆیی دەتوانرێت زاڵ بین بەسەر هەر کێشەیەکدا.

هۆکاری شۆڕش

یەکێک لەو ڕۆژنامەوانانەی کە لە بواری نێونەتەوەییدا ناوبانگێکی تایبەتی هەبوو، ڕۆژێک لە کاتی وتوێژ لەگەڵ منـدا وەهای باس کرد کە زۆربەری دژبەری و شەڕەکان و ئەو ئاڵۆزییانەی کە لە ولاتەکانی دنیادا دێتە ئاراوە، بناغەکەی لە ئابووری و پارەدایە. گەندەڵییەک کە زاڵ دەبێت بەسەر دەسەڵاتدا، کەڵکوەرگرتنی خراپی مفتەخۆر و کوتلەکارەکان و گیرفانبڕەکان و سەرئەنجام شەڕی حیزبەکان و دەستە و تاقمە ڕامیاریيەکانی لێ دەوەشێتەوە. گرووپێک کە دەکەوێتە کەمینەوە، توانای نییە کە پارە و هێز لە دەست زۆرینە دەربێنێت و خراپی دۆخ سەرئەنجام دەکێشێتە شەڕی نێوخۆییدا.

یەکێك لە هاوگەشتییەکانم پرسیاری لێ کردم کە بۆ دەوڵەمەندەکان و ساماندارەکانی هێندوستان چاو دەقوننجێنن لەسەر ئەم هەموو هەژاری و بێداهاتی و پەشەمردنی سەرچاوەگرتوو لە برسێتی هاونیشتمانییەکانیان و بە لەسەرەخۆیی لێی تێدەپەڕن و خۆیان وەها دەنوێنن کە ئەم هەمووە نەخۆشی و هەژاری و ئاوارەییەیان نەدیتووە. وەڵام ئەمە بوو کە ئەوان چارەنووسی ئەم چارەڕەشانە دەدەنە پاڵ تاوانێك کە کردوویانە و هەنووکە سزاکەیان دەچێشت، و چارەڕەشی ئەوان سەرچاوەگرتوو لەو تاوانەوە دەزانن کە لە ژیانی پێشوویاندا تووشی هاتوون و ئەم ڕێچکە هزرییە زۆر شەرمهێنەر و بێزارکەرە. بەڵام پارەدارەکان و کەسانێك کە دەستیان بە دوویان ڕادەگات ئەمە دەکەنە بیانوویەك هەتا یارمەتی ئەوان نەدەن و بە بیانووی بڕوای ئایینیەوە ویژدانی خۆیان ڕازی و شاد بکەن.

ئیمێرسۆن دەڵێت: لە ویژدانماندا هاوارێك هەیە کە بانگمان دەکات بۆ ئەنجامدانی کارە چاکەکان هەتا خۆمان لە نزمییەوە بگەیەنینە بەرزی و لە داوێنەوە بەرەو لووتکە و لە خوارترینەوە بگەینە سەرترین و هەر ئەوەشە کە ئەوەی کە گەورە و دەگمەن و بەرزە، پێمان پیشان دەدات و هۆشدارمان پێدەدات کە ئەمانە هەموو لە چاوەڕوانیماندایە. هاواری دەروونی دژییەك کە لە نێوان دۆخی ڕوالەتی و ویستی ناخماندا لە گۆڕێدایە، ئاشکرا دەکات و هەر ئەم کارە گرژییەکمان تێدا بەدی دەهێنێت و کاری دەمارەکانمان تێك دەدات. ڕوونە کە ئێمە لە هەمان کاتدا لە دنیای دەروونی و دنیای دەرەوەدا دەژین. ئەم دووانەییەی سروشت و گەوهەری

خۆ دەتوانرێت بەم شێوەیە ئاراستە بکرێت: ئەوەی کە (من هەم) و ئەوەی کە من ئاواتمە، لە وجوودی منداً سەری هەڵچوون هەڵدەبڕن و لە دەروونمدا دەکەونە بەرانبەر یەکەوە. لە واتایەکی دیکە، لێرەدا باس لە بارەی مرۆڤ و ویست و ئاواتەکانیەوەیە. داوا و خواستی کەس بۆ بەدەستهێنانی مالّ و منداڵ و جێگا و پلەوپایە و هەلومەرج و بەهرەکانی چاکی ژیان دەتوانێت بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ ژینگە و ژیانی بنەماڵەییدا و دۆخی مالّی ئەودا ناتەبایی لە خۆ بگرێت. ئەمە ئاواتی مرۆڤە بۆ بەهرەمەندبوون لە ژیانێکی چاکتر کە ئەو هان دەدات بۆ بەرەو پێشەوەڕۆێشتن و لە پاشگەزبوونەوە و لارێلێدان ڕایدەگرێت. لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا هاتووەتە ئەم دنیایەوە هەتا پێش بکەوێت و بپشکوێت و لە بەهرەکانی ژیان چێژ وەرگرێت. ئەگەر کەسێك هەر خەیاڵ و ئاواتێك لە مێشکی بکاتە دەرەوە و هزری چوونەپێشەوە و بەرزبوونەوە لە دڵدا پەروەردە نەکات، بێگومان وەکوو ئاوێکی مەنە لە جێدا دەمێنێتەوە و لە بواری دەروونییەوە دەژاکێت.

ڕاستی لە دەروونی مرۆڤدا دژییەکی بەردەوام دەخولقێنێت و ئەوە مناسباتێکە کە لە نێوان فێرکاری و فێربووەکانی کەس و ڕاستی (بوونیەت)دا ڕوو دەدات. زۆرێك لە کەسەکان تەوەزەل و بەتاڵ و ئیشنەکەر و بێتوانا تەمەنیان نەك لە هێمنیدا، بەڵکو لە بەتاڵیدا تێدەپەڕێنن، ئەمانە پێویستیان بەوەیە کە تیخی ڕاستی هەڵگرن و ئەوەی کە ناچاکە، بیبڕن و لە خۆیانی جیا بکەنەوە و لە دۆخی خەمۆکی و دابەزین بێنە دەرەوە.

هاواری ناخ لە وێژدانی کەسدا، هانی دەدات بەرەو چوونەسەرەوە و پێشڤەچوون و هەر ئەو شتەیە کە ئێمە لە خەونی نەزانی ڕادەچڵەکێنێت و دەمانبزوێنێت.

ژنێك کە زۆر تووڕە دەینواند، زەنگی بۆ لێدام و دەمی گلە و بناشتی کردەوە کە یەکێك لە خزمەکانی لەگەڵ وەسێتنامەی هاوسەرەکەیدا دژایەتی کردووە و خوشکەکەشی شایەتی درۆینەی داوە و لایەنی ئەوی گرتووە و پارێزەرەکەشی لە شایەتیدانی درۆی خوشکەکەی ئاگادارە، سەرەڕای ئەمەش دەست بە کار نابێت.

پێشنیارم بەو ژنە کرد کە هێمنی خۆی ڕاگرێت وئەم هزرەی کە خوشکەکەی و پارێزەرەکەی دەستبەیەکییان کردووە، لە مێشکی بکاتە دەر، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ئەو ڕاست بکات بردنەوەش هەر بۆ ئەو دەبێت. چەند ڕاهێنانێکی دەروونیم پێیدا و ئەو دوای ئەوەی کە توانی زاڵ بێت بەسەر ترس و پەرێشانییە نابەجێکەیدا، لە دادگادا ڕاستی و خاوەنمافبووونی خۆی سەلماند و مەبەستی هاوسەرەکەشی لە بابەت ئەوەوە جێبەجێ کرا.

هیوا و متمانە و شادمانی لە خۆتاندا پەروەردە بکەن هەتا بەرهەمەکانی بە چاو ببینن. ئەمەش بزانن کە گەر هەڵسوکەوتێکی پێچەوانەتان ببێت، لە دواهاتەکەی ئاسایشتان نابێت. چەند مانگ پێشتر کە چوومە سەردانی نەخۆشخانەیەکی دەروونی، دکتۆری ڕێنوێنیکارم چەند نەخۆشێکی دەروونی پیشان دام کە کارێکیان نەبوو بێجگە درپین و شرکردنی جلەکانی

بەریان و ڕووتوپەتی بوون. ئەو هۆکاری لاخوازی ئەمانەی بەم شێوەیە ئاراستە دەکرد کە ئەم جۆرە نەخۆشانە لە بواری هزری و زەینییەوە ڕووتن و گیانیان بێبەری لە هەر چەشنە پۆشتەییەکە لە ئەوین و هێمنی و یەکسانی و هۆش و ئاوەز. هەر بەو شێوەیەی کە ئەم دکتۆرە گەنجە ئاماژەی پێ دا، ئەوان ئیدی توانایان نەبوو کە هۆش و هێزی جیاکردنەوە و ئاوەز و تێگەیشتنی خۆیان بە کار بهێنن و لە ئاکام مێشك و هێزی مێشکی ئەوان گەیشتبووە قۆناغی لێکهەڵوەشانی تەواو.

یەکێك لەم بێچارانە داواکاری ئەوە بوو کە سزارە و یەکێکی دی لینکۆڵن وسێهەمیان خۆی بە جۆرج واشنگتۆن ناو دەبرد. کانگستەرەکانی بێزاری و ڕق و ئێرەیی و ڕەزیلی و تۆڵەکردنەوە کە لە گیانیاندا جێیان خۆش کردبوو، ئەهریمەنگەلێك بوون کە جەستە و گیانی ئەو چارەڕەشانەیان داگیر کردبوو و خسبوویانە ژێر ڕکێفی خۆوە و ئەوانیان لە هێمنی و ئاوەز و نۆرمبوونی دەروونی و تەندروستی بێبەش کردبوو. دەروونناسی ناوبراو دەیگوت کە هەڵچوونە نائەقڵانی و ناهاوسەنگەکانی ئەم کەسانە بووەتە هۆکار و مایەی نەخۆشی دەروونیان.

ئەوکات دکتۆرە گەنجەکە بەسەرهاتێکی سەیری بۆ باس کردم کە تا ئەوکات هاشێوەیم نەبیستبوو. ئەو دەیگوت کە یەکێك لە نەخۆشە دەروونییەکانی پیاوێکی لاو بوو کە خوشکەکەی هەموو شەوێك دەهات بۆ سەردانی و لە تەنیشت براکەیەوە دادەنیشت و بەردەوام ئەم وتەی دووپات دەکردەوە کە تیشکی ڕووناکی خودایی تاریکییەکانی گیانت لە نێو

دەبات. زۆربەی کاتەکان ئەم نەخۆشە هەر خوشکەکەشی نەدەناسی و تەنانەت گوێیشی بە وتەکانیشی نەدەدا. پۆژێك خوشکەکەی پێی گوتم کە بەردەوام داوای چاکبوونەوەی براکەی دەکات و دڵنیایە کە ڕووناکی خودا گیانی تاریکی ڕوون دەکاتەوە و ساڕێژی دەکات.

سێ مانگ دواتری، پۆژێکیان کە خوشکەکەی هاتبوو بۆ سەردانی برا نەخۆشەکەی، لە ناکاو کابرای گەنج هاتە قسە و بەدەنگێکی هێمنەوە دەستی بە ئاخاوتن کرد و باسی کرد کە ڕووناکییەك هاتووەتە زەینیەوە و هەست دەکات دۆخی بەرەو باشی ڕۆێشتووە. ئەو دەروونناسانەی کە خستیانە ژێر پشکنین، ڕاستی وتەکانیان پەسەند کرد و ئەو پیاوە لە نەخۆشخانەی دەروونی ئازاد بوو. ڕاستییەکەی ئەمە بوو کە بەڕوای بتەوی خوشکەکەی کە ڕۆچوبووە بەرهەستیەوە، هۆکاری ساڕێژایی ئەو بوو.

بەشی هەشتەم

چاك و خراپ هەڵقوڵاو و دەردراوی مێشکی ئێمەیە

سەردانی هۆنگ کۆنگ بە سانایی لە بیر ناکرێت. جاری سێهەم بوو کە من سەردانی ئەم داگیرکراوە بەشکۆیەی بەریتانیام دەکرد، کە لە هێڵی کەناری چیندا هەڵکەوتووە. هەر کە فڕۆکەکە ئامادە دەبێت بۆ نیشتنەوە لە فڕۆکەخانە، ئێمە خۆ لە یەکێك لە جوانترین بیناکان لە جیهاندا دەبینینەوە.

هۆنگ کۆنگ شارێکە ئەفسوونکەر و سێحراوی و بە ڕەنگە جۆراوجۆرەکان و گیاندار و قەرەباڵغ و پڕ لە هەمەچەشن و هەمەبەشی (دەرفەتەکان) و لکاوە بە شاخێکی بەردینەوە کە زاڵە بەسەر دەریادا. کێشەی پەنابەران تیایدا لە چەند ساڵ پێشترەوە کە من هاتمە ئەم شارە، بە شێوەیەکی دڵخواز چارەسەر کرابوو. چەند ساڵێکە کە حکوومەت بۆ ئەم پەنابەرە چارەڕەشانە مااڵگەلێکی چێ کردووە و هەلی خوێندەواری لە بۆ منداڵەکانیان ڕەخساندووە.

ئێمە لە (کۆلۆن) Kowloon و لە گەڕەکێک کە بە (زەوینە نوێیەکان) نێو دەبرێت، مرۆوڵی گەشتوگەڕان بووین. لە بەرانبەر گوندە پەرچین و سنووردارکراوەکانەوە تێپەڕ بووین هەتا گەیشتینە ناوچەیەک کە، نێوی دەنێن (پەردۆی حەیزەران) و سەردانی گوندی ماسیگرانی (شەردابن)مان کرد کە پێشووتر لانەی دزە دەریاییەکان بوو و ئێجگار سەرنجراکێش دەینواند، و لە ڕستووورانتی سەرئاوی دەریایی خۆراکمان خوارد.

بیرۆکەی نووسینی ئەم بەشە کاتێک هاتە مێشکمەوە کە سەرقاڵی خواردنی هەمە جۆری ماسییە دەریاییەکان بووین و پەرستیارێک کە هاوگەشتیمان بوو، گوتی: "لە شێوازی خۆراکخواردنی هەر کەسێک دەتوانی بیناسی." بەم وتەیەی ئەو بیرم هاتەوە کە مرۆڤ هاوکات لە هەست و تێگەیشتنی خۆی دەخوات و زۆرتر ئەم خۆراکەیە وزەی پێ دەدات و لەسەر پێ ڕایدەگرێت. ئەمە دروستە کە لەشی مرۆڤ بۆ درێژەی ژیان پێویستی بە پرۆتئین و سەوزەمەنی و هەمەچەشنە مادەیەکی کانزایی هەیە، بەڵام نابێت ئەمەش لە بەرچاو نەگیردرێت کە پێویستی هەیە بەو ئایدیایانەی کە کەسەکان دەرمان دەکات و چاکە و خێری بۆ بێنێتە ئاراوە و گیان و دەروونی بەرز بکاتەوە. ئاخۆ چۆن دەتوانرێت بەبێ تۆزقاڵێک ئەوین و پاکی و نۆمی و هێمنی و بە کورتی بەبێ چاکەکان درێژە بە ژیان بدرێت؟

کەوایە دەروونیش پێویستی بە خۆراک هەیە. بەڵام گەر ئەم خۆراکە یان ئەم ووروژانە ترس و دڵەڕاوکێ و بێزاری و ئێرەیی و خراپەخوازی بێت،

هەموو جۆرە چارەڕەشی و ئازارەکانی بە دواوەوەیە. مرۆڤ پێویستی بەوەیە هەتا تەمەنی لە چاوەڕوانی شادمانی چاکتر و یان هیوادا تێپەڕێنێت. ئەمە دیارە کە ئەم چاوەڕوانی و بەتەمابوونە زۆرتر دەبێت دەستەبەر بکرێت. لەبەر ئەوەی کە ئێمە هەر چاوەڕوانییەکمان لە ژیان بێت، هەر ئەوەش دەبێتە بەشمان. کەوایە وەرەی بەرزتان هەیە هەتا بگەنە جێگایەک. هیچکات کۆڵ نەدەن بە سووکایەتی و نزمی.

* * *

ئەگەر چاکترین خۆراکەکانی سەرزەوی بخەنە سەر خوانەکەتان و ئێوەش تووڕە و بێزار بن، ژارێکە کە بۆ لەشی خۆتان بەڕێ کردووە. دکتۆرێکی یابانی کە لەسەر خوانی نیوەڕۆ ناسیمان، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە یابانییەکان دوای شەڕ بەهۆی ئەو هۆگریەی کە بە خواردنی نان لە خۆیان پیشان داوە، پەگەزیان گۆڕاوە و ویتامینەکانی نێو دانەوێڵە گەشەی زۆرتر کردوون و بەژنوبالای درێژتر و بەهێزتر کردوون. سەربازێک کە لە ڕێپێوانە درێژەمەوداکان و بەتایبەت هەوای گەرمدا بەشداری دەکات، خۆی بە ئەزموون بۆی دەردەکەوێت کە بۆ قەرەبووکردنی ئاوێک کە لە جەستەی وەک ئارەقە لێی دەردەچێت دەبێت لە خوێی خۆراک کەڵک وەرگرێت. مادە و ماکی کیمیاوی دیکە وەکوو پتاسیۆم و یۆد بۆ ئاسایش و تەندروستی ئێمە پێویستییە و زەروورن. گومانێک نییە کە بوونی خۆراک بۆ لەش خاوەنی گرینگییەکی تایبەتییە. بەڵام هیچکات ناتوانرێت دەورێکی زۆر

سەرەکی بۆ دابنرێت و ئەمە لە بیر بکرێت کە بناغەی ژیانی دەروونی کە چێکەر و ئافرێنەری هەموو شتێکە، لە بەرهەستی ئێمەدا جێگیر کراوە.

ماوەیەک لەوەوپێش لەگەڵ خاتوونێکدا کە کارناسی زانستی خۆڕاکە و لە تاقیگەدا خەریک بە کار بوو، دەدوام. ئەو دەیگوت کە تووشی ئارتریت و شێرپەنجەی منداڵدان بووە و دکتۆرەکانی هیوابڕاو بوون لێی. هەتا ئەوەی کە سەرئەنجام خۆی بەم ئاکامە گەیشت کە سالیانێک بە خۆراکی ڕق و تۆڵە و دژایەتی دەروونی خۆی تێر کردووە و ڕقێک کە لە هاوسەرە کۆنەکەی لە دڵیدا بووە، هۆی ئەم هەمووە گۆڕانکارییە بووە لە دۆخیدا. بەڵام دوای ئەوەی کە توانی لە بواری دەروونییەوە گۆڕانێک لە خۆیدا پێک بێنێت و لە بناوانی ڕاستەقینەی خۆی تێبگات، هێوری و وەرچەرخان و یەکسانییەک کە لە خۆیدا پێکی هێنا، بوو بە هۆی ئەوەی کە هەتا جومگە لەتەدیتووەکانی دووبارە بکەونەوە گەڕ و لووە خراپەکەش بە تەواوی بسڕێتەوە و لە نێو بچێت. ئەو بەسەرهاتەکەی لەگەڵ دکتۆری چارەسەرکاریدا باس کرد و ئەویش لە شێوازی دەرمانی نەخۆشەکەیدا گۆڕانێکی کرد کە هەر ئەم کارە لە چارەسەریدا زۆر کاریگەری هەبوو.

ئەو بەم پرۆڤە سادەیەوە دەستی پێکردبوو و ڕۆژێک چەند جار دووپاتی دەکردەوە: "خودا لە ناوەندی بوونیەتی منداڵە و عەشقی ئەو هەر ناڤۆکێکی جەستەم لە خۆی پڕ دەکات." ئەو ئەم حەقیقەتەی بە کەڕات هەناردەی زەینی دەکرد و کاتێک کە ڕق و قین دەکەوتە گیانیەوە، لە دڵدا دەیگوت: "عەشق گیانم سەرڕێژ دەکات". ئەو نەیدەتوانی کە بە زۆر ئەوین

و هـۆگری هاوسـەرە کۆنەکـەی بخاتـە دڵـەوە، بـەڵکوو هـەوڵی دەدا هـەتا بەرهەست و نەستی خۆی لە دڵۆڤانی و پاکی پـڕ بکـات و هـەر جـۆرە ڕق و ناحـەزی و تووڕەییـەک لـە دڵ بکاتـە دەرەوە. دوای چـەند حەوتوویـەک پڕۆڤـەدەرمانی دەروونـی بـوو کـە تـوانی بـەبێ کـەمترین دژواری بـێر لـە هاوسەرە کۆنەکەی بکاتـەوە و هـەر ئـەوکات بـوو کـە تێگەیشت دەتوانێت دەست و پێیە ژاناوییـەکانی بـە ئاسـانی ببزوێنێت و بـە ڕێدا بـڕوات و لـەو تێکچـوونانەش کـە سەرچـاوەگرتوو لـە شـێرپەنجەوە بـوو، ئاسـەوارێك لـە جەستەیدا نەمابوو.

جەستە پەیڕەوکاری زەینە و بە گشتی لـەش دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری دۆخـی هەسـتکردنەوە. ئـەم ژنـە بـە جێگـای ئـەوەی کـە ڕق و تـووڕەیی و بێزاری بسەپێنێت بەسەر تەنی ئازاردیتووێدا، ئـەوین و هـێمنی پێشکەشـی کـرد و جەسـتەش وەڵامێکـی شـیاوی دابـووە. و ئەمـە هـزری مرۆڤـە کـە هەلومەرجە جەستەییەکەی پێك دێنێت.

مرۆڤـی لـەدایکبووی بەردەوامییـە و هیچـکات نابێـت بکەوێتـە ژێـر کارتێکەری هەڵچوونە نیگاتیڤەکانـەوە لەوانـە تـرس و پەرێشـانی و خـۆ بـە تاوانبـارزانین و مـەحکووم و شـەرمەزارکردنی خـەڵکی و یـان ئێرەیـی و ڕقهەڵگرتنی هەبێت، لەبەر ئەوەی کە ئەم هزرە ڕەش و ژاراوییەیە کە گیـان و دەروون و بەرهەست ژاراوی دەکات و لە قوواڵییـدا نێوەندگـەلێکی پـڕ لـە چڵك و بۆگەن پێك دێنێت کە دەتەنێتەوە بە هـەموو ئۆرگانەکانـدا. گوتمـان کە هەر چی لە دڵی خۆماندا دەیکێڵین، هەر ئەوەش هەڵدەگرینەوە.

لە بواری دەروونییەوە ناتوانرێت خەیاڵە نەرێنی و پووخێنەرەکان ڕاکێش و هەرس بکرێت. ئێمە لە هەموو مەودای شەو و ڕۆژدا دەکەوینە ژێر کاریگەری پێنج هەستەکەی خۆمانەوە و هەر ڕۆژەی کلیلەیەک لە هەرەسی بینراوەکان و بیستراوەکان کە زۆربەیان لە ڕادەبەدەر نەرێنی و پووخێنەرن، دادەبارێت بە سەرماندا. خۆراکی دەروونی ئێمە (ئەندێشە) دەبێت لێوانلێو بێت لە ڕاستییەکان کە بتوانێت دەرمانمان بکات و چاکە و خۆشی لەگەڵ خۆی بە دیاری بێنێت، لەبەر ئەوەی کە لە تەواوی شەو و ڕۆژدا ساتێکیش لێمان جیا نابێتەوە.

تەنیا لە ڕۆژێکدا، زەینمان ئایدیاگەلێکی زۆر و باوەڕەکان و هەموو چەشنە ڕاستییەک لە خۆیدا وەردەگرێت و تەواوی ئەمانە بەرهەستمان تێر دەکات. ئەم ئاسەوار و نیشانانە و ئەم بڕوایانە بە شێوەی ڕووداو و ئەزموونی ژیان خۆ دەردەخەن. دۆخی هەستکردن و ویژدانی ئێمە هەر ئەو شێوە ئەندێشەکردن و هەست و بڕوایەی ئێمەیە و ئەوە شتێکە کە ئێمە نێوی قایلبوونی دەروونیمان لەسەر داناوە یان قایلبوونی ئەندێشە کە ئەوە دەتوانین بە مامۆستا و سەروەری خۆشمانی بزانین.

گەلێک جار لە بارەی جیاوازی نێوان گیانلەبەران و باڵایەتی مرۆڤ بەسەر ئاژەڵاندا لێم دەپرسن کە بە کورتی ئاماژەیەکیان پێدەکەم: ئاژەڵ توانای بەڵگەهێنان و ئاوەزداری نییە و وەکوو مرۆڤ خاوەن زەینی نرخێنەرانە و ڕەخنەگرانە نییە. واتە نە شرۆڤە دەکات و نە توێژینەوە و نەهەڵسەنگاندن و نە لێکۆڵینەوە و نە بەو شێوەی کە مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات پێوانە و

هەڵسەنگاندنی لەسەر و بە دژی هەیە. کاتێک دەبینین سەگێك منداڵێك ڕزگار دەکات کە خەریکە لە ئاودا دەخنکێت یان پیاوێك کە بووەتە ژێر کێوە بەفرێکەوە، دەکێشێتە دەرەوە. ئەم کارە تا ڕادەیەك هۆکاری بەڵگەی زەینی ئەم ئاژەڵەیە و نەك شتێکی دیکە. وێنەی ئەم بەڵگەزەینی و مەگیزیە دەتوانرێت لە ئاژەڵانی تریشدا بەدی بکردرێت. بەڵام هیچ گیانلەبەرێك توانای بەدیهێنانی سەنفۆنیایەك یان نووسینی کتێبێك یان چێکردنی کەلیسایەکی نییە. ئاژەڵان لە ژێر دەسەڵاتی مەگیزی زەینیدان و بێبەرین لە توانی دادوەری و داوەری دەروونی و یان بەڵگەی واتایی (مەعنەوی). نە دەتوانن زیاد بکەن بە هێزی ناخی خۆیان و نە دەتوانن سروشتی خۆیان بگۆڕن.

کەسێکی بەردەوام مەست (کحۆلی)، ئالوودەیەکی مادەی هۆشبەر (موعتاد) و تەنانەت تاوانبارێکی مرۆڤکوژ خاوەن هێزی هەڵبژاردنە و دەتوانێت بڕیار بدات و گلۆڵەی سەرلێشێواوی دەروونی خۆی ڕێك بخات. ئەم کەسانە بە یارمەتی هێزی دەروونی دەتوانن ژیانێکی نوێ دەست پێبکەنەوە و دەست لە خووە قیزەون و زەمکراوەکەیان هەڵبگرن. مرۆڤ توانایە هەتا هەستیاری و مەیلە و سروشت و بیرەکانی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفەوە و ئەوەی کە نێوی دەنێن بووژانەوە (ڕینیسانس) یان ژیانەوە دەروونی، بە کردار بیکاتە ئەزموون. هەڵچوونە ناڕاساییەکان، تووڕەیی و ترس و ڕق و ئێرەیی و دوژمنایەتی و هتدیان لەو بوارەوە نێو لێ ناوە ئاقڵانە لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئاوەز و هۆشی بێکۆتاییدا ناتەبان.

ئێمە هاتووینەتە ئەم دنیاوە تا هەڵبژێرین. واتە چاکە و خراپە بە دڵخواز وەرگرین و ئەوەی کە نەڕێنی و بێکەڵکە، پەسەندی نەکەین. کاتێک کە ئێمە بۆ بابەتە لاوەکییەکان بایەخ و گرینگییەکی لە ڕادەبەدەر قایل دەبین و کاتێک ئەم هەزرە دێتە مێشکمانەوە کە هۆکاری ڕێکخەری ڕووداوەکان ئەمانەن، بەبێ ئەوەی کە خۆمان بمانەوێت تووشیاری تووڕەییەکی هەوساربڕاو و هەڵچوونە وێرانکەرەکان دەبین کە ژیانمان لێ تێک دەدەن. بوونی ئێمە لەم دنیایەدا هێمای ئەوەیە کە هۆکارەکان بە هیچ شێوەیەک ڕوالّەتی نین و بابەتە دەرەکی و ڕوالّەتییەکان تەنیا هۆکارن. کەسەکان، هەلومەرج و کارەسات و ئەو ڕووداوانەی کە وا دێتە پێش چاو کە لەگەڵماندا سەری دژایەتییان هەیە لەگەڵماندا، لە ڕاستیدا بێبەرین لە هەر چەشنە هێز و تواناییەک بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵماندا و بەستنی ڕێگامان.

ڕاستییەکەی ئەمەیە کە هێزی یەکە و سوارچاکیبوون لە بوونیەتی خودی ئێمەدایە و هەر ئەوەیە کە هێزی ڕووبەڕووبوونەوەمان لەگەڵ کێشەکاندا پێدەدات و لە پاشەکشە بەرمان پێدەگرێت و لە هێمنی و نۆرمبوون و هاوسەنگی تەواودا ڕاماندەگرێت. ئێمە دەبێت بەردەوام وشیار بین، لەبەر ئەوەی کە قسەی خەڵک یان هەزری گشتی ساتێک وازمان لێ ناهێنێت و لە هەموو لایەکەوە هێرشمان دەکاتە سەر. لەم بوارەوە دەبێت بەردەوام گوێلەزەنگ بین و نەکەوینە ژێر کاریگەری فێرکردنەکانی خەڵکی و پەندەکانی سەردەمی منداڵییەوە و دڵ بە وەهم و خورافەکان خۆش نەکەین و ئەم بنجە داکوتاوانە لە قووڵایی زەینی خۆماندا بسڕینەوە کە

ئەمانە هەر ئەم گیانلەبەرە پیسانەن کە لە کتێبە ئایینیەکاندا باسیان لێوە کراوە.

ئێمە لە هەر ساتێکدا دەتوانین بەرهەستی خۆمان بگۆڕین و ئەم کارە دەتوانرێت بە سەرپێڕکردنی هەستی ڕوون لە ڕاستیگەلێکی پرشنگهاوێڕ بە کردەوە دەربهێنرێت. لەم دۆخەدایە کە کەسەکە دەتوانێت چاکە لە خراپە و ڕاستی لە ناڕاستی دیاری بکات و خاوەنی هێزی جیاکردنەوە و دیاریکردن بێت. بە واتایەکی دی هەر چەشنە دادوەرییەک دەبێت بەپێی هەڵسەنگاندنە دەروونی و ئاوەزییەکان بە ئەنجام بگات و ئەوەی کە ناڕاست و لارێ دەخواتە پێش چاو لە زەین دەربکرێت و بڕیاردانەکان لەسەر بناغەی کانی ژیان واتە هەڵبژاردنی ڕاستییەکان بە ئەنجام بگات. داوەرییەکان نابێت بە ڕواڵەت بێت و هەر بەو چەشنەی کە گوتمان ئەگەر ڕەسەنێتی دادوەرێتی بەپێی ڕاستییە تا هەتاییەکان بێتە ئاراوە ئاکام و بەرهەمێکی دڵخواز بە دەست دێت هەر بەو چەشنەی کە ماتماتیکزانێک بە پاڵپشتی بە بناغەی ماتماتیک دەتوانێت سەرئەنجامی کێشەکە بە سانایی بە دەست بێنێت. دوای ئەوەی کە لە بەرانبەر بابەتێکەوە خۆتان بینییەوە، تەنیا کارێک کە دەبێت ئەنجامی بدەن ئەمەیە کە لە بارەیەوە بچنە هزر و تێڕامانەوە و بە هەڵسەنگاندن و ئەنجامگیری ئەم ڕاستییە لە زەینی خۆتاندا جێ بکەنەوە و بە ئاوەز هەڵیسەنگێنن تا لە نەستتاندا جێگیر بێت و بە شێوەیەک لەگەڵیدا جووت بێت کە دەڵێی سێوێکە خواردراوە و دوای هەرسبوونی خۆشاوەکەی دەڕوات هەتا لە سووری خوێنی لەشتان بکەوێتە گەڕ. بەردەوام لە بارەی

ڕاستییە گەورەکانی ژیانەوە بکەونە ئەندێشەوە و وان هەڵسەنگێنن و تاوتوێی بکەن و بینرخێنن هەتا بتوانن دەستان بە چاکترینیان ڕابگات. گوتمان کە باسەکەمان هەڵسەنگاندنی نێوان ئاژەڵ و مرۆڤە. گایەک بێننە پێش چاو کە لە لەوەڕگەدا خەریکە دەلەوەڕێت، کە چۆن دوای خواردنی ئالفەکەی درێژ دەبێتەوە و دەست دەکات بە (کاوێژ)کردن. لەم پاشهاتەدا، خۆراکە هەرسنەکراوەکەی جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە هەتا ئەم جارە بە شێوەی پاروویەکی نەرم و گونجاو و سووک بچێتە نێو گەدەیەوە و وەربگیردرێت. و چ چاکتر کە پاشهاتی هزر و هەڵسوکەوتمان لە بەرانبەرکێ لەگەڵ تەوەرە و کێشەکانی ژیاندا بەم ڕەوالّە بێت.

ئێمە لە بواری دەروونییەوە گەلێك خۆراك ڕاکێش دەکەین کە لە ڕوانینێکدا تووشیان هاتووین و هەنووکە ناچارین بیاننێرینە بەرهەستی خۆمانەوە بۆ نموونە لە ئەزموونی فەلسەفەدا خۆمان بە شایستەی سەرووترین نمرەکان (ژمارەکان) دەزانین بەڵام ڕاستی ئەمەیە کە لە حەقیقەتی گشتی ژیان نەگەیشتووین و لە بەرهەستی خۆماندا جێگیرمان نەکردووە. بە واتایەکی دیکە سەبارەت بەم ڕاستییە سەرنجی پێویستمان نەبەخشیوە و لە بارەیەوە تێهزرین و تێڕامانمان نەکردووە و جێگاکەیمان بۆ خۆ دیاری نەکردووە و لە پەردەی خەیاڵ و وەهم دەرماننەهێناوە هەتا ببێتە بەشێك لە بوونیەتمان.

لەم بابەتەوە دڵ و زمان دەبێت یەکێك بێت و لە نێوان مێشك و دڵدا دژیەت و جیایی لە نارادا نەبێت. لەم حاڵەتەدایە کە ژیان لە ڕوانگەی

کەسەوە بەشکۆ و مەزن دەنوێنێت. ملیۆنان کەس لە مەودای سەدە بەردەوامەکاندا دێنە دنیاوە کە فەلسەفە و فێرکارییە جۆراوجۆرەکان دەناسن، بەڵام لە پاستیدا لەبەر ئەوەی کە لە بوونیەت تێناگەن، نائاگا و بێئاوەز دەمێننەوە. بە وتەیەکی دیکە ئایدیاکان و هزر و بڕواکان وەردەگیردرێت و لە بەرهەستدا جێگیر دەبن و بە شێوازی جۆراوجۆر و بە شێوەی ئەزموون و هەلومەرج و سەرکەوتنەکان و ڕووداوە جۆراوجۆرەکان خۆ پیشان دەدەن.

ئەمە یاسایەکە کە هەموو خەڵکی دنیا لە بەر دەگرێت. گرینگ ئەوە نییە کە چ شتێکی ئێمە گرینگی هەیە، بەڵکو بناوانی بڕوا و باوەڕە کە دەبێت لە بەرچاو بگیردرێت. گەر بابەتی بڕوای کەس دروست یان هەڵە هەر چی دەبێت ببێت، بە هەر حاڵ ئاکامێکی لێ دەستەبەر دەبێت. ئەگەر بەم وتەیە بڕواتان هەبێت کە ئێسقانی داڕزیوی فلانە پاك و یان دەستی موبارەکی فلانە کەس ساڕێژاییتان پێ دەبەخشێت، دڵنیا بن کە بڕوای نەستتان سەرئەنجامی دڵخوازتان بۆ دەستەبەر دەکات. ئەم ئێسقانانە و یان ئەم دەست بەسەرداهێنانە ئەم ئاکامەیان سەرئەنجامەیان بە دەستەوە نەداوە، بەڵکو ئەمە بڕوای خودی کەسەکە بووە کە وەها شتێکی لە قووڵایی بەرهەستدا پەروەردە کردووە. هەنووکە ئەگەر جێگای ئێسقانەکان لەگەڵ شتێکی دیکەدا بگۆڕن، دووبارە کەسێك کە وەکوو وەرگرتنی ویستراو دێتە ئەو جێیە، هەر ئەو ئاکامە بە دەست دێنێت. هەندێك لە خەڵکی بە شێوەیەکی سەیر (کاوێژ)ی هزری دەکەن. داواکارن کە خەریکی

لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە بوون لە بابەت دەروون و ئەقڵدا، بەڵام بە سەرسامییەکەوە دەیانبینن کە خەریکن وەڵامی مەتەڵ و گۆنگی و کێشەکانی خۆیان لە خوانی پەممالێ و فاڵگرەکان و ئەستێرەناسەکان و فاڵی ژمارە و وەرەقەکان دەوێت و یان دەیانەوێت لە کاریگەری ئەستێرەکان لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆیاندا تێبگەن و یان لە بارەی دۆنای دۆن و تەوەرەکانی هاوشێوە دەکەونە توێژینەوە و شرۆڤەکردن. چاکترە ئەم جۆرە کەسانە بە مرۆڤگەلێکی بە دەروونی غەشلێکراو ناو لێ بنێین کە هەرگیز دەستیان بە پاستی یەکە و پرشنگدار و دەگمەنی ژیان ڕانەگەیشتووە. پاستی ئەمەیە کە هزر و هەستەکانی تاکە کە چارەنووسی دیاری دەکات. داهاتووی مرۆڤ بیرە ئاساییەکان و بۆچوونە زەینیەکانی خۆی دەینووسێت. یاسای ژیان یاسای بڕوا و باوەڕە. بڕواتان بە ڕێکوپێکی دنیا هەبێت کە خۆی وەڵامی هۆشی بێنسووڕتان دەداتەوە. ئەگەر لە چارەسەرکردنی کێشەیەك لە کێشەکانتان داماون و دەستتان بە هیچ جێیەك ڕاناگات، داوای یارمەتی لە هۆشی بێسنووری خۆتان بکەن. هیچکات چاوەڕوان مەبن کە ژمارە و نووسینەکان و فاڵ و وەرەق و ئەستێرەکان و ڕۆحەکان بتوانن ڕێگاچارەیەکتان پیشان بدەن.

گەلێك جار بڕوا ناڕاست و بەتاڵەکان وەها لە زەینی کەسدا جێگیر دەبن کە دیارەییەك بێجگە ئایدیا نەڕێنییەکانیان نابێت و ژیانی خاوەنەکەیان بەرەو لای ڕێونکردن ڕێنوێنی دەکەن. پڕوپاگەندەی هەموو دنیا لە دەور خۆتان کۆ بکەنەوە و ئەوەی کە بۆ خۆتانی بە شیاو نازانن لە زەین بکەنە

دەرەوە و بۆ فێرکردنە نێگەتیڤەکان هیچ گرینگییەك دامەنێن کە هەتا کەسەکە بە جیدییان وەرنەگرێت، خۆبەخۆ خاوەنی هیچ هێزێك نین. هێزی داهێنەرانە لە خودی ئێوە و هزری ئێوەدایە، لە جێیەکی دیدا بە دوایدا مەگەڕێن. بیری نەرێنی خۆتان بسووتێنن هەتا لە نەستتاندا ئاسەوارێکی لێ بەجێ نەمێنێت. لەم حاڵەتەدایە کە بۆ خۆتان چاکە و باشی دابین دەکەن.

کاتێك کە ئێمە لە بارەی پاستییەکانی بوونیەتەوە دەکەوینە هزر و بیرکردنەوە و ئەوانە دەبنە بەشێك لە وجوودی ئێمە و لە زەین و بەرهەستماندا جێگیر دەبن، لەو حاڵەتەدایە کە دەتوانرێت بگوترێت کە لە بواری بیری ئەرێنی خۆمانەوە گەیشتووینەتە ئاکامێك. کەسانێك هەن کە لە پاستییەکانی ژیان تێدەگەن و دەزانن دەروونناسی و باسی دەروون چییە، بەاڵم لە ناخەوە ناتوانن هەرسی بکەن و سەرەڕای ئەوەی کە لە بارەیەوە بە چاکی دەدوێن، بەاڵم ناچنە پێشتر و هەر لەو شوێنەی کە هەن دەمێننەوە. پاستی تا هەتایی دەبێت لە قوواڵیی بەرهەستدا جێگیر بکرێت، لەو کاتەدایە کە ئێمە دەتوانین لە پواڵەتدا دەربیخەین.

هەندێکی دیکە دەکەونە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی دەرەکییەوە و سرە لە ناسرە جیا ناکەنەوە و پەرێشان و ئاڵۆز و تووڕە و خەمۆك و لە خۆدا ڕۆچوو دەمێننەوە و ترس لەگەڵ بڕوا و چاکەخوازی لەگەڵ دژایەتیدا و هێمنی لەگەڵ دڵەڕاوکێدا تێکەڵ دەکەن و جیاوازییەك لە نێوانیاندا دانانێن، هەر چەندە کە فەلسەفە و پەندیاریشیان خوێندووە. هەر بەو چەشنەی ماسییەکان تەیارکراون بە پووڵەکە و باڵ دەتوانن لە ئاودا مەلە

بکەن و لە بەرانبەر شەپۆلە هەڵچووەکاندا خۆڕاگری بکەن، کەسانێک کە لە ژیاندا بتوانن خۆ بە چەکی تێگەیشتنی ڕاستی تەیار بکەن لە زەریای هەڵچووی ژیاندا دەتوانن لەگەڵ زریانە شکێنەرەکان و گێژەشەپۆلە ئاوییەکاندا بەرانبەرکێ بکەن و ترسێکیشیان لە دڵدا نەبێت. گەلێک جار ئێمە لە کەنارەکاندا ماسیگەلێک دەبینین کە نە پوولەکەیان بە لەشەوە هەیە و نە خاوەن باڵەگەلێکی بەهێزن و بۆیە کەوتوونەتە سەر خۆڵەکە و مردوون: واتە شیاوێتی و شایستەیەتی ژینگەی خۆیان نەبووە و لێی دەر کراون.

کاتێک کە دەتوانرێت لە هۆشی بێسنووری وجوود کەڵک وەرگرین بۆ بەرانبەرکێکردن لەگەڵ دژوارییەکان و نالەبارییەکاندا، بۆچ دەبێت دەستوپێبەستراو خۆ بدەینە دەست چارەنووس و بکەوینە ڕێی هەڵەوە و لە شارێی ڕاستی دوور بکەوینەوە؟ کاتێک کە هزری شکان و سەرنەکەوتن و یان بێهیوایی و دەرچوون دێتە مێشکی کەسێکەوە کە بڕوای هەیە، ئەو کێشەکە بەجەربەزانە چارەسەر دەکات و لە جەربەزە و دلێری تەواوەوە و بێ ئەوەی کە ترسێک بخاتە دڵەوە دەچێتە دڵی زریانی بێهیوایی و شکاندا و تێپەڕی دەکات. ئەو بە گیانی خۆ و بە ئاواتی دڵ بەرەو ئامانج دەچێتە پێشەوە و ساغ و تەندروست لە شەپۆلە هەڵچووەکان تێدەپەڕێت و پێ دەنێتە کەنارەی ڕزگاری و تەندروستییەوە. وەها کەسێک براوە دەبێت، لەبەر ئەوەی کە هێزی بێکۆتایی بوونیەتی لە شکان نەهاتووە.

ئەگەر لە ئینجیلدا هاتووە کە "ئێوە هەموو بااڵندە پاکەکان دەخۆن" لە بواری هێماییەوە ئاماژە بەم تەوەرە دەکات کە ئێمەش وەکوو بااڵندەکان خاوەن دوو باڵین کە یەکێکیان باڵی ئەندێشەیە و ئەوی دی باڵی خەیاڵە کە بەم باڵانەمان دەتوانین لە هەورازی زریان و گێژەلووکەکان و کێشمەکێشەکانی دنیا تێپەڕێین و بگەینە جێگایەک کە ئاسایش هەیە و نۆرمی و هێمنی و لە زەمەن و شوێن تێپەڕ بین و بڕواکان و ئاخاوتنی خەڵکی بە شتێك وەرنەگرین هەتا دەگەینە چاکە و بەهرە. گیان ئەوەی کە دەبێتە ڕاستی بەجێ متمانە و دڵنیای دەزانێت و گومان و ڕاڕاییەکی تێدا ئەنجام نادات. ئەو بااڵندانەی کە خواردنیان بەرگیری لێ کراوە، ئاماژەیە بەوەی کە نابێت کارێکمان بە ڕابردووی مردوومانەوە بێت. زۆرێك لە کەسەکان بەردەوام ڕابردووی خۆیان کاوێژ دەکەنەوە و دەیجۆنەوە و شکان و سەرنەکەوتنەکانی خۆیان زیندوو دەکەنەوە و ئەو جوێن و سووکایەتییانەی پێیان کراوە و تاقەتیان هێناوە بەردەوام دەهێننەوە پێش چاوی خۆ و لەگەڵیاندا دەژین و لە بۆگەن و پیساییان لووتی گیانیانی پڕ دەکەن. ئیزن بە خۆ دەدەن هەتا تووشی ئێرەیی و ڕژدی و هەستی ڕق و تۆڵە ببنەوە و هەر ئەمەش ئەوان لە تەندروستی و هاوسەنگی و یەکسانی ڕادەگرێت و خۆشی و بزاڤی ژیانیان لێ دەستێنێتەوە و ئەوان هاوشێوەی لەتە تەختەیەکی بێکەڵك لێدەکات. ئەم خۆراکە دەروونییە لە ژاری هەلاهیلیش کوشندەترە.

زۆرێك لە خەڵك لە پەوتی ژیاندا گێژ دەخۆن و دەخزن و لە بواری دەروونییەوە بڕواکانی خەڵکی ڕادەکێشن و نە گەشەیەکیان هەیە و نە پێشڤەچوونێك. ئێمە دەبێت هزرە تۆزلێنیشتووەکان و قوڕاوییەکان لە خۆ دوور بخەینەوە و لە بواری ئەقڵییەوە لەم خاڵە بگەین کە ئێمە منداڵانی سروشتین و بەرەچەی بەهرەکانین. قوڕ و خاشاك لە باڵ و پەڕی خۆ بکەینەوە و لە بەرینایی دەگمەن و نایابی بوونیەتی خۆماندا دەست بکەینە هەڵفڕین.

بەشی دووەم

هەر بیانییەك ڕێ نەكەینە ماڵی دڵمانەوە

جاری سێهەم بوو كە سەردانی یابانیشم دەكرد: وڵاتێك كە خەڵكەكەی بڕوایان بە بزووتنەوەی (سی= شۆ= نۆ=لۆ) یان ژیانی بێسنوور هەیە. بناغەداڕێژانی ئەم بزاڤە دكتۆر (ماشا هاروو تانی گۆشی)ە كە نێویان ناوە گاندی یابان (ژاپۆن). فێركارییە بنەڕەتییەكانی ئەم ڕێكخراوە هەر ئەو بنچینەیە پێكی دەهێنێت كە لە ئەمریكادا نێویان لێناوە یاسای گیان، یان بزاڤی زانستی خودایی، كە دەتوانرێت بە بزاڤی ئەندێشەی نوێی یابانیش نێو بنرێت.

ئێمە بە فرۆكەی جیت ڕۆیشتین بۆ گەشتوسەیرانی شارەكانی ئۆزاكاوكیۆتۆ كە یەك لە پایتەختە كۆنەكانی، ئەم وڵاتە كەونارایەن. دیدار لە پەرستگە و باغ و كۆشكەكانی سەرمەس و سەرسامی كردبووین. فرینمان لە كیۆتۆوە بوو بەرەو (نارا) كە لە كۆنترین پایتەختەكانی یابانە. سەردانی پەرستگەی (تۆتاجی)مان كرد كە یەكێك لە گەورەترین

پەیکەرەکانی بوودای تێدا جێگیرە و هەر وەها دیدارمان کرد لە پەرستگەی (کاسۆجا). لە بەرزایی دەشتاییەکەوە کە کۆتاییەکەی دەگەیشتەوە بە (ئاستامی)، فڕین و لە سەیرکردنی پەیکەرەی سەرسامکەری بوودا کە لە ساڵی ١٢٥٢دا چێ کراوە، کەوتینە سەرسوڕمانەوە.

تۆکیۆ پڕە لە جێگای بەرچاو و دڵڕفێن: گۆڕەپانی کۆشکی پاشایەتی، بینای (دیت) و پەرستگەی (می جی). لە چایخانەیەکدا کردیانینە میوان و هاوکات لەگەڵ خواردنی چا شێوەی گوڵڕازاندنەوەیان پێ فێر کردین. یەکێك لەو خوێندکارانەی کە قوتابی دکتۆر تانی گووشی بوو، پرسیارێکی لێ کردم کە بوو بەهۆی سەرۆی من لە نووسینی ئەم بەشەدا. ئەو پرسیاری لێ کردم: "بۆچ لە ئینجیلدا نووسراوە کە کەسێك بەرهەمی پەیوەندی ناڕەوایە هیچکات ڕێی ناکەوێتە هەمیشەیەتی..."

بەو خوێندکارە گەنجەی کە لە داهاتوودا دەیهەویست ببێتە مجێورێی دامەزراوەی دکتۆر تانی گۆشی، ئاوەهام وەڵام دایەوە: لە ئینجیلدا جووتبوون بە واتای پەیوەندی ئاوزی و سۆزداری لەگەڵ ڕاستییە تا هەتاییەکاندا، واتە لەگەڵ ئەوەی کە جوان و چاك و دروستە دەبێت. بڕوایەکی هەڵە کە لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندە ڕاستەقینەیە بەدەر بێت، بێجگە خەیاڵێکی ناڕەوا یان هەڵچوونە شێواو و ناڕێکوپێك و نەرێنی شتێکی دی نییە. کاتێك کە دەستی داوا و یارمەتی هەڵدەبڕن لە بواری دەروونناسییەوە هاوئاهەنگییەکی تەواو لە نێوان بەرهەست و هەستیاری ڕوونی خۆتاندا گرێ دەدەن. بە واتایەکی چاکتر کاتێك کە پەیوەندی و

گرێدراوێتییەك بەپێی هاوتەریبی و هێمنییەك كە لەسەر بنچینەی ڕاستییە تا هەتاییەكانەوەیە، دێتە ئاراوە، منداڵانی ئەم پەیوەندییە تەندروستی، بەختەوەری، شادمانی و ئاوەز و هۆش و لێكتێگەیشتن دەبێت. واتە هەموو شتێك بەستراوەتەوە بە سروشتی ئەندێشەی خودی كەسەكەوە.

پێنج هەستەكەی ئێمە هیچكات نابێت بكەونە ژێر كاریگەری فێركارییەكانی دەرەوە و وتە و دووان و ترس و پەرێشانی خەڵكییەوە. دیارە كە توو و بنەمای ئەم پەیوەندییە ناموبارەكە تەندروستی و نۆرم و یەكسانی نابێت. هەر بەو چەشنەی كە كیمیازانێك بۆ ساتێك لە بیری كیمیا دوور ناكەوێتەوە، مرۆڤی بیرمەندیش نابێت ئەندێشەی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ڕاستییە هەمیشەییەكاندا لە بەرچاو ون بكات.

ئەگەر كەسێك ئەم ڕاستیە پێشێل بكات و بكەوێتە پرسیاری خەیاڵ و وەهمەكان بۆ نموونە بزووتنی ئەستێرەكانی ئاسمان بۆ خۆی بە چارەنووسساز دابنێت، لە وەها حاڵەتێكدا دەتوانرێت بوترێت كە خەیانەتی بەم پەیوەندییە پیرۆزە كردووە و تووشی ڕێهەڵەكردن هاتووە. هاوماڵبوون لەگەڵ ڕژدی و ئێرەیی و بەددڵی و خراپەخوازیش دەتوانرێت بە دراوسێبوون بزانرێت لەگەڵ دانیشتن لەگەڵ خراپە و شەڕدا. دەروونیش وەكوو جەستە تووشی بەلاڕێداچوون دەبێت و كاتێك ئەم بەلاڕێدانە دێتە كایەوە كە ئێمە لەگەڵ بڕوا ناڕاستەكان و هزرە هەڵەكاندا پەیوەندیمان كردبێت.

قوربانییەکانی پێگوتنە نەرێنییەکان

گوتمان کە لە بەرهەمی هزری ئێمە منداڵێك دێتە دنیاوە کە چاکە یان خراپ و لەگەڵ خۆیدا سڵامەتی یان نەخۆشی، شادی یان خەم، بەختەوەری یان چارەڕەشی هاوردە دەکات و هەموو ئەمانە بە تەواوی گرێدراوە بە یاسای پەیوەندی گیانەوە کە هەر چی لە زەوینی ناخدا بیکێڵێن، هەر ئەوە هەڵدەگرینەوە.

ئێمە نابێت بکەوینە ژێر کاریگەری پێگوتنەکانی وێنە تەلەفزیۆنییەکانەوە لە بارەی بابەتگەلێکی وەکوو شێرپەنجە و ئاڵۆزییەکانی دڵ و نەخۆشییە بکوژەکانی دیکەوە. تەنانەت کەسانێك کە هەوڵ دەدەن لە بەرانبەر هێرشی ئەم پڕوپاگەندانەدا دژکردەوە لە خۆ پیشان بدەن و بایەخێکیان پێ نەدەن، ناهۆشیارانە هەست بە ترس دەکەن و ئەم کارە ئاکامی پەیوەندی ناموبارەکی هزری ئەوانە و بەرهەمی ئەندێشە و هەستێکە وەها منداڵێکی بەدڕەوشتی پێکهێناوە. جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە هەر بیانییەك ڕێ مەکەنە ماڵی دڵتانەوە و دەرگای زەین و بەرهەستی خۆمان ببەستین بە ڕووی ترس و پەرێشانی و ڕژدی و ڕقدا هەتا تووشی نەخۆشییەکان و پێشهاتی نەویستراو و ناەبار نەبین. ترسێك کە لە هاتنەپێشەوەی گریپ و ئەنفوڵەنزا لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا کەوتووەتە گیانی خەڵکەوە، وەها ڕەهەندێکی هەبووە کە دواهاتەکەی مەترسیدارتر و خراپتر لە خودی نەخۆشییەکە باس کراوە. زۆرێك لەو

کەسانەی کە بەهۆی تووشنەبوون بە نەخۆشی پەنایان بردووەتە بەر دەرزیوەشاندن و پێشگیرییەکانی دیکە، پێشهاتی دژوارتری وەکوو کوچبوونیان دەوام هێناوە. ئەمە بزانن کە پێگوتن و پڕوپاگەندە لە بارەی گرپپەوە کەمترین کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤەوە نابێت، مەگەر ئەوەی کە ئێمە خۆمان وەریبگرین و بیخەینە بەرهەستمانەوە. هەموو ئێمە ئایدیاگەلێك پێ دەکەینە سەرمانەوە کە بەرهەمەکانی بە چاو دەبینین و هەڵتۆقیوەکانیان بە شێوەی ڕووداو و کارەسات و ئەزموونی تاڵ و شیرین تێدەپەڕێنین.

لە ڕاستیدا دەبێت ببیە عاشقی هزرگەلێك کە شادمانی و تەندروستی و هیوا و خێروفەڕ لەگەڵ خۆی دێنێت. ئەگەر زەینی خۆ لەم خەیاڵانە سەرپێڕ بکەن ئیدی جێگایەك بۆ هزری نەرێنی و ڕەش ناهێڵنەوە. بەرهەست و ویژدانی خۆتان لەگەڵ ڕاستیدا پەیوەند بدەن کە لە گۆڕان نەهاتوو و تا هەتاییە و بەهرەی ئەم پەیوەندییە تەندروستی و بەدەماغبوون و شادی و ئاوەز و لێکتێگەیشتنە.

هیواکان و ئاواتەکان و گەڵاڵەکان و داخوازییەکان و ئامانجەکان و ئارمانجەکانی کەس بەردەوام هێرش دەهێننە مێشکیەوە و ئەوەی کە وەردەگیردرێن دەکەونە ژێر دەسەڵاتی ئەزموونەکانەوە. کەوایە بهێڵن دەروونتان ببێتە سەکۆیەکی پڕمەزن کە تیایدا ئاواتەکانتان تێر و پەروەردە بکرێن و لە پۆشتەیەتی بڕوا و متمانە بەهرەمەند بن، لەبەر ئەوەی کە گەر ئارمانەکان بەدەر بن لە پۆشتەیەتییەکی پێویست، لە

تێربوونی تەواویش بەهەرەمەند نابن. لە بواری سۆزداریيەوە ئاواتەکەی خۆتان خۆش بوێت و گیان و ڕۆحی پێ ببەخشن. بەپێی ئەم ڕۆتینە، هەر پرۆژەیەک و ئایدیا و ئاواتێک لەگەڵ بیرووباوەڕدا تێکەڵاو ببێت، لە بەرهەستی ئێوەدا جێگیر دەبێت و شێوە و چێوە بە خۆوە دەگرێت. کە وایە چارەسەرییەک نامێنێتەوە کە لە بواری ڕۆحی و دەروونییەوە لەسەر خودی خۆتان تێگەیشتن و زانیاریتان هەبێت. گەلێک جاران لە من دەپرسن کە داواکانمان جێبەجێ ناکرێت و نەتەنیا لوویەک کە لە جەستەماندایە، ناتوێتەوە، بەڵکو ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبێتەوە. وەڵامەکە ئەمەیە کە هەندێک دەیانەوێت بڕوایان هەبێت، بەڵام هەندێکیدی بڕوایان هەیە و جیاوازی باسەکە لێرەدا خۆی پیشان دەدات. ئەگەر ڕۆژانە سەد جار بڵێین: "هێزی سارێژکەر هەر ئێستا سارێژم دەکات" بەڵام لە دڵی خۆماندا ترسێکی شاراوە و نهێنیمان هەبێت و یان نەخۆشییەکەی خۆمان بە لەچارەنەهاتوو بزانین، هیچ کاتێک چارەسەریمان بۆ دەستەبەر نابێت. هەر بەو شێوەیەی کە بە کەڕات دووپاتمان کردووەتەوە، سەرەتا دەبێت هەر چەشنە ترسێک لە پانتایی زەین بکەینە دەرەوە. لەو کاتەدایە کە وێژدان و بڕوا دەست دەدەنە دەست یەکەوە و بەرهەمەکانی خۆیان دێننە دەرخستن. هەر بەو چەشنەی کە دەتوانرێت بە شێوەی جۆراوجۆر بە زانست و زانیاری خۆمان زیاد بکەین، بەو چەشنەش دەتوانرێت هێزی خود و دەروونیمان بگشتێنین و گەشەی پێ بدەین.

مەسەلەیەکی دیکە ئەمەیە کە گرووپێک باسە دەروونییەکان بەو شێوەیەی کە دەبێت و دەشێ لە بەرچاوی ناگرن و ئەوە بە ویستی خۆیان دەگۆڕن و شرۆڤەی دەکەن. بۆ وێنە دەڵێن کە گەر ئێمە تووشی خوێنبەربوون ببین دووبارە دەبێت بە داوا و یارمەتی بەری پێ بگرین. هەنووکە ئەوەی کە وەڵامەکە زۆر سانایە و دەبێت بە زووترین کات سەردانی بنکەی تەندروستی بکرێت. نموونەیەکی دی باس دەکەین: ئەگەر منداڵێکتان بینی لە ئاودا و خەریکە دەخنکێت چ کارێک ئەنجام دەدەن؟ ئایا هەڵدەستن بە پاڕانەوە و داوای یارمەتییان بازدەدەنە ئاوەکەوە و منداڵەکە ڕزگار دەکەن؟ وەڵام ئەمەیە ئەگەر خاوەن وەها هێزێکی بڕوای دەروونین کە دەتوانن بە داواکردن لە هێزی دەروونیتان منداڵەکە لەسەر ئاستی ئاوەکە ڕاگرن، ئەم کارە بکەن بەدەر لەم حاڵەتە دەبێت خۆتان بازدەنە ئاوەکەوە لەبەر ئەوەی کە بابەتی مردن و ژیانی مرۆڤێک لە گۆڕێدایە و بە ئاسانی ناکرێت لێی تێپەڕین. یان ئەگەر دەتانەوێت لە شارێکەوە بچنە شارێکی دی، دەتوانن بە سەیارە و فڕۆکە و تەنانەت بە پێی پیادەش ئەم کارە ئەنجام بدەن، بەڵام ئەگەر گەیشتوونەتە وەها قۆناغێک کە توانستی ئەوەتان هەیە کە ناڤۆکەکان و گەردیلەکانی و وجوودتان بگوازنەوە بۆ ئەو شارە، بێگومان پێویستیتان بە هیچ جۆرە کەرەسەیەکی ڕاگواستن نابێت.

بە هەر حاڵ، گەر مرۆڤ بتوانێت خۆی بگەیەنێتە وەها قۆناغێک، بێگومان لە بەرانبەر زۆرێک لە نەخۆشییەکاندا لە پارێزگارییەکی تەواو

بەهرەمەند دەبێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بتوانرێت لە قۆناغی سەرەتادا خۆ لە پەخنە و دەردراو و هزری کۆمەڵگا بپارێزین و ئەندێشە گومانـاوی و خورافییەکان و بڕوا هەڵە و ناڕاستەکان کە لە هـەر کۆمەڵگایەکدا بـاوە، ڕۆ نەکەینە مێشکەوە. ئەم کارە ناتوانرێت ئەوەندەش بە سووک سەیر بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ٤ میلیارد حەشیمەتی جیهـانی لەسـەر ئـەم گـۆی زەوییـە بیرێـک وەردەگـرن کـە ئەگـەر هەنـدێك لەوانـەیان ڕێ نەدایەتـە مێشـکەوە، ئاسوودەتر دەژیان.

دەتوانرێت بوترێت کە ئێمە لە بواری زەینییەوە پێکەوە گرێدراوین و لـە خـاڵی ڕوانگـەی تلـەپاتی (گوێزانـەوەی فکـر)یش پێکـەوە پەیوەنـدی و گرێدراویمان هەیە. مەگەر ئەوە نییە کـە گـەلێك جـار ئـەم وتانـە لـە زمـانی کەسانێکی دیکەوە دەبیستین کە هیچکات چاوەڕوان نـەبووین، مەسـەلەکان وەها ڕوالەتی لێك بدەنەوە و شرۆڤەی بکەن:

بـە هـەر حـاڵ، بـەدەر لـە هـەموو ئەمانـە، ئێمـە لـە جەسـتە و قـاڵبێکی فیزیکیدا دەژین. گەر گریمان بـە زگـماگی دەسـتم کـورت بوایـە، دەمتـوانی وەکـوو هەنووکـە بـژیم و چارەنووسـم نـەدەگۆڕدرا. کەوایـە ژیـانی ئێمـە پێڕەوکارێکە لە دۆخی جەستەییمان. هەنووکـە ئـەوەی کـە ئەگـەر بەمانـە بگوترێت لە هەر حاڵدا نابێت گوێ بەم فیکرە زیانمەندانە بدەن، لەوانەیە لە ناخی دڵەوە هۆشداریـیەکەمان وەرنەگرن. بۆ کەسانێك کـە زەیـن و ناخیـان خەوشدار و ڕەشە، وەرگرتنی ئەم وتانە بە ئاسانی جێبەجێ ناکرێت.

ئـــەمڕۆژە بـــاوبوونی بڕوابەتاڵـــەکان ڕووی لـــە زیـــادی کـــردووە: شەیتانپەرستی و ئەفسانەپەرستی و جادووبازی بووەتە هۆی بڕەوی بازاڕی فێڵبازانێك کە یاری بە گیان و زەینی خەڵکی دڵپاك دەکەن. هەنووکە کاتی ئەوەیە بووژانەوەیەکی دەروونی و گیانی پێك بێت و هەورەشەکان کە بۆشایی واتایی و دەروونی مرۆڤی داپۆشیوە، بڕەوێنرێنەوە و جارێکی دی ئاسمانی پرشنگداری مەزنی و شکۆیەتی بە دیار بکەوێت.

بەشی دەیەم

هێزی ناخ و دەروون

گەیشتینە هۆنۆلوولوو و ئەم جارەی هاوگەشتییەکانم لەوەی کە دووبارە پێیان دەنایەوە سەرخاکی نیشتمان خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی. دیداری قەڵای دووڕگەی (ئاواهوو) چاوەنوارەکانی دەوروبەری وەکوو پارکی (سی لایف) کە یەکێکە لە جوانترین حەوزە ماسییەکانی جیهان و (پرێڵ هاربێر) کە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین کەنارەکانی گیتییە، بۆ دەڕەخساندین.

بەڵام یەکێك لە دڵڕفێنترین و بە چاویترین دووڕگەکان دەتوانین بە هاوائی گەورە بزانین. دوای ئەوەی کە چەند ڕۆژێکمان لە هاوائیدا تێپەڕاند، بەرەو سانفڕانسیسکۆ هەڵفڕین هەتا شەوێك لەو شارەدا بەرینەسەر و ڕۆژی دواییەکەی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە.

* * *

لە حەوتووی سەرەتای مانەوەم لە لیژوروژڵددا (Leisure world) پیاوێك هاتە چاوپێکەوتنم و داوای لێ کردم هەتا خەونێکی سەیر کە

بینیبووی بۆی لێك بدەمەوە. سەیر لەمەدا بوو كە ئەو ماوەی سێ شەو بە دوای یەكدا هەر ئەم خەونەی بینیبوو و ئەوەی بەم شێوەیە باس كرد:

پیاوێك هاتووەتە خەونی و پێی گوتبوو: "ئەمە سێیەمین جارە كە من دێم بۆ لات.

هەر گوتەیەك لە دەمی دوو یان سێ چاودێریكار (شایەت)دا جێگیر دەبێت." ئەمانە بەشێك لە ئایەتەكانی ئینجیل بوون و لەبەر ئەوەی كە ئەم پیاوە بە چەندەها جار خوێندبوونیەوە، ئەم وتانە هەر وەها لە مێشكیدا جێگیر بووبوون كە لە شێوەی خەوندا خۆیان پیشان دابوو. بۆم پوون كردەوە كە مەبەست لە دوو سێ چاودێریكار ئەمەیە كە كەسەكان، ناوەكان، شارەكان، پوودار و تەنانەت گەشتەكانیش هێمای گۆڕانكارییە دەروونییەكانی ئێمەن و نیشانەی هەڵگرتن و هەڵسەنگاندن و لاخوازی و ئاوات و بیرۆكەی ئەون لە ناخ و گیانیدا. لێكدانەوەیەكی دیكە ئەوەی كە بەو شێوەیەی كە ئەو پیاوە دەیگوت داهێنانێكی كردبوو كە كۆپیارێكی نەبوو و پیشانی دابوو بە چەند كۆمپانیایەك و داواكارێكی دەست نەكەوتبوو. هەنووكە رێگاچارەیەكی نەبوو بێجگە ئەوەی كە هیوادار بێت بە یارمەتی و بەخشندەیی خوداوەندی. پێشنیارێكم پێی كرد كە پێش ئەوەی كە بنوێت هێمنی جەستە و رۆحی پێویست لە خۆیدا پێك بهێنێت و هەلومەرجێك بێنێتە پێش چاو كە هاوسەرەكەی بەهۆی سەركەوتنێك كە لە فرۆشتنی كەرەسە داهێنراوەكە بە دەستی هێناوە، پیرۆزبایی پێدەلێت.

ئەم دۆخە هەڵچوونی و زەینییە، بەرهەستی دەخستە ژێر کاریگەرییەوە و بە دووبارەکردنەوەی ئەم دواهاتانە، بیرۆکەیەکی کە لەمێشکیدا بوو هێدی هێدی دەخستە ژێر فەرمانی خودیەوە و لە شێوەی بڕوایەکی بتەودا تیایدا جێگیری دەکرد و سەرئەنجامی کردەکەی بە خێرایی دەهاتە بەرهەم.

ڕوونکردنەوەکانی من ئەو پیاوەی ڕازی و قایل کرد و ئاوەها کە خۆی دەیگوت، ماوەی حەوتوویەك دوای جێبەجێکردنی پڕۆژە دەروونییەکانی، لە میوانداریەکی ئیداریدا، لەگەڵ ژنایەکی یابانیدا دەبێتە ناسراو و ئەویش کە سەر بە کۆمپانیایەکی گەورەی یابانی دەبێت، داهێنانەکەی لێ دەکڕێت و دوای بەدەستهێنانی بەڵێنی و ڕازیبوونی تەواوی ئەو جێگیری دەکات.

داواکردنی مرۆڤ کە هەر ئەو داخوازی و ئاواتەی کەسەکەیە، کاتێك جێبەجێ دەبێت کە هیچ چەشنە کێشمەکێشێك لە زەین و بەرهەستیدا لە ئارادا نەبێ و دڵ و مێشکی ئەو بە شێوەیەکی هاوسەنگ کاری کردبێت. بەهۆی ئەم هاوتەریبیەوە، هاوکاری و ڕێککەوتنێك پێك دێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی داواکەمان جێبەجێ بکرێت. ڕێگاچارەی هەموو کێشەکان لە خودی کەسەکەدایە.

هەوڵ بدەن تا بە پاڵپشت بە ناوەندی بوونیەت و بە هێزی بێسنووری شاراوە لە خوددا تێبهزرێن و کار بکەن و گوتارەکەشتان لەسەر ئەم بناغەوە جێگیر کرابێت و ترس و نەزانی و خورافە لە خۆ دوور بکەنەوە و بەردەوام و لە هەموو دۆخێکدا هێزی خۆتان بە چاودێری لە کردە و هەڵسوکەوتی خۆ بزانن. لە ڕوانگەی یەکسانی و هێمنی و تەندروستی و

شادی و ئەوین و جوانی و دروستکارییەوە بناخاڵن و ئەندێشە بکەن. گەر مامۆستای ماتماتیکن، لەسەر بنەچەی زانستێك کە بڕواتان پێی هەیە دەهزرێن و ئەندێشە دەکەن و ئەگەر بڕواتان بە بناوانی ژیان هەیە کە تا هەتایی و لە گۆڕان نەهاتووە، ڕوانگەتان لەسەر ئەم بناوانە تەرکیز بکەن.

هەوڵ بدەن هەتا خۆتان ڕێك خەن لەگەڵ ڕاستی نەمر و تا هەتایی ژیاندا. بە چەشنێك کە تەنیا هەر ئەم ڕاستییانە لە بیرەنگی دەروونتاندا ڕەنگ بداتەوە هەتا بەدوور بن لە قەرەباڵغی و دەنگەدەنگی پڕوپاگاندای جیهانی و تەنیا گوێ بە بانگی ناختان بدەن و کاروبار و بوارەکانی نەرێنی لە ناڤۆکی خۆ دوور بکەنەوە.

فێرکردن و بارهێنان چییە؟

ماوەیەك پێش ڕاهێنەری ئەسپەکان بە شانازی و فەخرەوە پێی دەگوتم کە ئەسپەکانی بە چەشنێك بار هێناوە کە تەنیا بە بیستنی دەنگی سوڕنا دژکردەوە پیشان دەدەن. ئەو شێوەی کاری خۆی بەم چەشنە باس دەکرد کە چوار شەو و ڕۆژ هیچ چەشنە ئاڵف و ئاوێکی بەو ئاژەڵە بەستەزمانە نەداوە. دوای ئەم ماوەیە ئەوان فێر دەبن کە چۆن سەبارەت بە دەنگی سوڕناکە دژکردەوەی پێویست دەربڕن. بەم پێیە، بەدەر لە خاڵی نەرێنی شێوەی بارهێنانی ئەو ڕاهێنەرە، ئێمەش دەتوانین وانەیەکی لێ وەرگرین و خۆمان لە خۆراکی پڕوپاگاندەی ڕاگەیەنەرە گرووپییە جیهانییەکان کە تـــرس و نەخۆشـــی و شـــەڕ و پێشـــبینییەکانی ڕووداو و کارەســـاتە

تۆقێنەرەکانە، دوور ڕاگرین و ئاوەکیگەلێك بەتاموچێژ لە کانی گیان نۆش بکەین کە ئەوین و شادمانی و کرانەوەی دەروون لەگەڵ خۆی بێنێت و متمانە بە خۆ لە بەرهەستماندا بخەینە گەڕ.

ئێستا دەست دەکەینە پێناسەی فێرکردن و بارهێنان کە هەڵگری واتایەکی بەکۆیە: (فێرکردن وبارهێنان) بریتییە لە کێشانەدەری هۆش و ئاوەز و هێز لە قوولایی زەین تا بتوانرێت بە یارمەتی ئەو ژیانێکی شاد و چاك و خۆش و یەکسانمان هەبێت. من لە بۆشایی سالانی وانەوتنەوەمدا لە زانستگا خوێندکارانێکی بێئەژمارم ناسی کە هەڵگری زانیاریگەلێکی زۆر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی تایبەتییان زۆر ناڕێکوپێك و شێواو بوو. ئەوەی کە فێری بووبوون وا نەدەهاتە پێش چاو کە لەگەڵ ژیان و چالاکی ڕۆژانەیاندا هاوتەریبیەکی هەبێت.

ئەرکی فێرکردن و بارهێنان ئەمەیە کە کەس و خوو و ڕەوشتی مرۆڤ چێ بکات و ڕێکی بخات. زانست و زانیاری هەڵگری گرینگییەکی زۆرە. بەڵام بە چەشنێکی هۆشمەندانە دەبێت بکەوێتە ژێر بەهرەلێوەرگرتنەوە و کەڵکی لێ وەربگیردرێت، تەنیا زانیاربوون و پارێزراوێتی نییە، بەڵکو هۆش و ئاوەز و تێگەیشتن و شادمانی و وردەی پۆڵایی و نییەتچاکیشە. ئەو بە واتا فێرکردن و بارهێنانە پێشکەوتنانەی کە بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ ئێمە پێویستیمان بە فێرکردنی ئەم بابەتە نییە کە چۆن دەتوانرێت مەگێز و غەریزەی هەوسارپچڕاو بخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە و لاخوازییە تێکدەرەکان کە

کەسایەتی و ژیانی کەسەکە دەپووخێنن، لە خۆدا لە نێو بەرین، یەکسەرە ڕێ هەڵە دەپێون.

فێرکردن و بارهێنان دەبێت کوڕان و کچانی گەنج بە شێوەیەک بار بهێنرێت کە بتوانن بە شێوازێکی شایستە لە بەرانبەر ئیشتیا و هەوەس و ڕاکێشەرە مەگێزی و دەروونییەکاندا خۆڕاگری بکەن. دنیا جمەی دێت لەو زانایانەی کە ڕێچکەیەکی هزری دروستیان نەبووە و ئەندێشەی نەرێنی و پووخێنەری ئەوان بووەتە هۆی بەلاڕێداکێشران و چەواشەییان.

یارمەتی لە ئەقڵ و هۆشی خۆتان وەرگرن

لە هۆتێلی هۆنۆلولو پیاوێکی بەتەمەنم ناسی کە شتێکی سەیری کە لە شێوەی چەنگەک بوو پێ پیشان دام و گوتی کە "بەم کەرەسەیەوە دەچمە جێگاگەلێک کە خەڵکەکەی بەهۆی بێئاوییەوە دەنالێنن و داوا لە من دەکەن کە سەرچاوەی ئاوی ژێر زەوینیان بۆ بدۆزمەوە و منیش ئەم کارە دەکەم". پیاوی نێوبراو خاوەنی هۆش و ئاوەزێکی سروشتی بوو و خۆی وا نیشان دەدا کە هۆشی و ئەقڵی بەرهەستی ئەو، ڕێک ڕێنوێنی دەکرد بۆ خاڵەجێگایەک، کە ئاوەکەی لە ژێردا بوو.

ئەو بە منی گوت کە باوک و باپیریشی لە کاری دۆزینەوەی چاڵە نەوتەکان و مادەکانی کانزاییدا خاوەنی ناوبانگێکی چاک بوون و گەلێک سەرکەوتنی زۆریان لەم بوارەدا بە دەست هێنابوو. کۆمپانیاگەلێکی مەزن هەر دووکیانی دامەزراندبوو و مووچەیەکی چاکی پێ دەدان. باب و باپیرەی

متمانە و دڵنیاییەکیان کە لە خۆدا شك دەبرد گواستبوویانەوە بۆ ئەو و لەسەر دەمای منداڵییەوە ئەویان لەو توانا و بەهرە شاراوەی کە لە ناخیدا هەبوو، بە ئاگایان هێنابووە. ئەڵبەت بەرهەستیشی دەست بەتاڵ نەبوو و بەم فێرکردن و پێگوتنە ئەرێنییە دژکردەوەیەکی شیاوی پیشان دابوو. ئەو بە لێبڕاوی ڕایدەگەیاند کە توانایە لەسەر زەوینە بوورەکان بکەوێتە گەڕان و جێگایەك کە کەس گومان ناکات تکێك ئاوی تیادا هەبێت، پیشان بدات بە چەشنێك کە دەریایەك ئاوی لێوە بێتە دەر. و ئەو خۆی دەیگوت هەتا هەنووکە هیچ هەڵەیەکی نەبووە و هەموو ئەمانەی بە قەرزداری (توانست و بەهرەی شاراوەی) خۆ دەزانی.

ئەوەی کە ئەم پیاوە بە ئەرخەیانی خاترەوە باسی لێوە دەکرد، داردەستی تایبەتی دۆزەرەوەی ئاوە ژێرزەوینییەکان نەبوو، بەڵکو ئەو چاکتر لە هەر کەس لە بێبەهرەبوونی کەرەسەی کارەکەی ئاگادار بوو، بەڵام ئەوەی کە ئەو بڕوای پێی هەبوو ئەمە بوو کە دارە دەستییەکەی تەنیا ئامرازێکە کە پەیوەندی ئەو لەگەڵ بەرهەستیدا جێگیر دەکات.

ڕاستییەکەی ئەمە بوو کە هۆش و ئەقڵی بەرهەست کاریگەری هەبوو بەسەر دارەکەدا و دژکردەوەیەك کە ئەو بە دوایدا دەگەڕا، بەهۆی ئەو کەرەسەیەوە بۆی دەدۆزرایەوە. ئەو تەنانەت دەیزانی کە دەبێت چەند مەتری زەوین هەڵکەنێت هەتا بگاتە ئاو و سەیر ئەوە بوو کە کارناسانی زەویناسیش جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕاستی وتەکانی. تێگەیشتن و هۆشمەندی سەدەکان لە قووڵایی بەرهەستی ئێوەدا هێلانەی کردووە. لە

کەرەسەی بڕوا و باوەڕ بۆ کردنەوەی دەلاقەکانی و کەڵکوەرگرتن لە کۆگا مەزنەکانی داوای یارمەتی بکەن و لە بەرهەمەکانی کەڵک وەرگرن.

* * *

ماوەیەکی پێش دەرفەتێکم بۆ هاتە پێش و توانیم خاتوونێك بناسم کە بابەتێکی زۆر سەرنجڕاکێشی بۆ باس کردم. ئەو گوتی کە ماوەیەك بوو بە چاکی گلۆڵەم کەوتبووە لێژی. دۆخی ئابووریم خراپ بوو و جیاوازی بنەماڵەیەکی تۆندم بۆ هاتبووە پێش و ئالۆزی و دژواری یەك لە دوای یەکم بۆ دەهاتە پێشەوە و ژیانی لێ تاڵ کردبووم. پۆژێك کە بە تەنیایی دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە، هەر لە خۆوە لە ژێر لێوەوە گوتم: "زۆر چاکە!" بەڵام لە خۆم نەپرسی: کە چ شتێك چاکە؟ بەڵام ئەم وەڵامە هاتە زەینمەوە کە ژیان چاکە و ئەمە هەر ئەم وشەیە بوو کە دڵم دەمێك بوو لێی بەتاڵ بوو. ئەم تکنیکی هزرییەم لەوە بە دواوە پۆژێ سێ جار پڕۆفە دەکرد. ڕێك پۆژی سێیەم بوو کە لە لاتارییەکدا براوە بووم و بەو پارەیەی کە لەوەم بە دەست هێنا، قەرزەکانم دایەوە و سەرە و بەرەیەکم بە ژیانم دا. هەر لە پەوتی ئەم مامەڵانەدا بوو کە پیاوێکم ناسی و ناسراوی ئێمە بوو بەهۆی هاوسەرێتیمان. بەڵێ ژیانی من بەهۆی هزرێکی دروست و قوولەوە گۆڕانی بەسەردا هات.

لەم ماوەیەدا مامۆستایەك بەسەرهاتێکی بۆ باس کردم کە ئەوەش نیشانەی یارمەتیگرتن بوو لە هێزی بەرهەست و نەست. ئەو دەیگوت کە

چـەند نۆڤـڵ و چـیرۆکێکی نووسـیوە و ئەوانـەی نـاردووە بـۆ چـەند بڵاوکەرەوەیـەک، بـەڵام دڵنیـا بـوو کـە زۆرێـک لەوانـە تەنانـەت زەحمـەتی خوێندنەوەی نووسراوەکانی ئـەویان بـە خـۆ نـەداوە و ئەوانـەیان هـەر بـەو چەشـنە بـۆ نـاردبووەوە. ئـەو کاتـە ئـەو مامۆسـتا لاوە بڕیـاری دا هـەتا وێناگەلێک بنێرێ بۆ بەرهەستی کە لەوانەدا ئەو نامانە دەبینـران کـە گـەلێک بڵافگە وەڵامی ئەرێنییان پێ دابووە.

ئەو بە ماوەی دوو حەوتوو شەوانە پێش خەوتن، بە ئەنجامـدانی درامـە خەیاڵییەکانەوە، خەریک بـوو. ڕۆژێـک بـەیانی زوو کـە دۆخێکـی خۆشـی لـە خۆیـدا هەسـت پـێ دەکـرد، لـە جێگاکـەی هەسـتایەوە و چـیرۆکێکی کـە گەڵاڵەکەی لە زەینـدا داڕشـتبوو، هێنایـە سـەر کاغـەز و دوای تـەواوکردنی، هەناردی بۆ ئەو بڵاوکەرەوەی کە بەرهەمە پێشووەکەی هەناردبووە و سەیر ئەوە بوو کە بڵاوکەرەوەی نـاوبراو چـیرۆکەکەی پەسـەند کـرد و بـە دانـانی ناوەڵنـاوی (چـاک!) بانگهێشـتی نووسـەرەکەی کردبـوو بـۆ داڕشـتنی گرێبەستێک سەردانی بکات. ڕەوتەکە بەم چەشنە بوو کە ئەو ئەم جارە بـە کەڵکوەرگرتن لە زەوق و توانستی خودی، داوای یارمەتی لە نەسـتی کـرد و بـە کـەڵکوەرگرتن لـە بـەهرەی کـە پشـکوت بـووە، دەسـتی کـردە کـاری نووسـین. ئـەو لـەم خاڵـە تێگەیشـتبوو کـە کاتێـک دەستنووسـەکەی جـێ پەسەندی بڵاوکەرەوەکە دەبێت کە نیشانەگەلێک لە توانست و بەهرەی تێدا بێت.

* * *

فرۆشیارێك كه كتێبه‌كه‌ی هێزی هزری منی خوێندبووه‌وه، بۆی نووسیم كه هه‌ر شه‌و پێش نوستن ده‌ستی ده‌كرده ئارامكردنه‌وه‌ی ته‌واوی جه‌سته‌ی و دوای ئه‌وه‌ی كه ده‌روونیشی هێور ده‌كرده‌وه له دنیای خه‌یاڵدا وێنای ده‌كرد كه لای خاوه‌نكاره‌كه‌یه و ئه‌ویش چالاكییه‌كه‌ی به باشی ده‌نرخێنێت و پله‌وپایه‌ی ده‌باته سه‌ر و به‌رزی ده‌كاته‌وه. بگه‌ڕێ بازاڕ نووسیبووی كه ئه‌و هه‌تا ئه‌و جێگایه‌ی پێڤه‌چوونی بوو كه سه‌رۆكی كۆمپانیاكه‌ی ده‌دی كه خه‌ریكه ده‌ستی به گه‌رمی ده‌گوشێت. ئه‌و فه‌رمانبه‌ره به‌م كاره گرینگه گه‌یشتبوو كه ئه‌وه‌ی كه له زه‌یندا پوو بدات، له دنیای واقیعیشدا دێته بینین. ئه‌و گومانێكی له‌وه نه‌بوو كه له داهاتوویه‌كی نزیكدا ئاواته‌كانی ده‌سته‌به‌ر ده‌بن. ئه‌مه‌تان له بیر بێت كه ڕووداوێك كه بڕیاره له داهاتوودا بێته ئاراوه، هه‌ر له ئێستاوه وه‌ك ڕاستییه‌كی جێگیركراو له زه‌ینی ئێوه‌دا ده‌چه‌سپێت. ئێوه خۆتان له‌سه‌ر پله‌رده‌ی سینه‌ماوه مه‌بینن، به پێچه‌وانه‌وه، خۆتان له ده‌قی كار و هه‌نووكه‌دا وێنا بكه‌ن. ئه‌مه‌یه نهێنی سه‌ركه‌وتنی ئێوه و شێوازێكه كه ده‌بێت به‌كاری بهێنن.

ئه‌گه‌ر كه‌سێك داوای لێتان كرد كه داوای چاكه‌ی بۆ بكه‌ن، كێشه‌كه‌ی هه‌ر چییه‌ك هه‌یه با ببێت، ئابووری یان نه‌خۆشی یان هه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌كی دی... سه‌ره‌تا ده‌روونی خۆتان له هه‌ر هزرێكی نه‌رێنی پاك بكه‌نه‌وه و به بڕوای ته‌واوه‌وه داوای خۆشی بۆ بكه‌ن و له ناخی دڵه‌وه ئاواتتان بێت كه هاوڕێیه‌كه‌تان بگاته ئاواته‌كه‌ی. به وته‌یه‌كی دی، ئه‌و به‌و شێوه‌یه‌ی كه

ئاواتی بوو کێشەکەی چارەسەر بێت، لە زەینتاندا وێنا بکەن و دڵنیا بن کە دڵۆڤانی پەروەردگار کێشە و گرفتی لەمە دژوارتریشی لە نێو بردووە و دواییش لە نێوی دەبات.

بەم شێوەیە ئێوە گەر بە دەست کەسێکەوە پەنجاون و گلەیی و بناشتێکیشتان هەبێ ئەگەر لێی ببوورن بە گۆڕانی دۆخی ڕۆحی خۆتان، تێڕوانینێك کە پێشتر سەبارەت بەو لە زەینتاندا هەڵتان گرتبوو، دەیگۆڕن. هەوڵ بدەن دەوری نەرێنی ئەو لە بیر بکەن و وێنایەکی خاوێنوپاك لەو بسپێرنە نەستتان. لێبووردن و بەخشندەیی کاتێك مسۆگەر دەبێت کە هەڵەی کۆنی هاورێیانتان لە بیر کردبێت.

نەزرونیاز

هزری قوربانیکردن و نەزرونیاز لە زەمانە کۆنەکانەوە و لە دابونەریتی خێڵە جۆراوجۆرەکان بووە. بەڵام هەندێك لە هۆکارەکەی بە چاکی تێنەگەیشتوون و ئاوەها کە باوی کۆتەڵ و بوتپەرستەکان بووە، تەنانەت لە پێی کۆتەڵەکان و پەیکەرەکانیشدا منداڵەکانی خۆیان دەکردە قوربانی. یان ئەمرۆکە کە گەیشتووینەتە لووتکەی ژیار نەك تێهەزرین، هێشتاش کەسانێك هەن کە لەگەڵ خودای خۆیاندا مەرج دادەنێن: "ئەگەر خودا منداڵەکەم ساڕێژ بکات، من دی دەم نادەم بە ئەفیۆن یان ئەلکولەوە!". گوتمان کە ئایدیای قوربانیکردن دەگاتەوە بە سەردەمی کۆن کە خەڵکی سەرەتایی لەوانەیە وایان هەست دەکرد کە خودا و پەروەردەگارەکەیان

پێویستی بە قوربانی هەیە و لەم بوارەوە دەستیان دەدایە وەها کارێك. بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەبێت قوربانی بکەین یان دەبێت خۆمانی لێ دوور بکەینەوە، ئەندێشە خراپەکان و خورافە و بڕوا داڕزیو و هەڵە و ترسەکان و گومانەکانە و تێڕوانینە نەرێنییەکانی دییە.

جیاوازییەکی ئاشکرا هەیە لە نێوان کەسێکدا کە پێبەندی پۆحە و کەسێك کە نەریێی دەکات. ئەمە تێگەیشتنێکە کە نیشانەی خاوەندارێتی ئەوین و یەکڕەنگی و پاکییە لە دڵدا کە ساڕێژی و دەرمان لەگەڵ خۆی دێنێت و گیان دەگەشێنێتەوە و پاکی دەکاتەوە. (کیمبی) لە ١٨٧٤ دا هەموو چەشن و شێوە نەخۆشییەکانی بەرپەرچ دابووە و هۆکەیانی بە دەروونی و گیانی دەزانی. ئەو لە چارەسەرکردندا گەیشتبووە وەها شارەزایی و کارامەییەك کە لە چاوتروکانێکدا نەخۆشە بێئۆقرەکانی خۆی هێور بکاتەوە. سەرەتا هەوڵی دەدا هەتا ئەوان دڵنیا بکاتەوە کە خودا دڵۆڤانە و ئازاری کەس نادات و بۆ سزای بەندەکانی خۆی نەخۆش و داماویان ناکات.

زانایەکی ئەمەریکی داوادارێ ئەوەی کردووە کە زانستی نوێ لە ڕادەبەدەر پەرەی ئەستاندووە بە شێوەیەك کە توانایە کە مرۆڤ بە کۆمەڵێك توخم و ماکی کیمیاوی و ئاو سنووردار بکاتەوە کە نرخەکەی لە بازاڕدا دۆلار و نیوێك دەبێت و ئەم بەروبوومە کە ناوی بازرگانییەکەی مرۆڤە، لە بۆرییەکی تاقیکاریدا جێگیر بکات و بۆ دروستکردنی ئەم کەرەسە و کاڵایە ئیدی پێویستی بە شتێك نابێت. بەڵام زانایەکی چینی لە

وەڵامی ئەودا گوتوویەتی کە بۆ هاتنەدەری ئەم کاڵایە کە ناویان ناوە مرۆڤ، لە بۆری تاقیکاری پێویستیمان بە خولقێنەرێك دەبێت و ئەم کارە تەنیا لە ئەستۆی ئەو بەردێت و بەس.

زۆر جار لێم دەپرسن کە داواکاری ئێمە لە چ دۆخێکدا کارساز دەبێت. وەڵام ئەمەیە کە دڵ خاوێنوپاك بکەینەوە و بە نییەتچاکی تەواوەوە ئاواتێك کە لە دڵماندایە بە زمانی بێنین. شەوانە کاتی نووستن کە دەروون ئامادەیی زۆرتری دەبێت، چاکترین کاتی شیاوە هەتا بەبێ فیزی و نەرمونیانی تەواوەوە ئاوات و نییەتی خۆمان بسپێرینە بەرهەستمان و بە زمانی گیان لەگەڵیدا بدوێین.

ئەگەر دەتانەوێت بچنە سەردانی کەسایەتییەکی گرینگ، جلێك کە شیاوی ئەو هەلومەرجەیە لە بەری دەکەن. لە دۆخی داواکاری لە بەرهەستیشدا دەبێت هەلومەرجی خۆ بناسن و بە جلی ئەوین و هێمنی و یەکسانی و پاکی پەیکەرەی گیانتان دابپۆشن. بە پۆشتەکەری بڕوا بە هۆشی بێسنووری خۆتان تێدەگەیەنن کە هەر کات و زەمەنێك بانگی بکەن، دەبێت وەڵام بداتەوە. هیچکات بە جلی ئێرەیی و ڕژدی و ڕق و بێزاری و نییەتخراپی و خەمۆکی و مەحکومکردنی خۆوە، مەخەون: واتە جلێکی دڕاو و شڕوشیتاڵ و چڵکن و پڕپەڵە مەکەنە بەری گیانتانەوە. هەر چییەك بسپێرنە بەرهەستتان، نرخ و بایەخی بۆ دادەنێت، لەبەر ئەوەی کە ئەمانەت هەڵگرێکی چاکە و ئەوەی کە پێی سپێردراوە بە چاکی هەڵیدەگرێت. هۆشتان بێت کە تۆشەی و کۆڵی هەژاری و نەکبەتی و

چارەڕەشی وشکانی پێ نەسپێرن. پێنوستن گیانتان لە هەر لێڵی و ئالوودەییەك خاوێنوپاك بكەنەوە. خۆتان و خەڵكی ببوورن و ڕقی هەموان لە دڵ فڕێ بدەنە دەرەوە. بەم كارە سانایە قەرەبوویەكی وەها مەزن و گەورە وەردەگرن كە خۆتان سەرتان لێی سوڕ دەمێنێت. دواین تێڕوانینی ئێوە پێش نوستن لەسەر پەڕەی نەستتانەوە جێگیر دەبێ و ئەم كتێبەی ژیانە كە هەر هەست و بڕوایەكی ئێوە لە خۆدا جێگیر دەكات.

بەشی یانزەهەم

هەروەلامێکتان لە خۆتان بوێت

ژنێك پێی وتم كە دەیەوێت لاواز بێت، بەڵام هەر كارێك دەكات و هەر چی پارێز دەكات سوودێكی نابێت و سەرەڕای ئەوەی كە لە زەینی خۆیدا مادەی چەور و شیرین ڕەت دەكاتەوە، دووبارەش كێشی لەشی هەر وەها ڕوو لە زیادبوونە.

هێنامەوە بیری كە لاسایی لە خەڵكی لە زۆربەی كاتەكاندا كارساز نییە. لەم بوارەدا تەنیا كارێك كە دەتوانێت بیكات ئەمەیە كە خۆی ساغ بكاتەوە دەیەوێت چ كێشێكی هەبێت (بۆ وێنە٦٣ كیلۆگرام) ئەوكات ئەم ڕاهێنانە فێركارییانە شەوانە لە كاتی خەوتندا و دوای جەستەی هێورگردنەوەی پێویست ئەنجام بدات.

من كێشم ٦٣كیلۆیە و ئەمە داڕشتنی خوداییە و لەمە زیاتر كێشم زیاد ناكات.

ئەم وتەیە تەنانەت لە كاتی ڕۆژدا و بە كەڕەتان دەتوانرێت دووبارە بكرێتەوە. بۆم ڕوون كردەوە كە ئایدیای ٦٣ كیلۆگرام دەبێت وەها لە

بەرهەستیدا جێگیر بێت کە بە شێوەی خۆبەخۆیی هەر چەشنە لاخوازییەکی دی سەبارەت بەو توخمانەی کە خەریکی بەرهەمهێنانی کێشی زیادەن لە لەشدا، لە نێو بەرێت.

خاتوونی نێوبراو وەها کە دواییەکان بۆی باس کردم، بە ماوەی چەند مانگێک بەردەوام خەریکی جێبەجێکردنی ئەو پاهێنانانە بوو و پۆژێک چەندین جار ئەم وتەی دووبارە کردبووە کە:"من ٦٣ کیلۆ کێشم هەیە و..." بە شێوەیەک کە ئەم کارە لەودا شێوەی خوویەکی لە خۆ گرتبوو و لە قوولایی بەرهەستیەوە پەگاژۆ ببوو و بە پاستی ئەوی خستبووە سەر ئەو بڕوایەی کە دەبێت ئەم کێشەی هەبێت. ئاشکرایە کە لەم ماوەیەدا لە خواردنی مادەی زیانهێنەر و چەور و شیرین پارێزی دەکرد بەڵام پاستی ئەمە بووە کە بە دووبارەکردنەوەی وتەیەک کە لەگەڵ شادی و هیوا و پشکوتندا هاوڕێ بووە، ئەم ئەندێشەیە لە بەرهەستیدا جێگیر دەبێت و شێوە یاسا و بناوانێکی جێگیرکراوی لە خۆ گرتووە. ئەو گوتی کە دوای یەک دوو حەوتوو لە تەواو ئەو مادە خۆراکییە دەوڵەمەند و بە نشاستە و وزەبەخش و پڕکالوڕیانەی کە بەرهەمهێنی چەوری زیادەن لە لەشدا، بێزی هاتووەتەوە و هەر ئەمەش لە دابەزینی کێشیدا زۆر کاریگەر ببوو.

لەگەڵ پیاوێکدا قسەم دەکرد کە بنەمای دەروون و گیانی دەناسی. دەیگوت کە سێ سالّی پێش دووکانێکم بووە و ئیشوکاریشم خراپ نەبوو. بەڵام بەردەوام لە شتێک دەترسام و ئەویش ئەوە بوو کە نەکا دووکانەکەم دز ببڕێت و سەرئەنجام لەوەی کە دەترسام بە سەرمدا هات. ئەو باسی

دەکرد کە گەر ئەوکات لە یاسای گیانی داهێنەرانە بەئاگا دەبووم، بە چەشنێکی دیکە هەڵسوکەوتم دەکرد و هزری تێکدەرم لە بواری پێچەوانەیدا بە کار دەهێنا و لە هێزە چێکەرەکەی کەڵکم وەردەگرت. مەبەست هێزێکە کە دنیا بەپێی ئەو دەسوڕێتەوە و ئەمە خەڵکی دنیایە کە پێچەوانەکەی هەڵدەبژێرن. ئەو هەنووکە دەزانێت کە خودی ئەو بوو کە ئایدیای دزی ڕێدایە زەینی و دەرفەتی دایە ڕووداوەکەشی. ئەو هەنووکە لەوە ئاگاداڕە کە ئەوە خودی ئێمەین کە هەر بەڵا و ڕووداوێك بەرەو لای خۆمان پەلکێش دەکەین و سەرەتا هزرەکەی لە زەینماندا دەچێنین و بە وێنایەك کە لە زەینماندا لەو ڕووداوە دەیکێشین، هاتنەئاراوەیشی دەچەسپێنین. بە واتایەکی دی ئەو بەڵایەی کە بەسەرماندا دێت، هەر ئەو هەست و ئەندێشە و بڕوا پێشوویانەی ئێمە بووە نەك شتێکی دیکە. ئێمە لە ئەزموونێك کە لە زەینماندا نەمانبووە، هیچکات ناتوانین ڕووداوێك بخولقێنین.

ئەو ئێستا دەزانێت بە چ شێوەیەك لە بەرانبەر هزری نەرێنی و ڕەشی خۆدا ڕاوەستێ و ئەوانە لە مێشکی خۆی بکاتە دەر و نەستی خۆی بە ئایدیا هیوابەخشەکانی سەرڕێژ بکات کە جێگایەك بۆ ئەندێشەکانی دی نەمێنێتەوە. ئەم ڕاستییانەی تا هەتایی ئێستا وەها لە ڕۆحیدا جێی گرتووە کە ژیانیان ئاڵۆگۆڕ کردووە. گیانی ئەو هەنووکە ویستگای هێمنی و شادمانی و دلێری و هیوایە و ترس ناسروشتی بە یەکجارەکی لە گیانیدا مالاوایی کردووە.

ئەوەی کە بە قوولّی لە دلّی خۆتاندا هەستی پێدەکەن، لە پانتایی بۆشاییدا خۆی بە دیار دەکەوێت. ڕاستی ئەوەیە کە ئەندێشەی مرۆڤی واتە ئەوەی کە لە بواری سۆزداربیەوە لە زەین و تەمەنیدا هەیەتی خۆی بەشێکە لە کردەوە و هەر ئەوەیە کە ناوی ئەزموونیان لەسەر داناوە.

لێکۆڵیارێکی ئاسایش بابەتێکی سەرنجڕاکێشی کە خۆی بەرپرسی پێڕاگەیشتن پێی بووە، باس دەکرد کە ژنێك ماوەیەك پێش کەوتە بەر دەستدرێژی و پارەکانیشیان بۆ دزیبوو. لێکۆڵەری ناوبراو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە ئەو ژنە خۆی هۆکاری چارەڕەشی خۆی بووە و لەم بوارەدا وەها ڕوونی دەکردەوە: کاتێك کە جانتا دەستییەکەی کە دزەکان پارەکانی ژنەکەیان تیایدا دەرهێنابوو پشکنی، بەستەیەك بڕاوەی ڕۆژنامەم تیادا دەست کەوت کە بە تەواوی لە پەیوەندی لەگەڵ باسی ڕووداتی دەستدرێژی ڕەگەزی و دزییەکانی هاوڕێ لەگەڵ ئازار و توندوتیژیدا بوو. دیار بوو کە ئەو ژنە ئاوەهای کە خۆشی دەربڕی لە سالاّنی پێشەوە ئەم ئەندێشەیەی لە زەیندا پەروەردە کردووە کە ڕۆژێك لەوانەیە تووشی وەها بەلاّیەك ببێتەوە و لە دواییشدا لەوەی کە ترساوە هاتووە بە سەریدا.

ئەو لێکۆڵیارە ڕاستی دەکرد: ئەوەی کە لە بەرهەست و نەستدا دەیکێڵین، گیرام چاك یان خراپ بێت، درەنگ یان زوو بەرهەمەکەی دەبینینەوە.

* * *

لە ڕەوتی ڕاوێژکاری لەگەڵ پیاوێکی لاودا کە تێکۆشەر و چالاك بوو، سەرنجم دا کە ئەو مرۆڤێکە کۆشا و دروستکار و خاوەن پشوودرێژی. وێڕای ئەوەش بێجگە شکانی یەك لە دوای یەك بەشێکی پێ نەبڕاوە و هاتبووە لای من هەتا هۆی شکانەکانی خۆی ببیستێت. لە ڕەوتی وتووێژدا بەم ئاکامە گەیشتم کە ئەو سەرەڕای تەواوی ئەو خەسڵەتانەی کە هەیبوو، ئەم هزرەی لە زەیندا پەروەردە کردبوو کە شیاو و توانای سەرکەوتنی نییە و ئەوەی کە چارەنووسیشیان وەها نووسیوە کە بێجگە چارەڕەشی و شکان بەشێکی لەم ژیانەدا نییە. ڕوونم کردەوە بۆی کە ئەو بیرانەی کە ڕێگای داوەتە زەینی، بووەتە هۆکاری ڕۆژەڕەشی ئەو. چارەنووس و بەش هەر ئەو بیرۆکەیەیە کە ڕێی دەکەینە مێشکەوە. مرۆڤ لە بنەڕەتڕا بۆ سەرکەوتن و پێشڤەچوون دروست کراوە و ئەگەر بێجگە ئەمە بەش ببات، تاوانبار خۆیەتی کە یان زیادەخوازی کردووە و یان خۆی سووك و نزم و لە خوار زانیوە. ئەم پیاوە لەم خاڵە تێگەیشت کە ئەو لە هەموو ئەو سەردەمەدا بە فێرکردن و تەڵقین بەردەوام بە بەرهەستی خۆی، یاسای نشوستی و شکانی بۆ خۆی بە شێوەی بناوانێکی نەگۆڕ هێناوەتە پێشەوە.

ئەو ئێستاکە بە چاکی دەزانێت کە ئەوەی کە بڕاوی پێی بێت، نەستی ئاشکرای دەکات. لە ئاکامدا بە پێکهێنان و دانانی یاسایەکی نوێ لە گیانی خۆیدا توانیویەتی ئایدیای سەرکەوتن و دەوڵەمەندی سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە و شێوەیەکی نوێی پێ بدات. ئەو زۆر جار ئەم دوو ئایدیایە لە بەرهەستی خۆیدا دەکاتە وێنە و هاوسەرەکەی لە دنیای خەیاڵی خۆیدا

دەبینێت کە خەریکە پیرۆزبایی سەرکەوتنەکانی پێدەڵێت. یاسای نەست بنیاتێکی جێگیرکراو و نالەرزۆکە و هەر بەم هۆکارە یارمەتی دەدا هەتا سەرکەوێت و بە ئاواتەکانی بگات.

خۆی دەیگوت ماوەی مانگێك لە پڕێکدا ژیانی ژێروژوور بوو و گۆڕانی بەسەردا هات و ئەمەیەی بە تەواوی بە قەرزداری گۆڕانی خوویەك دەزانی کە لە بەرهەستی خۆیدا پێکی هێنابوو. داوای یارمەتی لە خووە چاکەکان و قەبوولکردنی شکان لە خووە خراپەکانە. ئەم پیاوە ئەمەی دۆزیبووە کە هەستە نوێیەکان و (وێنە، بیرۆکە)کەی گۆڕانیان لە ژیانیدا پێك هێناوە. ئەو لە هەمان دۆخدا کە سەرلەنوێ بەرهەستی بەرنامەڕێژی دەکاتەوە، هاوکات هۆشیارە هەتا ئەوەی کە بە پەسەندی مێشکی گەیاندووە جارێکی دی نەرێ و حاشای نەکات.

هێزی هەڵبژاردن

لە گەشتەکەمدا بۆ هێندوستان لەگەڵ یەکێك لە ئەفسەرەکانی دایەرەی سێهەمی ئەم وڵاتەدا دەدوام و ئەو لەو بەسەرهاتانەی کە لە ژیانیدا بۆی هاتبووە پێشەوە و زۆر جار ئەوی کێشابووە ناو دڵی مردنەوە، بۆم دەئاخافت و سەرئەنجام بە خوێندنەوەی بەها گاوادگیتا بڕوای هێنابوو کە تەنیا هێزێکی چاکە لە ناوەندی ئێمەدا لە ئارادایە و هەر ئەو هێزەیە کە چارەنووسی ئێمە دەنووسێت و هەنووکە دەیزانی کە دەبێت لە هەموو

دۆخێکـدا خـۆ بسـپێرێت بـەو وزەیـە هـەتا بتوانێـت لـە پێشـهات و تووشیارییەکان دەربباز ببێت.

ئەو هەموو شەوێك بە دەنگێکی بەرز ئـەم ئایـەتی ئێنجیلـەی دەخوێنـد: "خودا پووناکی منە و رزگاری من. ئیدی لە چی بترسم؟ ئافرێنەر پشتیوانی منە: کەوایە لە چی بترسم؟ هەر ئەوە لـە رۆژی بـەلا و دژواریـدا پشـتیوانیم لێدەکات و دەمخاتە پەنای خۆیەوە."

ئەو دەیگوت ئەمانە بەیانییان پێش چوون بۆ سـەرکارەکەی چـەند جـار دووبارە دەکاتەوە و لە ماوەی رۆژیشدا بە کەرات دووبارەی دەکاتەوە و بە تـەواوی ئاگـاداری ئـەم خاڵەیـە کـە ئـەم ڕاسـتییە سەرسـامکەرانە لـە بەرهەستیدا بنچ دادەکوتێت و ئەوەش بەپێی نموونە زەینییەکان دژکردەوە پیشان دەدات. و ئەمەش بەرهەمی ئەوە بوو کە لـە بـارەی ئـەوەوە پـێش هاتبوو. ئەفسەری ناوبراو باسی دەکرد کـە رۆژێـك پیاوێـك بـە دەمانچـە لـە نزیکەوە تەقەی لێدەکات، بەڵام سەیر لەوەدا بوو کە گوللەکەی ئـەو کەسـە لە خانی چەکەکەیدا گیری کـرد و مەترسـییەکەی ڕەوییـەوە. جـارێکی دی، تاوانکارەیەك بۆمبێکی فڕێ دایە ئۆتۆمبیلەکەیەوە کە ئەویش نەتەقییـەوە. لە ڕووداوێکـی دیکـەدا کـە دەیانویسـت بـە مـادەی خـۆراکی ژاراوی بکـەن، سەرۆی دەروونـی لـە خـواردن ڕایگـرت و ئـەم جـارەش لـە مەترسـی مـردن ڕزگاری بوو.

ئێمرسۆن دەڵێت: "لە هەر یەکێك لە ئێمەدا چەشـنێك ڕێنوێنیکـاری نـاخ لـە گۆڕێدایـە کـە ئەگـەر بـە نییەتچـاکییەوە بڕوامـان پێـی هـەبێت، لـە

تیشکەکەی ڕووناك دەبینەوە" و ئەمە هەر ئەوەیە کە لە بەرهەستی ئێمەدا جێگیر بووە.

کاتێك کە ئایدیایەك بەهۆی دووبارەکردنەوەوە لە زەینماندا جێگیر دەبێت و ئێمە وەریدەگرین، ساتێك دەگات کە بەدیهاتنیشی ببینین و ئەمە بڕوای نەستە کە لە دژکردەیەکی خۆبەخۆدا هەڵدەستێت بە ڕێنوێنی و ڕێنیشاندەری مرۆڤ.

بڕواکانی ناخ

مامۆستایەك پێی دەگوتم کە ئازاری پێی بەم هۆیەوە چاك نابێتەوە کە لەو بڕوایەدایە بە هۆی گوناحەکانیەوە کە لە ساڵانی پێش لەدایکبوونیدا تووشیان بوە، هەنووکە دەبێت سزای خۆی بەم ئازارانە وەرگرێتەوە. بەڵێ ئەو سەرەڕای ئەوەی کە پیاوێکی خوێندەوار بوو، بەڵام بەم هەزرە هەڵەیە خۆی ئەشکەنجە و ئازار دەدا و خۆی بە شیاوی ئەوە دەزانی.

بەوم گوت کە هەموو ئەمانە بەرهەمی خەیاڵی نابیرسایی ئەون و سووکایەتییەکە کە بە هۆشی خۆی دەکات. پێشنیارم پێی کرد کە بە جیا جیا سەردانی دوو مامۆستای دەروونناسی پسپۆڕ لە بواری هێپنۆتیزمدا بکات و داوایان لێ بکات هەتا ئەو ببەنەوە ١٠٠ساڵی بەر لە لەدایکبوونی کە بە بۆچوونی ئەو لەو کاتەدا تووشی تاوان و گوناح بووە. ئەو دوو مامۆستای دەروونناسییە کە یەکدییان نەدەناسی، هەر یەکە و لە بارەی ئەوەوە چەند ڕاپۆرتێکی دژبەیەکیان بۆ دارشت. لە یەکێك لە

ڕاپۆرتەکانیاندا ئاماژە بەم بابەتە کراوە کە ئەو لەو مێژووەدا ژنێك بووە لە کونتاکیدا و چوار منداڵی هەبووە. لە ڕاپۆرتێکی دیکەیاندا نووسرابوو کە سەربازێك بووە لە فەڕەنسا و بەهۆی کوشتنی فەرماندەکەیەوە لە بەندیخانەدا بووە.

ڕوونە کە ئەم دوو ڕاپۆرتە لە ژیانی پێشووی ئەو (١٠٠ساڵ پێش ئەوەی کە بێتە دنیاوە) دارێژرا بوو، شتێك بێجگە خەیاڵاتێکی چێکراو و سەریەکخراوی زەینیاتی نەبوو. بەڵام لە ڕاپۆرتی دووهەمیاندا نووسرابوو کە ئەو زمانی فەڕەنسایی بە چاکی دەزانێت و دەتوانێت بە چاکی پێی بدوێت و ئەمە سروشتی بوو کە ئەو مامۆستایە دەیتوانی بەم زمانە بئاخافێت. نەخۆش بە توندی ئاڵۆز و نیگەران بووبوو، ڕوێشتە لای دەروونناسی سێهەم و ئەویش ڕاپۆرتێکی دژتری لەگەڵ ئەو دوو هاوکارە پێشووەکەی بە دەست هێنا. ئەوکات داوای لەو دەروونناسە کرد تا ژیاننامەی لە سەرەتای هاتنەدنیاوەی (کە ئەو کاتە ٥٥ ساڵی تەمەن بوو) هەتا ئەو کاتە بۆ بنووسێت و شی بکاتەوە. هەموو کارەسات و بەسەرهاتەکان لە بەرهەستدا جێگیر دەبن و هەموو ئەزموون و ڕووداوەکان هەر لە لانکەوە بە شێوەیەکی تەواو و کەماڵ لە بەرهەستدا دەچەسپن. لە ئاکامدا نێوەڕۆکی بەرهەستی ئەو گشت لە گشت و یەکجێ کەوتە بەردەستی ئەم کارناسانەی کە مامۆستای هونەری هێپنۆتیزم بوون، و ئەوان تواناییان بە خوێندنەوەی هزری ئەو لە ڕابردووی تێبگەن. لە ڕاستیدا، ئەوان نەیاندەتوانی ژیانی

ئێستاکەی ئەو بدۆزنەوە، بەڵکو بە گەڕانەوە ئەو مامۆستایەیان لە بەشێك لە کتێبی ژیانی خۆی ئاگادار دەکردەوە.

لەو کاتەدا بوو کە لە هەڵەکەی خۆی تێگەیشت و زانی کە بەو هەزرە پووچانەی کە ڕێی کردبووە مێشکیەوە، بە لاڕێدا ڕۆیشتووە. بە پێشنیاری من چوو بۆ لای دۆستێکی من کە دکتۆرێکی توانا بوو، و دوای پشکنینی تەواوی پێیەکانی، دڵنیای کردەوە کە بە دەرمانە نوێیەکان نەخۆشییەکەی چارەسەر دەکات و ئەو ئەم بیرۆکەیەی بە دڵ وەرگرت. پێی ڕاستی ئەو خەوشدار بوو. پێی ڕاست نیشانەی دنیای بەرچاو و پێی چەپ هێمای بزووتنە. لە ڕاستیدا ئەم پیاوە لەم بابەتە گەیشت کە لە بواری دەروونییەوە دڕ بە بڕینی ئەندام بووە و هاوکات لە تووڕەیی و ڕقی قووتداوی ئازاری چێشتووە. ئەم ڕووداوانە دەبوو بە چەشنێك لە دەرەوە سەرهەڵبڕێت و خۆی پیشان بدات و نەستی بە ئازاری توند لە پێدا دڕکردەوە پیشان بدات.

ئەوکات ساغ بووە هەتا جەستە و گیانی خۆی هێور بکاتەوە و خۆی بسپێرێتە خودا واتە هێزێکی سەروو کە لە بوونیەت و وجوودی هەموو کەسێکدا لە ئارادایە، و دواییش دەستی بەم پڕۆفەیە کرد: "هۆشی بێسنوور ڕێنوێنیکار و ڕێپیشاندەری دکتۆری چارەسەرکاری منە کە خۆم دەدەمە دەستی لێهاتووی ئەوەوە. ئافرێنەرێك کە پشتیوانی منە، سارێژیم پێ دەبەخشێت و ئەم چارەسەرییە پەرجووئاسا هەر لە ئێستاوە دەست

پێدەکات." لە ڕاستیدا ئاواتەکەی بەدی هات و دوای ماوەیەک پێی چاک بووەوە و ئازارەکەشی بە گشتی لە نێو چوو.

* * *

ڕۆژێک ژنێک سەردانی کردم و گوتی کە بانگێک لە گوێدا وەهای پێدەڵێت کە خۆت بکوژە و یان دەست بکە بە مەیخۆری و خواردن و خواردنەوە. دوای وتووێژێکی دوورودرێژ ئەم بابەتە دەستی گرتم کە ئەو بەردەوام لە ترس و لەرزدا بووە، و نەستی لە بەرانبەر ئەم ترسە دایمیەوە دژکردەوەی پیشان داوە و بە چەشنێکی نەرێنی کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵسوکەوتی.

ڕاهێنانێکم پێی دا کە تایبەت بە کەسانێک بوو کە پێیان وایە تاپووە مەترسیدارەکان بە دوایانەوەن. فەلسەفەی من بەردەوام ئەمە بووە کە ئەوین ترس ڕاو دەنێت. بوونی خودا لە دڵ و گیانی مرۆڤیدا لە وەهم و خەیاڵ و خورافە دووری دەکاتەوە و هەموو هزرە ڕەش و نەرێنییەکانی لە مێشک دەردەپەڕێنێت. پێشنیارم پێی کرد هەتا ڕۆژێ سێ کەڕەت و بە تایبەت شەوانە و لە کاتی نوستندا و بە دەنگی بەرز ئەم وتانە دووبارە بکاتەوە هەتا لە بەرهەست و ناخیدا بە چاکی جێگیر بکرێت و زیادە لەوەش هەر بیرۆکە و پێوەرێکی نەرێنی لێی دەر بکات. ئەو خاتوونە قەبوولّی کرد هەتا ئەو پڕۆژە تایبەتە ئەنجام بدات و ئەوەندە دووبارەی بکاتەوە تا ببێتە بەشێک لە زەین و بەرهەستی.

خودا خۆشی دەوێم و چاودێریکاری منە. عەشقی ئەو هەستی پوونی من و نەستم سەرپێڕ دەکات. من دەزانم کە بە قەبوولکردنی ئەم پاستییانە، هەموو کاریگەرییە نەرێنییەکان لە دەروونی خۆم دەکەمە دەرەوە. من تەندروست و شادمان و یەکسان دەبم. من دەنگی پاستی و حەقیقەت دەبیستم لە گیانی خۆمدا جێگای دەکەمەوە.

ئەو دوای ئەم پاهێنانەی هزری بە دەنگێکی فەرماندەرانەوە و بە هێمنی تەواوەوە وەها درێژەی دەدایە:

من ورەم دەخەمە کار تا هزری نەرێنی لە مێشکم بچێتە دەرەوە و بێجگە عەشقی خودا تیایدا نەمێنێتەوە. من ئازادم، ئازاد، ئازاد.

دوای حەوتوویەک دووحەوتوو پرۆڤە، ئەم ژنە بە پاستی خۆی بە ئازادی بینییەوە. ئەو هەئووکە دەیزانی کە ئەوەی کە دەبووە هۆی ترس و شڵەژان و تۆقینی دەروونی لەودا، شتێك بێجگە لە بەرهەستی نەبوو کە ترسەکانی خودی ئەوی کە لەگەڵ خۆیدا لێوەی دەدوا، پێی دەسپارد.

* * *

لەدایکبوونی دووبارە

کەسانێکی زۆر گەلێك پرسیارم لێدەکەن دەربارەی واتا و چەمکی (لەدایکبوونی دووبارە) و یان ئەوەی کە ئێمە هەموو پۆژێك لە پۆژنامەکان و پاگەیاندنە گشتییەکاندا دەیخوێنینەوە و دەبیستین کە فلانەکەس پایدەگەیەنێت سەرلەنوێ زیندوو بۆتەوە کە بێگومان بەو مانایەی کە لە

ژیانی فیزیایی هەمانە بە تەواوی جیاوازە. مرۆڤ بۆ بووژانەوەی پاستەقینە و لەدایکبوونەوەی دووبارە، دەبێت تێگەیشتنی هەبێت لە هێزەکانی دەروونی خۆی و پەی بە هەستی یەکانیەتی خۆی لەگەڵ بێسنووردا ببات. کاتێک کە عەشق و پاکی خوداوەندی گیانی سەرپێڕکرد و لە ترس و خورافە و خەیاڵاتی بێکەڵک و بێهوودە ڕزگاری بوو، ژیانی دووبارەی دەست کەوتووەتەوە.

لەدایکبوونی دووبارە و یان بووژانەوەی دەروونی ئەزموونێکی تاکەکەسییە کە خود و گیان دەبێت تێر بێت لە پاستییەکانی خودا. کاتێک کە بەرهەست لەم پاستییە بنەڕەتییانە سەرپێڕ دەبێت، ڕەوتی ژیانی تاکەکەس بەپێی وێنا و بیرۆکەیەک کە پێتان بەخشیوە، دەکەوێتە گەڕ. شکسپیێر دەڵێت: "ئەگەر گیان ئامادە بێت، هەموو شتێک ئامادەیە." قەشەیەکی لاو کە هاوڕێم بوو بۆچوونی وەها بوو کە هەموو خەڵک لە بواری دەروونییەوە لەگەڵ زەمەندا دووبارە زیندوو دەبنەوە. من ئەوم هەواڵەدایە ئەم ئایەتەی ئینجیل: "کاتێک بۆ هەموان، کاتێک بۆ هەموو شتێک لە ژێر ئاسمانەکاندا"، کاتێک بۆ لەدایکبوون و زەمەنێک بۆ مردن، زەمەنێک بۆ چاندن و کاتێک بۆ هەڵگرتنەوەی ئەوەی کە کێڵراوە، کاتێک بۆ کوشتن و کاتێک بۆ چارەسەری، کاتێک بۆ ژێرەوژوورکردن و کاتێک بۆ چێکردن، کاتێک بۆ گرین و زەمەنێک بۆ پێکەنین، کاتێک بۆ خەمخواردن و کاتێک بۆ سەما و هەڵپەڕین، کاتێک بۆ بەردفڕێدان و زەمەنێک بۆ کۆکردنەوەی بەرد، زەمەنێک بۆ لە باوەشگردن و کاتێک بۆ دوورکەوتنەوە لە هاوئامێزەکان،

زەمەنێك بۆ لێگەڕان و زەمەنێك بۆ لەدەستدان، کاتێك بۆ ڕاگرتن و زەمەنێك بۆ دوورخستنەوە، زەمەنێك بۆ لەت و کوتکردن و کاتێك بۆ دوورینەوە، کاتێك بۆ مانەوە و زەمەنێك بۆ ئاخافتن، زەمەنێك بۆ خۆشویستن و کاتێك بۆ ڕقلێبوونەوە، زەمەنێك بۆ شەڕ و زەمەنێك بۆ ئاشتی.

* * *

کەسێك کە کارێك دەکات چ بەرهەمێك لە زەحمەتەکەی بە دەست دێنێت؟

من وەها تێگەیشتووم کە بۆ ئەمانە هیچ بەختەوەرییەك نییە بێجگە ئەوەی کە چێژ ببەن و لە ژیاندا چاکە بکەن.

هەر وەها ئەوەی کە هەر مرۆڤێك دەبێت بخوات و بخواتەوە و لە بەهرەی کارەکەی سوودمەند ببێت، هەموو ئەمانە لە دلۆڤانی و بایەخدانی خوداوەندییەوەیە.

من دەزانم کە کاری خودا تا هەتایە بەردەوام دەبێت.

* * *

ئەم بەڵگەهێنانە ناتوانرێت وەربگیردرێت کە مرۆڤەکان بە تێپەڕینی زەمەن دەبنە پاك و دوورەگوناح. ئەمە هزرێکی هەڵەیە، لەبەر ئەوەی کە لە دنیادا و لە کەشکەڵانەکانی بۆشایی ئاسماندا هەموو شتێك بە ڕەوالێکی ڕێکوپێك دەسوڕێتەوە و هەر تۆزێکیش لە ژێر کاریگەری گیانی گشتیدایە

کە بەپێی بنچینەی ماتماتیکی بە پاشکاوییەکی ڕێکوپێکەوە کار دەکات. دەڵێن کە ڕێکی یەکەمین یاسای ئاسمانییە.

کەوایە ئەمە خاکییەکانن کە دەبێت گۆڕانکاری لە خۆیاندا پێك بێنن و ئەمە پاشهاتێکە تاکەکەسی. هیچ کەسێك ناتوانێت بە دارەستێکی سێحراوی، خەڵکی ناچار بکات تا چاکە و ڕاستی و جوانی بە کردەوە دەربێنن و بیکەنە ئەزموون. هەمووی ئێمە تا کاتێك لەم دنیای خاکییەدا بەسەر دەبەین، لەگەڵ کۆمەڵێکی دژبەیەکدا ڕووبەڕووین. شەو و ڕۆژ، هەڵچوون و دابەزین، تاڵ و شیرین، ساغی و نەخۆشی، بڕوا و ترس، چاکە و شەڕ. ئێمە ناچارین هەتا لەگەڵ ئەم دژبەرانەدا هەڵبکەین و بەم پێیە هێمنییەك کە لەودیوی هزری گشتییەوەیە، بیکەینە ئەزموون.

ژیانی ئێمە لە پاندۆڵێك دەچێت کە لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەکدا لە ئاوساندایە. لە شەڕەوە دەگەینە ئاشتی و دووبارە دەچینەوە قۆناغی شەڕ. هەموو ئەمانە بەهۆی ئەمەوەیە کە مرۆڤ هەر ئەوەیە کە دەبێت بێت. کاتێك حەسوودی و چاوچنۆکی و ناپاکی و خۆپەرستی و ڕق و ئێرەیی و ڕژدی لە مرۆڤدا بە تەواوی لە نێو دەچێت، لەو کاتەدایە کە بە دڵنیاییەوە نە شەڕێك دەمێنێتەوە و نە نەخۆشییەك و نە تاوانێك. ئەم ڕووداوانە گرتنەوەی گشتی و هەمووانی نییە و لە هەر تاکێکدا لەسەر بناغەی تێڕوانینێك کە لە هێزی خود و هزریات و هەستەکانی هەیەتی، خۆی دەردەخات و لایەنگەلێکی تایبەت لە خۆ دەگرێت. هەر کەسێك کە شاری خەونی (مەدینە فازڵەی) خۆی لە ناو زەینی خۆیدا دەخولقێنێت و هیچ

حکوومەتێك ناتوانێت ئاشتی و هێمنی و بەختەوەری و تەندروستی و چاك ژیانی دانیشتووانەکەی بسەلمێنێت. خەڵکانێکی بێئەژمار لە سەرانسەری جیهاندا دەست دەکەنە گەشت و گەڕان و سەیران و نووسەری ئەم ئاستە گەشتیارانێکی زۆری لە گەشتەکانی خۆیدا بینیوە کە گۆشە و کەناری گۆی خاکی ئێمە لە ژێر پێدا تێدەپەڕێنن و دەچنە هەرێمە دوور و نزیکەکان، بەڵام ئەگەر لێیان بپرسی کە سەرێکیش دەدەنە دەروون و بوونیەتی خۆ بێئاگایی خۆیان ڕادەگەیەنن و لە بۆ دانەوەی وەڵام دادەمێنن.

کاتێك دەچیتە دەسەڵاتدارێتی دەروون، ڕاستیگەلێکی مەزن بە چاو دەبینیت کە پێشتر سەرسەری بەسەریدا تێپەڕ ببوویت. لە هەرێمی گیاندا نە زەمەنێك هەیە و نە شوێنێك و بە خەبەری گیان هیچ پەیوەندییەکی بە سووڕانی زەوین بە دەور هەتاودا نییە. ئەوەی کە بە دەرە لە زەمەن و شوێن و بۆشایی و حەوتوو و ساڵ و مانگ، لە وجوودی خۆتاندایە. مێژوو دووبارە دەبێتەوە و ئەوەی کە پێشتر ڕووی داوە، دووبارەش ڕوو دەداتەوە. سووڕانی گۆڕانەکان و ئاڵوگۆڕەکان، ئەمریکا و جیهان ناگۆڕێت، بەڵام ئامانج و نییەتی گۆڕینی مرۆڤە بە چەشنێك کە ببێتە مرۆڤێکی دی: مرۆڤێکی بەختەوەر و شادمان، مرۆڤێك کە خودا بناسێت و هاوچەشنەکانی بە برای خۆی بزانێت و ببینێت.

دنیایەك کە ئێوە بە چاو دەیبینن، هەر ئەو دنیایەی دڵی ئێوەیە کە لە ناخی زەینتانەوە لێدەڕوانن. جوانی دەبێت لە چاوی بینەرەوە ببینرێت و بەم هۆکارەیە کە دنیای هەر کەسێك لەگەڵ ئەوی دیکەدا جیاوازە. ئەگەر

چاوی دڵتان خووی گرتبێت کە هەموو شتێك بە چاك ببینێت، بێجگە چاکە و جوانی نابینێت.

ئەی مرۆڤ، ئەوەی کە دەیبینی، دەبێت هەر ئەوەش ببیستی. ئەگەر خودا دەبینی، خودا و ئەگەر تەپوتۆز ببینی، تەپوتۆز دەبینی.

شادی و خۆشی ڕاستەقینە کاتێك لە مرۆڤدا بەدی دێت کە بتوانرێت بە دۆزینەوەی ئەوەی کە لە ناخی خۆیدایە، زاڵ بێت بەسەر چارەسەری کێشە و مەسەلەکانی خۆیدا و لەگەڵ دژوارییەکان و کەند و کۆسپەکاندا بکەوێتە بەرانبەرکێ.

هەوڵ بدەن هزری گۆڕانی دنیا مەخەنە مێشکی خۆتانەوە. ئەگەر شتێکیش دەبێت بگۆڕدرێت، ئەمە خودی ئێوەن. دوو شەڕی ماڵوێرانکەری هەنووکە ئەم خاڵە بە ڕوونی دەسەلمێنێت کە سروشتی مرۆڤ لە سەدەکانی پێشترەوە نەگۆڕاوە و هەر بەو چەشنەی کە بووە ماوەتەوە. لەو کاتەوە کە پێم نایە ئەم دنیایەوە، هەتا ئەوشوێنەی کە لە بیرمە، لێزمە و زریانی شەڕ لەملا و ئەولای دنیاوە هەر وەها بەربووەتە گیانی مرۆڤەکان و گرەکەی گەلێك ماڵانی سووتاندوە. ئێوە بێبەرین لەو شەلاخە سێحرییەن کە بە داوەشاندنێکی کانی نەخۆشی کە دەمار و ڕەگی داکوتیوەتە ناو هزری مرۆڤەکانەوە، لە مێشکی بکەنە دەرەوە، هەر بەو چەشنەی کە ناتوانن بەر بە شەڕ و کێشمەکێشەکان و پێکدادانەکانی مرۆڤی بگرن.

زەوین خوێندنگەیەکە و ئێمە هاتووینەتە ئەم دنیاوە هەتا گەشە بکەین و گەورە ببین و دەستمان ڕابگات بە دۆزینەوەی خودایەتی کە هەموو

شۆڕێکی چێ کردووە و ئێمە دەگۆڕێت و ئاڵۆگۆڕ پێدەکات. هەر بەو چەشنەی کە بوودا گوتوویەتی ژان و ئازاری ئەم دنیایە سەرچاوەگرتوو لە نەزانی و نائاگایی ئێمەوەیە. پەوشی خانەدانیانە و ئاسمانی ئەوەیە کە بمانەوێت ئازار و نەخۆشی ساڕێژ بکەین، بەڵام هیچکات نابێت بە چەشنێك بڕوانینە تراژیدیا و تاوان و سزا و ئازار و نەخۆشییەکانی جیهاندا کە تووشی بێهیوایی و خەمۆکیمان بکات و بەم پێیە لێڵی زەینی خۆمان و خەڵکیش زیاد بکەین. کەوایە بە چاوێکی بینینەوە بڕواننە هێمنی و هاوسەنگی و یەکسانی و دروستکاری و چاکەی خۆتان و هاوچەشنەکانتاندا وبستن و بۆ خۆتان چاکە و خۆشی بهێنن. هەر لە ئێستاوە خێر ز ئەوین و شادمانی خۆتان دەستەبەر بکەن. دابینکردنی بەختەوەری و چاکە و خۆشی خۆ مەخەنە دواییەکان. ئەگەر بەڵێنیتان بە خۆتاندا کە ئەگەر شەڕەکان بڕانەوە و دوای ئەوی کە خەڵکی بوونە خوادۆست من دەتوانم شاد و بەختەوەر و ئازاد بم، وتەیەکی ناپەیوەند و نابەجێتان کردووە، لەبەر ئەوەی کە تا ئەو کاتە دەبێت ماوەیەکی زۆر تاقەت بهێنن. کاتێك کە ئێوە بە هزری خوداوە دەژین، بۆ خۆتان و خەڵکی دیش دەبنە سەرچاوەی چاکە و بەهرەمەندی، لەبەر ئەوەی کە لەو کاتەدا هەتاوی ئەوینی ئەو پێشکەش بە هەموو دنیا دەکەن.

لە نێو هاوگەشتییەکانمدا خاتوونێك هەبوو کە زۆر سۆزدار و بەهەست بوو. سوالکەرەکان زۆرتر هێرشیان دەهێنا بەرە ولای ئەو و تەنانەت هەندێك هەوڵیان دەدا جانتاکەی بڕفێنن. ئەو بە بینینی ئەو دۆخە دەیگوت:

من بە ڕاستی ئەمشەو ناتوانم شام بخۆم. ئاخۆ مەگەر دەبێت ئەم گشتە هەژارە برسییە ببینی و لەسەر کورسی خواردن دابنیشی و پێخوەر بخۆی.

یەکێک لە ئەندامانی گرووپەکەی ئێمە ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا قسەی کرد و لە کۆتاییدا بۆ ڕازیکردنی پێشنیاری پێ کرد کە ئەگەر زۆر بەزەیی پێیاندا دێتەوە، چاکتر وایە کە بڕوات و لەسەر شەقام لە لایاندا بخەوێت هەتا هاوەردی زۆرتر پیشان بدات. ئەو ژنە توانی لە مەسەلەکە تێبگات. ئەگەر بە هەژارێکی برسی بوترێت کە:

من بە ڕادەیەک بۆ تۆ بەداخم کە ئامادەم خۆشم لە برسێتیدا بمرم.

ئەم داوادارییە لە دۆخی باوی ئەودا هیچ گۆڕانێک پێک ناهێنێت. بۆ خاتوونی ناوبراو ئەوە گونجاو نەبوو کە هەموو هەژارەکان تێر بکات و یان سامانێکیان بۆ دەستەبەر بکات کە ئەو هۆزە بێئەژمارە لە هەژاری بڕەوێنێتەوە و بەزەییپێداهاتن چارەساز نەدەبوو.

کاتێک کە دەچنە سەردانی هاوڕێیەکی نەخۆشتان لە خەستەخانەی، لە وتنی ئەم وشانە خۆ ببوێرن:

من لە بینینی تۆ لەم دۆخەدا بە ڕادەیەک ناڕەحەت بووم کە خۆشم دەمەوێت لەگەڵتدا ئازار بچێژم!

ئەوەی کە هاوڕێی نەخۆشی ئێوە پێویستی پێیەتی، هاودڵی و دڵدانەوە و گواستنەوەی ئەوین و بڕوا و متمانەیە. ئەگەر ئێوە دڵنیای بکەنەوە لە هێزێکی چارەسەرکار کە لە ناخی خۆیدایە، مافی هاوڕێیەتیتان پێی داوە و ئەمەیە هاوسۆزی و یەکدڵی ڕاستەقینە. تێرکردنی سکی برسییەکان

پێویستە، بەڵام تەواو نییە لەبەر ئەوەی کە دووبارە برسی دەبنەوە. پێی فێر بکەن کە بە چ شێوەیەک لە بەرهەستی خۆیدا سامانە ئاسمانییەکان هەڵگۆڵێت. پێی فێر بکەن کە بە چ شێوەیەک یارمەتی لە هێزی خودایی وەرگرێت. لە وەها حاڵەتێکدایە کە ئێوە ڕازی ڕاستەقینەی ژیانتان پێی ناساندووە و ئەو ئیدی لە هەژاری و نەداریدا بەسەر نابات.

بەشی دوازدەهەم

ڕێگای هێمنی ناخ

لە کاتێکدا کە دەچمە دڵی تاریکی مردنەوە، لە هیچ بەڵایەک ترسێک ڕێ ناکەمە دڵەوە: لەبەر ئەوەی کە تۆم لەگەڵدای.

"بەڵێ، بەختەوەری و ڕزگاری لە هەموو تەمەندا لەگەڵمدا دەبێت و لە ماڵی تا هەتاییدا لانە دەکەم."

"خوا شوانی منە و هیچ مشەوەشییەکم نابێت."

* * *

ئەگەر ئەم وتە گەوهەرییانە بە سەرنجدانەوە بدەینە بەر توێژینەوە، دەستمان ڕادەگات بە گەلێک ڕاستی مەزن، کە بەردەوام لە بارەیەوە باسمان کردووە. کاتێک کە دەگوترێت ئافرێنەر شوانی منە واتە هەر بەو چەشنەی کە شوانێک مەڕە زمانبەستە و بێپەناکانی خۆی چاودێری دەکات و خۆشیانی دەوێت و هۆشی پیانەوە دەبێت، ئێمەش لە پەنای خوادا وەها دەبین. شوان سەرتاپا دەبێتە چاو و گوێ و ڕانەکەی خۆی لە لەوەڕگا دوور ناخاتەوە و تەنانەت لە خواردنی ئاڵفێکی بخراپ و ژاراوی دەیانپارێزێت. ئەو

ڕانەکەی دەباتە سێبەر و بە سەرهەڵدێرەکاندا دەیانپەڕێنێتەوە و بەرەو ئاوێکی فێنک و خاوێن ڕێنوێنییان دەکات. لە ئێوارەدا دەموقەپۆز و کەپوو و لووتیان دەپشکنێت هەتا دڕکوداڵ تیایدا گیری نەکردبێت. ئەگەر وەها بێت، بە سەرنجدانەوە دەیکێشێتە دەرەوە و پۆن دەکاتە سەر برینەکەیاندا. پێیەکانیان دەپشکنێت هەتا ئەگەر بریندار بووبن، دەرمانیان بکات.

شوان مەڕەکانی خۆی خۆش دەوێت و لەسەر هەر کامەیانەوە ناوێک دادەنێت. ئەوانە ناوی خۆیان دەزانن و بە دوای شوانەکەیاندا دەکەونە ڕێ. ئەم وتانە بە تەواوی هێماییە و ئەمە بەم واتایەیە کە ئەگەر ئێمە خودا هەڵبژێرین، هیچ کات مشەوشییەک ڕێ ناکەینە دڵمانەوە. بەرلەوەی کە ئاواتەکانی خۆمان بە چەشنی داوا و نزا بهێنینە پێش چاو، سەرەتا دەبێت لە هەستی خۆماندا وردەی تەواومانە هەبێت بۆ ئەنجامی مەبەست. هەستی تێگەیشتن و ویژدانی ئێمە کۆمەڵی هەموو وەرگیراوەکان و بڕواکانی ئێمە خۆئاگا یان ناخودئاگا دەردەخات. دۆخی هەستی تێگەیشتنمان شێوازێکە کە بە هۆیەوە هەست و بیرۆکە و بڕوا دەکەینەوە و ئەوە هەر ئەو شتەیە کە ئێمە بە قایلبوونی هەست و خاتری نێو دەبەین.

بە واتایەکی دی، لاخوازی و ویستی ئێمە دەبێت لە بەرهەستدا بە ئەمانەت دابنرێت. دەڵێن: (بوون) خاوەنبوونە. ئەگەر توانای ئەوەم هەبێت هەتا مەبەستەکانی خۆم بە ڕەوشگەلێک و کەرەسەی ڕواڵەتی بە دەست بێنم، کەوایە چەتە و دزێک زیاتر نیم. دۆخی هەستی من درگای هەر

دەرکەوتە و بەیانێکی پوڵەتییە. من دەبێت خاوەنی ئەو چەشنە یەکسانییە دەروونییە بم کە بزانم چیم دەوێت و دەمەوێت ببمە خاوەن چ شتێك. وێنەیەکی سادە دێنینەوە: نەخۆشێك لە ناخی دڵەوە دەیەوێت سارێژایی ببێت و لەو بوارەوە بە چەندان جار ئەو ڕستەیە دووپات دەکاتەوە:

من چارەسەر بووم.

ئەم دەربڕینە میکانیکییە هیچ سوودێکی نابێت و هیچ ئازارێك دەرمان ناکات. ئەگەر ئەم کەسە دەیەوێت چارەسەری تەواو بێت، دەبێت ئەو دۆخەی کە شادی و خۆشی دوای چاکبوونەوەیە، لە خۆیدا پێك بێنێت. ئەو دەبێت بڕوای لەسەر بناغەی متمانەی تەواو و شاردراوە سەبارەت بە ڕۆحیاتی خۆی جێگیر بکات. بۆ دەوڵەمەندبوونەوە، پێویستە کە هەستی دەوڵەمەندبوونەوە ڕێ بکەینە دەروونی خۆمانەوە، پارە بە دوای ئەم بیرۆکەیەدا دێت.

مەڕەکانی سەرەوە کە باسمان کرد، هێمای بیرۆکەگەلێکی ئابڕوومەندانە و شیاو و پاکن کە بۆ ئێمە چاکە و بەهرە لەگەڵ خۆدا دەهێنن. بڕوای ئێمە بە چاکی و پاکی، شوانێکە کە چاو لە ڕانەکەی هەڵنابڕێت و چاودێرییان دەکات. دۆخی دەروونی ئێمە وەکوو سەرکردەیەکە کە فەرماندەیی سپاکەی دەکات و بەردەوام لە حاڵەتی چاودێری و وشیاریدا بەسەر دەبات. ئێمە کاتێك دەست دەکەین بە ناولەسەردانانی مەڕەکانمان کە لە قۆناغی هەستکردن و تێگەیشتن و خاوەنبوون و بە کردەوەدەرهێنانی ئاواتەکانی خۆماندا جێگیر دەبین. ئەگەر ئەم دۆخە دەروونییە لە خۆماندا جێگیر

بکەین، ئەوان لە ئێمەدا بەرجەستە دەبن و دیارەکانی زەینی بە چەشنی دەرکەوتە بەرچاوەکان دێنە دی. ئامانجی هزرە قوولّەکان، ڕێنوێنی گیانە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا. ئێمە دەبێ درگای دڵ و گیان بکەینەوە بە ڕووی ژیاندا و لە دەروونی خۆماندا ڕێکوپێکییەك پێك بێنین و شادی و ئەوین و هیوا و هێمنی و یەکسانی و تەواویەت و چاکە و گەشە بکەینە دەسەڵاتدار تیایدا.

ئەوەی کە ناوی ئەقڵی گشتی یان هێزی گشتییان پێی داوە، لە خودی ئێمەدایە، نەك لە دەرەوەی ئێمە و وەڵامی هەر مەتەڵ و پرسیارێك لە خودی خۆماندایە و نەك لە دەرەوەی خۆمان. کاتێك کە کێشەیەکتان بۆ هاتە پێشەوە، ئەم وتانە بە سەرنجەوە بخوێننەوە و لە بارەیەوە بیر بکەنەوە:

هۆشی بێسنوور وەڵامی هەر کێشەیەك دەزانێت، پێش ئەوەی من لێی بپرسم. من دەگەڕمەوە سەر ئەقڵی گشتی: دەزانم سروشتی ئەو وەڵامدانەوەیە و من بە ڕوونی ئەم ڕێگاچارەیەی کە لە هەستی ڕوونی منداا دەردەدرێت، فێری دەبم.

دوای دووپاتکردنەوەی ئەم وشانە، دڵنیا بن کە داخوازی خۆتان سپاردووەتە هۆشی بێسنوورتان لە بەرهەستدا و بە پێویست وەڵامی خۆتان دەست دەکەوێتەوە. ئێوە ئەمە دەزانن کە داخوازی خۆتان بە هێوری تەواوەوە داوەتە مێشك و زەینتان و ئەوەی کە کە پەسەندتان کردووە و متمانەتان پێ داوە، نەرێ ناکەنەوە.

خاتوونێکی بەتەمەن بۆی نووسیبووم کە من هەر جار کە دەمەوێت هێمایەک لە هێمنی دەروونیم هەبێت، مێرگێکی سەرسەوز و دڵڕفێن دێنمە پێش چاوی خۆم کە گایەک خەریکی لەوەڕانە لەوێدا و لەو لەوەڕانەی دەکەومە بیرکردنەوەوە کە ئەوەی کە ئەو دەیخوات و دووبارە کاوێژی دەکاتەوە و شیتاڵی دەکاتەوە، لە شێوەی گۆشت و ئێسقان و پۆست و هتد کەڵکی لێ وەردەگرێت. ئەوکات ئەو پاشماتە فیزیاییە لەگەڵ پاشماتی دەروونیدا کە خۆی هەر ئەو هەزر و قوواڵبوونەوە لە بارەی تەوەرگەلێکی جۆراوجۆرەوەیە، هەڵدەسەنگێنم کە بە چ شێوەیەک کێشەیەک دەدەمە زەین و لە تایەکی هەڵسەنگاندن و بەراوردکردندا دایدەنێم و هەوڵ دەدەم ڕێگاچارەسەرییەکی بۆ بدۆزمەوە. ئەو لە درێژەی بابەتەکەیدا نووسیبووی کە ئەم ڕۆژانە دڵەخورپەیەتی سەبارەت بە دۆخی ئابووری و ترسی ئەوەی هەیە کە ماڵە باشەکەی لە دەست بدات. کانێک کە بەشێکی بایەخدار لە پاشکەوت و سامانەکەی لەوێدا سەرمایەگوزاری کردبوو، داڕووخابوو و لە بەهرە و سوودەدان کەوتبوو. کوڕەکەشی ماڵەکەی بەجێ هێشتبوو و ماوەیەک بوو هیچ هەواڵێکی لێی نەبوو. بەڵام ئەو خاتوونە بەبێ ئەوەی کە تۆزقاڵێک لە هیوا و بڕوای کەم بێتەوە، هەر وەها درێژەی بە پڕۆژەی هەزری خۆی دەدا هەتا ئەوەی کە لە کۆتایی حەوتوودا خاوەن نووسینگەیەکی حەواڵە پێی ڕاگەیاندبوو کە یەکێک لە خزمەکانی کۆچی دوایی کردووە و هەموو دارایی و سامانەکەی خۆی بە میرات بۆ بەجێ هێشتووە. بەم چەشنە کێشەی ئابوورییەکەی چارەسەر بوو و ئەوەی کە بابەتی کوڕەکەی

دەمایـەوە کـە ئـەویش دوای ماوەیـەک گەڕایـەوە و دەرکـەوت کـە بـۆ بەدەستهێنانی کار ڕوێشتووەتە کەنەدا و هەنووکە بە ژۆحیـاتێکی چـاکتر و شادترەوە گەڕابووەوە لای دایکی.

خاتوونی نێوبراو گەلێك پاستی مەزن و تا هەتایی لە بواری دەروونییەوە بە بەشێك لە وجوودی خۆی دەرهێنـابوو، دەتگـوت کـە چێشـتێکی بـەتامی خواردووە و خۆشاوەکەی لە جەستە و گیانیدا جێ دابـوو. گیـانی کردبـووە حەشارگە و جێگـای هـزری چـاك و ئـەرێنی و هیچـکات تووشـی بێهیـوایی و شکانی دەروونی نەهات و بڕیاری دابوو هەتا خۆی لە دڵ و گیـان بسـپێرێت بەم هزرە و بەرهەمەکانی ببینێت.

دەروونی ئارام و نۆرماڵ و پڕ لە پاستگۆیی و پـاکی وەکـوو ئەسـتێلێکی زۆڵاڵ وایە بە چاوەنواڕێکی دڵڤێنەوە کە تیایـدا دەتوانرێـت تێکەڵەیـەك لـە ئـاوەز و ئـەوین بـۆ ژیـانی چـاکتر دەسـتەبەر بکرێـت. گیـانی هێـور ڕێگاچارەسەری کێشەی خۆی خێراتر و ساناتر بە دەست دێنێت. هێمنییان بە خودی هێز زانیوە.

ئیمێرسۆن دەڵێت: "دۆخی دەروونی مرۆڤ، وتەی گیانی پرشنگدار و پـڕ لە دڵۆڤانییە." هەنووکە ئێـوە لـە تـەرز و شـێوەی بینـای گیـانی بێسـنوور ئاگادار بوونەتەوە و دەزانن کە ئەگەر بانگی بکەن، وەڵامێك وەردەگرنەوە. هاوکات لە هێزی بێکۆتایی ئەم دیاردەیە کە تایبەتی و لـە بـڕان نـەهاتووە، ئاگادارن. بـە زانـین بـەم پڕۆسـەیە، هـەموو تـرس و مشەوشـییەکان و بـڕوا ناڕاست و بـەتاڵ و خورافییـەکان لـە مێشـك دەڕێژنـە دەرەوە. دڵـەڕاوکێ و

دڵەخورپەکان و بڕاو ئازاردەرەکان و ڕێ شێوێنەرەکان کە کردووتانەتە لاپەڕەی زەینتانەوە، ئەگەر بە لێبڕان و ساغبوونەوەی تەواو لە بەرهەستتان بیانکەنە دەرەوە و بە جێگاکەی بیرۆکەگەلی شادی و یەکدڵی و دڵۆڤانی و هاوسەنگی دابنێن، دڵنیا بن کە زەریای بێسنووڕێك کە لە بوونیەتی ئێوەدا لە گەڕدایە، هەموو لێڵییەکانی دەروونیتان پاکوخاوێن دەکاتەوە و لەو هەمووە پیسی و چڵکنییە ئاسەوارێك بەجێ ناهێڵێتەوە.

دەروون و جەستە هێور بکەنەوە و چاو لێك بنێن و دوای ئەوەی کە گەیشتنە هێمنییەکی تەواو، هۆش و ئاوەزی دەسەڵاتدار بەسەر خۆتاندا بهێننە پێش چاو کە بەڵەمی بوون لە دەریای پڕ هەڵچوون و داچوونی ژیاندا دەتانبات بەرەو پێشەوە و زریانەکان تێپەڕ دەکات هەتا ئێوە ڕێنوێنی بکات بەرەو کەنارەی ڕزگاری.

ئەم وتانەی ژێرەوە بە سەرنجدانەوە بخوێننەوە و بیسپێرن بە مێشکتان:

لەمەبەولاوە، من هزرەکانم بەرەو لایەنێکی دروست ڕێنوێنی دەکەم و بە دروست بیرکردنەوە ڕاستییەکان و بناوانی نەمری ژیان وەردەگرم و ئەوەی کە ئەنجامی دەدەم لەگەڵ بنەچەی تا هەتایی ڕێکی و یاسا کە یەکەمین یاسای ئاسمانییە، هاوتایە. ئێستا دەزانم کە خودا و عەشقی ئەو هەموو وجوودی سەرڕێژ کردووە و ئەوەی کە دەیکەم لە پێناو بەختەوەری و ئاسایشی منداد دەبێت. بەڵێ تەنانەت ئەگەر لە بیابانی تاریکی مردنیشدا

هەنگاو هەڵبژێنمەوە، لە هیچ شتێك سڵ ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی کە تۆم لەگەڵدای.

لەمەوبەدوا بۆ هەر کوێیەك کە دەڕۆن و هەر هەنگاوێك کە هەڵدێننەوە، دەبێت هاوڕێ بێت لەگەڵ ئەوین و خۆشەویستی و چاکەخوازی هاوچەشنەکاندا. بیهێننە پێش چاوتان کە خەریکن دەچنە سەردانی هاوڕێیەکتان لە نەخۆشخانە، ڕوون و ئاشکرایە بەم دۆخە دەروونییەوە بۆی چاکە و خۆشی و شادی و هیوا لەگەڵ خۆتاندا دەبەن و دڵنیای دەکەن کە نابێت لە نەخۆشییەکەی ترسێك ڕێ بکاتە دڵیەوە و بە پێچەوانەوە دەبێت لە ساڕێژی خۆی دڵنیایی تەواوی هەبێت.

ژیان هەر وەها لە بووندا دەبێت و درێژە دەدات بە گەڕانی خۆی و مردنێك لە گۆڕێدا نابێت. مردنێك کە دەڵێن ڕاستە و لە ڕەهەندی چوارەمی ژیاندا دێتە کایەوە و گەشتی پڕشانازی ئێمە لەم قۆناغەدا شوێن و جێگایەك دەبڕێت و دەچێتە سەر و... بەرەوشوێنێك کە بۆ شکۆ و مەزنی و شانازی مرۆیی کۆتایی و سنوورێك لە ئارادا نییە. تاریکی و لێڵی، لێکدانەوەیەکی هەڵەیە لە مردن، لەبەر ئەوەی کە هەر کۆتاییەك دەستپێکێکە و هەر کەس کە لەم ڕەهەندە پێ دەنێتە دەرەوە، لەدایکبوونێکی دووبارە دەستەبەر دەکات و لەشێکی نوێ بە دەست دێنێت، و ئەوەش پەیکەرەیەکە کە بتوانێت لەگەڵ ڕەهەندی چوارەمدا خۆی بگونجێنێت و توانای هەبێت لە نێوان ماددەوە تێپەڕ ببێت. لەوێدا ئازیزەکانتان دەبینەوە و لە ڕاستییەتی واتایی و جوانیدا، دەگەنە قۆناغی

گەشەکردوویی و تەواوی. پاستی ئەمەیە کە هەمووی ئێمە شەوانە کاتی نوستن دەچینە وەها دنیایەك و وەها پەهەندێکەوە. ئەگەر لە مردن و ژیانی دوای مردن و نامەی کرداری خۆتان لە ترسدان، نیشانەی ئەوەیە کە تووشی نەزانی و نائاگایین و لە خودایەکی دڵۆڤان و لێبووردە و بە بەزەییەك کە لە بوونیەتی خۆتاندایە، ئاگادار نین. مردن لە زمانی ئینجیلدا نائاگاداریە لە پاستییەکانی ئافرێنەر و هیچی دی.

کاتێك کە تووشی تۆقین و ترسی مردن دەبنەوە، لە هەورازی کێوێکەوە دەریاچەیەکی بەربڵاو و شادیهێن بهێننە پێش چاو کە پرشنگە ئاسمانییەکانی ئەستێرەکان و مانگ لە خۆیدا پەنگ دەداتەوە. لەو کاتەدا، هەر کات گیانتان هێور بێت، ئێوەش وەك ئاستی ئەو دەریاچەیە دەتوانن پاستییەکان و پرشنگە ئاسمانییەکان لە خۆتاندا پەنگ بدەنەوە. دەروونی هێور توانای دەبێت لە ئەنجامدانی کرداری سەرسامکەر. کاتێك کە گیانتان بە تەواوی هێورە، دەبینن کە ڕێگاچارەسەری کێشەکانتان لە پانتاییدا دەردەکەوێت و ئەمە بانگەوازی ناختانە و بە سەرۆ لە ئاوەز و هۆش هەستاوەتە یارمەتیدانتان. بێگومان ئەمە دەزانن کە ئەگەر دەریاچە هەڵبچێت و لە پانتاییەکەیدا هەندێك وشکانی دەرکەوێت، ئاسەواریك لەو زوڵاڵی و خاوێنییە نامێنێتەوە و لانی کەم ڕووناکییە ئاسمانییەکان لە خۆدا ئاوەڕۆ ناکاتەوە.

هاوڕێیان و نەیارەکانی خۆمان بناسین

دوژمنەکانی ئێمە کێن؟ کە چاکتر وایە بڵێین چین. لەبەر ئەوەی کە هەزر و بڕوا و بیرۆی خۆشەرمەزارکردن و گومان و دووداڵی و ڕق و دڵپیسی دەتوانرێت لە دوژمنە دێرینەکانی خۆمان بە ئەژماری بهێنین. بەم شێوەیە نەیارانی ڕاستەقینە لە دەروون و زەینی ئێمەدا هێلانەیان کردووە. کەوایە کاتێک کە دوژمن هێرش دەکاتە سەڵی دڵ چارەیەک بێجگە لە ئەوە نامێنێتەوە کە لەگەڵ هۆزی هاوڕێ و دۆستەکانماندا کە شادی و خۆشبینی و هیوا و ئەندێشە ئەرێنییەکان، بکەوێنە بەرانبەرکێ و شەڕکردن لەگەڵیاندا. کاتێک کە ساغ دەبنەوە تا ڕەخنە لە خۆتان بگرن و بە تاوانبارزانینی خۆتان ژیان لە خۆ بشێوێنن چاکترین شێواز ئەوەیە کە بە ڕاهێنانەکانی هێورکەرەوەی جەستە و گیان کە پێشتر نموونەگەلێکمان لەم کتێبەدا هێناوەتەوە، هەر چەشنە بیرێکی ڕەش و تێکدەر لە زەین بڕەوێننەوە.

یەکێک لە هاوڕێیانم کە دکتۆرێکی توانا و چالاکە، بابەتێکی سەیری هێنا ئاراوە. ئەو دەیگوت هەنووکە لە یەکێک لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا، بە بیانووی بەربەرەکانێ لەگەڵ شێرپەنجەدا، هۆشداربیان دەدایە خاتوونەکان کە شێرپەنجەکان بە سووک چاو لێ نەکەن و تەنانەت بە بیریان دەهێنایەوە کە دوو کەس لە هاوسەرەکانی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا تووشی شێرپەنجەی سینگ هاتوون و ئەگەر کاتی خۆی سەردانیان نەدەکرد،

کاریان تەواو بوو. هاورێیەکەی من دەیگوت لە ڕۆژی دواییدا نەوەد لە سەدی ئەو ژنانەی کە هاتبوونە دەرمانگاکەی من تەنیا بۆ دڵنیابوون بوو لە تووشنەبوون بە شێرپەنجە، و من لە ڕوانگەتی هەموویاندا هێمای ترس و تۆقینم بە ڕوونی دەبینی. ئەو لەو بڕوایەدا بوو ئەم چەشنە بەرنامانە بە جێگای ئەوەی کە ژانێك لە کۆڵ خەڵك بکاتەوە، بارێکیش دەخاتە سەرشانیان. بۆ وێنە بە جێگای ئەوەی کە خەبات بکرێت لەگەڵ دەردەباریکە و شێرپەنجە و نەخۆشییەکانی دیکەدا، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕاگەیەنەرە گشتییەکانی دیکە ترس و خۆفێکی زیاتر دەخەنە دڵ خەڵکییەوە و یەکسانییان تێك دەدات. ئەو دکتۆرە پسپۆڕە لەو بڕوایەدا بوو کە ترسێکی بەردەوام لە شێرپەنجە و یان هەر نەخۆشییەکی دیکە لەوانەیە مرۆڤ تووشی هەمان نەخۆشی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە بەپێی ئەو پەندە بەناوبانگە کە مرۆڤ لە هەر شتێك بترسێت بەسەریدا دێت، لەم بوارەشدا تووش دەبێت. لە هەست و تێگەیشتنێکدا سەبارەت بە ئەوین و هێمنی و یەکسانی دەستەبەری دەکەن، بڕۆنە پێشەوە، ئەوکات خۆتان تێدەگەن کە بێ ئینتیمایی بە قسەی خەڵك، بڕواکان و باوەڕە هەڵەکان و ترسەکان و گومانەکان تێدەپەڕێنن. لە هێندوستاندا بە تایبەت لە بنەماڵەگەلێکدا کە خاوەنی فێرکردن و بارهێنانی مەعنەوی و ئایینین، داوا و نزایەك فێری منداڵانی خۆیان دەکەن و ئەرکداریان دەکەن کە لە ڕۆژدا چەندان جار دووبارەی بکەنەوە. دەقی دۆعاکە بەم چەشنەیە:

من سەرچاوەی تەندروستیم، خودا تەندروستی منە.

گومانی تێدا نییە کە ئەمە منداڵێك کە ئەم داوایە پۆژێك چەند جار دەڵێتەوە، ئەم بیرۆیە لە بواری زەینییەوە بۆی دەبێت بە خوو و خۆبەخۆ لە بەرانبەر نەخۆشییەکاندا خاوەن پارێزراوییەکی تەواو دەبێت.

ئەمە بزانن کە لە ژیاندا هیچ شتێك بۆ ترسان لە ئارادا نییە. بۆ ئەوەی کە دروست کراوە هێزێکی زیاد لە پادە دامەنێن و کارەکەی بسپێرن بە ئافرێنەرەکەی. لە بوونیەتدا هەموو شتێکە بەهۆی ئێوەوەیە و بە دژی ئێوە.

بۆ ئەوەی کە داواکەتان جێبەجێ بکرێت و ئاواتەکەتان بێتە دی، چاکترین شێواز ئەمەیە کە لە تەنیایی گیانی خۆتاندا پەیوەندی بکەن بە هۆشی بێسنووری خۆتانەوە و دڵ و گیانتان لە پاستییە نەمرەکان سەرپێڕ بکەن. بە گەشتوگەڕانێك کە لە ناخ و بەرهەستدا دەتانبێت، دەستان پادەگات بە ماڵی ئەوین و پاکی و گونجان و هێمنی تەواو ودواییش بە دڵۆڤانی و پاستگۆیی و نەرمونیانی خۆشتان دەوروبەرەکانیشتان بێبەهرە ناکەن. نەست ئەرکی خۆی ئەنجام دەدات و ئەوەی کە لە چاکە و باشی پێتان سپاردووە، سەد ئەوەندەتان پێ دەداتەوە و لە بەهرە بەدەستهاتووەکانی بەشدارتان دەکات. تواناکانتان بەردار دەبن و بەو شتەی کە لە دڵەوە ئاواتیتان هەبوو، پێی دەگەن و بەم شێوەیە کە داواکەتان جێبەجێ دەبێت و بەدی دێت.

بەشی سیانزدەهەم

بە چ شێوەیەك زاڵ بین بەسەر هزری خۆماندا

پیاوێك دەناسم كە لە چەند ساڵ پێشەوە بەهۆی داوایەكەوە كە لە دادگادا هەیبوو، بەردەوام لە حاڵەتی دڵەڕاوكێ و دڵەخورپەدا ژیان بەسەر دەبات و وێڕای ئەوەی كە بە پرۆفە دەروونییەكان تێدەكۆشێت كە خۆی هێور بكاتەوە و هەموو شەوێك كە دەچووە جێگاوە، دەیگوت: "من كارەكان دەسپێرمە خودا"، بەڵام كە بەیانی لە خەو هەڵدەستا دووبارەش هەر مشەوشی دەهاتەوە و لە ژێر لچەوە دەیگوت:

خوایا كۆتاییەكەی ئەم كارەی من دەبڕێتەوە؟

كاتێك كە بۆ ڕاوێژ هات بۆ لام، دوای ئەنجامدانی وتووێژێك لەگەڵیدا، ئەم بابەتەم بۆ دەستگیر بوو كە ئەو لە ناخی دڵەوە ئەم هزرەی كردووەتە مێشكدا بەهۆی تاوانەكانی كە لە ڕابردوودا تووشیان هاتووە، تووشی وەها دۆخێك هاتوو و هەنووكە خەریكە سزای كارە خراپەكانی دەداتەوە. لە ناوەڕۆكی فایلەكەی وەها بەدی دەكرێت كە چەند كەسێك لە خزمەكانی

دەستیان داوەتە دەستی یەك و بە شایەتیدانی درۆ لە دادگادا لە میراتێك كە پێی گەیشتبوو، بێبەرییان كردبوو.

بە پێشنیاری من بڕیار درا هەموو شەوێك كە دەچێتە نێوجێگاوە دوای هێورکردنەوەی جەستە و گیانی ئەو دۆعایە بخوێنێت:

من كارەكان دەسپێرم بە خودا و ئەو هێمنی و یەكسانیم بۆ دێنێت. كاتێك كە هەزری نەرێنی و هیوابڕ هێرش دەكەنە سەری، ئەو بە دووپاتكردنەوەی ئەم وتانە ئەوانەی لە زەینی خۆیدا تەفروتوونا دەكرد. دوای تێپەڕینی چەند ڕۆژێك توانی هێمنی ڕاستەقینەی خۆی بە دەست بێنێت و سەرئەنجام سەركەوتنی بە دەست هێنا كە هێزێك كە لە زەیندا بەخشیبووی بە خزمەكانی و ئەوانی لە ڕادەبەدەر بۆ خۆی گەورە كردبووە، لە نێو بەرێت. هەنووكە ئیدی ئەم تەوەرەی دەزانی كە لە داوادارەكان هیچ كارێك بە ئەنجام ناگات و ئەوان تەنیا دەتوانن لە دنیای خەیاڵدا سەدەمەی لێ بدەن، لەم بوارەوە بە تەنیا كە لە زەینی ئەودا چوونە دەرەوە، هێزی خۆشیان لە دەست دا. دكتۆر پارك كیمبی لە ساڵی ١٨٤٩ڕایگەیاندبوو كە: "مرۆڤی دەكەوتە و دەرخەری بڕوا و باوەڕەكانی خۆیەتی." و چ ژیرانە گوتبووی.

دوای ئەوەی كە پیاوەكە لە بەرانبەر ناڕازییەكاندا بە بتەوی ڕاوەستا و هەمان بۆچوونانی خۆی دووپات كردەوە بۆ پارێزەرەكەی، ئەویش داواكەی داواكراوەكەی خۆی بۆ پارێزەرەكەی لایەنی بەرانبەر شی كردەوە و ئەوانی قایل كرد كە لەم فایلەدا لایەنێك نابەستن، و تێپەڕینی زەمەن بە زەرەری

ئەوان دەبێت و ئەوانیش بە ناچار ڕۆیین بە دوای کاروباری خۆیاندا. لە ڕاستیدا ئەمە دۆعاکەی ئەو بوو کە بەدی هاتبوو. ئەمەتان لە بیر بێت کە هەر کەسێك ئەگەر خۆی بیەوێت شیاوی گۆڕان و گۆڕانکارییە. ئالۆگۆڕ لە دەروونی خۆتاندا پێك بهێنن و پوانگەکانی خۆتان بگۆڕن و هیچکات هەوڵ مەدەن بۆ گۆڕانی دنیا و خەڵکەکەی. ئەو پیاوەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێی دا، کەسێك بوو کە گەیشت بەم قۆناغە لە تێگەیشتن و داوەری کە ئەمە بیری ئەوە کە ئەو مەحکووم دەکات نەك داوادارەکانی فایلەکەی و خزم و دادگا و هتد. ئەو سالانێك لە ڕێچکەی هەڵسوکەوت و شێوازی کرداری خزمەکانی ئازاری بینی و بەردەوام لە تووڕەیی و ئالۆزیدا بەسەری بردبوو و لەو درۆوانەی کە دەیانگوت ئۆقرە و هێمنی لە دەست دابوو و لە هەڵچوون و داچووندا بوو و زەوین و زەمەنی دەدایە بەر جوێن و خراپە. بەڵام کاتێك توانی بەسەر سەرکێشی بیرکردنەوەیدا زاڵ بێت و نرخێکی لە ڕادەبەدەر نەدات بە وتە درۆینەکانی ئەوان، توانی لەگەڵ داوادارەکانیدا ڕووبەڕوو بێتەوە و قسەی دڵی خۆی بچەسپێنێت و ئەوان لە گۆڕەپانەکە بکاتە دەرەوە.

کەوایە یەکێك لەو خاڵە گرینگانەی کە بەردەوام دەبێت لە بیرماندا بێت، ئەمەیە کە گرینگییەکی زۆر نەدەن بە داواکارییە بێبنەما و بێبناوانەکانی دەوروبەر و هاوکات دەبێت کارێك بکەن کە ڕەقیب و بەرانبەرەکان لە تووشهاتنەکان و تەنانەت ناخۆشییەکانی ئێوە ئاگادار نەبن. ئەم بڕوا خورافییە لە مێشك دەر بکەن کە خەڵکی دەبنە بەربەستی ڕێگای

سەرکەوتنتان. سەرکەوتن و پێشڤەچوونتان بەستراوەتەوە بە خودی خۆتانەوە و لەم بوارەدا زۆر جار لێوەی دواوین.

باوك و دایکتان سەرکۆنە مەکەن

خوێندکارێکی پاکستانی پێی دەگوتم کە هۆکاری دواکەوتن و شکانی لە ژیاندا بەهۆی ئەوەوە بووە کە باوك و دایکی بەردەوام سەرکوت و سەرکۆنەیان کردووە و بە گەمژە و بێبایەخ نێویان بردووە کە توانای هیچ کارێکی نییە و لە ژیاندا ناگات بە جێگایەك.

بە بیری ئەو گەنجەم هێنایەوە کە باوك و دایکی ئەو ئەم وتانەیان بۆ ئازارگەیاندن بەو نەهێناوەتە زمان، بەڵکو مەبەستیان ئەمە بووە کە لەوانەیە بە دەربڕینی ئەو وشانە هانی بدەن و بیبزوێنن بۆ چالاکی زیاتر و وانەخوێندنی چاکتر.

بۆم شرۆڤە کرد کە ئێستا کە ئەو لە بواری جەستەیی و دەروونییەوە گەیشتووتە قۆناغی گەشەکردوویی، دوای ئەوەش ئیدی بەرپرسی کردەوەی خۆیەتی و ئەقڵی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ئەوە، نەك کەسێکی دی. باوك و دایکێکیش لە گۆڕێدا نییە کە حوکم بدات و ئەرێ و نەرێت پێ بڵێت هەتا تاوانەکەت بخەیتە ئەستۆی ئەوان. وتەکانم کاریگەری لەسەر دانا و سەرئەنجام تێگەیشت کە هێزی دەروونی خۆی بە دروستی نەخستووەتە خزمەت خۆوە و ئەم خاڵەی نەزانیوە کە تەنیا کەسی خۆیەتی کە بەرپرس و هۆکاری کردەوە و هەڵسوکەوتی خۆی بووە. هەنووکە ئەمە خۆیەتی کە

گیانی خۆی لە پیسایییەکانی چەندان ساڵە خاوێن بکاتەوە و ڕاستیگەلی هەمیشەیی و سەلماوی تێدا جێگیر بکات. ئەو هەنووکە دەیزانی بە تەفروتوناکردنی نموونەگەلێکی نەڕێنی لە مێشکدا، وێنایەکی ڕوون و ئەڕێنی تێدا دەچێنێت. لەم بوارەوە دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکانی تایبەتی دەروونی، کە فێرم کردبوو:

یادی خوا بەردەوام لەگەڵمدایە و من ئەوین و خۆشەویستی خۆم پێشکەش بە باوک و دایکم و دەوروبەرەکەم دەکەم و بێجگە خۆشی و چاکەی خەڵکیم ناوێت. لەوەی کە لە بارەی باوکمەوە هزری ڕەش و نەڕێنی و بە ڕق و قین پیس بووم لە مێشکدا بوو، داوای لێبووردن دەکەم.

ئەو هەنووکە تێگەیشتبوو کە بە خراپبیرکردنەوە بووبوو بەهۆی دواکەوتنی خۆی و بەڵام تاوانەکەی خستبووە ئەستۆی باوک و دایکی. نشوستییەکانی ئەو بەرهەمی هەزری ڕەش و نەزانی و نائاگایی و بەستەبوونی فکری بوو. بناوانی داهێنان، هەر وەها کە لە خەڵکی دیدا هەیە، لەوێشدا هەبوو، بەڵام ئەو بە چەشنێك شیاو کەڵکی لێ وەرنەگرتبوو. بە هەر حاڵ، ڕابردووەکان تێپەڕ بوون و ئێستا دەتوانرێت قەرەبووی بکرێتەوە. خاتوونێك کە سکرتێری پلەبەرزی کۆمپانیایەکی مەزن بوو، ڕۆژێك بە ئالۆزییەکەوە هاتە لام و گوتی یەکێك لە هاوکارەکانی کە فەرمانبەری نووسینگەی ئەمیندارێتییە، لە پێش چاوی مشتەرییەکەوە سووکی کردووە و ئەوی بە سکرتێری ئەرشێفکار ناساندووە. مەبەستی ئەو ژنە لەم کارەی سووککردنی ئەو بووە لە پێش چاوی ئەو نامۆیەدا. ڕوونم

کردەوە بۆی کە ئەو ژنە بێبەهرەیە لە هەر چەشنە هێزێك، نە دەتوانێت ئەو گەورە بکات و نە توانستی هەیە کە بچووك و سووکی بکات و هەر چییەك بڵێت یان نەڵێت کاریگەرییەکی لەسەری نابێت، مەگەر ئەوەی کە خۆی ساغ بووبێتەوە لەسەر ئەم کارە. ئاڵۆزی و شێواوییەك کە ئاکامی هەڵسوکەوتی ئەو ژنە بووە، بە تەنیا دەگەڕێتەوە سەر ڕۆحیاتی ئەو و چاکتر وایە بڵێم بە شێوەی دادوەری دەروونی و چەشنی هزریەتی ئەو.

پێم گوت:

ئەگەر دەگەیشتبوویە گەیینی گەشەیی هزری تەواو ئەم پرسیارەت لە خۆت دەکرد: "داخۆ من سکرتێرێکی فەرمانبەری بچووکی بێپایەم؟ لە بنەڕەتدا من کێم؟"

گەر تێگەیشتوو و بە ئەزموون دەبووێت، بە دەمی پێکەنینەوە وەڵامی خۆت دەدایەوە: بەڵێ، من سەرەتا سکرتێرێکی ئاسایی بووم و هەنووکە چوومەتە سەرەوە و بوومەتە سکرتێری بەڕێوەبەر. ئەگەر گەشەکردووتر ببایە، بەم ڕوونکردنەوەیە ڕازی دەبووی: من لەگەڵ ڕاستییە واتاییەکاندا لە پەیوەندیدام. ئەم وردەکارییانەی زەین خەریکم ناکات بە خۆوە. بە کورتی دوای ئەوەی کە توانی ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە ئەوانی بگۆڕێت و ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو و نەك لەسەر بزووتن و هەڵەداوان و هەستیارێتی بداتە بەر دادوەری. ئەو فێر بوو کە چ هەڵسوکەوتێکی لەگەڵ خەڵکیدا هەبێت و ئەوانە بەو چەشنەی کە هەن بەو دۆخەی خۆیانەوە بیانهێڵێت. ئەو ئیدی هەڵنەستا بەوە کە پلەوپایەی خۆی بداتەوە بە چاو خەڵکیدا و لە

بەرانبەریاندا هێز نیشان بدات. هەر وەها فێر بوو هەتا بە چ شێوەیەك خەڵکی ڕازی بکات بۆ ئەرك و باڵایەتی ئەو ڕێز و بایەخێك بەپێی کارەکەی پێ بدەن، بە چەشنێك کە هەر ئێستا جێی ڕێزی هەمووانە.

چاککردنی کەسێك کە بە مەبەستی سووك و بچووك پیشاندانی ئێوە، هەڵسوکەوتێکی ناڕێك ئەنجام دەدات و قسەیەکی بێباکانە بە زماندا دێنێت، بێ ئەوەی کە دژکردەوەیەکی تاڵ و تێژ پیشان بدەین، کارێکی سانا و ساکارە. لە لایەکی دیکەوە، نابێت کارێك بکەین کە ئێمە بە کەم و بە سووك چاو لێ بکەن و بە ڕادەی پوولەکەیەك بایەخمان بۆ قایل نەبن. بەو خاتوونە سکرتێرەم گوت ئەگەر هاوکارەکانت سەبارەت بە ئێوە ئێرەیی دەبەن و داخی دڵی خۆیان بەم شێوەیە بە سەرتدا هەڵدەڕێژن، ئەمە کێشەی تۆ نییە، بەڵکو خۆیەتی. لە بواری زەینی و دەروونییەوە ئازادی بکە و لێ مەپرسە و بایەخێکی پێ مەدە و بیسپێرە بە خوا و بەهۆی ئەوەی کە توانیوتە لەم بیرە سووکانە خۆت ڕزگار بکەی، لانی کەم ڕۆژێك ٦ شەش جار قاقا لێ بدە و پڕبەدڵ و بە دەنگی بەرز پێبکەنە!

مەگەر وەنییە ئێمەیان نێوناوە سەرووی بوونیەتان. کەوایە ئیدی بۆچ ئێمە خۆمان بە دیل و کۆیلە و بەند دەزانین و هێزی بزۆزی لە خۆمان و هێزی بیرکردنەوەمان دادەبڕین. وزە و هێزی خۆتان مەخەنە گەڕ بۆ بابەتانێکی هیچ و لاوەکی و بە فیڕۆی مەدەن.

دوای کۆنفڕانسێك کە لە (ئال تورو)دا هەمبوو، پیاوێك هاتە سەردانم و باسی کرد کە سەبارەت بە گوڵی سوور (گوڵەباخ) هەستیارییەکی تۆندی

هەیە، بە چەشنێك کە بەهۆی وێکەوتن لەگەڵیدا چاو و لووت و گەرووی هەموو بە خێرایی دنە دەدرێن و لافاوی فرمێسك لە چاوانی دەکەوێتە گەڕ و دۆخی تێك دەچێت.

لێم پرسی کە منداڵی ئەم دۆخەی لە خۆیدا هەست پێدەکرد. وەڵامی دامەوە:

نەخێر، ماوەی پێنج ساڵێکە کە تووشی ئەم کێشەیە هاتووم.

دوای ئەوەی ماوەیەك دواندم، بۆم دەرکەوت کە ئەم پیاوە شەیدای کچێکی جوان بووە کە لە ڕادەبەدەر گوڵەباخی خۆش ویستووە، بەڵام ئەو کچە بەجێی هێشتووە و لەگەڵ پیاوێکی دیکەدا چووەتە هاوسەرێتییەوە و ئەو کە ئەم ڕووداوەی لە بەرهەستی خۆدا هێشتووەتەوە، ئێستا بە شێوەی هەستیاری و ئالرژی بە گوڵەباخ دەریدەخاتەوە. گوڵەباخ یان ڕۆژ هێمای جوانی و تەواوی و هاتایی و هاوڕێژەیەتی بوونی ئافرێنەرییە. بۆ بەرانبەرەکەم ڕوونم کردەوە کە ئەو بۆ ئەم گوڵە بۆنخۆش و خۆشەهڵکەوت و شێوەیە وەها دەورێکی تێکدەر قایل نەبێت و هێزێکی لە ڕادەبەدەری پێ نەبەخشێت. گوڵەکان توانستی وەها کارگەلێکیان نییە.

ئەو پیاوە توانی بە بەڕێوەبردنی پڕۆژە دەروونییەکان دەزگیرانە کۆنەکەی ببەخشێت و ئاواتی چاکە و خۆشی بۆ بخوازێت. دوای ئەوە بوو کە توانی سووڕانی خێرای هزری هێور بکاتەوە و هەر ئەم هێمنییە بوو کە دەرفەتی پێ دا هەتا بۆنی گوڵەباخ هەڵمژێت و ستایشی جوانی و

نەرمونیانییەکەی بکات و تەنانەت گوڵێکی سوورەیش بکاتە یەخەی کەواکەیدا.

لە ڕاستیدا ئەو ئێستاکە توانیویەتی هەتا جارێکی دی زاڵ بێت بەسەر ئامرازدا و هەنووکە دەزانێت کە هۆ و هۆکاری هەستیاربوون و قەڵسبوون لە دەروونیدا نەک لە گوڵەباخدا جێگیرە. لەوەبەولاوە بۆ ئەو گوڵە جوانە ئاوەڵناوێک کە شیاوی ئەوە نەبوو، ڕێی نەدایە زەینەوە و لەم خاڵە تێگەیشت کە هێز لە کەسی خۆیدایە و نەک لە گوڵەباخدا.

* * *

دایکێك بە سکاڵا هاتبووە لام کە (بیلی) کوڕە ٨ ساڵانەکەی، دڵ ناداتە وانەکەی و لە خوێندنگەدا سەرەڕۆیی و هەرزەیی دەکات. دوای ئەوەی کە بیلیم دواند، تێگەیشتم کە خاتوونە مامۆستاکەی خۆش ناوێت، لەبەر ئەوەی ئەو بیلی سەرکۆنە دەکرد کە تەمەڵ و گێلە و بەیانی زوو لە خەو هەڵناستێ و وانە و ڕاهێنانەکانی بە چاکی جێبەجێ ناکات.

باوك و دایکی بیلی لەسەر ڕێنوێنی من هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بیلیدا گۆڕا و لە کاتێکدا کە دڵنیاییان پێی دەبەخشی، ڕایاندەگەیاند کە ئەو منداڵێکی هۆشمەندە و دڵنیان کە وانەکانی بە چاکی فێر دەبێت و نمرەی چاکیش دەباتەوە. دایکیشی بە نهێنی چووە لای خانمە مامۆستاکەی و داوای لێ کرد کە ئەویش هەڵسوکەوتێکی هاوشێوە لەگەڵ بیلیدا بگرێتە پێش و بە

بۆنەیەکیشەوە خەڵاتێکی پێ بدات و هانی بدات و ئەویش وەهای کرد. گومانی تێدا نییە کە کاتێك باوك و دایك و ڕاهێنەران دڵنیایی دەبەخشنە هۆش و توانای منداڵێك، ئەو پێشڤەچوونێکی خێراتری دەبێت. بە منداڵانتان بڵێن کە متمانەتان پێیان هەیە و داهاتوویەکی چاکیان بۆ چاوەڕێ و پێشبینی دەکەن. ئەم ڕاستییە بە بەردەوامی دووپات بکەنەوە و بزانن بەم کارەتان نەستیان پڕ دەکەن لە قاڵبگەلی ئەرێنی و چاك و دەروونیان بۆ مەزنی و گەورەیی و سەرکەوتن ئامادە دەکەن و هەر ئەم پرسەش یارمەتییان دەدات بۆ ئامادەییان لە وەرگرتنی بینای نوێدا.

بڕوا و باوەڕی ئێوە گیانی هەستیاریان دەخاتە ژێر کارتێکەرییەوە و سەرئەنجام ویستی ناختان جێبەجێ دەکات.

* * *

لەم ماوەیەدا لەگەڵ پیاوێکدا گفتوگۆم کە پێی گوتم لە ڕابردوودا لەگەڵ هاوکارەکانی دایەرەکەیدا هەڵسوکەوتێکی نەشیاوی بە کار هێناوە و بە هەر بۆنەیەکەوە ڕەخنەیەکی گرتووە لە هەڵسوکەوت و گوتاریان و هەر کارێك کە ئەنجامیان داوە و لە دەربڕینی هەر وتەیەکیان، بیانوویەکیان داوەتە دەستیەوە هەتا هەڵکوتێتە سەریان و تەوسێکیان پێدا بگرێت. ئەو لە هەموو ئەو ماوەیەدا، بەبێ ئەوەی کە خۆی هۆکارەکەی بزانێت، بەردەوام تووڕە و سوورهەڵگەڕاو و هەڵگرژاوە و جیاواز لە شێواوی و ئاڵۆزی

دەروونی لە دەست ژان و دڵەکزەشەوە پەنج و ئازاری بینیوە. دوای ئەوەی کە لە ڕێگای زانستییەوە دەستی کرد بە توێژینەوەی دۆخی دەروونی خۆی، بەم ئاکامە گەیشت کە خۆی هۆکاری ئەزیەتوئازاری گیانی و جەستەیی خۆی بووە،، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە بیری خۆیدا هاوکارەکانی مەحکووم کردووە و ئەم دۆخە هێرشکارییەش گواستراوەتەوە بۆ خۆی و کاری تێ کردووە.

ئەو پیاوە لەوەولاوە هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی و سەرەتا هەوڵی دا تا زمانی گەزەندەی خۆی بە دژی هاوکارەکانی بە کار نەهێنێت و ئەوان لە بیروبڕواکانیاندا ئازاد بکات هەتا بە ویست و ئارەزووی خۆیان بژین. ئەو بەم ئاکامە گەیشتبوو کە ئەگەر لەم نێوانەدا شتێك دەبێت بگوڕدرێت، خۆیەتی، نەك ئەوانی دی. و تەنات خۆیەتی کە بڕین و هەوی گەدەشی لەم کێشمەکێشەدا بە دیاری هێنابوو. لەوەبەدوا نە حەب و دەوا و شروویێکی خوارد و نە سۆدە و نە هیچ دەرمانێکی دی. گۆڕانی دۆخی دەروونی ژیانیشی گۆڕابوو. ڕاستییەکەی ئەمە بوو کە ئەو پیاوە لە بنەڕەتڕا خۆی بە بوونەوەرێکی لاواز دەزانی و هەر ئەم بیرە نەخۆشئاساییە نەخۆشییەکەی کێشابووە جەستەیەوە و نەخۆش و لاوازی کردبوو و کزی و بێهێزی لە دەروونیشیدا پەنگی دابووە و کاری دەرمانەکەشی دژوارتر کردبوو.

پێم گوت: "کاتێك کە دەڵێین من هەم و بەرهەستی یەکەمی کەسی تاك بە کار دەهێنین، زەمەنی داهاتوو ناخەینە ژێر سەرنج." کەوایە لە کاتی نەخۆشیدا نابێت بڵێین: دوای ڕۆژێك هەر چاك دەبمەوە. هۆکاری

ساڕێژکاری دەروون نە کەش دەناسێت و نە شوێن. کەوایە هیواتان بێت کە لە زەمەنی ئێستادا ساڕێژیتان بۆ دەبێت و لە ئێستاوە ئاواتی ناختان بهێننە زمان و ئەوەی کە دەتانەوێت ببیستن دووپاتی بکەنەوە و دایمەنێن بۆ داویی. سپاردنی ئاواتەکانی ناخ بە زەین دەبێتە هۆی یەکسانی لە تای مێشکتاندا. کاتێك کە دەڵێن: "من هەر ڕۆژێك دۆخم چاك دەبێت" داندەنێن بەم خاڵەدا کە ئێستا دۆختان خراپە. کەوایە لە گوتنی ئەم ڕستەیە "من هەم" سەرنجی تەواو بدەن و لە جێی خۆیدا بە کاری بهێنن. ئەو ڕێك دوو حەوتوو هەواڵی سڵامەتی خۆی پێ دامەوە و گوتی کە ئاسەوارێك لە ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانی کۆنی تێدا نەماون.

لاخوازی و بۆچوونێك کە کەسێك سەبارەت بە ڕاستییەکانی ژیان: شادمانی، هیوا، یەکسانی، هێمنی و فرەیی و تەندروستی بە دەستی دێنێت، لە شێوەی بڕوایەکدا لە بەرهەستیدا دەردەکەوێت کە ویستێکی مرۆڤانەیە. ئیدی ئەمە دەزانن کە هەڵبژاردن، ویست و یان مەبەستی ئێوە وەك بناغەیەکی ڕاستەقینە لە بەرهەستتاندا وەردەگێڕێت و جێگیر دەکرێت. ئەوکات وەرە و لاخوازی و هەڵبژاردنێك کە لە بەرهەستدا جێگیرتان کردووە، بە ناچار لە دەرەوەڕا دەردەکەوێ و لایەنەکانی خۆی پیشان دەدات.

ترسە دێرینەکان

خاتوونێك دەیگوت کە هەر جارەی کە کەسێك بانگهێشتی دەکات، سەرەتا ئەم بابەتە دەداتە بەر شیکاری بزانێت لەو ماڵەدا سەگ هەیە یان نا. لەبەر ئەوەی کە ئەو دەترسا لە سەگەکان و لێیان بێزار بوو. بنهەڵکۆڵی ترسەکەی زۆر سادە بوو. لە منداڵیدا، کاتێك کە چوار ساڵی بووە، سەگێك قەپی لێ گرتووە و ئەم ترسەی لە سەگەکان هەر لەو کاتەوە تیایدا چەکەرەی کردووە و بە واتایەك بیرهێنانەوەی ئەم بیرەوەرییە ژاناوییە هێشتاکەش ئازاری دەدا و لە کۆڵی نەبووە.

عەشق ترس لە دڵ دەکاتە دەرەوە. پێشنیارم پێی کرد تا هێزی خەیاڵی خۆی بە شێوەیەکی ئەرێنی بە کار بهێنێت. بە هێمنی درێژ ببێتەوە و چاوانی بقونجنێت و لە دنیای خەیاڵی خۆیدا وەها وێنایەك بکات کە سەگێکی بچووك و لووس لە بەرپێیدا چۆکی داوە و ئەویش دەست دێنێت بەسەر ئەو ئاژەڵەدا و دەلاوێنێت و سەگەکەش خۆشویستنەکەی وەلام دەداتەوە و کلکی بۆ سووڕ دەدات. ئەو هەر وەها ئەو سەگەی دەدیت کە چاوی تێ بڕیوە و ئەویش خەریکە خۆراکی پێدەدات و چاودێری لێوە دەکات و هەڵسوکەوتی بە تەواوی سروشتی هەست پێدەکات و بە کورتی لەم وێنایە ڕاستییەکی بەرچاوی زیندووی دروست کردبوو.

ڕێك دوای هەشت ڕۆژ، ئەم ژنە تێگەیشت کە لە ترسە کۆن و دێرینەکەی ئاسەوارێکی تێدا بەجێ نەماوە. لە ڕاستیدا ئەو بە بەکارهێنانی یاسای

گیانی دەستی بەم دۆزینەوە پاگەیشتبوو کە ئەوەی کە لە زەیندا وێنای دەکرد، لە بەرهەستیدا بنجی دادەکوتا و هەر ئەمەش ئەوی ناچار کرد هەتا سەگەکانی خۆش بوێت. ئەوین ترس لە دڵ ڕاو دەنێت و هەر ئەم گرێدراوێتی و هۆگرییە سۆزداریيە بە ئامانج و ئیدەئاڵە کە مرۆڤ ڕادەکێشێت و شەیدا دەبێت و لە بواری ناخەوە چاوەڕوانی ئامانج و مەبەستێك دەمێنێتەوە و بایەخ دەبەخشێت بە ژیانی.

ئەو هاوکات، لە هەمان دنیای خەیاڵی خۆدا ئەمەشی هێنابووە پێش چاو کە سەگەکان بە هێمای بە ئەمەکی بە ئەژمار دێن و زۆر جار بەهۆی ڕزگارکردنی گیانی خاوەنەکەیان ژیانی خۆشیان فیدا کردووە و یان بە هەر مەحەببەتێك، هەر چەند بچووکیش، بە سووڕانی دوچکە وەڵامیان داوەتەوە. یان ئەو سەگانەی لە دنیای خەیاڵدا دەهێنایە پێش چاو کە بە چ شێوەیەك ئەو منداڵ و پیاوانەیان ڕزگار کردبوو کە کەوتبوونە ژێر دار و پەرد و هەرەسی کێوەکانەوە، و لە هیچ گیانبەخشییەك تەنگەتاوی ناکەن. ئەم هزرە چێکەرە بوو بەهۆی ئەوەی هەتا خۆشویستنێك کە سەبارەت بە سەگەکان پەروەردەی کردبوو، ببێتە سەد ئەوەندەوە.

* * *

ئەم ڕۆژانە لە بارەی گرانی و شەپە ناڤۆکییەکان و بوومەلەرزە و کۆتایی دنیا و کەڵەکەیی حەشیمەت و پیسبوونی هەوا و تەقینەوەی لە پڕی گۆی زەوین و شۆڕشەکان و بڵاوبوون نەخۆشییە لەچارەنەهاتووەکانی

وەکوو دەردەباریکە (سیل) و شێرپەنجە و هتد گەلێك بابەتی فراوان دەخوێنینەوە و یان دەبیستین. بەڵام لە بارەی ئالوودەبوون و پیسبوونی دەروونەوە نە بابەتێك دەنووسن و نە ئاماژەیەکی پێدەکەن و ئەگەریش بە هەڵکەوت لە بابەتێك یان باسێکدا بیهێننە نێوانەوە، بە سەرسەری لێی تێدەپەڕن.

ئێستا ئەوەی کە سەرەتا دەبێت دەروون پاکوخاوێن بکرێتەوە. جیاواز لەوە، ئەم تەوەرە دەبێت جارێکی دی بهێنینەوە بیر کە گەر ئێمە گیانی خۆمان بکەینە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ، تەنیا کارێك کە کردوومانە کێشەگەلێکمان کە هێناوەتە ئەم گۆڕەپانە، گرینگییەکی تایبەتیمان بۆ داناوە و لە ئاکامدا خۆشمان کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی و جارێکی دی پیسایی زەینی خۆمان خێراتر کردووتەوە. مرۆڤ توانایە پشتیرەکان و مالّە بچووکەکان تێك بشکێنێت و لە نێویان بەرێت، بەڵام ئەمە نابێت لە بیر بکات کە کەوێڵە پیسبووەکانی دەروونی خۆی بە چ شێوەیەك دەیەوێت لە نێو بەرێت، لەبەر ئەوەی کە سەرچاوە و بەرهەمهێنی چڵکە دەروونییەکان لە ناخی ئەودایە نەك لە شوێنێکی دیکە. ئەگەر زانایەك بتوانێت دەروونی خۆی هێور و پاکوخاوێن بکاتەوە، لەو کاتەدا دەتوانێت وەڵامی مەتەڵ و پرسیارێك کە سالانێکە بە دوایەوە بووە، بدۆزێتەوە و خزمەتێکی مەزن بکات بە مرۆڤایەتی. هیچ کەسێك لە حاڵەتی تووڕەیی و هەڵچوون و دەمارگیریدا ناتوانێ کێشەیەکی سادەش چارەسەر بکات، چ بگات بە ئەوەی کە بیەوێت دەست بداتە کارێکی سەرسامکەرەوە و کەڵك لە

تواناکانی زەینی وەربگرێت. ئەو دەزانێت لەم حاڵەتەدا نەک تەنیا وەڵامی مەتەڵەکەی نادۆزێتەوە، بەڵکو کێشەیەک بە کێشەکانی زیاد دەکات. ئەو پیاو و ژنانەی کە بە شەوق و خۆشییەوە مستەکانیان دەکەنە گریێ و بە تووڕەییەوە بە دژی هەر ناوەند و پێکخراوێک کە هەستاون بە دژایەتیکردنی، دروشم دەدەن، دەبێت ئەمەیان لە بەرچاو بێت کە بەم گرکانەی هەڵچوون و تووڕەبوونێك کە لە ناخیاندا شۆڵە سەر دەدات و ئەم وتە توند و ئاگرینانە، ڕێ ناکاتە جێگایەک و هیچ کێشە و گیروگرفتێک چارەسەر ناکات، لەبەر ئەوەی کە هاوڕاکانیان بە چەشنێکە کە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ تەقینەوە و نشوستی هەتا سەرکەوتن.

لێرەدا ڕووی پەیڤم زۆرتر لەگەڵ کەسانێکە کە داوادارێ ڕێبەرین و دەیانەوێت ڕێنما و ڕێنوێنیکار و بەرپرسی دەستە و کۆمەڵێك بن. کەسێك کە ئەیەوێت ئەرکێکی مەترسیدار ئەنجام بدات، سەرەتا دەبێت خۆی هێور بکاتەوە و لە ئاوەز و هێزی ڕاهێنەر بگەڕێت لە خۆیدا تا بتوانێت بە سەرۆوەرگرتن لێی ڕێنوێنی ببێت و داوای ڕێنمایی بکات. ئەگەر ئێوە بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی مەزن و سەرۆکی دامەزراوەیەکن و یان تەنانەت لەوەش سادەتر دەتانەوێت کۆنفڕانسێك بەڕێوە بەرن و یان وتار بخوێننەوە، لە پلەی یەکەمدا دەبێت خۆتان لە بواری دەروونییەوە هێور بکەنەوە تا بتوانن لەگەڵ خەڵکێکدا کە گوێیان لە فەرمان و وتەکانی ئێوەیە، پەیوەندییەکی تەندروست و ئاقڵانە وەرگرن و هەر بەم ڕەوتە پەیوەندی، متمانە و دڵنیایی ئەوان بەرەو خۆ ڕابکێشن. لە بیرتان نەچێت

کـە هـەر چەشـنە کێشـمەکێش و پێکـدادانێکی زەیـنی و هـەر شـێواوی و جۆشـانێکی گیـانی کـە لـە بەرهەسـتێتاندا پێکـی دێـنن، دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی لایەنـە نەرێنییـەکان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر لـە پوالّەتـدا کـە خۆشـتان لـە ئاسایشـدا نـابن لێـی. خۆتـان هێـور بکەنـەوە و بـیر لـە رێگاچـارەیەك بکەنـەوە کـە، پێویسـتیتان پێیـەتی و ئـەم کـارە لەوپـەڕی ئارامی گیانی و جەستەییدا ئەنجام بـدەن و هـەر چەشـنە گرژییـەك لـە خـۆ دوور کەنەوە و بزانن کە کردارتان بەرهەمی تێفکرینتان دەبێت.

ژنێك پێی گوتم کە بە توندی لـە نەخۆشـی شـێرپەنجە دەترسـێت. لـێم پرسی کە ئایا تا ئێستا تووشی شێرپەنجە هـاتووە؟ وەڵامـی دامـەوە: نـە! پێم گوت هەر چی زووترە خۆی لەو هزرە دەرباز بکات و جێگاکەی بە بیری تەندروستی تەواو و هیـوا و شـادمانی پـڕ بکـات و پاهێنانـە دەروونییـەکانی خۆی بەردەوام ئەنجام بـدات و خـودا بـە پشـتیوانی خـۆ بزانێـت. ئـەو بـەم شێوەیە توانی بیرێکی تێکدەر کە لە مێشکیدا هێلانەی کردبوو، لێـی بکاتـە دەر ئەگـەر نـا لەوانـە بـوو بەڵایـەك بێنێتـە سـەر خۆیـدا و ئاکامەکـەی کـە تووشبوونە بە نەخۆشی، بە چاو ببینێت.

گیان و زەینی بەستراو

هیچکات ناتوانرێت لە پـەرداخێکی پـڕ لـە ئـاودا شـتێك دابنرێـت. لەبـەر ئەوەی کە ئاوەکەی لێوە دەڕژێت. پەڕەشـووت چـەترێکی دەربازکـەرە کـە ئەگەر نەکرێتەوە، هیچ سوودێکی نابێت. دەرگاکانی گیان و زەیـنی خۆتـان

لە بەرانبەر ئایدیاگەلی نوێدا کە لەگەڵ ڕاستیدا لە پەیوەندیدان، بکەنەوە و ئەوان ڕێ بکەنە بەرهەستی خۆتانەوە. **بیری وشك و بەستوو و نەگەڕەوە لەسەر ئەم بڕوایەوەیە کە لە ڕاستی هەموو شتێك دەزانێت و دی پێویستی بە فێربوونی دووبارە نییە. هزرگانی زەمانە و ڕۆژگارە و ناپێویستە بە فێربوون. کەسێك کە دەکەوێتە ئەم دۆخە دەروونییەوە، بوونەوەرێکە کە دەبێت بەزەییت پێیدا بێتەوە. مرۆڤی بیرمەند پێویستی بە بەدەستهێنانی زانست و زانیارییە و ئەم کارە لە هەر ساتێك لە تەمەنیدا دەبێت ئەنجام بدات.** ئێمە هەموومانمان لە ناوەندی کۆگای سامانگەلێکی بێسنووردا جێگیرین و ئەم سامانە سروشتییە کە گەنجینەیەکە لە ئاوەز و هۆش و ژیری، نەمر و بێکۆتاییە و هەر کەس بە پادەی توانا و شیاوێتی خۆی بەهرەی لێ دەبات.

لە ئوستووڕە کۆنەکاندا هاتووە کە ملیۆنان ساڵی پێش خوداکان لە دڵی کێوی ئەلەمپدا کۆبوونەوەیەکیان پێك هێنا. لەم کۆبوونەوەدا دەیانەوێست بڕیار بدەن ئایا بەرژەوەندی لەوەدایە هەتا ڕاستی (حەقیقەت) بسپێرن بە نەمرەکان تا ئەوانیش هان بدرێن و کەلکەڵە بکرێن هەتا وەکوو خوداکان بژین. لە بڕیاری کۆتاییدا وەها ڕاگەیەنرا کە (گەورەری ڕاستی) بخەنە بەردەستی مرۆڤ.

یەکێك لە خودایانی گەنج بۆ ڕاکێشانی دۆعای چاکەی گەورەترەکان پێشنیاری کرد کە ئەو **گەورەیە بەنرخەکە** بەرێتە زەوین و پێشکەشی مرۆڤی بکات. ئیزنی ئەم کارەی پێدرا و ئەو لە کاتێکدا کە لە خۆشحاڵیدا

نەیدەزانی چ بکات بەرەو زەوی هەڵفڕی. بەڵام هەتا پێی نایە سەر خاك گەوهەرەکە لە دەستی کەوتە خوار و بوو بە هەزار لەتەوە. خوداکانی ئەلەمپ لەم بابەتە مشەوش و نیگەران بوون و خودای گەنجیش شەرمەزار و سەرشۆڕ بوو. سەرئەنجامی ڕەوشتی ئەم ئوستوورەیە بهێننە پێش چاو کە پیشان دەدات کە کەوتنێکی سادە بوو بەهۆی هەزاران ئازار و گیروگرفت. لەبەر ئەوەی لەوە بەولاوە هەر کەسێك لەتێك لەو گەوهەرە بە دەست دێنێت، وەهای بۆ دەچێت کە تەنیا خۆیەتی کە ڕاستی و حەقیقەتی بە دەست هێناوە. بەڵام بنەچەی ڕاستی خودایە کە لە دڵی هەموو خەڵکاندا هەیە و تەنیا ڕاستییەك لە ئارادایە و ژیانێك. ڕاستی تایبەت و یەکە لە دابەشکردن نایە.

بەشی چواردەهەم

ڕێگای ئەقڵ

ماوەیەک لەمەوبەر پیاوێک پێی گوتم کە ماڵە هەوارەکەی تاپۆکان و گیانەکان دەستیان داگرتووە بە سەریدا. ئەو بە کەمی دەچێتە ئەوێ، پەردە کێرکێرەیەکەی کێشاوە و پەنجەرەکانی بەستووە و هەمووی بە شیش گرتووە. قاڵییە خۆشنەخش و نیگارە ئێرانییەکانی مۆریانە خەریکە دایانبڕێنێت و دەیانخوات. ئەڵبەت ئەو دەیگوت کە لە گیان و ڕۆحەکان ناترسێت و بڕوایەکیشی پێیان نییە، بەڵام لە نوستن ماڵەدا دەترسێ. ئەم وتەیەی بە چاکی نیشانی دەدات کە هەر کەسێک بە شتێک بڕوای هەیە، گیرەم بە ئایین بێت یان بە چەشنە خودایەکی گومانی و خەیاڵی. تەنانەت کەسانێک کە پێبەندی هیچ بنەمایەک نین، هێشتاکەش لە ناواخنی بەرهەستی خۆیاندا زاڵبوونی بیرۆکەیەک دەردەبڕن. هەر بیرێک کە زاڵ دەبێت بەسەر گیانماندا، و ئەوەی کە وەکوو بنەمایەک وەریبگرین، زاڵبوونی خۆی بە سەرماندا بە کردەوە دەرهێناوە و ئێمەی خستووەتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە.

بەریتانیا (ئینگلستان) لەو وڵاتانەیە کە گەلێك مقۆمقۆی لە پەیوەند لەگەڵ دەرکەوتنی تاپۆ لەوێدا یەکجار باوە. زۆربەی کات لە پۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ئەو وڵاتەدا گەلێك بابەت لە بارەی ماڵەکانی گیانەکانەوە و بە دەنگەدەنگێکی سەیروسەمەرەوە و ئەو تارماییانەی کە لە ژوورەکاندا لە گەڕان و کنوکۆدان و پووناکیگەلێك کە دەردەکەون و دەسڕێنەوە و جێگۆڕکێبوونی مۆبلیات و کەرەسەکانی نێو ماڵ و کرانەوەی لە ناکاوی پەنجەرەکان و هێرشی با وشکەکان بۆ ماڵەوە و بە کورتی هەندێك دیاردەی ناسروشتی کە بە لقوپۆی زۆرەوە دەنووسرێت.

ئەم پیاوە بەریتانییە کە چەند مانگێکی لەوەو پێش خانووەکەی لە هاوینەهەوارێکدا کرێبوو، پۆژانێکی خۆش و هێمنیشی لە کۆتایی حەوتوودا لەوێ تێپەڕاندبوو. چەند مانگی دواتر، هاوسێکان مقۆیەکیان پێ گوتبوو، کە لەمەڕ ئەو ماڵەودا لەسەر زاراندا بوو، بەڵام خاوەنەکانی ئەو ماڵە کە خانووەکەیان پێی فرۆشتبوو، هیچ ئاماژەیەکیان بەم بابەتە نەکردبوو. ئەوکات کەسانێکی دیش هاتنە ناو پووداوەکەوە و ئاماژەهایەکیان کرد بە پووداوەکانی ئەو ماڵە نێوبراوە و هەر کەس بەپێی ویست و زەوقی خۆی شتێکی پێی زیاد کرد.

دوای ئەم وتانە، لەو ماڵەدا پووداوێکی سەیر بۆ ئەو پیاوە پووی دا کە بە ڕاستی ئەوی خستە ئەو بیرەوە کە خانووی نێوبراو بووەتە مەکۆی گیانەکان و دەستیان بەسەردا داگرتووە و گیانەکانی پێوەندیدار بە زەوینەوە کە هێشتاکە چۆڵیان نەکردووە و دڵیان لێ بەر نەداوە، هەر وەها

ماڵەکەیان لە ژێر چنگدایە. ئەو دەیگوت کە تەنانەت دەنگی ئاخافتنەکانیشیان دەبیستێت، بەڵام توانای لێکدانەوەی وتەکانیانی نییە. لە ڕاستیدا تاپۆ و گیان کاتێک دەکەونە جەولان کە چرای دەروون کوژابێتەوە. ئەوەی کە ئەو پیاوە بە ڕاستی پێی وا بوو، هەڵقوڵاوی مێشکی خۆی و دروستکراوی ترس و نەزانی و تاریکی دەروونی بوون نەک شتێکی زیاتر.

لە زۆر لە بوارەکاندا، شیکردنەوەی ژان و ئازار دەبێتە چارەسەری. هێنامەوە بیری کە لە ڕاستیدا ئەو بووەتە قوربانی فێرکاری و پێگوتنە نەرێنییەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی کە وەهای کە خۆی دانی پێ داناوە، لە دوو مانگی سەرەتاییدا کە لەو ماڵەدا بووە نە ڕۆحێك لە گۆڕێدا بووە و نە تارمایی و تاپۆیەك و خۆشی خاوەن هێمنییەکی تەواو بووە. بەڵام گیروگرفتەکەی لە کاتێکەوە دەستی پێ کرد کە وتە و چیرۆکەکانی هاوسێکانی بە هەند وەرگرت و بەرهەستیشی ئەوانەی بە شێوازێکی ڕاستەقینە لە مێشکیدا وێنا کردەوە و ترسە خوراق و ئوستوورەییەکان بە هۆکارەکەی زیاد بوون. بۆ چارەسەری ئەو چارەیەك نەبوو بێجگە لەوەی کە سێبەرەکان و تاریکییەکانی دەروونی پاکوخاوێن بکرێنەوە و بە ڕووناکی ئەوین و عەشقی خوایی ڕوون کرێتەوە. بۆ هەندێك لە خەڵك، شەو هاودەم و هاونشینی خراپەیە. بۆ نموونە کاتێك کە لە نزیك گۆڕستانێکە تێپەڕ دەبن، وەها دێتە بیریان کە تاپۆ و سێبەرگەلێکیان لە دەروبەری خۆیاندا بینیوە. هەموو ئەم گومان و خەیاڵانەی بەرهەمهاتووی ترسە

خەیاڵییەکانە کە لەسەر بنەمای بڕوا هەڵەکانەوە ڕێیان کردبووە مێشکەوە و ئەم بیرکردنەوە و بۆچوونانە زۆرتر لە دەمەوئێواراندا کە هەتاو ئاوا دەبێت و ڕووناکی ڕۆژ کەمڕەنگ دەبێتەوە، خۆی پیشان دەدات.

* * *

پیاوێک دەناسم کە شەوێک لە کاتی چوونەنێو ماڵەکەیدا، هەر کە دەرگاکەی کردەوە پیاوێکی بینی لەسەر ئەسبێکەوە کە چەکەکەی بەرامبەری ڕاگرتووە. لە ترسدا زمانی بەستڕا و لە جێی خۆیدا وشک بوو. بەڵام کاتێک کە هاوسەرەکەی کە لە کاتژمێرێک لەوە پێش چاوەڕوانی دەکرد هاتە ژوورەکەوە و چراکەی هەڵکرد، ئینجا دەرکەوت کە ڕووناکییەک لە دەرەوە کەوتبووە سەر لقی دارەکە، وەها دیمەنێکی پێک هێنابوو و شتێکی ئەوتۆی نەمابوو کە ببێتە هۆی جەڵدەلێدانی ئەو.

بەڵام لە بارەی ئەو پیاوەوە کە پێی وا بوو ماڵە زۆزانییەکەی ببووە ملکی تاپۆکان و دەستیان بەسەردا گرتبوو، دەتوانرێت هۆکارەکەی بەم شێوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەو هەر چەندە وای بە خەیاڵدا دەهات کە کاتی هاتنەژوورەوەی بۆ نێو ماڵەکەی دەنگی هاتووچۆگەلێکی لە دیوەکاندا و تەنانەت دەنگی پێکدادانی کورسی و مێزەکانیشی دەبیست، بەڵام ڕاستی ئەم کارە ئەمە بوو کە هەموو ئەم ڕوداوانە لە نەستیدا ڕوویان دەدا، لەبەر ئەوەی کە دەروونی ببووە مالێ بە هەند وەرگرتنی هەزر و تەڵقێناتە

نەرێنییەکان و لە بنەڕەتڕا ئەمە بۆچوونە گوماناوی و خەیاڵییەکان بوون کە هێلانیان تێیدا کردبوو و خستبوویانە ژێر پرکێفی خۆوە.

ئەم ڕاهێنانەی خوارەوەم پێی دا و جەختم لەسەر کردەوە پۆژێك چەند جار و بە تایبەتی شەو و لە کاتی نوستندا ئەم وتانە بخوێنێتەوە و لە میشك و بەرهەستی خۆیدا جێگایان بکاتەوە.

هێمنی خودا ماڵەکەم لە خۆی لێوانلێو و سەرڕێژ دەکات. تەنیا ئەوە کە دێتە ئەوێ و لەوێ دەچێتە دەرەوە. ئەو خاوەن دڵ و گیانی منە و پشتیوانیم لێ دەکات و من لە ڕووناکی خۆی دادەپۆشێت. یاسا و ڕێسای خوایی زاڵە بەسەر ئەم خانووەدا.

ئەو پیاوە توانی بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان فێرکەری و تەڵقیناتە نەرێنییەکانی دراوسێیەکانی لە میشکی خۆی بڕەوێنێتەوە و زۆری نەخایاند کە تێگەیشت کە هۆکار و بنەمای ترسەکەی بێجگە لە تاریکی دەروونی خۆی شتێکی زیاتر نەبووە.

ڕابردوو مردووە

ماوەیەکە ئەم خاڵەم بۆ دەرکەوتووە کە زۆرێك لە خەڵك تەنیا جەستەیان دەبزوێنن، بەڵام گیانیان ساڵەهایە کە لە بزووتن و پێشڤەچوون ڕاوەستاوە. بۆ وێنە بەهۆی کێشەیەکی سۆزدارییەوە ژیان تاڵ و ژاناوی دەکەن و یان ئەو کەس و مەوجوودەی کە زۆر خۆشەویست بووە بۆیان، لە دەستی دەدەن و لە خەمیدا ماوەیەکی ئێجگار زۆر دەکەونە لاواندنە و

ماته‌مگرتن و یان ڕووداوێکی ڕیستواییهێنه‌ر له بنه‌ماڵه‌دا دێته کایه‌وه و دامێنیان ده‌گرێته‌وه، به‌ڵام ئه‌وان ناتوانن خۆی له ڕووداوه بکێشنه ده‌رێ و ڕێگای ده‌ربازبوونێك بۆ خۆ بدۆزنه‌وه و هه‌ر وه‌ها به ڕابردووه‌وه ده‌پلکێن، ئه‌ویش ڕابردوویه‌ك که هێنمی و هێز و وزه‌ی ژیانیان لێ ده‌ستێنێته‌وه.

زۆرێك ته‌نانه‌ت توانای تێگه‌یشتنی ئه‌م بابه‌ته‌شیان نییه که ئه‌م بیره‌وه‌ری و ڕووداوانه به پێداگری و مکوڕییه‌کی ته‌واوه‌وه له به‌رهه‌ستیاندا ده‌پارێزن. من بۆ خۆم که‌سانێکی زۆر ده‌ناسم که شه‌وانه کاتی نوستن ئه‌م ڕووداوه تۆقێنه‌ر و ناخۆشه دووباره بۆ خۆ زیندوو ده‌که‌نه‌وه و سه‌رئه‌نجام ئه‌وانه وه‌کوو هه‌ندێك مۆته‌که‌ی ترسناك له ته‌واوی شه‌ودا پێش چاوی خۆیانی دێننه‌وه. ئه‌مانه ده‌بێت فێر بن که به چ شێوه‌یه‌ك خۆیان دابڕن له ڕابردوویان و هزره‌کانیان بگۆڕن و دوای ئه‌م ئاڵوگۆڕه، بیره نوێیه‌کان له مێشکدا جێگیر بکه‌ن.

ڕاتان له باره‌ی خۆتانه‌وه چییه و به چ شێوه‌یه‌ك بیر ده‌که‌نه‌وه؟ له بابه‌ت دنیا و خه‌ڵکییه‌وه ئه‌ندێشه و بیرکردنه‌وه‌تان چۆنه؟ ئایا تووڕه‌تان ده‌که‌ن؟ ئه‌گه‌ر وایه، که بێبه‌رین له زاڵبوون و هێزی پێویست له ده‌سه‌ڵاتداری هزریه‌تی خۆتاندا. گه‌ر بابه‌تێك که له ڕۆژنامه‌کاندا ده‌یخوێننه‌وه یان هه‌واڵێك که له ڕادیۆ و ته‌له‌فزیۆن ده‌بیستن و یان ده‌بینن گڕتان تێ به‌رده‌دات، بزانن که بایه‌خێکی له ڕاده‌به‌ده‌رتان داوه پێیان. ئه‌گه‌ر وته‌کانیان تووڕه‌تان ده‌کات ئه‌مه بزانن که ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر خۆتانتان له ده‌ست داوه. **ئێمه له ماڵ یان له جه‌سته‌ی خۆماندا نازین:**

ژیانی پاستەقینەی ئێمە لە دەروونماندا تێدەپەڕێت. ئێمە لە چیۆەی هەست و ویژدانی خۆماندا دەژین کە کۆمەڵ و کۆی هزر و هەست و بڕواکانمان پێك دێنێت. خاتوونێکی گەنج دەناسم کە دایکی لە دەست دابوو و سەرەڕای ئەوەی کە چەند مانگێك لەم پووداوە تێپەڕ ببوو، بەڵام ئەم ژنە چارەڕەشە هێور نەببووەوە و شەو و ڕۆژی بە شین و گرین تێدەپەڕاند و ڕۆژانە دەچووە سەر گۆڕی دایکی و قوڵپ قوڵپ دەگریا و دووبارە دەگەڕایەوە ماڵەوە و خەفەتخواردنی درێژە پێ دەدایەوە. دایکی ئیدی لەم دنیایەدا نەبوو و جەستە خاکییەکەی بەجێ هێڵابوو و لەم دنیا خاکییەدا دانیابوو هەتا دابڕێت. خەمێکی گران کە ئەم کچەی ئازار دەدا، هەڵقوڵاو و دەردراوی میشکی خۆی بوو کە لەدەستدانی دایکی بە چەشنێك لە هەستی ئاسوودەیی ناخ دروست کردبوو. ئەو لەم خەموخەفەتخواردنە چێژی وەردەگرت و لەوانەشە خۆی ئاگادار نەبوو کە هاوکات چ سنووردارێتی و تەنگاو و گوشارێکی بۆ گیانی دەستەبەر کردبوو و بە چ شێوەیەك ئالوودە و لێڵی کردبوو. ماوەیەکی نەبرد کە تەندروستی و تەنانەت سۆما و بینایی چاوەکانیشی تووشی کێشە هات و بارودۆخی داراییشی بەرەو خراپی ڕۆیشت و لە ئاکامدا هەستێك کە ڕێی کردبووە دڵەوە، هەژاری و نەخۆشی و گیروگرفتگەلی جۆراوجۆری دیکەشی هەنارەد ماڵی گیانیەوە.

بەڵام سەرئەنجام توانی لەم بابەتە تێبگات، کە دایکی ڕۆیشتووەتە کەش و بۆشاییەکی دیکەوە، بەڵام هێشتا بۆ ئەو زیندووە، هەر ئەم ڕێگە بیرکردنەوەیەبوو دۆخی دەروونیشی گۆڕی. هەر جارەی کە دەکەوتەوە

بیری دایکی و قوڵپی گریانێك گەرووی دەگوشا لە ژێر لێوەوە دەیگوت: "دایکە، دەزانم کە تۆ لە لای خودای" و ئەم وتەیە هێمنی دەکردەوە. هێدی هێدی سۆمای چاوەکانی گەڕاوە و دۆخی ئابووریشی چاکتر بوو و توانی خۆی بدۆزێتەوە.

* * *

یەکێك لەو کەسانەی کە هاتبووە لام بۆ پرس و ڕاوێژ بە دەنگێکی تووڕەبیئامێزانە ئەو ڕووداوانەی بۆ دەگێڕامەوە کە بۆی پێش هاتبوو و خراپ هەڵسوکەوتەکان کە هاوکارەکانی دەرهەقی کردبوویان، باس دەکرد و دەیگوت کە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا بە بێ ئەوەی کە بچووکترین بایەخێك بە ٢٥ ساڵ پێشینەی خزمەتی ئەو بدەن، حوکمی دەرکردنیان داوەتە دەستی و خۆیان لە کۆمپانیایەکی دیکەدا جێگۆڕکێیان کرد بۆ کۆمپانیایەکی دی و ئەویان بۆ خۆ بەجێ هێشت. ئەو بە وەها تووڕەیی و ڕقێکەوە لەو ستەم و چەوسانەوەی خۆی بە دەستی ئەوان دەئاخافت کە وەك دەڵێن دڵی بەردیشی بۆ دەبوو بە ئاو. بەڵام ئەوەی کە دیار بوو ئەمەیە کە ڕق و بێزارییەکی لەوان لە مێشکدا پەروەردە کردبوو، لانی کەم بەڵای پەستانیخوێنی بۆی بە دیاری هێنابوو.

بۆ ئەو پیاوە کە دەیەوێست بە هەر شێوەیەك کە بێت تۆڵەی خۆی لێیان بکاتەوە، ڕوونم کردەوە کە ئەو کانگستەرێکی لە زەین و گیانی خۆیدا جێگە کردووەتەوە و لەوە دیکتاتۆرێکی ساز کردووە کە تەندروستی و دۆخی ئابووریشی شێواندووە.

گەشتێك بۆ ژێردەسەلاتی دەروون

تێم گەیاند كە ئەو بیرۆكانەی كە زاڵ بوون بە سەریدا ڕخنە دەكات ژێردەسەلاتی گیان و نەستی و لە شێوازی ڕووداوی جۆراوجۆردا لە دەرەوە دەردەكەوێت. بڕیاری دا كە بەم هونەر و تەكنیكە بچێتە شەڕی هۆكارە نەرێنی و تێكدەرەكان، كە لە مێشكیدا پەروەردەی كردبوو:

من بە تەواوی، كۆمپانیا و بەڕێوەبەرانی لە زەینی خۆم دەكەمە دەرەوە و هەر هەموویان دەسپێرم بە خوا و داوای چاكە و خۆشیان بۆ دەكەم. گیانی بێسنوور درگانەیەكم بۆ دەكاتەوە كە من دەتوانم چاوەنواڕیەكی نوێ و داهێنەرانەی لێوە سەیر بكەم. لەمەبەدواوە، لە ئەزموون و تواناییەكانم بە چاكی كەڵك وەردەگرم و خۆم لەم بابەتە دڵنیام. ئەم بیرۆكەیەی كە زاڵە بە سەرمدا، هەموو بوونیەتی من لە خۆ دەگرێت و بە چەشنێكی ئەرێ لە دەرەوە خۆی دەردەخات. ئەم ئایدیایە هەر وەها كە خۆی دەیگوت، بە تەواوی زاڵ بوو بەسەر گیانیدا و هەموو هەزر و هەستەكان و هەڵچوون و داچوون و سۆزەكانی خستە ژێر كارتێكەری و سەیتەرەی خۆیەوە. ئەو هەر وەها مژۆڵ بوو بە سەلماندن و جێگیركردنی ئەم ڕاستییانەوە و نەستی لێ سەرڕێژ كرد و ئاوەها كە خۆی دەیگوت، لە ڕاستیدا درگانەیەكی نوێی كردەوە بەرەو ئاسۆی گیانی. ماوەیەكی نەبرد كە لە دەرەوە لە كۆمپانیایەكی گەورەدا دامەزرا و مووچەیەكی زیاتر لە شەریكە پێشووەكەی كە هەیبوو، بە دەست هێنا.

پیاوێك كە رقێكی زۆری لە هاوسەرەكەی بوو و سالیانی سالێ رقی ئەوی لە دڵدا كۆ كردبووە و لەگەڵیدا هەڵسوكەوتی خراپی نواندبوو، سەرئەنجام ژنەكەی كە تووشیار شێرپەنجە ببوو، لە دەست دا، بەڵام دوای مردنی ئەو تووشی ئەم گومان و خەیاڵە ببوو كە هەنووكە لەوانەیە كە بەهۆی ئەزیەتوئازارێك كە لە ماوەی ژیانی هاوسەرەكەیدا بەسەریدا سەپاندبوو، تووشی سزادانی ئەو ببێت. بە كورتی لەم بیركردنەی هەم لە ترسێكی بەردەوامدا دەژیا و هەم هەستی بە خەموپەژارە و پەژیوانی دەكرد. دەیگوت كە شەوانە دەنگی ددانە جێرە و دەنگەدەنگی سەیر و سەمەرەی دێ لە ژوورەكانی دی و لە قادرمەكاندا دەبیستێت. لە ژوورەكەیدا تارمایی دەبینی و سوێندی دەخوارد كە كاتی نوستن دەستەكانی دەگرن و تەنانەت باهۆكانی دەكڕێنن و بۆ ڕاستی داواكەشی جێی برینەكانیشی پیشان دەدا. ئەو لەسەر ئەو بڕوایە بوو كە هەموو ئەم بەسەرهاتانە لە نێوان نیوەی شەو هەتا سێی بەرەبەیان ڕووی دەدا. دكتۆرە پشكنەرەكەشی حەبی هێوركەرەوە و خەوهێنەری بۆ نواندبوو كە هیچ ئیفاقە و كاریگەرییەكی نەكردبوو.

ئەم پیاوە چەندان جار بۆ پرس هاتە لای من و هەر جارەی هەر ئەم وتانەی دووپات دەكردەوە. خاڵێك بۆ من ڕوون و دەركەوت بوو كە ئەو لە ژێر كارتێكەری ئەم گومانەدایە كە ئەگەر لە ژیاندا تووشی تاوان و گوناحێك ببین دەبێت تۆڵەكەی بدەیەنەوە. بە هەر حاڵ ڕوونم كردەوە بۆی كە لە ماڵ (گیان)یێك كە خودا بوونی هەبێت، هیچ تارماییەك و هیچ بوونەوەرێكی

نەبینراو جەربەزەی هەنگاونان بۆ ئەوێی نابێت، گیانێك كە لە یاد و ئەوین و ڕاستییەتی خوایی سەرڕێڕ بێت، ئەم دیاردانە ڕێ ناكاتە خۆیەوە. ڕاستییەكەی ئەمە بوو كە هەستی قوولّی خۆ بە تاوانبارزانینی ئەم پیاوە و ترسی لە سزای پەفتار و هەڵسوكەوتی قیزەونی كە سەبارەت بە ژنەكەی هەیبووە و خاوەن ئەندێشەی خوراق و دواكەوتووانە ببووە هۆی ئەوەی كە هەموو ئەمانە بە شێوازی وێنەگەلێكی ڕوون لە نەستیدا دەربكەون و هەل و دەرفەتی دەركەوتن و خۆنواندن بە دەست بێنن.

ئەو دەبوو لەو كێشەیەی كە خۆی هۆكاری پێكهێنانی بوو، خۆی دەرباز بكات. ئەگەر بتوانین هێزی گیانی خۆمان بدۆزینەوە، دەستمان بە هێمنی و ئارامی ڕادەگات و ئەم هێمنییە هیچ ترسێكی لە هیچ دوژمنێكی دەرەكی و بیانی نابێت و بە هیچ شتێكی وەرناگرێت.

ئەوكات ئەو دەستی كرد بە داواكردنی چاكە بۆ ژنە چەوساوەكەی و داوای لێبووردنی ئەوی لە خودا كرد. دوای چەند ڕۆژێك هەستی كرد كە هێمنییەكی بێوێنە جەستە و گیانی داگرتووە و هەستی گوناح و تاوانی بەجێ هێشت.

بهێڵن هەتا ئەقڵ و هۆش بەسەر گیان و هزرتاندا زاڵ بێت و زەینی خۆتان سەرڕێڕ بكەن لە ڕاستییەكانی ژیان هەتا بە ئاسوودەیی ناختان بگەن.

لە بۆشایی دانوستانێكی درێژماوەدا كە لەگەڵ خاتوونێكدا بووم و لە هەبوونی تاپۆ لە ماڵەكەیدا دەترسا، پێشنیارم پێی كرد كە كچەكەی

بنێرێتە لای دایەگەورەی. خۆی دوایی بوی باس کردم کە لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیەدا کە کچەکەی لە مانّ نەبوو، هیچ تاپۆ و گیانێك دەرنەکەوت و نە موبلیات و کەرەسەیەکی نێو مانّ هەڵفڕی و نە تابلۆیەك لە دیوارەکانەوە کەوتە سەر عەرد و نە چرایەك هەڵکرا و کوژایەوە و نە پەنجەرەیەکیش کرایەوە.

دیاردەیەك کە ئەم پۆژانە بەناوبانگە بە پۆلترگایست (Polter Geist) لە کۆپە زانستی و دەروونییەکاندا ناسراوە، دیاردەیەکە کە پەیوەندیدارە بە بەرهەستەوە و هیچ پەیوەندی لەگەلّ تارمایی و گیانە پیسەکاندا نییە. هۆکارەکەی بە تایبەتی سەرچاوەگرتوو لە هێزێکی وێنایی دەروونی نهێنی لە نەستدایە کە زۆر جار لە ساتەکانی گرژی و یان تەنانەت سەردەمانی گەشەدا دەردەکەوێت.

بە پێشنیاری من داپیرەی کچە گەنجەکە کە نزیك بە ١٢ ساڵی دەبوو هێنایە نووسینگە. لە ڕەوتی وتوویژم لەگەلّ کچەکەدا تێگەیشتم کە ئەو ڕقێکی سەیری لە دایکی لە دڵدایە، لەبەر ئەوەی کە دایکی زۆر جار پێی گوتبوو کە براکەی لەو بە سەرتر دەزانێت و ئەوی زۆرتر خۆش دەوێت. کێژۆڵەکە لە کاتی سووری مانگانەدا چەند ڕوونکردنەوەیەکی لە بارەی ئەم دیاردە تازە سەرهەڵداوەی لە دایکی ویستبوو و ئەویش لە وەڵامدا تەنیا دەتوانێت بڵێت "دەورانێکی پیسە" و بەم وتەیەی خۆی کچەکەی ناڕاگایانە خستبووە هەڵچوون و سەرکێشییەوە. دیاردە ناسروشتییەکان کە لەوەبەدوا هاتنە ئاراوە، تەواوی هەڵقوڵاوی خۆنواندنی هێزی نەستی ئەو

بوون که ئەو بە شێوازێکی نەرێنی کەڵکی لەوانە وەردەگرت. من بۆ دایک و داپیرەی هەلومەرجێکی نوێم که بۆ منداڵە گچکەکەیان هاتبووە پێشێ، شی کردەوە. دوای ئەوە دایکی تـوانی هەڵسـوکەوتی خـۆێ سـەبارەت بـە منداڵەکەی بگۆڕێت، بە چەشنێك کە ئەو کچـە تێگەیشت دایکی بـە ڕاسـتی خۆشی دەوێت و جیاییەك لە نێوان ئـەو و براکەیدا قایـل نابێـت. بـە کچـە گچکەکەشم فێر کرد کە بەم چەشنە داوای چاکە بـۆ دایکـی بکـات: "خـودا دایکی خۆش دەوێـم. منـیش ئـەوم خـۆش دەوێـت و دایکیشـم مـنی خـۆش دەوێـت." کێژۆڵەکـە دوای ئـەوەی بـەردەوام ئـەم دۆعایـە لـە ژێـر لێـوەوە دەڵێتـەوە و هەنووکـە ژینگەیـەکی پـڕ لـە شـادی و خۆشـی بەسـەر ئـەم بنەماڵەیەدا زاڵە.

بۆ بەرانبەرکێ لەگەڵ کێشە و گیروگرفتێك کە لە پەیوەندی بنەماڵەییدا لە ئارادایە، دەبێ هیوا بـە عەشـق و دڵۆڤـانی خـودایی هـەبێت و ئـەوە لـەو بنەماڵە و لە دڵی خۆدا بخرێتە گـەڕ. پیاوێك بـە مـنی گـوت کـە کاتێك کـە شەوانە بە هۆکارێك بۆ وێنە بۆ ڕوێشتن بۆ میوانی یـان ڕیسـتۆرانت لـە مـاڵ دەچێتە دەرێ، هەوای ساردی دەرەوە تووشی هەڵامەتی دەکا و دەکەوێتە تاو مووچڕکە. ئەوکات ناچار دەبێت کـە دەرمـان بکاتـە لـووتی و ئاسـپرین بخوات.

بۆم شی کردەوە کە سەرمای شەو لەگەڵ خۆیدا هیچ چەشـنە ئـاڵۆزی و نەخۆشییەك ناهێنی. هۆکاری هەڵامەتەکەی ئەو سەرچاوەگرتوو لە بڕوایەکە کـە هەیـەتی بـە زیانبـاربوونی هـەوای شـەو. کاتێك کـە لـە هـەوای گـەرمی

ژوورەکەیەوە دەچێتە هەوای سەردی شەو، سروشت توانستی ڕاگرتنی یەکسانییەکی بۆ ئەم گۆڕانی پلەی گەرمایە هەیە و ئەو دەکەوێتە پشتی. بە واتایەکی دی لە بەر کارێکەوە هۆکارێك پێك دێت و ئەوە کە ئازاری لێ دەبینێت.

یاسا ئاسمانییەکان جێگیرکراو و نەگۆڕن و بێجگە لە چاکە و خۆشییان لەگەڵدا نییە. ئەم پیاوە لە بۆشایی پژمەکانی خۆیەوە کە شتێك بێجگە لە بەرکاری نەستی بۆ یەکسان ڕاگرتنی پلەی (هەناسە)ی جەستەی نەبوو، وەها دژکردەوەیەکی پیشان دەدا. لە بەرانبەر هەر کردەیەکەوە دژکردەوەیەکی یەکسان و هاواتا لەگەڵ ئەو کردەیەدا لە ئارادایە و ئەم بابەتە هەم لە فیزیا و لەم لە میتافیکدا (دەرەوەی سروشت) ڕاستییەتی دەسەلمێت.

زۆرێك لە خەڵك هەتا دەست دەکەن بە پژمین تێك دەچن کە نەکا تووشیاری هەڵامەت و ئەنفلۆنزا بووبێتن. هەڵچوون کردەوەیە و قۆزە و پژمین دژکردەوەی. ئەگەر لە ترسێك کە بەهۆی نەزانی و نائاگاییەوە پێمان بێڕاوە، بۆچوونمان وەهایە کە قۆزە یان پژمە هۆکاری پەتایەکی تۆقێنەرە، بڕوایەك کە سەبارەت بەم کارە هەمانە، ئەو نەخۆشییەی کە لێی دەترسین پێشکەشمان دەکات. ئەگەر ئەوین و یەکسانی و هاوسەنگی و گەشبینی و شادمانی لە خۆتاندا پەروەردە بکەن بڕواتان هەبێت کە بیابانی بوونیەت و وجوودتان وەکوو گوڵێکی سووری پشکوتوو و بۆنخۆشی لێ دێت.

بەشی یانزدەهەم

زمانی هۆش

دەڵێن کە هەر کێشەیەک دوو لایەنی هەیە کە تەنیا یەکیان دروستە و بۆ ناسینی ڕاستی دەبێت ئەم ڕووە بناسرێت. ئیمێرسۆن لە کتێبی (گۆڕان و هاواتیی) خۆیدا دەڵێت:

لەو ڕۆژەوە کە دووانەییەتی و جووتیەتی حاشاهەڵنەگر بە هێڵێکی بە ویژدان بۆ هەر سروشتێک بە ئەژمار دێت، بە چەشنێک کە هەر شتێک لە نێوەڕاستەوە دەکاتە دوو لەت، لە ئاکامدا هەر نیوەیەک بۆ تەواویەتی پێویستی بە نیوەکەی دیکەی دەبێت وەک: گیان و هەوێن (ماددە)، ژن و پیاو، زەینی دەرکەوتە (بەرچاو)، ناوەکی و دەرەکی، بەرز و بڵند سووک، بزووتن و هێمنی، بەڵێ و نا.

هەر وەها ئێمەش زیادی دەکەین کە تاریکی لە بەرانبەر ڕووناکی و هەڵکشان و داکشان و تاڵ و شیرین و گەرما و سەرما کە لە ڕوانگەی ڕاستی ڕەهاوە هیچ سەرمایەک لە ئارادا نابێت. ئەگەر تەندروستی لە بەرچاو بگرین، نەخۆشیش دەبێت. لێ لە (ڕاستی ڕەها) هەموو شتێک دەبێتە

خـاوەن هاوسـەنگی و جـوانی و تەواویـەت. بایـەخی ئـەرێنی ڕووناکی و تەندروستی و ئەوینە. دژەکانی لە ئەزموونی ئێمەدا دەردەکەون تـا بتـوانین لە چەمکە ڕاستەقینەی خاڵە ئەرێنییـەکانی تێبگـەین، لەبـەر ئـەوەی بـەبێ بوونی ئەم دژانە، ئەویش لـە پشت پـەردەی دەقەکـە، چـەمکی ڕاسـتیەتی ئەوانە لە بەرچاومان ناسەلمێنرێن.

هەنـدێك جـار پرسـیارگەلی وەهـا دێتـە بـەردەممان: ئێمـە بۆچـی ئافرێنراوین؟ تا بتوانین تاوان بکەین و یان لەڕێلادەر و نـەخۆش بـین؟ بـۆچ هەم چاکە و هەم خراپە لە گۆڕێدایە و هەم خۆشی و هەم ناخۆشی؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بە سانایی وەهایە: ئێمە هەر دیاردەیەك لە دژەکەی و یان لە هەڵسەنگاندنی ئەوە دەناسین. لەبەر ئەوەی کە دەتوانین لە چەمکی شادی بگـەین، ئەگـەر گـەڵێك جـار دڵۆپـە فرمێسـکێك نـەڕژێنین و یـان خـەمین و مەلوول نەبین؟

مـرۆڤ بوونـەوەرێکی هەسـتیارە: تەنانـەت پەنگـەکان لەسـەر بنـەمای لەرەلەری ڕووناکی جۆراوجۆریان دیاری دەکات. هەمـە چەشـنی و جیـاوازی لە بناوانی ڕێسای ژیانە. بە ناسـیاری زانسـتی و ڕاستەقینە دەتوانرێت لـە ڕەهەنـدە دژەبەیەکـەکانی ژیـان تێبگـەین. چـاکەش خـاوەن جەمسـەرێکی نەرێنییە و هەر کەسێك دەتوانێت بە هەڵبژاردنی چاکە و خراپە ڕێگای خۆی دیـاری بکـات و هەڵبـژێرێت و ئـەرێنی وەرگرێـت و نـەرێنی تـووڕ بـدات. تێگەیشتن و هەڵبژاردنی ڕێگای چاکە لە ژیاندا، هـەر ئـەو شـتەیە کـە نێـوی

ئاڤەسیان پێی داوە. هۆش و ئەقڵ دەزانێت کە چ شتێك چاکە و هاوتایە لەگەڵ پاستی تا هەتاییدا.

زمانی ئاماژە و داپۆشراو لە هەر شتێکدا هەیە: تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی وڵاتانی جۆراوجۆریشدا ئەم دژبەرییەتە دەبینرێت و ئەوەش پرسێکە کە بەردەوام جێی مشتومڕ و کێشمەکێشی گرووپە جۆراوجۆرەکانە. کاتێك کە تێدەگەن کە خاوەن هزرێکی داهێنەرانەن و ئەوەی کە ئەندێشەی دەکەن و هەستی دەکەن، لەگەڵ پاستیدا دەگونجێت، بێگومان ئەم ڕێچکە بیرکردنەوەی ئێوە لە شێوازی ژیانتاندا دەردەکەوێت و یان زەمانێك کە تێدەگەن کە ئەوەی کە ڕێی دەکەنە مێشکەوە، هەر ئەوە دەبێت، بێگومان بەشێك لەوەی کە نێوی دەنێن ئاقڵ، پێتان بڕاوە.

زۆرێك لە خەڵك پێیان وایە کە مەسەلە و بابەتە دەرەکییەکان کارتێکەرییان دەکەنە سەر و ئەوانیش دەتوانن لە بەرانبەردا کار بکەنە سەریان. کاتێك کە خۆتان بینییەوە لە بەرانبەر مەسەلەیەکدا، سەرەتا لە خۆتان بپرسن کە داخۆ ئەم دەقە کە بووەتە هۆی ترس و تۆقینی من ڕاستییە یان هەڵقوڵاوی خەیاڵی منە . گومانتان نەبێت کە لە دوای تێڕامانێکی تەواو وەڵامی پرسیار و چارەی کێشەکەتان دەدۆزنەوە. هیچ کەس توانای نییە کە لەم جۆرە هەلومەرجەدا بگاتە فریادتان و ئەمە هۆش و ئاوەزی ئێوەیە کە دەبێ بۆ زۆرێك لە مەسەلە و کێشەکان ڕێگاچارە بدۆزێتەوە و گرێکەرەوەی گرفتەکانتان بێت.

لە هەڵکەوتنان لەگەڵ دژوارییەکاندا هەڵیانبسەنگێنن و سووک و قورسیان بکەن و بڕوا و تێڕوانینە هەڵەکانی لێ جیا بکەنەوە. تا کاتێک کە لەسەر ئەم وێنایەوەن هەلومەرجی ژیانی ئێوە ڕووداوەکان و پێشهاتە دەرەکییەکان ڕێکی دەخەن و سامانی دەدەن، بزانن کە دیل و کۆیلەییان دەمێننەوە. وتەی خەڵکی بنێنە لاوەوە و کێشەڕەوێنی خۆتان بن. هەر چەشنە گومانێک لە زەینی خۆتان بڕەوێننەوە و بزانن کە ڕووداوە دەرەکییەکان چارەنووسساز نین. ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بە بەرهەستتان بسپێرن کە خەڵکی توانستیان هەیە بەخەتەوەری یان چارەڕەشی ئێوە دابین بکەن و بپارێزن و یان گەر پێتان وایە کە تووشی نەخۆشییەکی چارەهەڵنەگر بوونەتەوە، لەم حاڵەتەدا بڕوایەکی بەتاڵبووەتان لە کێڵگەی زەینی خۆتاندا پەروەردە کردووە کە لە تەندروستی و بەختەوەری بێبەشتان دەکات.

بڕوا هاوبەشەکان

بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و گشتی پەسەندی ئەم خاڵە کە هۆکارە ڕواڵەتییەکان هۆی ژان و کەرەسەی ناخۆشییە، هیچ دوورکەوتنەوەیەکی بۆ نابێت. ئەو هەرگیز ئەمە وەرناگرێت کە نەخۆشی تێکچوونی سۆزدارییە کە دواهات و ڕووداوەکەی لە لەشدا دەردەکەوێت. من زۆر جاران لە بارەی بەرهەستەوە ئاخافتووم کە بە ئەمەکانە هەموو سۆز و هەستی مرۆڤ، لە خۆیدا جێگیر دەکات. جەستەی ئێمە هەر وەکوو لاپەڕەیەکە کە

ئەنجامەکانی بەرهەست دەگوازرێتەوە سەری. جەستە بێبەرییە لە هێز و نە لە خۆیدا و نە هەر لە خۆوە خاوەن هیچ هێزێك نییە. بەڵام هەر چییەکی پێ بدەن، دەیداتەوە. ئەوەی کە بڕواتان پێ هێناوە و پەسەندتان کردووە، بزانن کە لە کتێبی تەمەنتاندا شرۆڤەکەیتان نووسیوە و کردووتانەتە وێنە هەتا جارێکی دی ئەو نووسراوە و وێنایانە لە جەستەتاندا ڕەنگ بدەنەوە.

تێڕوانین و دەرهێنانتان لە هەر دۆزێك هەیە، ئەرك و کاری ئاقڵە کە لە نێوان ڕاستێتی و قسەی بەرامبەری داوەردا دادەنیشێت. ئەگەر بکەونە ژێر کارتێکەری مۆمقۆ و وڕێنەکانی خەڵکییەوە، لە توانایی و هێزی گیانی و دەروونی خۆتان کەم کردووەتەوە و هەمەچەشنە گرفت و کێشە و نشوستییەکانتان بۆ خۆتان دەستەبەر کردووە.

ڕێگاچارەسەری کێشەکان

ئەمرۆژە سەلماوە کە گیان و هەوێن لێك جیانەکراوەن. وزە وشەیەکە کە زانایان بۆ دەستنیشانکردنی گیان بە کاری دەهێنن. لە دنیادا کەسانێکی زۆر هەن کە یان حاشا لە گیان دەکەن و یان لە هەوێن (مادده).

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە هەم زەیننییە و هەم بەرچاو و دیار (عەینی). لەم دنیایەدا هەر شتێکی بێشێوە دەبێتە خاوەن شێوە و نەبینراو دەبینرێت. گیان بۆ پیشاندان و دەرخستنی خۆی پێویستی بە شێوەیە. جەستە ئامرازێکە کە دەرکەوتنی سەرسوڕهێنەرییەکان و شکۆیەك کە تیایدایە، دەستەبەر دەکات.

یەکێك لە کچە خوێندکارەکان پۆژێك هاتە لام و پرسیارێکی لێ کردم کە داخۆ بە چاکی دەزانم ئەو بڕوات بۆ هێند. لەم بەشەی دنیا هەڵبێت هەتا لێرە و لە زانکۆکەی بینەری ئەم هەمووە تاوان و کارەساتە پەگەزی و جنسی و بێبەندوباریبە و کێشانی مادە سڕکەرەکان و هەڵسوکەوتە توندوتیژەکان نەبێت. پێم گوت من زۆر جار پرویشتووم بۆ هێند و گۆشە و کەناری ئەو وڵاتەم بینیوە. ئەگەر بڕوای هەیە کە خودا لەگەڵیدایە و هاوڕێ و هاودەمیەتی، کەوایە بۆچ لە خۆ و وڵاتەکەی خۆی هەڵبێت. ئەو دەبێت ئەمە بزانێت کە ئەگەر خودای لەگەڵدا بێت، لە هیچ شتێك نابێت تۆقین و ترسانێك ڕێ بکاتە دڵەوە، هەڵهاتن ڕێگاچارەسەر نییە.

پوونم کردەوە بۆی کە ئاوەز و هۆشی پاستەقینە و گەشەی دەروونی ئەوە نییە کە بە بۆچوونی خۆ، خۆ لەو شوێنەی کە بە پیسبووی بە ئەژمار دێنێ، دەربازبکات و بچێت بۆ وڵاتێکی دوورەدەست هەتا تەندروستی جەستە و گیانی لەوێ بە دەست بێنێت. بە پێچەوانەوە، ئەو دەبێت هەر لە هەمان زانکۆدا بمێنێتەوە و بە هەوڵوتێکۆشانی خۆی، خوێندنەکەی بداتە سەر و تەواوی بکات هەتا هەر چی زووتر بکەوێتە خزمەتکردنی کۆمەڵگا و هاوچەشنەکانی. واز لە خراپەکارەکان بهێنێت و کارێکی پێیان نەبێت کە لە هەر گۆشەیەکی دنیادا هەموو چەشنە مرۆڤێك دەبینرێت و ناتوانرێت گۆڕەپانیان بۆ بە تاڵ بکات و هەڵبێت بۆ گۆشە و کەنارێکی دی.

ئەم کێشە گەنجەم فێر کرد کە بە چ شێوەیەك هەزی خۆی بخاتە ژێر ڕکێفی ڕێکوپێکی و دیسپلینەوە و پرشنگ و تیشکی ئەوین و خۆشەویستی

پێشکەش خەڵکی و دەوروبەر بکات. کتێبی (هێزی هزرم) پێی دا هەتا بیخوێنێتەوە و ڕێساکانی جێبەجێ بکات. دڵنیا بووم کە دوای ماوەکاتێکی کورتەوە بە گیانێکی شادمان و چاکەوە دەگەڕێتەوە بۆ لام و لە ئەنجامی کارەکانی و ئەو ئاڵۆگۆڕەی کە تێیدا سەری هەڵداوە، ئاگادارم دەکاتەوە. کەسانێکی ئێجگار زۆر لەم گۆڕخاکییەدا دەست دەکەون کە بڕوای سەیروسەمەرە و ناڕاستیان لە بارەی پارە و ماڵومندالێ و دڵمڕوولێیە زەوینییەکانەوە هەیە. ئەوان بیر ناکەنەوە کە لەم دنیایەدان هەتا لە توانست و توانایی خۆیان کەڵک وەرگرن و لە ئەوین و خۆشەویستی هاوچەشنەکانیان بەختەوەر ببنەوە و شادی و خۆشی بە هۆکاری سەرزیندوویی و ڕەنگ سووری خۆیان بە ئەژمار بێنن. هیچ بەڵگەیەک لە ئارادا نییە کە خۆتان بە شیاوی خانوویەکی چاک و سەیارە و ترۆمبێلێکی جوان و جلی ڕازاوە و جوان و بەهرەکانی دی ژیان نەزانن و گۆشەنشینی بکەنە پیشە و کاری خۆتان.

ئەڵبەتە ئەمەش بڵێم کە نابێت دیلی ڕواڵەتە دەرەکییەکان بن و وریشە و دەرەوشانەوەی سامانە بێئەژمارەکان هەڵتانخەڵەتێنن و گرینگییەکی زۆری بۆ دابنرێت. هەر کەس بەپێی توانایی و تێڕوانینی خۆی لە ژیان، لە بەهرەکانی کەڵک وەردەگرێت. دیلی ماڵومندالێ و کەلاکی دنیایی نەبن کە ئەویش لەڕێڵادەرە.

گیان و هەوێن لێک دامەبڕن. ئێمە لە هەر دوو دنیادا دەژین و هاتووینەتە ئێرە هەتا ژیانێکی یەکسان و هاوسەنگمان هەبێت. گەلێک جار

هەڵدەکەوین لە کەسانێك کە جگە لە پارە و زێڕ و دارایی و خانوو و زەوین و سەیارە و بە کورتی بێجگە لە ئابووری و مادیات بیر ناکەنەوە، بەڵام هەندێك کەسانیش هەن کە وا بیر دەکەنەوە ئەگەر ملوانکێکی زێڕ لە مل بکەن، تووشیاری تاوان و گوناح بوون. ڕوون و ئاشکرایە کە لەم دنیایەدا، تاوان و خراپەکاری و چەوسانەوە و نایەکسانی زۆرە، بەڵام ئەمانە هەموو گرێدراوە بە شێوەی تێفکرینی نەرێنی و تێکدەری مرۆڤەکانەوە، نەك شتێکی دی. مەگەر دەتوانرێت دنیای جوانی خوا بە ناشیرین ناو ببرێت و لە چاکە و بەهرەکانی ئەم دنیایە چاوپۆشی بکرێت؟ ئەم بیرکردنەوانە لە مێشکی مرۆڤیدا دژبەرایەتییەك پێك دێنێت کە دەکێشرێت بەرەو تێکچوونی زەینی ئەو.

ڕۆژێك کەسێك لێی پرسیم کە مەبەستی گاندی لە دەربڕینی ئەم وتە ج بوو: "لە دنیا تێپەڕن هەتا بە شێوازی جۆراوجۆر چاوی لێبکەن." لە وەڵامدا گوتم کاتێك کە گاندی ئاماژەی بە دنیا دەکرد، مەبەستی ئەو بەرد و کێو و خاك و دار و دەریاچە و هتد نەبوو، ئەو دەیهەویست ئاماژە بە ئاستی هزری تەنگەبەر و سنووردار و تاریك و نائاوەز و گومانلێکراوی چوار ملیارد دانیشتووانی ئەم دنیایە بکات. مەبەستی گاندی ئەوە بوو کە دەبێت بە شێوەیەکی تەواو لە بڕوا ناڕاست و هەڵە و بیرە نادروستەکان و ترس و نەزانی و خورافەی گشتی دەست بکێشرێت. کاتێك دەتوانرێت سەبارەت بەم دنیا کەمتەرخەم بین کە شێوازی ئەندێشەی دروست فێر ببێتین و گەیشتبین بە ڕاستییە باڵاکانی.

دەچینە سەر بابەتێکی دی: ماوەیەك پێش نامەیەکم بە دەست گەیشت کە نووسەرەکەی بە نوێنەرایەتی لە لایەن تاقمێکەوە داوای لێ دەکردم هەتا باج نەدەم و ئەم داوایەی بە بەڵگەهێنانەوە لە هەندێك لە ماددەی یاسای بنەڕەتی بە کار دەهێنا. بە بیرم هێنایەوە کە لە ماوەی ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا کاتێك کە ڕۆمییەکان خاوەن دەسەڵاتی هەرێمی بوون، خەڵك بە هەر بیانوویەکەوە دەستیان دەکردە شۆڕشکردن و لە دانی باج و خەراج خۆیان دەبوارد و لەگەڵ باجوەرگراندا دەکەوتنە شەڕ و ململانێیەوە، وێڕای ئەوەش هێشتا بە ناچار هەر دەیاندا. مەسیح لەو کاتەدا ڕێنوێنی کردن: "مافی سیزار بدەن بە سیزار و مافی خوداش بە خودا بدەن!" ئەو دەیزانی کە ئەگەر بێجگە ئەمە بڵێت بیانوو دەداتە دەستی ئێمپراتوورەوە هەتا ئەو و لایەنگرەکانی تەفروتوونا بکات و خۆشی دیل و بەند بکات.

سیزار هێمای دنیایەکە کە ئێمە تێیدا دەژین کە دەبێت مافەکەی خۆی پێبدەین و چاوەڕوانییەکانی دەستەبەر بکەین. ئێمە لێرەداین هەتا هەستەکانی خۆمان دەرخەین و جل لە بەر بکەین و خۆراك بخۆین و بە توانا و زەوق و بەهرەی خۆ لەگەڵ دنیادا پێوەندی بگرین. ئێمە هەموو پێکەوە گرێدراوین. دارتاش، ڕاکێشی بۆری، دکتۆر، دەرمانساز، پارێزەر، فەلا، مامۆستا و ئەندازیار، بوونیان بۆ کۆمەڵگا پێویستی و زەروورە و ئێمە هەموو دەبێت باجی خۆمان بدەین تا حکوومەت بتوانێت پێویستی و پێداویستییەکانی تاك تاکی کۆمەڵگا دابین بکات.

کێ دەزانێت پارەی باجەکانمان ئاقلانە خەرج نەکرێت، سەرەڕای ئەوەش لە کۆمەڵگایەکی ڕێکوپێك و بە دیسپلیندا هەر کەس دەبێت بەشی خۆی بدات. هەمووان چاوەڕوانییان لە ئێوە هەیە کە تواناییەکانی خۆتان بخەنە گەڕ و لە کار و چالاکیدا بەشدار بن. بنەماڵە تەمای پشتیوانی و چاودێرییەکانی پێویست و زەروورییاتەکانی دی ژیانی هەیە. دەبێت بە چەشنێك کار بکەن کە دنیا بە دڵی خۆتان و هاوچەشنەکانتان بێت.

یەکێك لەو گرینگترین ئەرکانەی کە لە ئەستۆی هەر کەسێکدایە ئەمەیە کە پایەی پەرەوەردەکاری بخاتە پلەی یەکەمی گرینگیەتەوە. بەڵام کاتێك دادێت کە لەگەڵ بارگرانی و نشوستیدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. لەو کاتەدا دەبێت پەیوەندی بکەن بەوەوە و بە داوای یارمەتی لە هۆش و تێگەیشتنی زەینی کێشەکان لە بەرپێتاندا هەڵگرنەوە. کاتێك کە بەبێ فیزی و گوێڕایەڵییەوە خۆتان گرێ دەدەن پێوەی، هەست دەکەن کە بیرتان، دنیای دەرەوەتان دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە و دوای ماوەیەك ئاسەوارێك لە خەم و دڵگیران و پەڕێشانی و ئاڵۆزی خەیاڵتان بەجێ نامێنێت. لە هەمان کاتدا ئێمە نابێت بابەتە مادییەکان بە سووك و بچووك بە ئەژمار بێنین، لەبەر ئەوەی کە هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد ئێمە لە گیان و هەوێن پێك هاتووین و سەبارەت بە بەشێك لە بوونیەتی خۆمان ناتوانین کەمتەرخەم بین و لای لێ نەکەینەوە.

ڕێزداری و مەزنیەتی کار

خاتوونێکی خاوەن زەوین باسی دەکرد کە چەند ساڵێك پێش کە تازە کارم دەست پێ کردبوو، کێشەیەکی گەورەم بۆ پێشهاتبوو کە هەتا ماوەیەکی زۆر بیری بە خۆوە مژوڵ کردبوو: بۆ پشتیرێکی گەورە کە دروستم کردبوو، کرێکارم دەست نەدەکەوت و ئەوانەی کە بۆ دەستکەوتنی کار سەردانیان دەکرد، لە کارکردن لە گەڕدا خۆیان دەبوارد و پیسایی و قیزەونی شوێنی کارەکەیان دەکردە بیانوو. هەتا ئەوەی کە ڕۆژێ کرێکارێکی چینی ئامادە بوو کە لە گەڕی کێڵگەکەدا دەست بە کار بێت و ئەو کاتە زیاتر سەرم سوڕما کە بینیم بە چ هۆگرییەکەوە دەست بە کار بووە.

هیچ کارێك ناتوانرێت بە سووك و نزمی و شکۆی مرۆڤی بە ئەژمار بهێنرێت، بەتایبەتی ئەوەی کە لە ڕەهەندی خزمەتێکدا بێت بە هاوچەشنەکان. مەگەر شوشتنی شووشە، خاوێنکردنەوەی ژوور یان گەڕ دەتوانرێت بە کاری سووك بە ئەژمار بهێنرێت؟ مرۆڤ بە هەوڵوتێکۆشانەوە زیندوە و هەر ئەم کارەیە کە ئەو لە گیانلەبەرانی دی جیا دەکاتەوە. لەم ماوەیەدا پیاوێك کە بە دەست چڵکی پێی بریندارەوە دەینااڵند هاتە لام و داوای ڕێگاچارەسەریەکی لێ کردم. ڕێنوێنیم کرد بۆ لای دکتۆرێك، کە لە بواری نهێنییەکانی گیاندا شارەزا بوو. بەاڵم پێش ئەوەی پێم گوت کە هێزێکی ساڕێژکار کە لە ناخی هەر کەسێکدایە، نەخۆشییەکەی چارەسەر

دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی کە چاکبوونەوەی خێرا دەستەبەر بێت، ئەم داوا سادەیە هەر شەو بڵێتەوە: "گیانی پیرۆز هەمووتان و پۆکانی پێم زیندوو دەکاتەوە و جارێکی دی من پێی خۆم بە چاکی و تەندروست دەبینمەوە." دکتۆرەکەش پێی ئەوی بریندپێچی کرد و ئەو پیاوە خۆی بە سەرسوڕمانەوە بینەری لەنێوچوونی چڵک و بریندێرینەکەی بوو لە ماوەیەکی ئێجگار کەمدا. ئەو دکتۆرە بە دەرمانکردنی ئەو نەخۆشە هیچ کات بە خۆی نەگوت کە ئەم کارە لە شانوشەوکەتی منداا نییە و دەستم پیس دەبێت و بیانوویەکی لەم چەشنە، ئەو دەیزانی کە کار و چالاکی لە کاتێکدا کە بۆ خزمەتی هاوچەشن بێت، ڕێزدار و مەزنە.

کاتێک کە ئێمە هزرێکی نەرێنی ڕێ دەکەینە مێشکمانەوە، واتە تووی ڕق و جیاوازی و دژایەتی و نییەتخراپی و ئێرەیی و ڕژدی لە دڵدا دەچێنین، هەمە چەشنە نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی لە لەشی خۆماندا هێڵان بۆ خۆش دەکەین.

هەندێک جار ژنانێک بۆ پرس و ڕاوێژ دێنە لام کە کێشەکانیان زۆرتر پێوەندیدارە بە ڕابردوویانەوە. زۆربەی جار ئەمانە ژنانێکن کە ڕابردوویەکی ڕووناکیان نەبووە، بەڵام هەنووکە هاوسەریان گرتووە و بنەماڵەیان ناوە پێکەوە، بەڵام هەر وەها لە ترس و هەژان بەسەر دەبەن کە نەبادا ڕابردووی ڕەشیان لەقاو بدرێت و ژیانیان لێک هەڵپرژێت. ئەوانەش وەکوو هەموو خەڵک دەترسن و ئەم ترسە وەها دەمار دەکوتێتە قوواڵایی گیانیانەوە کە سەرئەنجام بەپێی ئەو پەندە بەناوبانگە کە دەڵێت

"لەوەیکە ترسام هات بە سەرمدا" هەر لەو شتەی کە دەترسان دێت بە سەریاندا. هەندێکیان کار دەکەن بە ڕێنماییەکانی من و بە پڕۆڤە دەروونییەکان بیری ئەزیەتدەر و ڕەش لە مێشك دەکەنە دەرێ و ژیانێکی تەندروست دەگرنە پێش. بەڵام دەستەیەکی دیکەیان ترس بە گیان دەکرن و ژیانی خۆیان دەکێشنە نابوودیدا.

بەم کەسانە دەڵێم ئێوە ڕابردووی خۆتان فەرامۆش کردووە و لە هەڵەکانی خۆ بووراون، و ژیانێکی پاك و دروستتان لە پێش گرتووە، بەم پێیە نە خۆتان دەبێت بەهۆی ئەوەی کە تێپەڕ بووە و لێتان دوور کەوتووتەوە، خۆتان مەحکووم بکەن و نە خەڵکیش دەتوانن بە زیندووکردنەوەی ئەوە ئازارێکتان پێ بگەیەنن و ببنە هۆی لێکداپڕژانی ژیانی بنەماڵەییتان. گرینگ ئەمەیە کە هەڵەکانی ڕابردوو دووپات نەکرێتەوە، گەرنا ڕابردوو مردووە کە زیندوو نابێتەوە. مرۆڤی دەبێت ڕێچکەی بۆچوونی خۆی لە بابەت ژیانەوە بگۆڕێت، بە چەشنێك کە نەستی وەڵامی پێداتەوە. لەو کاتەدایە کە ڕابردوو بۆ تا هەتایە لە بیر دەچێتەوە. لەم بوارەدا داوایەکی سادە و ساکار بەس نییە، بەڵکو گیان دەبێت لە بناغەوە ژێرەوژوور بێت و ڕاستییەکانی ژیان بە قوولّی تێگەیشتن بکرێت و لە بەرهەستداجێگیر بکرێت. کاتێك کە وەها گۆڕانێك لە بەرهەستدا دێتە ئاراوە، نەستیش ناچار دەبێت کە ژیانێکی نوێ دەست پێ بکات. عیبادەتکاری درۆینەش لە هەر جێگایەك دەتوانرێت دەست بخرێت. ئەو کەسێکە کە دابونەریتە ئایینیەکان بە چاکە ئەنجام دەدات و وەها خۆی

دەنوێنێت کە کارێکی کردووە سەربورێن. ئەو هەموو دابونەریتی کلێسەیی بەجێ دەهێنێت و لەم بوارەوە بە خۆیدا دەنازێت و خۆی هەڵدەکێشێت و خۆی بە چاکەکار و کەسێك کە هەلومەرج بە ئەژمار دێنێت. بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەمە کە ئەو لە دڵی خۆیدا چ کۆڵ و کۆکراوەیەکی هەیە. زیکر و دۆعاکردن، یاریکردنە بە لێوەکان، بەڵام دەبێت ببینین کە بناوانی لە دڵ و گیاندایە یان بەجێهێنانی وشە و وێردەکانە. ڕاستییە تا هەتاییەکان دەبێت بە قوولی لە دڵەکانماندا جێگیر بکرێت و لەسەر زمانەکانمانەوە بکەونە گەڕ.

چاکە و خراپە ڕێژەییە

شکسپیێر دەڵێت:

هیچ شتێك نە چاکە و نە خراپ. دەبێت ببینین کە هزر چۆنی وەردەگرێت.

چاکە و خراپە تەنیا لە بیری تاکدایە کە سەبارەت بە تاکەکان، کەرەسەکان، هەلومەرج و گوڵوگیا دێتە کایەوە. زۆرێك لە کەسەکان دەست دەدەنە گیا ژاراوییەکانەوە بێ ئەوەی کە کەمترین هەستێکی ناڕەحەتی و دژکردەوەیان هەبێت، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ هەموو گیاکاندا پەیوەندییەکی چاکیان هەیە. بەڵام گرووپێکی دی، بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی کە بۆچوونیان وایە کە گیاکان مەترسیخولقێنن، تەنانەت ئەگەر لە نزیکی گیایەکی بێمەترسیشەوە تێپەڕ بن، دژکردەوەی هزری خۆیان بە ئاشکرا دەبینن. بەرهەستی وان لەبەر ئەوەی کە لەم خاڵە تێگەیشتووە کە

ئەوان لە گوڵەکان دەترسن، بەم پێیە خۆی ئامادەی خزمەتگوزاری دەکات. ماوەیەک لەوەپێش کە بۆ پێشکەشکردنی وتارێك بۆ فۆنیکس چووبووم، لە هۆتێلدا ژنێکی گەنج هاتە سەردانم و سکاڵای لە دایکی دەربڕی کە بەردەوام سەرکۆنە و سەرکوتی دەکات کە بۆچی دەچییە سینەما و شانۆ و سەیران و گەڕان و تەنانەت بۆچی گۆشتیش دەخۆی. دایکی ئەو بە ڕاستی ژنێکی نەزان و نائاگا و دەمارگرژ و پێبەندی خورافە بوو، کە لە ماوەیەکی پێشدا دەژیا و تێدەکۆشا هەتا بە شوتنەوەی مێشکی کچەکەی بەرگی دووهەمی خۆی چێ بکات. کچەش کە هەتا ڕادەیەک پێگوتنەکانی دایکی کاری تێ کردبوو، تا ٣٠ساڵی هاوسەری هەڵنەبژاردبوو و تەنانەت ترسی هەبوو لە پیاوان و ژیانی هاوسەرێتی و لەم بوارەشدا خۆی نەیدەزانی کە دەبێت چ هەڵسوکەوتێك بکات.

پێشنیارم پێی کرد کە دەبێت هەر چییەك کە لێیان بەربەست کردووە و ڕایانگرتووە لێی، ئەنجامی بدات و تۆزقاڵێکیش گومان و دوودڵی ڕێ نەداتە خۆیەوە. ئیمێرسۆن دەڵێت: "کارێك ئەنجام بدەن کە لێی دەترسن. لەو کاتەدا مردنی ترس بەدی دێت."

پێم گوت کە بتەو لە بەرانبەر دایکیەوە ڕاوەستێت و چاو لە چاوانی بکات و پێی بڵێت لەمەوبەدواوە گوێ بە قسەی ئەو نادات. ئەو هەنووکە ئیدی کچێکی گەورەیە و لانی کەم دەزانێت کە چ جلێك لە بەر بکات و چ خۆراکێك بخوات و چ هاوڕێیانێکی بێت و بە کورتی مرۆڤێکە گەشەکردوو و

خاوەن ئەقڵ و خاوەن بڕیار و ئیرادە و وزە. کەسێکی دی نابێت و ناتوانێت چارەنووسی دیاری بکات.

گوتم پێی کە بنەمایەکی ڕێنوێنیکار لە وجوودی خۆیدایە کە وەڵامی بیری دەداتەوە. لە بیرکردنەوەی ئەودا هیچ خراپەیەک لە گۆڕێدا نییە. ئەگەر دەچێتە سەیران و گەڕان و سینەما و پێدەکەنێت و خۆشی لە ژیان دێت، تووشی هیچ تاوانێك نەبووە، بەڵکە ئەمە دایکیەتی کە بە ئەندێشەی کۆنی خۆی ڕۆژگاری خۆی و کچەکەی ڕەش کردووە. کچە لاوەکە لەوەبەولاوە بڕیاری دا هەتا خۆی لە تانوپۆوەکانی خورافاتێك کە دایکی لە هزری ئەودا چنیبووی، دەرباز بکات و ژیانێکی سەربەخۆیانە بگرێتە بەر.

ماوەیەك دواتر نامەیەکی بە دەستم گەیشت کە بە خۆشحاڵییەوە باسی دەکرد کە لەگەڵ دکتۆرێکی ددانی لاودا گرێبەستی هاوسەرێتییان پێك هێناوە، و ئەمەی بە قەرزداری وتەکانی من دەزانی و نووسیبووی هەستی ئازادی هەستێکی زۆر مەزن و پڕشکۆیە و تازە چەمکی ژیان تێدەگات کە ڕ جوان و شیرینە.

* * *

هاوڕێیەکی کۆنم هاتبووە سەردانم. بەسەرهاتێکی دوورودرێژی لە بارەی ئەو تێست و تاقیکارییانەی لە سەریەوە ئەنجامیان داوە و بە ئاکامێك نەگەیشتبوون، بۆ گێڕامەوە. دەیگوت دکتۆرەکان بڕوایان وایە کە ئەو سەبارەت بە تووکی سەگ و پشیلە و تۆزی گیا و هێلکە و تۆز و خۆڵ و هەموو چەشنە دارەکان هەستیاری و ئالێرژی هەیە. ئەمنیش بەسەرهاتی

ژنێکم بۆی باس کرد کە هەستیار بوو بە گوڵەباخ کە بە چ شێوەیەک دکتۆرێك کە هاوڕێم بوو، چارەسەری کرد. گوتم کە ئەو ژنە سەردانی دکتۆرگەلێکی زۆری کردبوو و ئەنجامێکی دەستگیر نەببوو. لەو بوارەوە کە خۆی بڕوای وا بوو کە ئەمە گوڵەسوورەیە کە دەبێتە هۆی تووشبوونی بە هەڵامەت و نەخۆشییە دی. تا ئەوەی کە پۆژێك کە بڕیار بوو بچێتە دەرمانگا (عیادەی) ئەو دکتۆرە، ئەویش بە ئەنقەست لقێك گوڵی دەستکردی پلاستیکی لە ژوورێ چاوەڕوانیدا دانابوو و ئەو ژنە هەر لەگەڵ ئەوە کە گەیشتبووە ئەو شوێنە، دەستی کردبوو بە پژمەکردن و دۆخی گۆڕابوو و کردبووی بە قاڵەقاڵ کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە ئەو ئاگاداری نەخۆشییەکەی ئەوە بۆچی ئەو گوڵەباخەی لەوێ داناوە. بەڵام کاتێك کە تێگەیشت کە گوڵەکە دەستکردە، قاقای پێکەنینی لێ بەردابوو، لەبەر ئەوەی کە بۆ ئەو هیچ گومان و دوودڵییەك نەمابووە کە سەرچاوەی نەخۆشییەکەی ئەو لە خۆی و لە مێشك و بیریدایە. دوای ئەوەی کە لە دەرمانگەی ئەو دکتۆرە پێی نایە دەرەوە، نە گوڵەسوورە و نە هیچ گوڵێکی دی هەستیاربوون وئالێرژی تێدا بەدی نەهێنا.

زۆرێك لە خەڵك سەبارەت بە هاوسەری ژن یان پیاوی خۆیان و یان تەنانەت کەسێك کە لەسەر کورسییەکەوە لە تەنیشتیانەوە لە ئوتوبووس (پاسڕیم)دا یان پارکدا دانیشتووە، هەستیار دەبنەوە. ئەگەر کەسێك کە بۆ نموونە ئالێرژی بە شەوەر هەیە، هیپنۆتیزمی بکەین و لەو کاتەدا پەرداخێك ئاو لە ژێر لووتیەوە ڕاگرین و بڵێین کە ئەمە شەوەرە، خێرا دژکردەوە

نیشان دەدات. لەبەر ئەوەی کە ئەمە هێمای بڕوای ئەوە بە هەستیاری کە لە گۆشەکانی بەرهەستیدا شاردراوەتەوە.

من بۆ هاوڕێ کۆنەکەم باسم دەکرد کە لە گەشتێکم بۆ هێند و نیپاڵ و جێگاکانی دیکە زۆربەی کات سوالّکەرانم لێ هەڵدەکەوتن کە بڕینگەلێکی چڵککردوو جەستەیانی داپۆشابوو و گەشتیاران و خەڵکی ئاسایی یارمەتی و سەدەقەیان پێ دەدان. ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوانەش بە دەستە پیسەکانی خۆیان ئەم سکانەیان بە فرۆشیارەکان دەدا و ئەوانیش بە ئێمە. وێڕای ئەوەش هیچکەس لەم گۆڕانی پارە و سکەیەدا هیچ نەخۆشییەکی تووش نەدەبوو! لەبەر ئەوەی کە کەمتر کەسێك دەست دەکەوێت کە سەبارەت بە پارە تووشی ئالێرژی و هەستیاری ببێتەوە. هەموو خەڵك لەودا دەگەڕێن بە دووی هێمنی خۆیاندا و بەوەوە لە ئەوپەڕی ئاشتی و پێکەوەژیاندا دەژین، گیرەم چڵکنالوود وپیس بێت یان نا!

دکتۆرێکی هێندی پێی دەگوتم کە لە کاتێکدا کە نەخۆشی چاوەقوولّە (تاعوون) لەم ولاّتەدا پۆل پۆل خەڵکی دەکوشت و جەستەی هەژاران و بێنەواکان لەسەر زەوینەوە داکەوتبوو و مێشەکان هێرشیان بۆ هێنابوو، سوالّکەرەکان و دەستبەتاڵەکان دەچوونە سەر جەستە مردووەکانەوە و گیرفانەکانیان بەتاڵ دەکردنەوە و پارەکانیان دەردەهێنا و دیار بوو کە دەیانبردە بازاڕ و دەیاندایە دەستی ئەم و ئەوەوە و هیچ کەسیش لەم ئالّوگۆڕبوونەی هۆکاری نەخۆشیدا مشەوش نەدەبوو و نەدەشلەژا.

بەشی شانزدەهەم

ئەوەی کە هەموان دەبێت بیزانن

خاتوونێك دەیگوت کە هاوسەرەکەی بەرز بەرز لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، ئەو ژنە بیری دەکردەوە کە ئەمە هێمای ساویلکەیی و لەوانەشە شێتی هاوسەرەکەی بێت. پێم گوت کە ئەمە وێنایەکی هەڵەیە کە لە بارەی هاوسەرەکەی خۆیەوە هەیەتی. ئەم دژکردەوە سادەیە هەرگیز ناتوانێت نیشانەی تاریکی هەستی تێگەیشتن و پێشهاتێکی لەم جۆرە بێت، لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی ئەو تەنیا لە بەرانبەر گرژییەکانی ڕۆژانەیدا دژکردەوەی دڵخواز لە خۆی دەردەبڕێت.

لە ڕاستیدا، ئەم دژکردەوەیە دواهاتی دووهەستی جیاوازە لە ئێمەدا کە بە زارەکی یەکێکیان بە واتایی (مەعنەوی) وئەوی دیکەشیان بە مرۆڤی نێو دەبەن. زۆربەمان مندڵانێکمان بینیوە کە لەگەڵ هاوڕێیانی نەبینراو و نهێنی خۆیاندا سەرقاڵی وتووێژن و دەروونناسەکان لەم بوارەوە بڕوایان وایە کە هەستی ئەوان لە بەرانبەر منی زەینیاندا ئێجگار بەهێزە و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هەتا لەگەڵ هاوڕییە خەیاڵییەکانیاندا بکەنە ئاخافتن.

بۆ کەسێك کە ئاسوودەیی خەیاڵی ئەو خاتوونە، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کە خووی بە ئاخافتن لەگەڵ خۆدا گرتبوو، وتوویژێکم کرد و تازە تێگەیشتم کە پیاوێکی زۆر ڕێکوپێك و ئاساییە. لە بارەی ئەوەی کە بۆچی بیرکردنەوەی بە دەنگی بەرز دەردەبڕێت، وەها باسی دەکرد کە لە دادگادا فایلێکی گرینگی هەبووە و (منی) مەزنی لەگەڵ ئەوەی کە (منی) ڕواڵەتی ئەو دەیگوت و جێبەجێی دەکرد، هاوکاری و سازانی نەبوو و ئەم دژی و کێشمەکێشە زەینییە کاتێك کۆتایی هات کە ئەم پیاوە بەم داوا و دۆعایە توانی زاڵ بێت بەسەر گیانی خۆیدا و دەسەڵاتداری بەرهەستی خۆی هێمن بکاتەوە: "هۆشێکی بێسنوور کە لە منداڵ لە ئارادیە، ڕێگاچارەسەرییەکی شیاو دەنێتە بەرپێم." لە ڕاستیدا، ئەو توانی بۆ دەربازبوون لەم قەرەشەیە کە تووشی هاتبوو، ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە.

* * *

پیاوێکی دی بۆ پرس و ڕاوێژ هاتبووە لام کە زەختیخوێنی لەسەر بوو و لە ژێر چاودێری تۆندوتۆڵدا بوو. دوای گفتوگۆیەك کە لەگەڵیدا بووم، بۆم دەرکەوت کە ئەو هەموو ڕۆژێك بەیانی کە لە خەو هەڵدەستێت، کاتژمێرێك لە کاتی تەرخان دەکات بە خوێندنەوەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ئاوەها کە خۆی دەیگوت، لە خوێندنەوەی ئەوانە بە تۆندی تووڕە و گرژ دەبێتەوە.

بۆم ڕوون کردەوە کە وێڕای ئەوەی کە دنیای ئێمە لە قەیرانێکەوە پێ دەنێتە قەیرانێکی دیکەوە، هیچ پێویستییەك نییە کە ئەو بەهۆی وەها

کێشەگەلێکەوە خۆی تووشیاری نەخۆشی و ئالۆزی بکاتەوە. ئەو لە ماوەی وتووێژی لەگەڵ منداا بەم ئەنجامە گەیشت کە ئەگەر توانای نییە لە ڕووداتی تاوان و کوشتارگەلێك کە لە هەر چرکەیەکدا، لە گۆشە و کەناری دنیادا بە فەراوانی دێتە ئاراوە و هەر وەها پێشی شۆڕشەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان بگرێت، لانی کەم دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر دژکردەوەکانی خۆیدا و دۆخی زەینی خۆی لە بەرانبەرکێ لەگەڵ ئەم ڕووداو و پێشهاتانەدا بگۆڕێت. هیچ یاسایەك کەسی ناچار نەکردووە هەتا ڕاگرتن و نۆرمی خۆی بە تەنیا بەهۆی ئەوەی ڕۆژنامەوانێك وتارێکی ئاژاوەنەڕەوە و بابەتێکی ناخۆشایەندی نووسیوە، لە دەست بدات تا ڕادەیەك کە تووشی پەستانیخوێن و یان نەخۆشییە دەروونییەکان ببێتەوە.

هیچ مرۆڤ و هیچ وتار و هیچ هەلومەرجێك نەدەبوو هێوری ناخمان لێ بگرێتەوە. گەر ئێمە کۆنترۆڵی بیرکردنەوە و هەڵچوونەکانی خۆمان لە دەست بدەین، بێگومان ئاشتی و هێمنی و ئارامی دەروونیمان دەخەینە مەترسییەوە.

ئەو پیاوە بڕیاری دا لەوەبەدواوە لە خوێندنەوەی هەر وتار، بابەت و ڕاپۆرتێك کە باوی دڵی نەبێت، نەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە و ئارامی و پاکی ناخ و نۆرم و یەکسانی خۆی تێك نەدات. کاتێك کە بیرەکانی گواستەڕەوەی ترس و تووڕەیی و بێزاری دەهاتنە مێشکیەوە، ئەو بە گوتنی ئەم ڕستەیە: "هێمنی خوایی گیانم سەرڕێژ دەکات" تەفروتوونایانی دەکرد و لە زەینی خۆی دەیسڕینەوە. ئەو گوتنی ئەم وشانەی بۆ خۆی کردبوو بە خوو هەتا

ئەوەی کە ڕۆژێکیان بە خۆشحاڵییەوە هەواڵی چاکبوونەوەی خۆی لە دکتۆرەکەی بیست و پێی ڕاگەیاند کە ئیدی پێویستییەکی بە خواردنی دەرمان و پارێزکردن نییە، لەبەر ئەوەی نەخۆشی پەستانیخوێنەکەی بە تەواوی لە نێو چووە. بەڵێ تەنیا لە ماوەی دوو حەوتوودا توانیبووی نەخۆشی چەند ساڵەی تەواو لە نێو بەرێت.

گیانی خۆتان دەوڵەمەند بکەنەوە

ماوەیەک لەوەوپێش خاتوونێک هاتە لام و لە کاتێکدا کە ئاڵۆزکا و پەشۆکاو دەهاتە پێش چاو گوتی کە ڕووداوێکی زۆر ناخۆشی بۆ پێش هاتووە. ڕووداوەکە بەم شێوەیە بووە کە برای هاوسەرەکەی بەڵێنی دابوو بە ئەو و هاوسەرەکەی کە پارەیەکیان بۆ بنێرێت هەتا بتوانن کاروبارێکی پێ ڕێک و ڕاس بکەن. ئەو دووانە ماوەیەک چاوەڕێ دەبن وهەواڵێ لە پارە نابێت. چەند ڕۆژێکی دی هەر بەم شێوەیە تێپەڕ دەبێت. هاوسەرەکەی بەهۆی گوشاری ئاڵۆزییەوە نەخۆش دەکەوێت و دەکەوێتە ناوجێگا و لە کۆتاییدا تووشی جەڵتەی دڵ دەبێتەوە. بەڵام ڕێک ڕۆژی دوایی پۆستەچی بەرگەی وەرگرتنی پارەکە دێنێتە بەردەرگا.

بەسەرهاتەکە ئاوەها بوو کە ئەم پیاوە ئیزنی دابوو بە دڵەڕاوکێ لە مااڵی گیانیدا جێگیر بێت و بنج بکوتێت. ئەو ئەگەر دەیتوانی لەو ماوەیەدا لە سەرەخۆیی و هێمنی خۆ بپارێزێت و ئەقڵی تەندروست بکاتە ڕێنوێنیکاری خۆی لانی کەم بەم ئەنجامە دەگەیی کە نامەکە لە ڕێگادایە و

هەتا چەند پڕۆژێکی دی وەریدەگرێت. کاتێک کە هاوسەرەکەی پاکەتی چەکەکەی دابوو بە دەستیەوە بە خێرایی چاك ببووەوە و دکتۆری چارەسەری ئیزنی دابوو پێی هەتا لە جێگا بێتە دەر و بە واتایەك ئەم نامە بە شێوەی سارێژکارترین دەرمان لە چارەسەری ئەودا کاریگەری ببوو. هەتا کۆتایی سەبارەت بە (منی) خۆتان بە ئەمەك بن هەتا وەلامی خۆتان وەرگرنەوە. لە ناو فرۆکەیەکدا کە لەسەر ئاریزۆناوە دەفڕی لەگەڵ سەرنشینێکدا کەوتمە ئاخافتن کە خاوەنی چەند چاڵە نەوتێك بوو لە تێگزاسدا. ئەو بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی بۆ گێڕامەوە. دەیگوت باوکی سالیانێك لە تێگزاسدا تەمەنی خۆی بە چاڵهەڵکەندن تێپەڕاندووە، بەڵام بە چاڵەنەوتێك نەگەیی. دوای ئەوەی کە پیر و خانەنشین کرا، کوڕەکەی ئامۆژگاری کرد کە لەم سارا ناخۆش و بێئاو و گیایەدا بە دوای نەوتدا نەگەڕێت کە ژیانی خۆی بە فیڕۆ دەدات و شتێکیشی دەست ناکەوێت. سەرەڕای ئەمەش، ئەو درێژەی دا بە گەڕانی خۆی و ڕێك لەو شوێنانە کە، باوکی دەستی دابووە پشکنین بۆ دۆزینەوە. ماوەی چەند سالێك توانی بگات بە چەند بیرێکی بچووك. ئەو باسی دەکرد کە شتێك لە ناخیدا پێی دەگوت کە سەرئەنجام دەگات بە نەوت و هەر ئەم هیوایە هانی دەدا هەتا دەست لە هەڵکەندن و گەڕانی خۆی هەڵنەگرێت. سەرئەنجام بیرێکی پڕباری لە قوواڵایی گیانی خۆیدا دۆزییەوە و ئەوەش ئەوە بوو کە هەموو سامانەکانی دنیای لە هزر و زەینی کەسدا حەشار دراوە. بێگومان لە زەوین و ژێریشیدا گەنجینەگەلێك و وەشێردراوگەلێکی تێدایە، بەڵام بۆ

دەستپێڕاگەیشتن بەوانەش دەبێت یارمەتی لە هێزی هۆش و ئاقڵس وەربگیردرێت.

ئەو پیاوە پێی گوتم کە باوکی خەوش و خراپییەکی گەورەی هەبوو و ئەویش ئێرەیی و ڕژدی لە ڕادەبەدەری بوو سەبارەت بە دراوسێکانی و ئەو کەسانەی کە، بیرێکیان دۆزیبووەوە. بەڵێ ئێرەیی و چاوچنۆکی لەو چاوی بینینی تاریک و لێڵ کردبوو و ببوو بە لەمپەر لە بەرانبەر ئەوەدا تا نەوتەکەی ژێر پێی ببینێتەوە.

دەسەڵاتدارێتی هۆش، ئەقڵ و هێز لە خۆتاندایە. دەسەڵاتی گیانی هەر کەس لە بەرگری شێوازی ئەندێشە و هەست و هاوژانەکانی ئەوە کە بەهۆی ئەم ئامرازە دەروونیانەوە دەتوانن زاڵ بن بەسەر ئەم لەمپەر و کێشانەی کە لە بەردەمتاندان، و ناگونجانەکان لە بەردەمتاندا هەڵبگرن و خۆ نەدەن بە دەستیانەوە.

هەموو ئەو کەسانەی کە بە جێبەجێکردنی ڕاهێنانە دەروونییەکان بتوانن هێمنی و ئارامبوونی پێویست لە خۆدا پێك بهێنن، دەگەنە وەها قۆناغێك کە تێدەگەن کە نە دەریا و نە کێو و نە هیچ هەلومەرجێکی دی ناتوانێت ئەم دۆخەمان بۆ پێك بێنن و ئەمە خۆمانین کە دەبێت بزانین دنیا لە حاڵەتی تا و هەڵچوون و جۆشوخرۆشی بەردەوامدایە. کەوایە هەر کەس دەبێت بتوانێت جڵەو و ستێرنی وجوودی خۆی بە دەستەوە بگرێ هەتا هێمنی کەشتییەکەی وجوود و بوونمان دەستەبەر بکەین.

دنیا پڕە لە ڕق و بێزاری و ئێرەیی و تۆڵە و دڵپیسی و شەڕ و چاوچنۆکی و خراپە. بە واتایەکی دی سازان و هاوتاییکردنی گشتی لەسەر ئەو بنەمایەی کە چوار میلیارد دانیشتووی جیهان بە چ شێوازێك بیر بکەنەوە و بە بیری خۆیان چلۆن یەکتری بخەنە ژێر کاریگەرییەوە: گیرەم ئەم دەردراوە مێشکییە ئەڕێنی بێت یان نەڕێنی.

چۆن دەتوانین دنیا بخەینە ژێر ڕکێفی خۆمانەوە؟

بەم پێیە دەبینن کە هەمووی ئێمە دەکەوینە ژێر کارتێکەری بیرۆی گشتییەوە. لەم حاڵەتەدا نابێت تووڕە بین و هەڵبچین و مناسبات و کێشمەکێشە جیهانییەکان مشەوش و گرژمان بکەن و هێمنیمان لێ بستێننەوە. لە لایەکی دی دەبێت ئەمەش بزانین کە نزیك لە زۆری ڕێگایەکی دەربازبوونمان نییە و دەرچوون لێی ئاوەها کە پێمان وایە، ئاوەها بۆمان سادە و ساکار نییە. تەنیا کارێك کە دەتوانین بیکەین، ئەمەیە کە ڕێچکەبیرێکی واتایی و چێکارانە و یەکسانمان ببێت. و بە ئامەنگێکی سەرکەوتووانە و لێوانلێو لە هێز بە خۆمان بڵێین:

خودا ناوەندی بوونیەتم ڕێنمایی دەکات و وزە و هێزێکم پێ دەبەخشێت کە دەتوانم بەسەر هەر لەمپەرێکدا سەر بکەوم.

ئەوکات تیشکی دڵۆڤانی و خۆشەویستی خۆ بە بێقسوور پێشکەش بە هاوچەشنەکان خۆتان بکەن. لە پاراستنی نۆرم و هێمنی خۆتان تێ بکۆشن. ئەگەر بە ڕێکوپێکی ئەم ڕاستییانە بە مێشکتان بسپێرن، دڵنیا بن

کە لە نێوان هەموو گێژەلووکە و زریان و بۆرانە هزرەییەکانی ئەم دنیایەدا تێدەپەڕن و دەگەنە کەنارەی هێمنی.

خاتوونێکی پەرستیار هاتبووە لام بۆ سکالایەك و دەیگوت کە لە دەرمانگایەکدا خزمەت دەکات کە ئەوەی کە لەوێدا نەبێت، ڕێکوپێك و دیسپلین وڕەوشی چاکە و بارهێنرانە و بەس. هەمووان سووکایەتی بە یەکدی دەکەن و هەڵاواردن لەوێدا زاڵە و قەرەباڵغ و هاتوهاوار و جوێن و بێڕێزی بە یەکدی ژیانی لە من لەتاقەتبەدەر کردووە و لە کۆتاییدا زیادی کرد: ئەمە لە پادەی توانایی من بەدەرە و ئیدی توانای تاقەتی ئەم دۆخەم نییە. ڕوونم کردەوە بۆی کە ئەگەر پێی وایە دەتوانێت لەو قەرقەشە خۆی دەرباز بکات، بیرێکی بێسوودی ڕێ کردووەتە مێشکیەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ڕوێشتووە بۆ ئەوەی تا لەگەڵ ئەو دۆخە خراپە و لەگەڵ ئەم هاتوهاوارانە و جوێن و سووکایەتی و بێڕێزییانەدا بەرانبەرکێ بکات و بتوانێت زاڵ بێت بە سەریاندا. ئەوەی کە ئەو هەموو ڕۆژێك بینەریەتی و لە بینینیان تاقەت و هێزی خۆی لە دەست داوە: واتە هاوار وداد و هەڵاواردن و ناڵە و شین و خەڵکی بەدخوو و بێچارە و نەخۆش، هەموو ئەمانە بەشێك لە کارەکەی ئەو بە ئەژمار دێت. ئەو پەرستیارە فیداکارە کاتژمێرێك تاقەتی گرت و گوێی دایە قسەکانی من و بڕیاری دا بە ڕاهێنانە، ڕێچکەی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە شوێنی کار و خۆی بگۆڕێت:

من لەم دنیایەدام تا سەرکەوم و بتوانم خزمەتی خەڵکی بکەم و عەشق و خۆشەویستی خۆم وەك پووناکییەك بهاوێژمە سەر ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێمە، و ئەزموون بە دەست بێنم.

پەرستیاری نێوبراو بە ئەنجامە گەیشتبوو کە ئەگەر خۆی بگۆڕێت، هەموو شتێك دەگۆڕێت. ئەو لەوەبەدواوە توانی لە هەمان دەرمانگای قەرەباڵغ و هەر لەگەڵ ئەو مرۆڤە ناڕاستانەدا بە چاکی درێژە بە کارەکەی بدات. ئەو ئەمەی لە خۆیدا دۆزیبووە کە خاوەن هێزی بەرانبەرکێیە لەگەڵ پووداو و پێشهاتەکاندا و دەتوانێت ئەوانە تێپەڕ بکات.

هەموو ئێمە لەگەڵ کێشە و دژواریگەلێکدا پووبەڕوو دەبینەوە: لێککەوتن و باسەکان، موناقەشەکان و بگرە و بەردەکان بەشێك لە ئەزموونی زەوینی ئێمە پێك دێنن، تەنیا ژن یان پیاوێك کە بزانێت هەر کێشەیەك ڕێگاچارەسەریەکی هەیە و توانای تێپەڕاندنی هەر لەمپەرێکی هەیە، بینەری سەرکەوتنیش لە ئامێز دەگرێت.

گیانی هەر کەس گوڵستانێکە کە کۆمەڵێك تووی تێدا دەچێنێت و ئەوانەش بریتین لە: هزرەکان، هەستەکان و بڕواکان. هەر چییەك کە ئێمە لە بەرهەستماندا دەیکێڵێن گیرەم چاك یا خراپ هەر ئەوەش لە کردەوەماندا دەردەکەوێت. زۆری مرۆڤەکان بە جێگای ئەوەی کە چاو لە ناخ و دەروون بکەن و شێوازی ئەندێشەکردنی خۆیان لە مەودای ڕۆژدا بخەنە ژێر چاودێریکردنەوە، سەرنجیان دەچێتە سەر کارەسات و

ڕووداوەکـان و هەلومـەرج و دەرفەتـە ڕواڵەتییـەکان و لـە خۆیـان دوور دەکەونەوە.

تەندروسـتی و بەختـەوەری و خۆشـگوزەرانی و ئاسایشـی ئێـوە گرێدراوییەکی ئاوەهای نییە بـە ڕووداوی دەرەکـی و کـرداری خەڵکییـەوە، دەبێت لە خۆ و لە ڕێچکەی هـزری و هەسـتی خۆتاندا بـۆ ئەوانـە بگـەڕێن. ئەندێشە و هەستی هەر کەسێك چارەنووسی دیاری دەکات. هەرگیز لـە بـیر مەکـەن کـە ئەمـە بـیر و هەسـتەکانی خودتانـە کـە ژیـانی داهاتووتـان بناغەدارێژی دەکات.

چ هەڵسوکەوتێکتان لەگەڵ خەڵکیدا هەیە

لەم ماوەیەدا پیاوێکم ناسی کە تووڕەیی و بێزاری و کینـە و ڕقـی خـۆی سەبارەت بـە هاوکارەکـانی دەردەبـڕی و ئـەوانیش هەڵسـوکەوتەکەیان بـێ وەڵام نەدەهێشتەوە و بە ڕەوشێکی هاوشێوە سەبارەت بـەو دڕکردەوەیـان پیشان دەدا. ئەو لەم بابەتە بەدوور بوو کە کەموکوڕییەکە لە خۆیەوەیـەتی و بێسوود خەڵکی سەرکۆنە دەکات و دەیانداتە بە لێشاوی تۆمەت و ناڕەوا.

بـۆم ڕوون کـردەوە کـە دەروون وەکـوو پڕۆژکتـۆرێکی سـینەمایە کـە وێنەگەلێك لەسەر پەردەی زەین ئاوەژۆ دەکاتەوە. دوای ئەوەی کە ئەو بـە قوولّی لە میکانیزم و شێوەکاری خـود و کـارکردی نەسـتی گەیشت، هێدی هێدی هەڵسـوکەوتی خـۆی گـۆڕی و لـە نـاوەوەی چـێوەی بەرهەسـتیەوە، پرشنگ و تیشکی دڵۆڤانی و عەشـق و هـاودڵی و زمانخۆشـی پێشـکەش بـە

هاوکارەکانی کرد و ئەوانیش بە خێرایی دژکردەیەکی دڵخوازیان پیشان دا. ئەو پیاوە بە چاکی لەوە گەیشتبوو کە هۆکارەکە لە خۆی بوو نەك لەوانی دی.

دەڵێن کە "لە دەرگانەی چاوی ئەویندارەوە دەتوانرێت جوانی دڵبەر ببینرێت." ئەگەر چاوەکانی ئێوە ئەوەی کە جوانە، بە جوان ببینێت، لەم حاڵەتەدا هەموو شتێك دڵڕفێن و چاك دەبینن. لە یادتان بێت کە ئێوە خاوەنهێز و دەسەڵاتی تەواون بەسەر سنووری گیانی خۆتانەدا و کشتوکاڵکەری تاکێکن کە ناوی گیانیان لەسەر داناوە. فێر بن کە بە چ شێوەیەك گیانی خۆتان ڕام بکەن و هەرگیز لە بیر مەکەن کە گەنجینەگەلێك بێکۆتایی لە دەروونتاندا شاردراوەیە. مکۆڕ بن لەسەر ئەوەی کە تا هێزە سەرسامکەرەکانی ناخی خۆتان بخەنە ژێر دەستی خۆ هەتا لە بەختەوەری و تەندروستی و هێمنی دەروونی سوودمەند بن.

پێرەمێردێکی ٩٠ساڵ تەمەن کە بە ڕاستی دەتوانرێت بە مێژوویەکی بزۆز ناوی ببرێت پێی گوتم کە لەم دواییانەدا توانابیگەلێکی لە خۆدا دۆزیوەتەوە کە هەرگیز بە مێشکی نەگەیشتبوو لەوانەیە خاوەن وەها خەسڵەتانێك بێت. بە کەڕەتان دەستی دۆعای بەرز کردبووە هەتا هۆشی بێسنوور و ئایدیاگەلێکی داهێنەرانەی تێدا ئاشکرا بکات و ئەو بەو ئامرازە بتوانێت بۆ خەڵکی بەهەردار بێت و ئازارێك لە کۆڵ بە ئازارێك بکاتەوە. ئەوکات ئەو گەلێك شێعری خۆش و باش ودڵڕفێنی لەو ماوەدا هۆنی بووە، خوێندیەوە بۆم و پیشانی دا کە بە ڕاستی داواکەی جێبەجێ بووە.

ئەو دەیگوت لە گەنجیدا هەموو کیشوەر (قارەی) ئەمریکای بست بە بست تێپەراندووە و سالیانێك لە تەمەنی خۆی لە لێکۆڵینەوە و گەڕان و دوودڵی و ترس و داخ و بێزاری و خەباتدا بەسەر بردووە و سەرئەنجام بەم ئاکامە گەیشتووە کە ئەوەی کە خۆی بوویەتی داوای لە خەڵکی کردووە و هەموو بەهرەکانی ژیان لە خۆیدا بووە نەك لە ٥٠ ئەیالەتی ئەمریکا. هەنووکە لە کالیفورنیادا دەژی و هەم خۆی لە جوانییەکانی سروشت و ژیان چێژ وەردەگرێت و هەم تیشکی مێهر و خۆشەویستی و دڵنەواڵەیی خۆی پێشکەش بە خەڵکی دەکات.

بە چاوی بینینەوە بڕوانە دەروونا و ئەمە بزانن کە هاتوچۆ و بزۆزی و هێزی ژیان لە بوونیەتی خۆتاندا لە گەڕدایە و نائاگا مەبن لێی و بەدەماغی و شادی ژیان لە جێیەکی دیکەدا بە دوایدا مەگەڕێن. سەیرکردنی دۆخی دەروون دەبێتە هۆی ئەوەی تا خۆتان کامەران و شادمان و بەهێز و خاوەن متمانە بە خۆیی ببینەوە و کاتژمێرێك لە شەو و ڕۆژ تایبەت بکەن بەم ڕاهێنانە دەروونییە.

هەموو بەیانییەك کە لە خەو هەڵدەستن و لەگەڵ ئەوەی کە چاو دەکەنەوە، بە بۆنەی ئەو بەهرانەی کە پێتان دراوە، سپاسگوزار بن و ستایشی هەق بکەن و مزگێنی بە خۆ بدەن ئەمڕۆ چاکتر لە ڕۆژی پێش بەڕێ دەکەن و هیواتان بێت کە شادتر و تەندروستتر دەبن لە ڕۆژی پێشوو و کارەکان بە دڵخوازتان دەچنە پێشەوە. شەوانە کە دەچنە ناوجێگا، لەو هەڵانەی کە لە مەودای ڕۆژدا تووشیان هاتوون، پێنووسی لێبوواردنی

بەسەردا بێنن و نێوی خودای لێ بێنن و بە خەیاڵی ئاسوودە و بە ئارامی وێژدانەوە چاو لێك بنێن. شکسپیێر دەڵێت: "گەردەروون ئامادەیی بێت، هەموو شتێك ئامادە و فەراهەم دەبێت". شاعیر لێرەدا لەسەر باسە ورد و ئاڵۆزە دەروونییەکان دەئاخافێتن و ئاماژە بە ڕاستییەك سەرسامکەر دەکات. کچێکی لاو بۆی نووسیم کە ئەم و تەیەی شاعیری هەست ناسکی بەریتانی وەها خستبوویە ژێر کاریگەرییەوە کە ژیانی ژێروپوو کردبووە. ئەو لە نامەکەیدا شرۆڤەی دەکرد کە لە چەند ساڵ پێشترەوە گەنجێك کە خۆشی ویستبوو، دەیەویست ببێتە هاوسەری، بەڵام ئەو هەر جارەی بەم بیانووەوە کە دەبێت چاودێری باوك و دایکی بەساڵاچووی بکات، بە پێشنیارەکەی ڕازی نەدەبوو، تا ئەوەی کە لە یەکێك لە کتێبەکانی منداڵ ئەم شیعرەی خوێندبووە و دۆخێکی دیکەی لە خۆدا هەست کردبوو و بە خۆی گوتبوو: "ئێستا ئیدی من ئامادەم." ئەوکات تەلەفۆنی بۆ دەزگیرانەکەی کردبوو و ئاگاداری کردبووەوە لە بڕیارەکەی و بە زووترین کات پێکەوە بوونە هاوسەر و منیش شانازی ئامادەبوون لە زەماوەنەکەیانم پێ بڕا.

گەر کەسێك لە بواری دەروونییەوە ئامادەیی ئەنجامی کارێك لە خۆ ڕابینێت، بێگومان هەنگاوی یەکەمی بۆ گەیشتن بە ئامانجێك کە لە بەردەمیدایە هەڵگرتووە. دەرفەتێکی گەورە کە لە ژیانی هەر کەسدا دێتە پێشەوە، ئامادەیی دەروونیەتی. لە ڕاستیدا باوك و دایکی ئەوکچە لەمپەری سەرەکی هاوسەرێتی ئەو نەبوون، بەڵکوو ئەمە خۆی بوو کە لەو دووانە

بیرۆکەیەکی هەڵەی لە مێشکیدا پەرەوەردە کردبوو. باوك و دایکی بە بیستنی بڕیاری شووکردنی ئەو کچەکەیان زۆر خۆشحاڵ بوون و پەرستیارێکیان بۆ خۆ گرت و هەر دووکیان بە ڕوویەکی خۆشەوە چوونە پیری مەسەلەکەوە. کاتێك کە ئەوین دێتە ژیانی مرۆڤەوە، نەك تەنیا بۆ کەسەکە، بەڵکو بۆ دەوروبەریشی هێمنی و شادمانی لەگەڵ خۆی دێنێت.

ئەم ڕاستییە سادەیەتان بەردەوام لە بەرچاو بێت کە گەر لە بواری دەروونییەوە ئامادەیی تەواوتان هەبێت، بە ڕوونی بۆتان دەردەکەوێت کە هەموو شتێکیش ئاوەها دەبێت. لەم بوارەدا دەتوانرێت ئاماژە بەم خاڵە بکرێت کە بۆ وێنە ئەو کۆچبەرانەی کە پێیان نایە خاکی ئەمریکاوە، گەر لە بواری دەروونییەوە ئامادەییان ببایە، دەیانتوانی لە سینەما و شانۆ و فڕۆکە و هتد کەڵك وەرگرن، بەڵام ئەوان ئامرازی پەیوەندی ئەو ڕۆژەیان تەنیا لە ئەسپ و کالیسکە و عارەبانەدا دەدیتەوە و بێجگە ئەمە بە بیریان نەدەگەیشت. تەنانەت دەڵێن بوودا و هەموو زانا و هزرڤانەکانی سەردەمانی کۆن گەر بەو پلەیە لە ئامادەیی دەروون دەگەیشتن، بێگومان دەیانتوانی بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان، لە ڕادیۆ و تی ڤی و ڕاگەیەنەرە گرووپییە پێشکەوتووەکانی دی کەڵك وەرگرن.

پاسای سروشت نەگۆڕ و لەسەر بێیە و لە بنەڕەتەوە هەر وەها بووە کە ئێستاکەش هەیە. دیار و ئاشکرایە کە ڕۆحیاتی پەیامهێنەرانی زانست و زانیاری ئامادەیی تەواوی بۆ داهێنان و ئەفراندنی کەرەسەری نێوبراو لە خۆ

نەگرتبوو، لەبەر ئەوەی کە بۆ گەشەی هەر شتێك دەبێت ماوە و زەمەنێکی شیاو تێپەڕ بێت و لە چاخەدا ئەم ئامادەییە هێشتا دەستەبەر نەکرابوو.

لەم ماوەیەدا بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی بەخاکئەسپاردنی پیرەمێردێکی ١٠٤ساڵان بانگهێشت کرام. لە دەرفەتێك کە دوای جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکە پێش هات، هاوسەرەکەی بۆی باس کردم کە هاوسەرەکەی هیچکات نەخۆش نەکەوت و تا کۆتایی ژیانی تەندروست و شادمان بوو و لە شەوی مردنیدا پێی گوتم چاوی بە ئازیزەکانی دەکەوێت کە لە دەستیانی داوە و لەخەودا بوو کە ڕوێشت. شوورەکەم بەردەوام لە ژیاندا ئەم دۆعایەی ئینجیلی دەخوێند: "تۆ کوێرەڕێیەکانی ژیانم پێ پیشان دەدەیت...دڵت زیاتر لە هەر جێگایەکی دی بپارێزە...لەبەر ئەوەی کە سەرچاوەکانی ژیان لەوێوە دەکەونە گەڕ." ژیان لە پێش چاوی ئەم پیاوەوە، شادی و بەختەوەری و بوونی گیانی خزمەت بە هاوچەشن بوو. ئەو لە ژیانی خۆیدا چێژی دەبینی و بەهرە و تواناییەکانی خۆی بۆ کامەرانی خۆی و خەڵکی دەخستە گەڕ و ژیانێکی شادمان و پڕبەرهەم و بەسوودی تێپەڕاندبوو.

ژنان و پیاوانێکی زۆر لە گۆشە و کەناری ئەم دنیایەدا نامەم بۆ دەنووسن و گیروگرفت و کێشەکانی خۆیانی تێدا شرۆڤە دەکەن، بەڵام زۆرێکیان ئاماژە بەو دەنگانە دەکەن کە لە دڵی شەوە تاریکەکاندا دەیبیستن و ترسێك کە لەوەوە دەنیشێتە سەر دڵیانەوە، و داوای ڕێگاچارەسەری دەکەن. لە یەکێك لەو نامانەدا ژنێك ئاماژەی کردبوو کە

دەنگێك بە ئاشکرا بانگهێشتی دەکات بە خۆکوشتن و داوای لێ دەکات هەر چی زووترە خۆی بکوژێت و بێت بۆ ئەو دنیایە.

ئەو خاتوونە نێوبراوە بڕوای بە داگیرکردنی گیانەکان بوو و بەردەوام ترسی لەمە بوو کە نەوەك گیانێکی پیس گیانی داگیر بکات و دواییەکەشی بەپێی یاسای ژیان لەوەی لێی دەترسا بەسەریدا هات. لە پاستیدا ئەو نەیدەزانی کە بەرهەست هەر پێگوتن و بڕوا و وتەیەك چ چاك یان خراپ لە خۆیدا وەردەگرێت و جێی دەکاتەوە و ئەو ترسە لە شێوەی داخوازییەکی بەردەوام و تەنانەت دەستوورێك وەردەگرێت و خۆی دەوری گیانێکی پیس بۆ خاوەنەکەی دەگێڕێت هەتا ئەرخەیان و ڕازی بکات. لە پاستیدا ئەمە بەرهەستی ئەو بوو کە وەڵامی پێدابووە و بە شێوەی گیانێکی پیسدا چووبووە لەشیەوە. پڕۆڤەی خوارەوەم پێی دا هەتا لە کاتژمێرێك لە شەو و ڕۆژدا کە هەست دەکات کەوتووەتە ژێر ڕکێفی ڕۆحەوە و یان شەوانە لە کاتی خەوتندا، جێبەجێی بکات:

ئەوەی کە ئێستا ئەیڵێم، بەرهەمی هزری منە. خوام لەگەڵدایە و دەروون و گیانم لێی سەرڕێژە. من لەگەڵ هۆش و پاستی و تەواویەتدا هاودەمم. مرۆڤێکم بەختەوەر و شاد ئازاد و گەشبین...خوا پشتوپەنای منە و تیشکی ئەو بوونیەتم پرشنگدار دەکاتەوە.

ئەم وتانە جێگایەکی بۆ کارتێکەری هزری نەرێنی نەدەهێڵایەوە و دوای بیرکردنەوەی قوولّ بە ئاهەنگێکی فەرمانپێدەرانە و لە سەرەخۆ دەبوو بە نەستی بڵێت: من فەرمانت پێدەکەم کە هیچ ترسێك ڕێگا نەدەیتە خۆ.

ترس له وجوودم دەزبکە. خوا لەگەڵ منداپە و جێگایەك کە خودا هەیە، جێگایەك بۆ خوا و ترس و ئازار نییە. من هەر ئێستا ئازادم. دوای دوو حەوتوو ئەم ژنە بە تەواوی چاکبوونەوەی بە خۆوە دیت و نە گیانێکی پیس ئەوی داگیرکرد و نە هەستی ترس و تۆقینی کرد.

کلیلی سەرکەوتن

مرۆڤ بەشێکە لە تا هەتایی و بێسنووری. کاتێك کە دەڵێت: "من هەم" ئاماژە بە کۆی تا هەتایەتی دەکات کە بەشێکە لەوە. وێنەیەك دەهێنینەوە: ئەگەر کەسێك بڵێت "من ئالبێرتم" بەم دەربڕینەی خۆی ناسنامەی خۆی دەردەبڕێت: پیاوم، ناوم هەیە و سەر بە فلاّنە نەتەوەم و خاوەن فلاّنە تایبەتمەندیم و فلاّنە هەلومەرجم لە ژیاندا هەیە و... تاد بە واتایەکی تر، هەر مەوجوودێکی مرۆڤی دەتوانرێت بە ژیانێکی جیهانی بزانرێت کە لە شێوەی مرۆڤیدا دەردەکەوێت و کاتێك کە دەڵێت: "من هەم" ئەمەش دەبێت زیاد بکات کە "من تەواو، بەهێز، دڵۆفان، سەرپڕ لە سەرکەوتن، پووون و هۆشمەندم." ئەم بیرۆکانە لە مێشکتاندا جێ بکەنەوە و ئەگەر بەم کارە سەرکەوتن، دڵنیا بن پەوێنەوەی کێشەکانی خۆتان بە دەست هێناوە.

کاری خۆتان بە هیوا و دڵنیاییەوە دەست پێ بکەن و بە دڵنیاییەوە ئاکامێکی پڕباری لێ دەبینن. دەستپێك و کۆتایی کار گرینگ نییە. هەستی

کەس دەستپێکی کار و ئەنجامی بیرکردنەوە و هەستەکانی ئەو کۆتایی کارەکەی دەبێت.

خاتوونێك پێی گوتم کە من سێ کەرەت نووسینگەیەکی بازرگانیم کردووەتەوە و هەر سێ جارەکەی نشوستیم هێناوە. ئەو خۆی دەریدەبڕی کە هەر جارەی لە نشوستیەك کە لەوانە بوو بۆی بێتە پێش، دەترسا و هەنووکەش متمانەبەخودی لە دەست داوە و ئیدی توانای نییە کارەکەی پێشووی دەست پێ بکاتەوە. پێم گوت کە وێنایەکی نەرێنی کە لە زەینیدا دایڕشتووە، ئاسەوارەکانی خۆی لە دەرەوەڕا دەرخستووە و ڕەشبینی ئەو کاری خۆی کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە کاروباری لە سەرەتادا خراپ نەبووە و مشتەریانێکی زۆر دەوروبەریان گرتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بیری نشوستی ڕزگاری نەکردووە، بۆیە لەوەی کە لێی ترساوە بە سەریدا هاتووە. ڕوونم کردەوە بۆی گەر سەد کەرەتی دیکەش نووسینگە بکاتەوە، تا کاتێك کە بیری نشوستی لە مێشکیدا پەروەردە دەکات و ترس و شڵەژانی لێی هەیە، دەبێت لە شکانی خۆی دڵنیا بێت، لەبەر ئەوەی کە کۆتایی کارەکەی دەبێت لەگەڵ دەستپێکی کاردا هاوسەنگی هەبێت.

خاتوونی نێوبراو لەوە تێگەیشت کە ناچار دەبێت دۆخی دەروونی خۆی بگۆڕێت و لە دەروونی خۆیدا نموونەگەلێك لە سەرکەوتن و هیوا جێگیر بکات و بەیانی و شەوانە خەریکی جێبەجێکردنی ئەم ڕاهێنانە دەروونییانە بێت:

گیانی بێسنوور ئەو مشتەریانەی کە کاڵاکەی من دەکڕن، دەکێشێت بەرەو لای من. من دڵنیام کە لەگەڵ سەرکەوتندا ڕووبەڕوو دەبمەوە. من هاتوومەتە دنیاوە تا براوە بم و لە ژیاندا سەربکەوم. دەزانم کە هەر کارێك بە بیرۆکەی سەرکەوتنەوە دەست پێ دەکەم. کۆتاییەکەشی بە سەرکەوتنەوە دەبێت.

کاتێك کە هزری ترسنامێز هێرشیان دەهێنایە مێشکیەوە، ئەوانەی بەم ڕاهێنانە فێرکارانە (تەڵقینی)یە لە خۆی دوور دەخستەوە:

سەرکەوتن لەگەڵمدایە. سەرکەوتنێك کە زۆر مەزن و بەشکۆیە.

ئەو لەم پڕۆژانە خوویەکی بۆ خۆی دروست کرد. لەو بوارەوە کە بەرهەست جێگای خووگرتنە، دوای ماوەیەك سەرکەوتنی ئەوی دابین کرد و ئەو لەوەبەوەلاوە هەر وەها درێژە بە پێشڤەچوونی خۆی دەدات.

خوو و ڕەوشت، (درم)ییە

هەموومان کۆمەڵێك مرۆڤ دەناسین کە بەدخوو و خراپ وبیانووگرن و بە هەر بیانوویەك هەڵدەکوتنە سەر خەڵکی و گەورە و بچووك دەدەنە بەر لێشاوی تۆمەت و ناڕەوایی و زمانپیس و توندئاژۆن. ئەمانە بە گرتنەپێشی ئەم دۆخە نەڕێنییە خۆیان لە دەروبەر دادەبڕن و یان خووی توندی خۆیان تەشەنە دەدەنە سەر ئەوان. گرووپێکی دی هەر بە ڕەوشتی خۆڕژد و ڕەزیلن و بە ئێرەییبردن و ڕژدینواندنی خۆیان ژیان لە خۆ تاڵ دەکەن. ئێرەیی بەکەسانی سەرکەوتوو دەبەن و لە ئەنجامدا وزەی ژینەری خۆ دوور

دەکەنەوە و بەردەوام ماندوو و بێهێز و بێحاڵ بەرچاو دەگەن. بەڵام مرۆڤە گەرم و بەسۆز و دەستئاواڵە و جوامێر، تیشکی هێزی ساڕێژکەر دەهاوێژنە سەر هەموواندا و ئەوەی کە لە ڕووناکی خودایی بە ئەمانەت وەریان گرتووە، بە دڵئاواڵەییەوە پێشکەشی خەڵکی دیکەشی دەکەن.

کاتێك دەتوانرێت زاڵ بین بەسەر خۆدا و هەستی ئەرخەیانی بکەین لە ژیان کە تاوانی نشوستییەکان نەخرێتە ئەستۆی دایك و باوك و خاوەنکار و ژینگەی دەوروبەر و هەلومەجەکانی سەردەمی منداڵی نەکرێتە بیانووی دواکەوتوویی. **بۆچی دەبێت دەوروبەر بە بەرپرسی نشوستیەکانی خۆمان بە ئەژمار بێنین. هۆکاری هەر شکستێك لە بیر و هەستی کەسدایە. تەنیا دەتوانرێت خۆمان بگۆڕین نەك کەسێکی دی.**

فێر ببین هەتا بە چ شێوەیەك خاوەنکار و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای ڕەهای کردار و هەست و هزرەکان و کردە و پەرچەکدارەکانی خۆمان بین. هەر بەو چەشنەی کە خاوەن و فەرمانپێدەری ماڵی خۆن، بیر و دەروونی خۆشتان ڕام و کەیی خۆ بکەن و ناچاری بکەن هەتا ملکەچتان بێت و بە قسەتان بکات. هەڵسوکەوت و کردار و گوتاری خۆتان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆوە و هزری خۆتان لە ڕەهەندی دڵخوازدا ڕێوێنی بکەن. بە چەشنێك کە لە تەواو قۆناغەکانی ژیاندا تەندروستی و سەرکەوتن و مناسباتی چاك و مرۆڤانەتان لەگەڵ خۆ بۆ بێنن.

کەسێك کە لە قەبوولکردنی ئەم ڕاستییە سەرسوڕهێنەرانەی ژیان خۆ دەبوێری و هەوساری بیرکردنەوەی لە دەس دەردەچێت، بەبێ ئەوەی کە

خۆی بزانێت و یان بیەوێ دەکەوێتە ژێر دەسەلآت و کارتێکەری هەلومەرج و دەرفەتە دەرەکییەکان و وتەی خەلک و دەبێتە یاری خەلکی. دیسپلین و ڕێکی بدەن بە هزرەکانتان و لە ئالۆزی و شێواوی و پرژوبلآوبوونەوەی پێشگیری بکەن. کارێک بکەن هەتا تووڵە ڕێیەکانی ژیانیشتان بە بەختەوەری کۆتاییان پێ بێت و شارێکانیشی بەرەو هێمنی و نۆرمی و یەکسانی. پیرەمێردێکی ٨٠ساڵ تەمەن پێی دەگوتم کە هەموو تەمەنی خۆم بەم وتەیەی: "من چاوەڕوانی هەلومەرجێکی چاکم" بە باشی تێپەڕ کردووە. ئەو لەم بوارەدا وەهای ڕوون دەکردەوە کە دایکی لە گەنجێتیدا ئامۆژگاری کردبوو: "ڕۆڵەم... بەردەوام چاوەڕێ بە کە دەرفەتێکی چاکت ببێت بە نەسیب، دڵنیا بە کە بە دەستی دێنیت."

پەندێکی ئاقلآنە بوو. لەبەر ئەوەی کە ژیان بەردەوام ئەو شتەی کە خوازیارین، دەمانخاتە بەردەست. دەبێت بە دەرفەتە زێڕینەکان بڕوامان بێت. یاسای ژیان یاسای بیروبڕوایە. هەر کەس دەبێت لە بنچ و بناوانی خۆی بەئاگا بێت. ڕەتکردنەوەی هۆش و ئاوەز و هێزە خودییەکان (نەفسانی) لە ڕاستی وجوودمان دوورمان دەکاتەوە و لە ئاکامدا بێهیوایی و ڕەشبینی و نشوستییە بێ چەندوچۆنەکانمان لەگەڵ خۆ بۆ دەهێنێت. کەسێک کە باوباپیرانی خۆی بە سەرچاوە و بنەچەی خۆی بە ئەژمار دەهێنێت، خۆی سنووردار دەکاتەوە و ناچارە تەنیا بڕوا و باوەڕەکانی ئەوان لە خۆیدا جێ بکاتەوە و لە ئاکامدا لە پێشڤەچوون و بەرزبوونەوە دوا دەکەوێت. بەڵآم ئەگەر بزانێت کە خودی ئەو بەرەچەی هێزە تا هەتاییەکان

و ڕاستییە نەمرەکانە، هەستی ئەنجامدانی کارە سەرسوڕهێنەر و نائاساییەکان تێیایدا سەر هەڵدەدات و سەرکەوتن و بەختەوەری لەگەڵ تێفکرینەکانیدا تێکەڵ دەبێت و بیرۆکە ناڕاستەکان لە خۆی دەڕەتێنێ و خورافە و کۆنەپەرستی و گومان و خەیاڵات لە مێشکی ڕاو دەنێت. ئیمێرسۆن دەڵێت: "هەر گیانێك بۆ خۆی خانوویەك چێ دەکات." و ئەوکات ئەمە مرۆڤە کە دەبێتە خاوەن ئەو ماڵ و خانووە و بە ویست و ئارەزووی خۆی چارەنووسی دیاری دەکات.

....کۆتایی.....

joseph murphy

ئایا بەڕاستی دەتوانرێت لە سنووری مومکیندا تێپەڕین و کاری ناموممکێن وەمحاڵ، دەستەبەر بکەین و ژیان بەدڵخواز و یەکسانی و هێمنی و شادی و پووناکی بەرینە سەر؟ ئایا لەڕاستیدا هزر وەها توانستێکی هەیە کە بتوانێت شاخ و کێوەکان جێبەجێبکات و قارە و کیشوەرەکان تێپەڕێنێت و ئاسمانەکان بخاتە ژێر ڕکێفەوە، یان وەها وێنایەک تەنیا لەدایک بووی گومان و خەیاڵی ئێمەیە؟ دکتۆر مورفی، بەکۆڵێک ئەزموونی فێرکارانە و پێشکەشکردنی شێوەکانی بیرکردنەوەی ئەرێنی، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە و ئەم خاڵە دەسەلمێنێت کە تەندرۆستی و بەختەوەری و بەهرەمەندبوون لەژیان، تەنیا لە ئەندێشە و هزری ئێمەیە و لە قوواڵیی بەرهەستی ئێمەدا دەستەبەر دەبێت.

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

نرخ (٥٠٠٠) دینار